



# سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق

# لە ٢٠٠٥ەوە بۆ ٢٠٢١

## توێژینەوەیەکی بەراوردکاری



زێبار عەزیزخان مهاجیر

# سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠٠٥ـەوە بۆ ٢٠٢١

## توێژینەوەیەکی بەراوردکاری

**زێبار عەزیزخان مهاجیر**

# پێناسی کتێب:

| | |
|---|---|
| **ناوی کتێب:** | سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠٠٥ـەوە بۆ ٢٠٢١: توێژینەوەیەکی بەراوردکاری |
| **نووسینی:** | زێبار عەزیزخان مهاجیر (زێبار عەزیز محەممەد) |
| **نەخشەسازیی بەرگ و ناوەوە:** | زەهرا سەمەد مەلاعەبد |
| **چاپخانەی:** | توانا پرێس |
| **نۆرە وساڵی چاپ:** | یەکەم، ٢٠٢٦ زاینی |
| **تیراژ:** | ١٠٠٠ دانە |

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارە سپاردنی (٣١٥٢) بۆ ساڵی (٢٠٢٥) پێدراوە.

# پێشکەشە:

پێشکەشە بە:

- ڕۆحی دایك و باوکم.
- جگەرگۆشەکانم: زەریا، زێبین و ڕێبین.
- زانستخوازان.

# سوپاس و پێزانین

سوپاس و ستایشێکی بێ ئەندازە و بێ سنوور بۆ خوای گەورە کە توانا و شیان، کات و دەرفەتی پێ بەخشیم بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم شاکارە. سوپاسێکی مامۆستای هێژام و سەرپەرشتیاری ماستەرنامەکەم "د. مەهدی مستەفا فەقێ ئەحمەد" دەکەم بۆ ڕێنماییە بەنرخ و پاڵپشتییە بەردەوامەکانی لەم گەشتە ئەکادیمی و زانستییەدا.

سوپاسێکی تایبەت بۆ هاوژینی ئازیز و خۆشەویستم کە بە درێژایی گەشتی نووسینی ئەم شاکارەمان، هەردەم پاڵپشتم بووە، ئەو بۆشاییەی دروست ببوو بەهۆی سەرقاڵیم بە نووسینەوە ئەو لەخۆبوردوانە پڕی کردبووەوە. لە کۆتاییدا دەمەوێت سوپاسی هەموو مامۆستا، هاوڕێ و دۆستەکانم و خانەوادەکەشم بکەم کە پشتیوانم بوو، ئەگەر بە وشە و هاندانێکیش بووبێ. سوپاسی هەموو ئەوانەش دەکەم کە هاوکارم بوون لە بە ئەنجام گەیاندن و چاپ کردنی ئەم شاکارەمان.

# ناوەڕۆك

پێشکەشە ........................................................ ٣

سوپاس و پێزانین ................................................ ٤

دەستپێك ........................................................ ١٣

**بەشی یەکەم: دەروازە ........................................ ١٥**

**١.١ پێشەکی ........................................................ ١٦**

**١.٢ کێشەی توێژینەوەکە ................................................ ٢٠**

**١.٣ پرسیارەکانی توێژینەوەکە.......................................... ٢٢**

**١.٤ ئامانجەکانی توێژینەوەکە ........................................ ٢٣**

**١.٥ گرنگیی توێژینەوە ................................................ ٢٤**

**١.٦ سنوور و چوارچێوەی توێژینەوەکە .................................. ٢٦**

**١.٧ پێکهاتەی توێژینەوەکە ............................................ ٢٧**

**١.٨ پوختەی بەشەکە ................................................ ٣٠**

**بەشی دووەم: پێداچوونەوە بە ئەدەبیات و توێژینەوەکانی پێشوو ........... ٣١**

**٢.١ پێشەکی ........................................................ ٣٢**

**٢.٢ پێناسەی چەمکەکان ........................................ ٣٣**

**أ. سیاسەتی دەرەوە................................................... ٣٣**

**ب. ستراتیژی............................................................ ٣٥**

**ت. بڕیار دروستکردن................................................... ٣٦**

**٢. ٣ پاشخانی توێژینەوەکە ........................................ ٣٨**

**٢.٤ پاڵنەرەکانی سیاسەتیی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران........................ ٤٣**

**٢.٤.١ ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران ........................ ٤٣**

**٢.٤.٢ سوپای پاسەوانانی شۆڕشی ئیسلامی ........................ ٤٧**

**٢.٤.٣ سەرۆك (سەرۆك کۆمار)........................................ ٤٩**

**٢.٤.٤ ئەنجومەنی شوڕای ئیسلامی (پەرلەمان) ........................ ٥٠**

**٢.٤.٥ حکومەت ........................................................ ٥٢**

**٢.٤.٦ ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی.............................. ٥٣**

**٢.٤.٧ وەزارەتی دەرەوە ............................................... ٥٤**

**٢. ٤. ٨ کۆنەپارێز و ڕیشەگۆڕخوازەکان (Radicals) و چاکسازخوازەکان (Reformists)........................................................ ٥٧**

**٢.٤.٨.١ کۆنەپارێز و ڕیشەگۆڕخوازەکان ........................... ٥٧**

**٢.٤.٨.٢ چاکسازخوازەکان ............................................ ٦٠**

**٢. ٥ ئەو توێژینەوانەی گەنگەشەی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانیان کردووە لە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەژاددا ........................................ ٦٤**

**٢. ٥ ئەو توێژینەوانەی تاوتوێی سیاسەتی دەرەوە ئێرانیان کردووە لە قۆناغی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانیدا ........................................ ٧١**

**٢. ٤ بۆشاییەکانی توێژینەوەکە ........................................ ٧٨**

**٢. ٥ پوختەی بەشەکە ........................................ ٨١**

**بەشی سێیەم: میتۆدۆلۆژی و چوارچێوەی تیۆری ........................ ٨٣**

**٣. ١ پێشەکی ........................................ ٨٤**

**٣. ٢ میتۆدۆلۆژی ........................................ ٨٥**

**٣. ٢. ١ نەخشەسازیی (دیزاین)ـی توێژینەوە ........................ ٨٥**

**٣. ٢. ٢ کۆکردنەوەی داتا ........................................ ٨٦**

**٣. ٢. ٢. ١ داتا سەرەتاییەکان (یەکەمەکان) ........................ ٨٧**

**٣. ٢. ٢. ٢ داتا و زانیارییە دووەمەکان (لاوەکییەکان) ........................ ٨٧**

**٣. ٢. ٣ شیکردنەوەی داتاکان ........................................ ٨٨**

**٣. ٢. ٤ ڕەچاوکارییە ئەخلاقییەکان (ئەخلاقی زانستی)........................ ٨٩**

**٣,٣ چوارچێوەی تیۆری: تیۆری ڕیالیزمی بونیادی ........................ ٩٠**

**٣. ٣. ١ پێکهاتە (ستراکچەر)ـی سیستەمی نێودەوڵەتی بەرامبەر سروشت (نەیچەر)ـی مرۆڤ (Structure Versus Nature) ........................ ٩١**

٣. ٣. ٢ گریمانە سەرەکییەکانی تیۆری ڕیالیزمی بونیادی ........................ ٩٥

٣. ٣. ٣ ڕیالیزمی بەرگریخواز (الواقعیة الدفاعیة: **Defensive Realism**) و ڕیالیزمی هێرشخواز (الواقعیة الهجومیة: **Offensive Realism**) ..........١٠٦

٢. ٤ پوختەی بەشەکە ......................................................................... ١١١

**بەشی چوارەم: سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەژاد: ٢٠٠٥ - ٢٠١٣ ..................... ١١٣**

٤. ١ پێشەکی ............................................................................. ١١٤

٤. ٢ هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هەژموونی لە کایەی سیاسیی عێراقیدا......١١٦

٤. ٣ دەستەبەرکردنی زۆرترین ڕاددەی ئاسایش وەك ئامانجی باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران ........................................................................................ ١٢٧

٤. ٤ ستراتیژی هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیا و شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بۆ عێراق...١٣٨

٤. ٥ پەرەپێدان بە پەیوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ عێراق ............................١٤٥

٤. ٦ هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی پێگەی هەرێمیی ئێران ....................................١٤٨

٤. ٧ ئاڵنگاری و دەرفەتە سەرەکییەکانی بەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاددا ..................١٥٦

٤. ٧. ١ ئاڵنگارییە سەرەکییەکان.......................................................١٥٦

٤. ٧. ١. ١ بوونی هێزەکانی ئەمریکا تا ٢٠١١ ........................................١٥٦

٤. ٧. ١. ٢ تووندوتیژیی تائیفی و ناسەقامگیری.......................................١٥٩

٤. ٧. ١. ٣ پەیوەندی لەگەڵ ناسیۆنالیستە عێراقییەکان ............................ ١٦١

٤. ٧. ١. ٤ ئاستەنگە ئابوورییەکان و لاوازیی ژێرخان ............................ ١٦٣

٤. ٧. ٢ دەرفەتە سەرەکییەکان ............................................. ١٦٥

٤. ٧. ٢. ١ دەرکەوتنی سەرکردایەتیی شیعە لە عێراق ............................ ١٦٥

٤. ٧. ٢. ٢ کاریگەریی هێزی نەرم ............................................ ١٦٧

٤. ٧. ٢. ٣ پاڵپشتی کردنی میلیشا شیعەکان ...................................... ١٦٨

٤. ٧. ٢. ٤ هاریکاریی بازرگانی و وزە ............................................ ١٧٠

٤. ٧. ٢. ٥ ستراتیژی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ٢٠١١ ...................... ١٧١

٤. ٨ پوختەی بەشەکە ............................................................ ١٧٤

بەشی پێنجەم: سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە سەردەمی حەسەن ڕوحانی: ٢٠١٤ - ٢٠٢١ .................................. ١٧٦

٥. ١ پێشەکی ................................................................. ١٧٧

٥. ٢ پارێزگاری کردن لە دیمەنی سیاسیی عێراق ........................................ ١٧٩

٥. ٣ مسۆگەرکردنی ئاسایش، ئامانجی باڵا سیاسەتی دەرەوەی ئێران ................. ١٨٧

٥. ٤ ڕۆڵی ئایدۆلۆژیا لە کایەی سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا ............................ ١٩٨

٥. ٥ بەرزکردنەوەی پەیوەندییە ئابوورییەکان بۆ بەرزترین ئاست ....................... ٢٠٤

٥. ٦ ستراتیژیی پارێزگاری کردن لە پێگەی هەرێمیی ئێران ............................ ٢٠٨

**٧.٥ ئاڵنگاری و دەرفەتە سەرەکییەکانی بەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانی دا ........................................ ٢١٩**

**٥.٧.١ ئاڵنگارییە سەرەکییەکان ........................................................٢١٩**

**٥.٧.١.١ دەرکەوتنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش (٢٠١٤-٢٠١٧)........٢٢٠**

**٥.٧.١.٢ هاوسەنگی دروستکردن لە بەرامبەر بوون و کاریگەری ئەمریکا٢٢٤**

**٥.٧.١.٣ ناسیۆنالیزمی عێراقی و بەرەنگاربوونەوەی نفوز و کاریگەری ئێران لە عێراق..................................................................................٢٢٧**

**٥.٧.١.٤ سیاسەتی ئەوپەڕی گوشاری ئەمریکا لە دژی ئێران..............٢٣٠**

**٥.٧.١.٥ پەنهانکوشتنی قاسم سولەیمانی لە ٢٠٢٠ لە بەغداد ..............٢٣٢**

**٥.٧.٢ دەرفەتە سەرەکییەکان ...................................................................٢٣٥**

**٥.٧.٢.١ هاریکاریی ئاسایشی دژی داعش ...........................................٢٣٥**

**٥.٧.٢.٢ فراوانخوازیی ئابووری ..................................................٢٣٨**

**٥.٧.٢.٣ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان ...............................................٢٤٠**

**٥.٧.٢.٤ کاریگەریی (نفوذ)ـی ئێرانی لە دوای تێکشکانی داعش ........٢٤١**

**٥.٧.٢.٥ نێوەندگیریی هەرێمی ......................................................٢٤٣**

**٨.٥ پوختەی بەشەکە ...........................................................................٢٤٦**

**بەشی شەشەم: بەردەوامی یان گۆڕان لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق: ٢٠٠٥ - ٢٠٢١ ............................................. ٢٤٩**

٦. ١ پێشەکی ........................................................... ٢٥٠

٦. ٢ دەستەبەرکردنی بوون و بەردەوامیی سیستەمی سیاسیی ئێران ............... ٢٥٢

٦. ٣ مسۆگەرکردنی ئاسایشی نیشتمانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران................. ٢٥٨

٦. ٤ هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیا و ئەزموونی شۆڕشی کۆماری ئیسلامیی ئێران ... ٢٦٣

٦. ٥ دەستەبەرکردن و فراوانکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ٢٦٦

٦. ٦ هەژموونخوازی ناوچەیی و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ڕۆڵی سەرکردایەتی . ٢٦٩

٦. ٧ پوختەی بەشەکە ........................................................... ٢٨١

**بەشی حەوتەم: سەرئەنجام و بەربەستەکانی توێژینەوەکە ................. ٢٨٥**

٧. ١ پێشەکی ........................................................... ٢٨٦

٧. ٢ سەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە ........................................... ٢٨٦

٧. ٣ بەربەستەکانی توێژینەوەکە ............................................. ٢٩٦

٧. ٤ پوختەی بەشەکە ........................................................... ٢٩٨

**لیستی سەرچاوەکان ............................................ ٢٩٩**

سەرچاوە کوردییەکان (Kurdish References) .................................... ٢٩٩

سەرچاوە عەرەبییەکان (المصادر العربیة) (Arabic References) .................. ٣٠٠

سەرچاوە ئینگلیزییەکان (English References) .................................. ٣١٨

سەرچاوە فارسییەکان (منابع فارسی) (Persian References) .................... ٣٢٩

**پوختەی کوردی ................................................................................ ٣٣٢**

**پوختەی عەرەبی (الملخص) .................................................................. ٣٣٤**

**پوختەی ئینگلیزی (Abstract) ............................................................ ٣٣٦**

# دەستپێك

دوای گۆڕینی ڕژێم و سیستەمی حوکمڕانی لە ٢٠٠٣ لە عێراق و ڕووخاندنی دەسەڵات و حوکمڕانی بەعس، ئەوا ئەم گۆڕانکارییە بووە وەرچەرخانێك لە هاوسەنگییەکانی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەنانەت پەیوەندیی و هاوکێشە سیاسی، ئاسایشی و ستراتیژی و... هتدی سەرلەنوێ داڕشتەوە. بەتایبەت کایەی سیاسی عێراق تا ڕاددەیەکی زۆر کەوتە ژێر کاریگەریی ئێران و لە بەرژەوەندیی ئەو ئەزموونی نوێی حوکمڕانی لە عێراق بنیات نرا، چونکە عێراق لە دەوڵەتێکی ڕکابەری هەرێمیی ئێران گۆڕدرا بۆ دەوڵەتێکی دۆست و هاوپەیمانی ئێران لە ناوچەکەدا.


ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا ماستەرنامەی بەندەیە سەبارەت بە سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠٠٥ــەوە بۆ ٢٠٢١، کە بەراوردی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران دەکات بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاد (٢٠٠٥ بۆ ٢٠١٣) لەگەڵ ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانی (٢٠١٤ بۆ ٢٠٢١)، بە ئامانجی لێکۆڵینەوە لە بەردەوامی یان گۆڕان لە سیاسەتیی دەرەوەی ئێران، دەرخستنی ئەو بنەما نەگۆڕانەی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانیان بەرامبەر بە عێراق داڕشتووە.

لە پێناو ئەوەی ئێوەی خوێنەرانی ئازیز بەگشتی، قوتابیان و زانستخوازانی بواری ئەکادیمی بەتایبەتی، زۆرترین کەڵك و سوودی لێوەربگرن، ئەوا کەمترین

گۆڕانکاری تێدا دەکەین و وەك خۆی دەخەینە بەردەستی ئێوەی هێژا و قەدرگران. تەنها بەشی چوارەمی ماستەرنامەکە کە قەبارەکەی زۆر بوو ئەوا ئێمە بۆ سێ بەش دابەشمان کردووە، لە پێناو دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان بەشەکانی کتێبەکە. هەر شوێنێك پێویستی بە ڕوونکردنەوە و شیکاری زیاتر بێت ئەوا زۆرتر ڕۆشنایی دەخەینەسەر.

ئەم بەرهەمە هەمبانەیەکی دەوڵەمەند و کەشکۆڵێکی تەژییە لە گەنگەشەی سیاسی و ئەکادیمی سەبارەت بە سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠٠٥ـەوە بۆ ٢٠٢١. خوێنەری هێژا لەکاتی خوێندنەوە و ڕامان و وردبووە لە دەق شیکارییەکانی کتێبەکە، هەست بە ڕەنگدانەوەی بابەتیبوون و بێلایەنی لە تاوتوێکردنی پرسەکەدا، دەکات.

سەرکەوتن هەر لە خواوەیە.



**زێبار عەزیزخان مهاجیر**

**١ــی ١٢ــی ٢٠٢٥**

# بەشی یەکەم

# دەروازە

## ١.١ پێشەکی

لە شانۆی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، دەوڵەت و ئەکتەری جیاواز کارلێك دەکەن، هەر یەکێکیان جۆرێك لە دیدگا، سیاسەت، مامەڵە و ستراتیژی پەیڕەو دەکات، کە هەڵقوڵاوی پاشخانێك یان جیهانبینییەکی تایبەتە یاخود بەرهەمی بەرژەوەندی یان کاردانەوەی بارودۆخێکی دیاریکراو یان سیستەمی هەرێمی و نێودەوڵەتییە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەکتەرەکان هەر جۆرێك بن، ئەوا هەوڵ دەدەن زۆرترین کاریگەریان هەبێ، لە پێناو جێبەجێکردنی سیاسەتەکانیان و گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانیان، مسۆگەرکردنی مانەوەیان، پارێزگاری کردن لە پێگەکەیان یاخود زیادکردنی هێز و هەژموونیان، ئەمەش لە پێناو دەستەبەرکردنی زۆرترین ڕادەی ئاسایش و بەرژەوەندی و بەرەنگاربوونەوە و ڕەواندنەوەی مەترسییە گریمانەکراو، ڕاستەقینە و وجودییەکا. لەم چوارچێوەیەشدا سیاسەتی دەرەوە لە خزمەت بەرژەوەندی و ئامانجە باڵاکانی دەوڵەتاندایە، جا گەیشتن بەو ئامانجانە بەرێگەی هەماهەنگی یان ململانێ، شەڕ یان ئاشتی، هاوسەنگیی هێز یان هاوسەنگی ترس و هەڕەشە بێت. هێزیش بە مانا فراوانەکەی چ وەك ئامراز یان وەك ئامانج، سەنگ و پێگەی دەوڵەتان دیاری دەکات لە شانۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و توانای گەیشتنیان بە ئامانجە دیاری دەکات.

کۆماری ئیسلامیی ئێران دەوڵەتێکی هەژمووخواز و فراوانخوازە، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق بەتایبەتی هەیە، بەجۆرێك

**کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵی داوە ئامادەییەکی بەهێز و کارای لە زۆرێك لە کایە جیاوازەکاندا هەبێت. کۆمەڵێك گۆڕانی ڕیشەیی پێناسەی سیاسەت و دیدگای ئێرانیان بۆ ناوچەکە و عێراق بەتایبەتی کردەوە، وەك: جەنگی ئەفغانستان ٢٠٠١، جەنگی دژی تیرۆر. گۆڕینی ڕژێم لە عێراق ٢٠٠٣، یەکێکی دیکە بوو لەو وەرچەرخانەی کە بووە هۆی گۆڕینی هاوکێشەی سیاسی، ئایدۆلۆژی و هێز لە عێراق لە بەرژەوەندیی ئێران. ئەنجامدانی ڕێککەوتننامەی سۆفا [1]، دەرچوونی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا لە عێراق لە ٢٠١١، سەرهەڵدانی بەهاری عەربی، دەرکەوتنی ڕێکخراوی تیرۆیستی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام "داعش"[2]، ئەو**

(١) ڕێککەوتننامەی دۆخی هێزەکان (سۆفا) لە نێوان عێراق و ئەمریکا: ڕێککەوتنێك بوو لە نێوان عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ٢٠٠٨ز دەربارەی دۆخی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق ئەنجام درا. بەپێی ڕێککەوتنەکە هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا تا کۆتایی ساڵی ٢٠١١ بە تەواوی لە عێراق بچنە دەرەوە (ماسۆن، ٢٠١٢، لا ١٦).

(٢) ئەگەر بڵێین بەناو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، ئەوا کورتکراوەکەی دەبێتە "داعش"، بەڵام ئەگەر بڵێین بەناو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریا، ئەوا کورتکراوەکەی دەبێتە "داعس". لە نووسینی کوردیدا ڕەچاوی ئەوە نەکراوە، بەڵام من پێم وایە پێویستە ڕەچاو بکرێت. هەروەك لە نووسینی ئینگلیزیدا ئەمە ڕەچاوکراوە، بەوەی بۆ دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، کورتکراوەی "ISIL" و بۆ دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریا، کورتکراوەی "ISIS"، بەکاردێت.

هەرچەندە کورتکراوەی داعش زیاتر لە ناو ناوەندە میدیایی، زانستی و ئەکادیمی و سیاسییە کوردییەکاندا ناوی دەرکردووە. بەڵام جێگای ئاماژە پێدانە بەندە وەك یەکەم نووسەری کورد ئاماژەم

گۆڕانکاریانە بوون کە ئاسۆی فراوانتر و دەرفەتی زۆرتریان لەبەردەم سیاسەتەکانی ئێران کردەوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی خستمانەڕوو گرنگی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە سیاسەتیی دەرەوەی ئێران، دەردەکەوێت. لەبەرئەمە ئەم توێژینەوە هەوڵی پڕکردنەوەی بۆشاییەکی زانستی دەدات، ئەویش بە لێکۆڵینەوە لە چوارچێوە و بنەما سەرەکییەکان و بەردەوامی یان گۆڕان لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠٠٥ــەوە بۆ ٢٠٢١.

فراوانخوازی ئێران لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەرهەمی سوتفە، بارێکی لەناکاو نەبووە، یان ئامانجی تاقە ڕژێمێك یاخود خولیای تەنها سەرکردەیەك نەبووە، بەڵکو پلان و بەرنامەی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی ئێران بووە لە سەدەی بیستەمدا. ئەمەش چەندین پاڵنەر و هۆکاری هەبووە، لەوانە: هەڵکەوتەی جیۆگرافی و جیۆپۆلیتیکی ئێران، شارستانیەتە دەوڵەمەند و لەمێژینەکەی، کە وایکردوە هەردەم سەرکردە و ڕژێمە حکومڕانەکانی خەون بە باڵادەستی هەرێمیەوە ببینن. هەروەك ئەلعەبادی (٢٠١٢: ١) دەڵێت: ئێران یەکێکە لە دەوڵەتە هەرە مەزنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێگەی جیۆپۆلیتیك و ڕۆڵی هەرێمیی ئێران وایکرد لە سەردەمی شا پەهلەویدا ١٩٥٣-١٩٧٩ ڕۆڵی پۆلیسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببینێت. بەڵام کە خومەینی هات، ڕەهەندێکی ئایدۆلۆژی، ئیسلامی، مەزهەبی بەم سیاسەت، ئامانج و ستراتیژە بەخشی.

---

بە کورتکراوەی داعس لە پاڵ داعش کردووە، کە خزمەت بە دەوڵەمەندترکردنی بواری چەمك و زاراوە کوردییەکان بەگشتی و کایەی چەمك و زاراوە سیاسییەکان، بەتایبەتی دەکات.

کۆماری ئیسلامیی ئێران؛ یەکێکە لە دەوڵەتە دیارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەو سیاسەتەی لە کایەی دەرەوەدا پەیڕەوی دەکات، ئامادەییەکی کارای لە هاوکێشە سیاسی، ئاسایشی، سەربازییەکاندا هەیە. پرۆسەی دروستکردنی سیاسەتی دەرەوە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، یەکێکە لە پرسە دژوار، ئاڵۆز و هەستیارەکان. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستیەی کە پرۆسەکە بە کۆمەڵێك کەناڵ و فلتەردا تێدەپەڕێت، چەندین لایەن، کەسایەتی، دامەزراوە بەشدارن لە بەرهەمهێنانی سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا، وەك ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە کۆتا بڕیار لە سیاسەتی دەرەوە لەلایەن ئەوەوە دەدرێت.

بەشێوەیەکی گشتی ئەو بۆچوونە باوە کە هەرچەندە ئەو سیاسەت و تاکتیکانەی سەرۆك کۆمارەکانی ئێران پەیڕەوی دەکەن، لە سەرۆکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چوارچێوەیەکی دیاریکراو، چەسپاو و نەگۆڕیان هەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شێواز، ئامراز، ڕێباز و ستراتیژیەتەکان لەوانەیە لە سەرۆکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە بگۆڕدرێن. بەڵام، ئامانجی بنەڕەتی و ستراتیژە باڵاکان چەسپاو، جێگیرن و شیاوی گۆڕین نین. سەرباری بوونی ئاڕاستەی سیاسی، دیدگای جیاواز، وەك پارێزگاران (ڕیشەگۆڕخوازان) و چاکسازخواز (ڕیفۆرمخواز)ـان، ئەوا هەمووان لە چوارچێوەیەکدا نەگۆڕدا سیاسەت دەکەن.

ئەم توێژینەوەیە بە بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی شیکاریی و جێبەجێکردنی تیۆری ڕیالیزمی بونیادی بە هەر دوو ئاڕاستەی بەرگریخواز و هێرشخواز بەشدار دەبێت لە دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی زانستی و ئەکادیمی، لە میانەی پێشکەشکردنی

شیکارییەکی تێروتەسەل و ورد بۆ لایەنێکی یەکلاکەرەوە و گرنگ لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران، ئەویش بە لێکۆڵینەوە لە چوارچێوە و بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران، بەردەوامی یان گۆڕانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران، ئەویش لە میانەی بەراوردکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠٠٥ـەوە بۆ ٢٠٢١، کە دەکاتە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی.

## ١.٢ کێشەی توێژینەوەکە

سیاسەتیی دەرەوەی ئێران، پرۆسەیەکی ئاڵۆز و هەستیارە، هەڵقوڵاوی دیدگا و کۆمەڵێك بنەمایە، بەرهەمی کارلێکی نێوان کۆمەڵێك دامەزراوەی جیاوازی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. سیاسەتیی دەرەوەی ئێران لە ڕووی بەرهەمهێنان و جێبەجێکردن بە کۆمەڵێکی قۆناغ و پرۆسەیەکی ورد و ئاڵۆزدا تێدەپەڕێت، چوارچێوە و بنەما و ستراتیژی هەیە، چەندین میتۆد و ئامراز و تاکتیك لە جێبەجێکردنیدا پەیڕەو دەکرێن. کایەی سیاسەتیی دەرەوە وەك سەرجەم کایەکانی دیکەی ژیانی سیاسی لە ئێران لە ژێر دەسەڵاتی بێ سنووری ڕێبەری باڵادایە. ئەگەرچی پاڵنەر و دامەزراوەکانی دیکەی ئێران بەجۆرێك لە جۆرەکان بەشدارن لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی سیاسەتی دەرەوەدا، بەڵام ئەو بەشدارییە سنووردارە و لە میانەی ئەو چوارچێوە گشتییە دایە کە ڕێبەری باڵا دیاری دەکات. سەرۆك کۆمار دەکەوێتە ڕیزی ئەو دامەزراوانەی کە ڕۆڵێکی دیاریکراوی هەیە لە داڕشتنی کایەی سیاسەتی دەرەوە دا، بە بەراورد بەو ڕۆڵەی ڕێبەری باڵا هەیەتی، چونکە ڕێبەری

باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران دەسەڵاتی ڕەهای نەك تەنها بەسەر کاروباری ئاینی، بەڵکو دەسەڵاتی ڕەهای بەسەر کاروباری دونیایی و سیاسیشدا هەیە. سەرۆك کۆمار لەژێر ڕێنماییەکانی ئەودا کاروباری کایە جیاوازەکان ڕێکدەخات.

ئەم توێژینەوەیە لە بەردەوامی یان گۆڕان لە سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق دەکۆڵێتەوە لە ٢٠٠٥ـــەوە بۆ ٢٠٢١، ئەویش بە بەراوردکردنی سیاسەتی ئێران لە ماوەی ئەحمەدی نەژاد کە سەر بە باڵی ڕادیکاڵەکانە و حەسەن ڕۆحانی کە سەر بە باڵی ڕیفۆرمخوازەکانە. هەر یەکە لەو دوو باڵانە دوو دیدگا و دونیابینی تەواو جیاوازیان هەیە بۆ پرسەکان لەوانەش سیاسەتی دەرەوە. هەروەها لەو ماوەیەدا (٢٠٠٥-٢٠٢١) کۆمەڵێك گۆڕانکاری ڕیشەیی لە عێراق ڕوویاندا، کە هاوکێشەکان بە تەواوی گۆڕانیان بەسەردا هات، بەتایبەت بۆ ئێران کە بووە دەلیڤە و دەرفەت بۆ زیادکردنی ڕۆڵی خۆی لە عێراق و ناوچەکە، ئەو گۆڕانکاریانەش عێراقیان لە ڕکابەرێکی هەرێمیەوە گۆڕی بۆ دۆستێکی هەرێمیی ئێران. کەواتە کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠٠٥ـــەوە بۆ ٢٠٢١. بە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئەوا ئەم توێژینەوەیە بەشدار دەبێت لە دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی تایبەت بەم بوارە و چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە لەو بوارەدا هەیە.

## ١. ٣ پرسیارەکانی توێژینەوەکە

لە پێناو دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە زانستییەی هەیە، ئەوا توێژینەوەیەکەمان هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەدات:

پرسیاری سەرەکی بریتییە لە:

ئەو چوارچێوە و بنەما سەرەکییانەی چی بوون کە سیاسەتی دەرەوەی ئێرانیان بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠٠٥ـــەوە بۆ ٢٠٢١ دارِشتووە؟ گواستنەوەی دەسەڵات لە ئەحمەدی نەژادەوە بۆ حەسەن ڕۆحانی بووە هۆی وەرچەرخان و گۆڕان یان بەردەوامی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق؟

پرسیارە لاوەکییەکان:

- سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ماوەی ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی بەرامبەر بە عێراق چۆن جیاواز بووە، ئەو پاڵنەرانە چین کە شرۆڤەی ئەم جیاوازیانە دەکەن؟
- تا چ ئاستێك ڕەهەندە ئایدۆلۆژی، ستراتیژی و پراگماتیەتییەکان بەشداربوون لە دارِشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانیدا (٢٠٠٥-٢٠٢١)؟

## ١. ٤ ئامانجەکانی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات ئەم ئامانجانەی خوارەوە دەستەبەر بکات:

١. پێشکەشکردنی دیدگا و شیکردنەوەیەکی هەمەلایەن بۆ ئەو چوارچێوە و بنەما سەرەکییەکانەی سیاسیەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان دارِشتووە لە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی بەرامبەر بە عێراق ٢٠٠٥-٢٠٢١.

٢. دیاریکردنی ئەو پاڵنەرە سەرەکیانەی کاریگەریان هەبووە لە سیاسیەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی بەرامبەر بە عێراق (٢٠٠٥-٢٠٢١).

٣. شیکردنەوەی دەسەڵاتی سەرۆك کۆماری ئێران لە ناو پەیکەربەندی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

٤. دیاریکردنی پاڵنەریی سەرەکیی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠٠٥ـــەوە بۆ ٢٠٢١ لە ڕووانگەی تیۆری ڕیالیزمی بونیادیەوە.

## ١. ٥ گرنگیی توێژینەوە

شیکردنەوەی و بەراوردکردنی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی بەرامبەر بە عێراق گرنگە، چونکە دەبێتە هۆی گەڵاڵەکردنی تێگەیشتنێکی قوڵتر و فراوانتر بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق. هەروەها ڕاددەی کاریگەری پێشهاتەکان، گۆڕان و داینامیکە ناوخۆیی، دەرەوەیەکان و لێکەوتەیان لەسەر دیدگا، هەڵوێست، مامەڵە و سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق ڕوون دەکاتەوە.

لەلایەك گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە لە بابەتێکی هەستیار دەکۆڵێتەوە کە ئەویش پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و داڕشتنی سیاسەت دەرەوەی ئێرانە کە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و سەختە، چەندین دامەزراوە تێیدا بەشدارن و بە چەندین فلتەر و کەناڵدا تێدەپەڕێت، کە گرنگترینیان ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. لەلایەکی دیکە گرنگی توێژینەوەکە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەو چوارچێوە و بنەما سەرەکییانە دەکۆڵێتەوە کە سیاسەتیی دەرەوەی ئێرانیان داڕشتووە بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی مەحمود ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی. لەبەرئەوەی توێژینەوەکە ئەوە دەردەخات کە سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی ئەو دوو سەرۆکە گۆڕاوە یان نەگۆڕە، کۆی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران لەگەڵ گۆڕانی سەرۆك دەگۆڕدرێت، یاخود ئەوەی دەگۆڕدرێت تەنها ستراتیژ، ڕێباز، ئامراز و تاکتیکەکان، نەوەك چوارچێوە و بنەما سەرەکییەکان.

ئەم توێژینەوەیە لەم سۆنگەیشەوە گرنگە کە ماوەی سەرۆکایەتیی دوو سەرۆکی وەرگرتووە، ئەوانیش بریتین لە مەحمود ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی کە نوێنەرایەتیی دوو ڕەوتی جیاواز دەکەن کە کۆنەپارێز و ڕیشەگۆڕخوازەکان (ڕادیکاڵەکان)[١] و چاکسازخوازەکان (ڕیفۆرمخوازەکان)ـن[٢]، لەم چوارچێوەیەدا ڕۆڵ و کاریگەریی سەرۆك کۆماریش دیاری دەکرێت لە پڕۆسەی دارشتنی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق.

سەرباری ئەمە گرنگی ئەم بابەتە لەو گۆڕانکارییە ڕیشەییانەدا دەردەکەون کە لە عێراق ڕوویاندا، وەك دامەزراندنی سیستەم و ڕژێمی نوێی عێراق لە ٢٠٠٥ دوای داگیرکردنی عێراق لە ٢٠٠٣ لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و گۆڕینی ڕژێم لەو وڵاتەدا، دەرچوونی هێزە شەڕکەرەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ٢٠١١ لە عێراق، هاتنی ڕێکخراو تیرۆریستی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لە ٢٠١٤، بەڕێوەچوونی گشتپرسیی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٧. ئەم گۆڕانە گەورە و کاریگەر و بونیادیانە تەواوی هاوکێشەکانیان لە عێراق

(١) من ڕادیکاڵەکانم بە کۆنەپارێز و ڕیشەگۆڕخواز داناوە، چونکە ڕادیکاڵەکان بریتین لەو کەسانەی باوەڕیان وایە دەبێ شتەکان لە ڕەگ و ڕیشەوە بگۆڕدرێن و دووبارە بەپێی دیدگای کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیە دابڕێژرێنەوە، بۆیە ڕیشەگۆڕخواز زۆر گونجاوە و بە تەواوی ماناکەی بەدەستەوە دەدات.

(٢) چەمکی چاکسازخوازەکانیشم بۆ (ڕیفۆرمستەکان) داناوە، چونکە ڕیفۆرم بە مانای چاکسازی دێت نەوەك نوێخوازی، بۆیە پێیان وایە بەکارهێنانی چەمکی نوێخوازەکان هەڵەیە.

گۆڕی. هەر لە چوارچێوەی گرنگی پێگەی عێراق لە سیاسەت و ستراتیژی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، لە ڕووی مێژوویی، مەزهەبی، ئایدۆلۆژی، هەروەك عەلی خامنەیی، ڕێبەری باڵای ئێران: عێراق بە قوڵایی ستراتیژی ئێران دادەنێت (سوریای ئەمڕۆ، ٢٠٢٥). کەواتە توێژینەوە و بەراوردکردنی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی مەحمود ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی (٢٠٠٥–٢٠٢١) گرنگە، لە پێناو خستنەڕووی بەردەوامی یان گۆڕان لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران و ئەو چوارچێوە و بنەما سەرەکییانەی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانیان لە ماوەی ئەو دوو سەرۆکەدا بەرامبەر بە عێراق دارِشتووە.

## ١.٦ سنوور و چوارچێوەی توێژینەوەکە

سەبارەت بە سنووری توێژینەوەکە؛ ئەوا ئەم توێژینەوەیە لە چەندین ڕووەوە سنووردارە. توێژینەوەکە سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەنجام دراوە، لە بەردەوامی یان گۆڕان و ئەو چوارچێوە و بنەما سەرەکیانەی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانیان ڕێکخستووە دەکۆڵێتەوە لە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی: عێراق بەنموونە (٢٠٠٥-٢٠٢١). ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی جۆری بابەتەوە، ئەوا بابەتی سیاسی وەردەگرێت. لە ڕووی جۆری سیاسەتەوە، ئەوا سیاسەتی دەرەوە وەردەگرێت. لە ڕووی کاتەوە، ئەوا ماوەی سەرۆکایەتیی دوو سەرۆك وەردەگرێت، کە هەر یەکەیان دوو خول سەرۆك بوونە و هەر یەکەیان ٨ ساڵ سەرۆکایەتیان کردووە کە دەکاتە ١٦ ساڵ، واتە لە ٢٠٠٥ـەوە تا

٢٠٢١. لە ڕووی سنووری مرۆییەوە، ئەوا دوو کەسایەتی بڕیاردروستکەر وەردەگرێت، کە ئەوانیش بریتین لە مەحمود ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی. لە ڕووی سنووری جوگرافی و شوێنیەوە، ئەوا ئێران و عێراقی وەرگرتووە.

## ١. ٧ پێکهاتەی توێژینەوەکە

بەشی یەکەم: پێشەکی و دەروازەیەکە بۆ تەواوی توێژینەوەکە، پێشەکییەك و پاشخانی توێژینەوە لەخۆدەگرێت. هەروەها ئەم بەشە ڕۆشنایی خستۆتەسەر کێشەی توێژینەوە، ئامانج، پرسیار و گرنگیی توێژینەوەکە. سنوور و چوارچێوەی توێژینەوەکە و پێکهاتەی توێژینەوەکەشی گەنگەشە کردووە. لە کۆتایی بەشەکەدا پوختەی بەشەکە خراوەتەڕوو.

بەشی دووەم: لیترەیچەر ڕیڤیو لەخۆدەگرێت. ئەم بەشە پێشەکییەك و پوختەیەك لە کۆتایی لەخۆدەگرێت. لەم بەشەدا شیکاری بۆ چەمکەکان کراوە، دواتر پاشخانێکی مێژوویی خراوەتەڕوو، پاشان گەنگەشەی پاڵنەر و دامەزراوەکانی داڕێژەری سیاسەتی دەرەوەی ئێران کراوە. دواتر تاوتوێی ئەدەبیاتی پەیوەندیدار کراوە بەم توێژینەوەی بەشێوەیەکی شیکاریی کراوە. لە هەمووی گرنگتر لەم بەشەدا، ئەو بۆشاییەی هەیە لە ئەدەبیاتی بەردەستی پەیوەست بەم بابەتەدا گەنگەشە کراوە، ئاماژەش بە چۆنیەتیی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە ئەدەبیاتدا هەیە، کراوە.

بەشی سێیەم: میتۆدۆلۆژی و چوارچێوەی تیۆری: ئەم بەشە پێشەکییەك لەخۆدەگرێت، پاشان بەشێوەیەکی سەربەخۆ باسی میتۆدلۆژی دەکات، لە میانەی تاوتوێکردنی نەخشە (دیزاین)ـی توێژینەوەکە و سەرچاوەی داتا و زانیارییەکان، جۆر و چۆنیەتیی کۆکردنەوە و شیکارکردنی داتا و زانیارییەکان و ڕەچاوکردنی ئەخلاقی توێژینەوە. دواتر بەشەکە باسی تیۆری بەکارهاتووی دەکات، لە میانەی ڕۆشنایی خستنەسەر پاشخانی تیۆرەکە، بیرۆکە و گریمانە سەرەکییەکان، گرنگترین ئاڕاستەکانی و چۆنیەتیی جێبەجێکردنی تیۆرەکە. لە کۆتاییدا پوختەی بەشەکە خراوەتەڕوو.

بەشی چوارەم: سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەژاد (٢٠٠٥-٢٠٢١): ئەم بەشە پێشەکی و پوختەیەك لەخۆدەگرێت، باسی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی کردووە لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاددا بەرامبەر بە عێراق، لە میانەی خستنەڕووی گرنگترین ئامانجەکانی سیاسەتیی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران لەو ماوەیەدا، لە پێناو دەرخستنی بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەم قۆناغەدا.

بەشی پێنجە: سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانیدا: ئەم بە پێشەکییەك دەستپێدەکات، بە پوختەیەك دوماهی دێت. لەم بەشەدا ڕۆشنایی خراوەتە سەر ستراتیژە باڵاکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق، لە پێناو دیارکردنی چوارچێوەی نەگۆڕی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران لەو ماوەیەدا.

**بەشی شەشەم: بەردەوامی یان گۆڕان لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی:** دوای خستنەڕووی پێشەکییەك، ئەوا ئەم بەشە لە بەردەوامی یان گۆڕان لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەکۆڵێتەوە، لە میانەی بەراوردکردنی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە سەردەمی مەحمود ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانیدا. لە کۆتاییدا پوختەی بەشەکە خراوەتەڕوو.

**بەشی حەوتەم: بەرئەنجام، پێشنیاز و بەربەستەکانی توێژینەوەکە:** لەم بەشە تاوتوێی گرنگترین بەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە کراوە، کە دوای شیکردنەوەیەکی تێروتەسەل توێژینەوەکە پێی گەیشتووە. دواتر پێشنیازەکانی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو. لە کۆتاییدا؛ سەرەکیترین بەربەستەکانی بەردەم توێژینەوەکە باسکراون.

## ١. ٨ پوختەی بەشەکە

ئەم بەشە تاوتوێی پاشخان، کێشە، ئامانج و پرسیارەکانی توێژینەوەکە کرد. سەرباری ئەمە، بەشەکە ڕۆشنایی خستۆتەسەر گرنگیی، سنوور و چوارچێوەی توێژینەوەکە. پاشان پێکهاتەی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو. ئەم توێژینەوەیە لەو چوارچێوە و بنەما سەرەکیانەی دەکۆڵێتەوە کە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دادەڕێژن، لە میانەی توێژینەوەی بەراوردکاریانەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی بەرامبەر بە عێراق (٢٠٠٥-٢٠٢١)، بەمەش بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق و بەردەوامی یان گۆڕان لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق گەڵاڵە و دیاری دەکرێن. هەروەها ئەوەش دەخرێتەڕوو کە ئەم بنەمایانە یاخود بەردەوامی یان گۆڕان لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران ڕەنگدانەوەی دۆخ و خولیا و ئامانجی ناوخۆیین یاخود کاردانەوە پاشاگەردانی (**Anarchy**) سیستەمی نێودەوڵەتین.

# بەشی دووەم

# پێداچوونەوە بە ئەدەبیات و توێژینەوەکانی پێشوو

# (Literature Review)

## ١.٢ پێشەکی

ئەم بەشە تاوتوێی چەمکی سیاسەتیی دەرەوە، دروستکردنی بڕیار و ستراتیژی، پاشخانێکی مێژوویی، پاڵنەر و دامەزراوەکانی داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران، ئەدەبیاتی بەردەست دەکات. توێژینەوەکە جەخت دەکاتە سەر شرۆڤەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی مەحمود ئەحمەدینەژاد و حەسەن ڕۆحانی. ئەمەش وا دەکات توێژینەوەکە دوو سەردەمی جیاواز و بەتایبەتمەندییەکانیەوە لەخۆبگرێت، لە ژێر سەرکردایەتیی دوو کاراکتەری سیاسی جیاواز. هەرچەندە توێژینەوەی جیاواز سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی ئێران نووسراون، بەڵام هەر یەکەیان لە ڕووانگەیەکی جیاوازەوە خوێندنەوەی بۆ کردووە، هەیانە ماوە، تیۆر، کارێکتەر، ڕەهەندێکی دیاریکراوی یاخود کەیسێکی دیاریکراوی وەرگرتووە. ئەم توێژینەوەیە بەدواداچوون دەکات بۆ ئەو ئەدەبیاتەی لەوبارەوە لەبەردەست دایە، و هەوڵی دەرخستن و دەستنیشانکردنی ئەو بۆشاییە زانستیەی هەیە لەو بوارەدا دەدات. ئەم بەشە هەوڵ دەدات پێداچوونەوەیەکی زانستیانە بۆ ئەدەبیاتی بەردەست سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ماوەی مەحمود ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی بکات.

لێرەدا سەرەتا شرۆڤەیەك بۆ چەمکەکان دەکرێت، پاشان پاشخانێکی مێژوویی گەنگەشە دەکرێت، دواتر ڕۆشنایی دەخرێتە گرنگترین پاڵنەرەکانی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران. دواتر پێداچوونەوە بە ئەدەبیاتی بەردەست سەبارەت بە سیاسەتیی

دەرەوەی ئێران دەکەین، بەتایبەت لە ماوەی ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی، دواتر ئەو بۆشاییە دەستنیشان دەکەین کە لە ئەدەبیاتی بەردەستدا هەیە، لە کۆتاییشدا پوختەی بەشەکە دەخرێتەڕوو.

## ٢.٢ پێناسەی چەمکەکان

لێرەدا ڕۆشنایی دەخەینەسەر پێناسەی چەمکی سەرەکیی ناونیشانەکەمان و ئەو چەمکانەی نزیکن لێیانەوە هەیە. بەپێویستی دەزانین چەمکی سەرەکی کە سیاسەتی دەرەوەیە بە پوختی و کورتی پێناسە بکەین، لەگەڵ دوو چەمکی دیکە کە بریتین لە، چەمکەکانی ستراتیژی و دروستکردنی بڕیار، چونکە پەیوەندییەکی تۆکمەیان بە دیاردەی سیاسەتی دەرەوەوە هەیە.

### أ. سیاسەتی دەرەوە "Foreign Policy"

سیاسەتیی دەرەوەی مانایەکی دیاریکراو و پێناسەیەکی یەکگرتووی نییە. جەیمس ڕۆزیناو "James Rosenau" پێناسەی سیاسەتی دەرەوە دەکات بەوەی: پەیڕەوێکی کارکردنە کە نوێنەرە فەرمییەکانی کۆمەڵگەی نەتەوەیی، بە ئاگایی و هۆشیارییەوە پەیڕەوی دەکەن، لە پێناو دانپێدانان و بەردەوامیدان یان گۆڕینی هەڵوێستێکی دیاریکراو لە نەزم (ئۆردەر)ــی نێودەوڵەتیدا، بە جۆرێك کە کۆك بێت لەگەڵ ئەو ئامانجانەی پێشوەختە دیاریکراون (شەیبانی، ٢٠١٩: ١٩-٢٣؛ حوسێن، ٢٠١٨: ٢١؛ ئەلنوعەیمی، ٢٠١١: ٢١).

هەروەها پێناسەتی سیاسەتی دەرەوە دەکرێ کە بەرنامەی کاری ڕاگەیەندراوە، کە نوێنەرە فەرمییەکانی یەکە و ئەکتەرێکی نێودەوڵەتی لە نێوان کۆمەڵێك بەرنامەی بژاردە و جێگرەوەدا هەڵیانبژاردووە، بە نیازی گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان لە ژینگەی نێودەوڵەتیدا، بەمەبەستی کاریگەری دانان لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی یەکە نێودەوڵەتییەکانی دیکە (ئەلنوعەیمی، ٢٠١١: ٢٠-٢٣؛ حوسێن، ٢٠١٨: ٢٠). بەڵام حوسێن (٢٠١٨: ٢٢) گشتگیرتر لەوان پێناسەی سیاسەتی دەرەوە دەکات، بەوەی بریتییە لە پلان و بەرنامەی ڕێکخراو، داڕێژراو و کار بۆ کراوی ئامانجدار، کە گوزارشت لە ئاڕاستەی ڕەفتاری سیاسیی دەرەوەی دەوڵەت دەکات. لەلایەن دروستکەرانی بڕیار دادەنرێت، لە ناو کۆمەڵێك بەرنامە و بڕیاری بژاردەدا هەڵدەبژێرێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت لە چوارچێوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بە ڕەچاوکردنی گوشار، ئاستەنگ و ئاڵنگارییە دەرەوەیەکان و نەزم (ئۆردەر)ـی نێودەوڵەتی.

کەواتە دەتوانین پێناسەی سیاسەتی دەرەوە بکەین، بەوەی کۆمەڵێك دیدگا، پلان، بەرنامە، ڕەفتاری تۆکمەی داڕێژراوی ئامانجدارە، گوزارشت لە ئاڕاستەی تێڕوانین، سیاسەت و مامەڵەی دەرەوەی دەوڵەت دەکات، کە دروستکەرانی بڕیار دایدەڕێژن بۆ بەدەستهێنانی ئامانج و بەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەت لە چوارچێوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بە ڕەچاوکردنی دەرفەت، گوشار، ئاستەنگ و ئاڵنگارییە دەرەوەیەکان و هەڵومەرجە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، نەزم (ئۆردەر)ـی نێودەوڵەتی.

### ب. ستراتیژی "Strategy"

ستراتیژی یەکێکە لە چەمکە نزیکەکان لە چەمکی سیاسەتی دەرەوە، چونکە دواجار سیاسەتی دەرەوە بۆ ستراتیژە باڵاکانی "Grand Strategy" دەوڵەت کار دەکات. ئەم چەمکە بۆ یەکەمجار لەلایەن یۆنانەکانەوە بەکارهاتووە، پێناسەیەکی یەکگرتووی نییە و بەپێی سەردەم ماناکەی گۆڕاوە (ئەلنوعەیمی، ٢٠١١: ٣٥-٣٧). لیدڵ هارت (١٩٧٨: ٢٧٤) پێناسەی ستراتیژی دەکات بەوەی: بریتییە لە هونەری دابەشکردن و بەکارهێنانی ئامرازە جیاوازە سەربازییەکان لە پێناو دەستەبەرکردنی ئامانجە سیاسییەکان. هەرچی بەدەوییە (١٩٧٢: ٣٩) دەڵێت: ستراتیژی و دیپلۆماسییەت لە تیۆری یەکەی سیاسەتیی دەرەوەی دا تەنها دوو ڕووی یەك دراون، و دوو ڕووی تەواوکەری یەك هونەرن، ئەویش هونەری سیاسەتە.

ستراتیژی بە مانا فراوانەکەی کۆمەڵێك ڕەهەندی جیاواز لەخۆدەگرێت و گشتگیرە. بەمانایەکی دیکە هەروەك ئەلنوعەیمی (٢٠١١: ٣٧) دەڵێت: ستراتیژ لە مانا هاوچەرخەکەیدا بەجۆرێك فراوان بووە کە هەموو کایەکانی گرتۆتەوە. بۆ نموونە ستراتیژ چووەتە ناو پلانی ئابووریی و بووەتە ستراتیژیەتی ئابووری. هەروەها چووەتە ناو پلانی سیاسی و بووەتە ستراتیژیەتی سیاسی. حوسێن (٢٠١٨: ٢٧) پێناسەیەکی فراوانتر بۆ چەمکی ستراتیژی دەکات و دەڵێت: زانست و هونەری دۆزینەوە، بەکارهێنان و وەگەڕخستنی توانا و شیانە ماددی و مرۆییەکانی ناو دەوڵەتە، چ لە کاتی ئاشتی یاخود لە کاتی جەنگدا بێت، لە پێناو خزمەتکردن بە

بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت و دەستەبەرکردنی ئامانجە باڵاکانی دەوڵەت و مسۆگەرکردنی مانەوەی لە ئێستا و داهاتوودا.

کەواتە دەکرێت بوترێت: ستراتیژی چەمکێکە ڕۆڵی لە ئاڕاستەکردنی زۆربەی کایە گرنگەکانی ژیاندا هەیە، بەتایبەت کایەی سیاسی. ستراتژییەت هونەر و زانستی دەستنیشانکردن، دابەشکردن، ڕێکخستن، ئاڕاستەکردن، بەکارهێنان و وەگەڕخستنی توانا و شیانە ماددیی و مرۆییە بەردەستەکانی ناو دەوڵەتە، لە بارودۆخە جیاوازەکاندا، لە پێناو دەستەبەکردنی ئامانجە سیاسییە باڵاکان و مسۆگەرکردنی ئاسایش و مانەوەی دەوڵەت.

**ت. بڕیار دروستکردن "Decision-Making"**

یەکێکی دیکەیە لەو چەمکانەی لە پاڵ چەمکی ستراتیژی پەیوەندییەکی تۆکمەی هەیە بە پرسی سیاسەتی دەرەوەیەوە. لەبەرئەوەی سیاسەتی دەرەوە، بەرهەمی ئایدۆلۆژیا، درێژکراوەی سیاسەتی ناوخۆیی، یان کاردانەوەی سیستەمی نێودەوڵەتی، یاخود هەر هەلومەرجێك بێت، گوزارشت لە هەر جۆرێکی سیستەمی حوکمڕانی بکات، ئەوا لە هەموو دۆخەکاندا سیاسەتی دەرەوە بەرهەمی پرۆسەی دروستکردنی بڕیارە. چەمکی بڕیار دروستکردنیش پێناسەیەکی یەکگرتووی نییە.

دوملەر و سکینەر "Dumler and Skinner" (٢٠٠٨: ٣٩) پێناسەی دروستکردنی بڕیار دەکەن بەوەی: هەڵبژاردن و دیاریکردن و جێبەجێکردنی بژاردەیەکە لە نێوان

چەند جێگرەوە و بژاردەیەکی بەردەستدا. دروستکردنی بڕیار؛ پڕۆسەیەکی ئاگایانەیە کە تیایدا ئاڕاستەی کارکردن لە نێوان چەندین جێگرەوەی بەردەستدا دیاری دەکرێت. هەروەها گرتنەبەری بژاردەی گونجاو و پێدانی بەهایە پێی لە ژێر چەندین کۆت و بەندی ڕێکخراو و دیاریکراودا. هەرچی ئایزینفور "Eisenfuhr" پێناسەی دەکات بەوەی بریتییە لە دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی بژاردەیەك لە نێوان کۆمەڵێك بژاردەی بەردەستدا لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان (ئەلشەڕایعە "Al Shra'ah"، ٢٠١٥: ٥٦). هەروەها ئەحمەد (٢٠١٢: ١٢٠) دەڵێت: بڕیار دروستکردن ڕێکخستن و پڕۆسەیەکی زۆر ئاڵۆز و وردە، کە چەندین فاکتەر و پاڵنەر ئامادەییان تێدا هەیە وەك فاکتەری دەروونی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، هەلومەرجە گۆڕاوەکان. تیایدا ڕەچاوی ئامانج و ڕەهەندە سیاسی و ستراتیژییەکان دەکرێت، پڕۆسەی دروستکردنی بڕیار پڕۆسەیەکی داینامیکییە کە چەندین قۆناغ لەخۆدەگرێت و هەر قۆناغێکیش چەندین کارلێکی هەستیاری تێدایە، بە پلاندان دەستپێدەکات و بە هەڵبژاردنێکی هەستیار و وردی یەکێك لە جێگرەوەکان لە نێوان چەندین بژاردەدا کۆتایی دێت.

کەواتە بڕیار دروستکردن کارێکی ڕێکخراوەیی و پڕۆسەیەکی هەستیار، ئاڵۆز و وردە، کە چەندین فاکتەر، پاڵنەری خودی و بابەتی و چەندین دامەزراوە بەشداریی تێدا دەکەن، بە دەستنیشانکردنی کێشە و ئامادەکردنی پلان دەستپێدەکات تا دەگاتە دیاریکردنی ڕێوشوێن و ئامرازەکان و کۆتایی هاتن بە هەڵبژاردنی جێگرەوە و بژاردەیەك بەشێوەیەکی ورد کۆتایی دێت. پڕۆسەیەکی داینامیکییە کە چەند قۆناغێکی تایبەتمەند لەخۆدەگرێت، ئامانج لێی دەستەبەرکردنی ئامانجە باڵا و ستراتیژییەکانە.

ئەمانە ئەو سێ چەمکە بوون کە توێژینەوەکە پێی وابوو ڕوونکردنەوەیان پێویستە. هەر سێکیشیان پەیوەندییەکی تۆکمەیان بەیەکترەوە هەیە، چونکە سیاسەتی دەرەوە بەرهەمی پرۆسەی بڕیار دروستکردنەوە، ئەم سیاسەتەش کار بۆ بەدەستهێنانی چەند ئامانجێکی باڵا و ستراتیژی  دەوڵەت دەکات.

## ٢. ٣ پاشخانی توێژینەوەکە "Background of the Study"

ئێران دەوڵەتێکی کاریگەر و گرنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. ڕۆشنایی خستنەسەر مێژوویی سیاسی ئێران، پێویستی بە توێژینەوەیەکی تایبەتە، چونکە ئێران نیشتمانی چەندین ئیمپڕاتۆرییەت، سیستەم و ڕژێمی جۆراوجۆری حوکمڕانی بووە. لەبەرئەوەی توێژینەوەکە تایبەت نییە بە باسکردنی مێژووی ئێران و سنووردارە، ئەوا توێژینەوەکە بە شێوەیەکی پوخت ڕۆشنایی دەخاتەسەر مێژووی سیاسیی ئێران لە دوای هاتنی موحەممەد ڕیزا شاوە بۆ سەر دەسەڵات، بەتایبەت کایەی سیاسەتی دەرەوەی.

ئێران؛ دەوڵەتێکە شارستانییەتێکی کۆن، جوگرافیایەکی فراوان و سروشتێکی دەوڵەمەندی هەیە. دەوڵەتێکی فرەنەتەوە، فرەئایین و فرەمەزهەبە. زۆرجار "دەوڵەتی ئێران" و "وڵاتی فارس" وەك هاومانا بەکارهاتوون، ئەگەرچی لە ناوەڕۆکیشدا جیاواز بوون. لە ماوەی مێژوویی کۆن، نوێ و هاوچەرخی خۆیدا؛ ئێران چەندین جۆری سیستەم، ڕژێمی حوکمڕانی بەخۆیەوە بینیوە، وەك ئیمپڕاتۆریەتیی کیسرایی، قاچاری و پەهلەوی، تا دەگاتە ڕژێمی کۆماریی ئیسلامیی ئێران، کە تا ئێستا حوکمی ئەو وڵاتە دەکات (ئەمین، ٢٠٢٤؛ کاتوزیان "Katouzian"، ٢٠١٠: ١١٢-٢٢٩؛

ماكاریۆس "Makarios"، ٢٠٠٣: ١٣-٤٥). دەتوانرێت بگوترێت: ئەگەرچی بەدرێژایی مێژوویی ئێران سیستەم و ڕژێمە حوکمڕانەكانی ئێران جۆراوجۆربوونە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا سەركەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ زاینی جۆری تێكڕای سیستەمەكان لە ناوەڕۆكدا پاشایەتیی بۆماوەیی بووە.

موحەممەد ڕەزا شا لە ساڵی ١٩٤١ بووە شای ئێران. بەڵام نەیتوانی پارێزگاری لە ڕژێم و سیستەمی حوكمڕانیەكەی بكات لە بەرامبەر ناڕەزایەتیی و خۆپێشاندانە ناوخۆییەكان. دژبەرەكانی شا لە پاڵ ئیمام خومەینیدا كۆبوونەوە، دواجار شۆڕشی ئیسلامیی ئێران (شۆڕشی گەلانی ئێران) بە ڕێبەرایەتیی خومەینی و بە بەشداری زۆرینەی ڕەوت و چین و توێژەكانی كۆمەڵگە، لە چەپەوە بۆ ڕاست، لە عەلمانییەوە بۆ ئیسلامی هەڵگیرسا، شۆڕشەكە لە ساڵی ١٩٧٩/١/١٦ ڕژێمی شای ڕاماڵی و كۆماری ئیسلامیی ئێرانی دامەزراند (ئەحمەد، ١٩٨٥: ١٧٠-١٧٢؛ ئەمین ٢٠٢٤؛ ئەلسوبكی، ١٩٩٩: ١٦٥-١٦٧).

بەم شێوەیە دوای ٢٥٠٠ ساڵ، ڕژێمی حوكمڕانی لە ئێران لە پاشایەتیی بۆماوەییەوە گۆڕدرا بۆ ڕژێمی كۆماری ئیسلامی، كە دەكرێت بە كۆماری ویلایەتی فەقیه ناوی بنێین، چونكە لەسەر تیۆری ویلایەتی فەقیهی شیعی دامەزرا. سەركەوتنی ئەم شۆڕشە وەرچەرخانێكی سیاسیی و مێژوویی، ناوخۆیی و هەرێمی بوو(ئەمین، ٢٠٢٤؛ ئەلجەزیرە، ٢٠١٦؛ كاتوزیان "Katouzian"، ٢٠١٠: ٢٩١-٢٩٥؛ ئەلمەدەنی، ١٩٩٣: ٢٥٥-٢٦٠). یەكێك لەو كایانەی لە بەرئەنجامی گۆڕانی ڕژێمی سیاسیی

ئێران گۆڕانی بەسەردا هات، بریتیی بوو لە کایەی سیاسەتی دەرەوەی کە گۆڕانێکی بنچینەیی بەخۆیەوە بینی.

سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە سەردەمی موحەممەد ڕەزا شادا، زیاتر سیاسەتێکی کراوە بوو بە ڕووی ڕۆژئاوا و ئیسرائیلدا. پەیوەندییەکانی ئێران و ڕۆژئاوا لە سەرووی هەموویانەوە ئەمریکا ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەهێز بووندا بوون. ئێران هەوڵی دا بە بەدەستهێنانی پشتیوانی ڕۆژئاوا و بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکا ببێتە هێزێکی باڵادەست لە کەنداوی فارسی (کەنداوی عەرەبی) و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئێران پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەشی هەرە زۆری دەوڵەتانی عەرەبی ناجێگیر بوو، بەتایبەت لەگەڵ عێراق، چونکە ڕژێمی عێراق بەرهەمی شۆڕش و کودەتا بوو. سیاسەتیی دەرەوەی ئێران زیاتر هاوئاوازی بلۆکی ئەمریکا بوو لە دژی یەکێتی سۆڤیەت. موحەممەد ڕەزا شا پەیوەندییەکانی لەگەڵ خۆرئاوا گەیاندە لوتکە، چەندین ڕێککەوتننامەی لە بوارە جیاوازەکاندا لەگەڵیان ئەنجام دا. شا ئامادەیی هەموو جۆرە قوربانیدانێك بوو لە پێناو بەدەستهێنانی پشتیوانی زلهێزان، بەتایبەت ئەمریکا تا باڵادەستی هەرێمی بەدەستبهێنێت، ڕژێمی شا بە پۆلیسی کەنداوی فارسی (عەرەبی) ناودەبرا (ئەلمەدەنی، ١٩٩٣: ٢١٨-٢٢٠؛ ئەلسوبکی، ١٩٩٩: ١٦٨-١٩٠؛ ئەمین، ٢٠٢٤؛ ئەحمەد، ١٩٨٥: ١٧٠-١٧٢؛ ئەبراهامیان "Abrahamian"، ٢٠٠٨: ١١٧-١١٩).

بەم جۆرە سیاسەتیی دەرەوەی ئێران لەسەردەمی ڕژێمی شا بریتی بوو لە نزیکبوونەوە لە جیهانی ڕۆژئاوا، بەدەستهێنانی پشتیوانی زلهێزان، لە سەرووی هەموویانەوە ئەمریکا، بەمەبەستی سەپاندنی باڵادەستی ئێران و پاراستنی ڕژێمەکە بە پشت بەستن

بە هاوپەیمانی لەگەڵ زلهێزان و لەو ڕێگەیشەوە بەدەستهێنان جۆرێك لە هەژموونی و باڵادەستی ناوچەیی. شا پێی وابوو بە پشت بەستن بە هێزی دەرەوە و هاوپەیمانیی تۆکمە دەتوانێ بەردەوامی بە ژیانی سیاسی و ڕژێمی حکومڕانی خۆی بدات.

سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ١٩٧٩ تەنها نەبووە هۆی گۆڕانی سیستەم و ڕژێم لە ئێران، بەڵکو سیاسەتیی ناوخۆیی و دەرەوەی ئێرانی بەشێوەیەکی ڕیشەیی گۆڕی. سیاسەتیی دەرەوەی ئێران دوای دروستبوونی کۆماری ئیسلامیی ئێران تەواو جیاواز بوو لە سیاسەتیی ڕژێمی شا. سیاسەتیی دەرەوەی ئێران لە سەردەمی خومەینی لەسەر کۆمەڵێك دیدگا و بنەما دامەزرا لەوانە: خۆدامالّین لە لایەنگیری بۆ ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوا، هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی، پشتیوانی کردن لە چەوسێنراوان لە تێکڕای جیهان، بەرەنگاربوونەوەی خۆبەزلزان (ئیستکبار)ـی جیهانی، ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە ژێردەستەیی و پاشکۆبوونێك بۆ زلهێزان، سەرخستنی موسڵمانان و پاراستنی سەروەری ئوممەت، هەوڵدان بۆ گۆڕینی ڕژێمە حوکمڕانەکانی جیهانی ئیسلامی، بەرەنگاربوونەوەی ئەمریکا، ئینگلیز، زایۆنییەکان و ئیسرائیل، پشتیوانی کردن لە پرسی فەڵەستین (خومەینی، ٢٠١٠: ٢٠-٥١؛ قادر أ. ٢٠٢٠: ١٤٥-١٨٠؛ دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران، ٢٠١٨: ١٢٩-١٣٠). بەم جۆرە سیاسەتیی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەپێچەوانەی ڕژێمی شا دژایەتی کردنی ئەمریکا و ئیسرائیل بوو، هەوڵدان بوو بۆ گۆڕینی ڕژێمە حکومڕانەکانی جیهانی ئیسلامی، بەمەش گرژی لە پەیوەندییەکانی ئێران و وڵاتنی ناوچەکەدا دروست بوو، بەتایبەت عێراق، کە پێی وابوو سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش مەترسی بۆ سەر ئاسایشی عێراق دروست دەکات. خەونی بەدەستهێنانی باڵادەستی

هەرێمی کە رژێمی شا نەیتوانی پێی بگات، ئامادەیی هەبوو لە سیاسەتیی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بەڵام بە بەرگێکی ئایدۆلۆژی و مەزهەبی، چونکە شا لە ڕێگەی پشتیوانی زلهێزان بەتایبەت خۆرئاوا هەوڵی بەدەستهێنانی دەدا، بەڵام کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیا و شۆڕشی ئیسلامی هەوڵیدا سەرکردایەتیی جیهانی ئیسلامی بەگشتی و جیهانی شیعی بەتایبەتی ئەم ئامانجە بەدەست بهێنێت (نادر، ١٤؛ موراد، ٢٠٢٠: ٩٠؛ لاریجانی، ٢٠١٣: ٨-١٥؛ ئەلحەنیتی، ٢٠١٣: ٢-٤). کەواتە سیاسەتیی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە هەڵقوڵاوی بنەماکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بوو، تەواو جیاواز بوو لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەسەردەمی ڕژێمی پاشایەتیی.

ئەمە پاشخانێکی کورتی مێژووی سیاسیی نوێی ئێران بوو، کە بە پوختی ئاماژە بە سیاسەتیی دەرەوەی ڕژێمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیی ئێران کرا. توێژینەوەکە ئامانجییەتی توێژینەوەیەکی بەراوردکاری دەربارەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠٠٥ـــەوە بۆ ٢٠٢١، ئەنجام بدات، لە پێناو خستنەڕووی ئەو چوارچێوە و بنەما سەرەکیانەی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانیان بەرامبەر بە عێراق لەو ماوەیەدا دارشتووە، لەگەڵ دەرخستنی بەردەوامی یان گۆڕان لە سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق.

## ٢. ٤ پاڵنەرەکانی سیاسەتیی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران

لە ئاستی ناوخۆدا چەندین پاڵنەر و دامەزراوە هەن کە بەشدارن لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران. لێرەدا تەنها گەنگەشەی ئەو پاڵنەر و دامەزراوە سەرەکییەکانە دەکرێت، کە ڕۆڵێکی سەرەکی و بنەڕەتیان هەیە لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، لەگەڵ ڕۆشنایی خستنەسەر هەر دوو ئاڕاستەی کۆنەپارێز و ڕیشەگۆڕخوازەکان (ڕادیکاڵەکان) و چاکسازخوازەکان (ڕیفۆرمخوازەکان)ـن، کە ئەوانیش ڕۆڵیان لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا هەیە.

### ٢. ٤. ١ ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران "رهبر: Supreme Leader"

ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران؛ بە ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانیش ناودەبرێت، لەسەرووی هەموویانەوە دێت. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ١٩٧٩ و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر بنەمای فەلسەفە و تیۆری ویلایەتی فەقیه، ئەم دامەزراوە و پۆستە باڵاترین پۆستە، ڕۆڵێکی گەورە، کاریگەر و یەکلاکەرەوەی هەبووە و هەیە لەسەر کۆی کایەکانی ژیانی سیاسی بەگشتی و کایەی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەتایبەتی (حوسێن، ٢٠١٨: ٤٤١). بەمانایەکی دیکە؛ یەکێك لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی سیستەمی

سیاسیی ئێران، کە لە سیستەمە سیاسییەکانی دیکە وڵاتانی جیهان جیای دەکاتەوە، بوونی پۆست و دامەزراوەی وەلی فەقیھ "Wali Faqih" یان ڕێبەری باڵایە "Supreme Leader"، کە سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەوەی لەوێوە سەرچاوە دەگرێت و دادەڕێژرێت. ئەم دامەزراوە و پۆستە بەڕاددەیەك کاریگەر و بەهێزە کە تەواوی سیستەمی سیاسیی ئێران شەرعیەت لەو دامەزراوەیە وەردەگرێت.

بناغەی دامەزراوەی ڕێبەری باڵا (ویلایەتی فەقیھ)؛ دەگەڕێتەوە بۆ تیۆری ویلایەتی فەقیھ، کە لە بیروباوەڕی شیعەدا بەمانای ئەوە دێت لە دۆخی نائامادەیی و پەنهانیی ئیمامی موحەممەدی مەهدیدا، ئەوا شەرعزانان (الفقهاء) دەسەڵاتی ڕەها و گشتگیریان هەیە بەسەر کاروباری دونیایی، دینییەکان دا، تا کاتی دەرکەوتن و گەڕانەوەی ئیمام مەهدی (ڕەمەزانی، ٢٠١٣: ١٣٤؛ تۆفیق، ٢٠١٢: ٤٧؛ مورتەجا، ٢٠٠٢: ٧٧). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان دەسەڵاتەکانی شەرعزان (Jurist) و ئیمامی پەنهان و نائامادە (ئیمام موحەممەدی مەهدی) لە ڕووی گشتگیریەوە. هەرچەندە لە ڕووی پلە و پێگەوە، ئەوا پێگەی ئیمام بەرزترە، بەڵام لە ڕووی دەسەڵات و بەرپرسیارێتیەوە ئەوا شەرعزان (فەقیھ) هەمان دەسەڵات و بەرپرسیارێتی ئیمامی مەهدی هەیە. بەم پێیە شەرعزان نوێنەرایەتیی ئیمامی پەنهان (The Absent Imam) دەکات لە ڕێبەرایەتی کردنی ئوممەتی ئیسلامی (خومەینی، ٢٠١٠: ٣٠-٧٠؛ ڕیفر-فلاناغان "Rieffer-Flanagan"، ٢٠٠٩: ٩؛ تۆفیق، ٢٠١٢: ٤٧).

لە ماددەی ١١٠ــی دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا (٢٠١٨: ٤١) دەسەڵاتەکانی ڕێبەری باڵا دیاریکراون، کە سەرەکیترینیان: دیاریکردنی سیاسەتی گشتییە بۆ

سیستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ ئەنجومەنی دیارکردنی بەرژەوەندییەکانی سیستەم، سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردنی باش جێبەجێکردنی سیاسەتە گشتییەکانی سیستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان، ئەنجامدانی گشتپرسی (ڕێفراندۆم). هەروەها ڕاگەیاندنی جەنگ و ئاشتی، یەکلاکردنەوەی کێشەکان و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان سێ باڵەکانی هێزە چەکدارەکان.

لەم مادده دەستوورییەدا دەبینین کە ڕێبەری باڵا چەند دەسەڵاتێکی گەورە و کاریگەری هەیە بەسەر کایە جیاوازەکانی ژیانی سیاسی ئێران و لە نێویاندا کایەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران. لەبەرئەوەی سیاسەتی دەرەوەش دەکەوێتە ناو بازنەی سیاسەتیی گشتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ڕێبەری باڵا دیاری دەکات.

فەیروز ئابادی (٢٠٠٩: ٢٥٤-٢٥٦ ئاماژەی پێکراوە لە: سۆفی، ٢٠٢١: ٢٢) پێی وایە: دوو بۆچوونی جیاواز هەن سەبارەت بە قەبارە و سنووری دەسەڵاتەکانی ڕێبەری باڵا، یەکەمیان: پێی وایە ڕێبەری باڵا تەنها ئەو دەسەڵاتانەی هەن کە لە دەستووردا بۆی دیاریکراون، کە دەسەڵاتی زۆر و گەورەن. بەڵام بۆچوونی دووەمیان: پێی وایە دەسەڵاتەکانی ڕێبەری باڵا زۆر لەوە زیاترن کە لە دەستووردا هاتوون. ئەوەی لە دەستووردا ئاماژەیان پێکراوە تەنها بەشێکن لە دەسەڵاتەکانی ڕێبەری باڵا. هەر کاتێك بارودۆخ وابخوازێت، ئەوا دەکرێت دەسەڵاتەکانی فراوانتر بکرێت. هەروەك خومەینی (٢٠١٠: ٤٩) لە کتێبی "حکومەتی ئیسلامی"ــدا ئاماژەی بەوە داوە: "ئەگەر کەسێکی زانا و دادپەروەر هەڵسا بە پێکهێنانی حکومەت، ئەوا هەمان ئەو

پێگە و دەسەڵاتەی دەبێت کە پێغەمبەری خوا درود و سڵاوی خوای لێبێت سەبارەت بە کاروباری کۆمەڵگا هەیبووە. لەبەر ئەمە لەسەر خەڵك پێویستە گوێڕایەڵی بن". بەم شێوەیە ئەوەی خومەینی ئاماژەی پێ دەدات سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی ڕێبەری باڵا (وەلی فەقیه) فراوانترە لەوەی کە لە دەستووردا هاتووە (ناسر، ٢٠١٤: ٣١). لەبەرئەوەی خومەینی پێگە و دەسەڵاتەکانی ڕێبەری باڵا (وەلی فەقیه)ـــی یەکسان کردووە بە پێگە و دەسەڵاتەکانی پێغەمبەر "درود و سڵاوی خوای لێبێت".

بەم شێوەیە دەسەڵاتەکانی ڕێبەری باڵا تا ڕادەیەکی زۆر ڕەهان، تەنانەت دەتوانێت بەشێك لە بنەما و مادده دەستوورییەکانیش پەك بخات، ئەگەر پێی وابێت بەرژەوەندی گشتی وادەخوازێت (حوسێن، ٢٠١٨: ٤٤١-٤٤٣). ڕێبەری باڵا لە سیستەمی سیاسیی ئێراندا کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر ئاڕاستەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران، چونکە نەك تەنها کایەی سیاسەتی دەرەوە بەڵکو تەواوی سیستەمەکە بەوەوە وابەستەیە.

هەربۆیە ئەستەمە سەرۆك کۆماری ئێران بتوانێت سیاسەتی دەرەوەی بەبێ ڕەزامەندی ڕێبەری باڵا دابڕێژێت (مونشیری پور و دوڕەج "**Monshipouri and Dorraj**"، ٢٠١٣: ١٣٤). هەرچەندە لە ڕووی فەرمیەوە چەندین دامەزراوە بەشدارن لە دیاریکردن، ڕێکخستن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەدا، بەڵام لە ڕاستیدا ڕێبەری باڵا کاریگەرترین و شوێندانەرترین ڕۆڵی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا هەیە و دەستووریش پاڵپشتی ئەم ڕۆڵەیە (مەلکی، ٢٠٠٣: ١٠٢-١٠٣). بەم جۆرە ڕێبەری

باڵا دەسەڵاتێکی ڕەهای هەیە لە کایەی جیاوازەکاندا بە کایەی سیاسەتی دەرەوەشەوە.

هەڵبژاردنی ڕێبەری باڵا لەلایەن ئەنجومەنی شارەزایانەوە دەبێت، کە ئەم ئەنجومەنەش لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت. یەکەمین ڕێبەری باڵا "وەلی فەقیھ"ـی کۆماری ئیسلامیی ئێران، خومەینی بووە، کە لە ١٩٨٩ کۆچی دوایی کردووە. دوای خومەینی تاوەکو ئێستا، ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران عەلی خامنەییە (حوسێن، ٢٠١٨: ٤٤٣؛ ئەحمەد، ٢٠٢٢: ١٦-١٨). کەواتە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەوڵەتێکی ئاینی ئیسلامی ئایدۆلۆژییە، ڕێبەری باڵا کاریگەرترین کەسایەتی و دامەزراوەیە لە سیستەمی سیاسی ئێراندا، بەرزترین دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا هەیە کە زاڵە بەسەر هەموو ئەرکە سەرەکییەکانی دەوڵەتدا، بۆیە ڕێبەری باڵا کەسایەتی هەرە گرنگە لە پرۆسەی دروستکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا. کاریگەرترین پاڵنەر و دامەزراوەی دروستکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران دامەزراوەی ڕێبەری باڵایە.

### ٢.٤.٢ سوپای پاسەوانانی شۆڕشی ئیسلامی (Islamic Revolutionary Guard Corps "IRGC")

یەکێکی دیکەیە لە دامەزرە سەرەکییەکانی بەشدار لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بریتییە لە دامەزراوەی سوپای پاسەوانانی شۆڕشی ئیسلامی. سوپای پاسەوانانی شۆڕشی ئیسلامی (IRGC) "Sepah" لەلایەن ئایەتوڵڵاھ خومەینییەوە لە

ساڵی ١٩٧٩ دامەزرا و جیاوازە لەگەڵ لەشکری نیزامی (**Artesh**). هێزە چەکدارەکانی ئێران لە سوپای پاسەوانانی شۆڕش و لەشکری نیزامی پێکدێت (سینکایا، ٢٠١١: ١؛ **Duck**، ٢٠٠٩: ٥). دیباجەی دەستووری ئیران (٢٠١٨: ١٢) ئەرکێکی بێ سنوور بەم دوو هێزە سەربازییە دەدات، هەروەك تیایدا هاتووە: ئەرکی سوپای پاسداران و لەشکر (ئەتەش) تەنها پاراستنی سنوورەکان نییە (کە مەبەستی سنوورەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە)، بەڵکو بەرپرسن لە پەیامی بیرباوەڕی، کە بریتییە لە تێکۆشان "جیهاد" لە پێناوی خوا، خەباتکردن لە پێناو فراوانکردن و پەرەسەندنی حوکم و دەسەڵاتی یاسا و شەریعەتی خوا لە جیهاندا.

بەراورد بە لەشکری نیزامی سوپاس پاسەوانانی شۆڕش ژمارەیان کەمترە، بەڵام ڕۆڵ و پێگەی بەهێزترە، ڕۆڵێکی سەرەکیشی هەیە لە بڕیارە سیاسی و سەربازییەکاندا. ئەرکیشی پاراستنی سیستەمی سیاسی، شۆڕشی ئیسلامی و دەستکەوتە نیشتمانییەکانە لە هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەوەیەکان. ئەم دامەزراوەیە پەیوەندییەکی تۆکمەی بە ڕێبەری باڵاوە هەیە، بووەتە یاریکەر، هێزێکی ئابووری و سیاسی سەرەکی، ڕۆڵ و پێگەی ئەم دامەزراوەیە لە سیاسەتی دەرەوەدا زیاتر لە میانەی سوپای قودسدا دەردەکەوێت، کە نوێنەرایەتیی دامەزراوەی پاسەوانانی شۆڕشی ئیسلامی دەکات لە کایەی دەرەوەدا و لە دەرەوەی سنوورەکان کۆماری ئیسلامی، چالاکی دەکات. هەروەك ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی قاسم سولەیمانی سەرۆکی سوپای قودس لە پاراستنی عێراق و سوریا لە بەرامبەر داعش، کاریگەری ئەم دامەزراوەیە لە کایەی سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا پێشان سەلماند. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پێناو کەمکردنەوەی کاریگەری سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ناوچەکە

بەگشتی و لە عێراق بەتایبەتی لە ٣ـی جەنیوەری ٢٠٢٠ قاسم سولەیمانی بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان کردە ئامانج و کوشتی. سوپای قودس ئێستا لەلایەن ژەنەڕاڵ ئیسماعیل قائانیەوە سەرکردایەتی دەکرێت. دامەزراوەی پاسداران زیاتر لایەنگیری سیاسەتەکانی ڕێبەری باڵا و باڵی کۆنەپارێز و ڕیشەگۆڕخواز (ڕادیکاڵ)ـەکانە، تەنانەت سوپای پاسداران تەنها خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت لە بەرامبەر ڕێبەری باڵا (قادر ب، ٢٠٢٠: ٧١؛ ئەحمەد، ٢٠٢٢: ١٨؛ سۆفی، ٢٠٢١: ٢٩). واتە تەنها ڕێبەری باڵا دەسەڵاتی بەسەر سوپای پاسداراندا هەیە و لە ژێر فەرمان و ڕێنماییەکانی تایبەتی ئەودا کار دەکەن، خۆشیان تەنها لەبەردەم ئەودا بە بەرپرس دەزانن.

## ٢. ٤. ٣ سەرۆك (سەرۆك کۆمار) (President)

یەکێکی دیکە لەوانەی بەشدارن لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا سەرۆك (سەرۆك کۆمار)ـە. بەپێی ماددەی ١١٣ و ١٢٥ـی دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران: پۆستی سەرۆك بە دووەم بەرزترین پۆست دێت لە دوای پۆستی ڕێبەری باڵا، کە پۆستێکی جێبەجێکارە. سەرۆك دەسەڵاتی ئەنجامدانی ڕێککەوتننامەی هەیە لەگەڵ دەوڵەتان، لە چوارچێوەی پەرەپێدان بە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان. هەروەها سەرۆك تەنها بۆ ماوەی دوو خولی سەرۆکایەتی دەتوانرێت هەڵبژێردرێت. سەرۆك؛ سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانییە، کە بە ناوەندێکی گرنگی داڕشتنی سیاسەتەکان دادەنرێت لە ئێراندا (دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران، ٢٠١٨: ١٨١-١٨٥).

هەرچەندە سەرۆك ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لە كاروبار ناوخۆ و دەرەوەیەكاندا و بەرپرسە لە جێبەجێكردنی دەستوور، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ڕێبەری باڵا بڕیاری كۆتایی سەبارەت بە پرسە ناوخۆیی و دەرەوەیەكانی پەیوەست بە وڵات دەدات (ئەحمەد، ٢٠٢٢: ١٩). كەواتە سەرۆك لە ژێر ڕاسپاردە و لە چوارچێوەی ڕێنماییەكانی ڕێبەری باڵا ئاڕاستەی سیاسەتی دەرەوە دەكات، ڕۆڵی سەرۆك لە چوارچێوەی ئەو هێڵە گشتیانەدایە كە ڕێبەری باڵا دەستنیشانی كردوون و دەسەڵات و ڕۆڵی سنووردارە. لەبەرئەوەی ڕێبەریی باڵا سیاسەتی گشتیی كۆماری ئیسلامیی ئێران بە سیاسەتی دەرەوەشەوە دیاری دەكات.

## ٢. ٤. ٤ ئەنجومەنی شوڕای ئیسلامی (پەرلەمان) (Islamic Consultative Assembly)

ئەنجومەنی شوڕای ئیسلامی (پەرلەمان) دامەزراوەیەكی دیكەی بەشدارە لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی كۆماری ئیسلامیی ئێراندا. بەشداری و كاریگەری ئەم ئەنجومەنە لەسەر كایەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەوەوە سەرچاوە دەگرێت كە حكومەت دەرئەنجامی ویستی ئەنجومەنەكەیە كە نوێنەرایەتیی گەلی ئێران دەكەن. لە ماددەی ٧٦ دەستووری كۆماری ئیسلامیی ئێراندا (٢٠١٨: ١١٧) هاتووە: "ئەنجومەنەكە مافی گرتنەئەستۆی وردبینی و لێكۆڵینەوەی هەیە دەربارەی سەرجەم كاروبارەكانی وڵات". ئەمەش دەقێكی دەستووری گرنگ و گشتگیرە كە كاروبارەكانی سیاسەتی دەرەوەش دەگرێتەوە. هەروەها ماددەی ٧٧ ئاماژە بەوە

دەدات: پێویستە ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان لەلایەن ئەنجومەنی شوورای ئیسلامیەوە پەسەند بکرێن (دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ٢٠١٨: ١٢٢). لە زەمینەی واقیعیشدا ئەنجومەنەکە بەشداربووە لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەدا، ئەویش بە دەرکردنی بڕیار و دیاریکردنی هەڵوێستی دیاریکراو لە کایەی سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا. بۆ نموونە دوای فەتوای خومەینی بۆ ڕەواییدان بە کوشتنی سەلمان ڕوشدی، نووسەری بەریتانی، ئەوا لە ١٩٨٩ ئەنجومەنی شوورای ئیسلامی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ شانشینی یەکگرتوو پچڕاند (ئەلجەزیرە، ٢٠١١). هەروەها ئەنجومەنەکە لێژنەیەکی تایبەتی بەکاروباری دەرەوە هەیە، کە بە سەرەنج، تێڕوانین، چاودێری، پرسیار و لێپرسینەوە بەشدارە لە کایەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران (حوسێن، ٢٠١٨: ٤٤٤). کەواتە ئەنجومەنی شوورای ئیسلامی یەکێکە لە دامەزراوە بەشدارەکان لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا. لە میانەی بەخشینی ڕەهەندی یاسایی بە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لێکۆڵینەوە و وردبینی کردنی کاروبارەکانی سیاسەتی دەرەوە، پەسەندکردنی پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان. بەڵام کار و ئەرك ئەنجومەنەکەش لە چوارچێوەی ڕێنماییەکانی ڕێبەری باڵادایە.

## ٢. ٤. ٥ حکومەت "Government" (ئەنجومەنی وەزیران) "The Council of Ministers"

دامەزراوەیەکی دیکەی بەشدار لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەدا حکومەت (ئەنجومەنی وەزیران)ـە. بەپێی ماددەی ١٣٤ دەستووری ئێران (٢٠١٨: ٢٠٨): ئەنجومەنی وەزیران لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە سەرپەرشتی دەکرێت. حکومەت بە هاریکاری لەگەڵ سەرۆک بڕیار لە کارنامە و سیاسەتەکان دەدات. حکومەت دەسەڵاتی بڕیاردانی هەیە سەبارەت بە پرسەکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوە (ئەحمەد، ٢٠٢٢: ١٩). بەڵام حوسێن (٢٠١٨: ٤٤٥) باوەڕی وایە: حکومەت هەندێک دەسەڵاتی دەستووری پێدراوە دەربارەی ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوە. لە بڕگەکانی پێنجەم و شازدەمی ماددەی سێیەمی دەستووری کۆماری ئیسلامیدا (٢٠١٨: ١٥)ــدا هاتووە: حکومەتی کۆماری ئیسلامی لەسەریەتی داگیرکاری (إستعمار: **Colonialism**) دەربکات، هەموو جۆرە کاریگەری (نفوذ)ـێکی بیانی ڕەت بکاتەوە. سیاسەتی دەرەوەی ئێران ڕێکبخات بەپێی پێوەرە ئیسلامییەکان.

کەواتە حکومەتیش لەژێر سەرپەرشتی سەرۆک کۆمار یەکێکە لە دامەزراوە بەشدارەکان لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەدا. بەڵام حکومەتیش هاوشێوەی سەرۆک کۆمار لەو چوارچێوەیەدا دەتوانێت بەشدار بێ لە پڕۆسەی دروستکردنی سیاسەتی دەرەوە کە ڕێبەری باڵا دیاری دەکات و ناتوانن ئەو سنوور و چوارچێوانە تێبپەڕێنن.

بەم شێوەیە ڕۆڵی حکومەت هاوشێوەی سەرۆك کۆمار لاوەکییە لە بەرامبەر ڕۆڵی ڕێبەری باڵا لە کایەی سیاسەتی دەرەوەدا.

## ٢. ٤. ٦ ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی

**(The Supreme National Security Council "SNSC") (Shoura-ye Aali-ye Amniyat-e Melli)**

ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی یەکێکی دیکەیە لەو دامەزراوانەی بەشدارە لە بەرهەمهێنانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران. مەکۆ و ناوەندی گۆڕینەوەی زانیاری و هەماهەنگییە لە بواری بەرگری و ئاسایش. ئامانجی ئەم ئەنجومەنە هاریکارییە لە دروستکردنی کۆدەنگی لە نێوان دەستەبژێرەکان (النخبة: Elites) سەبارەت بە پرسەکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی نیشتمانی و ئاسایشی ناوخۆیی (لیم "Lim"، ٢٠١٥: ١٥٤).

بەپێی ماددەی ١٧٦ـی دەستووری ئێران، ئەنجومەنەکە لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، لە چەندین ئەندام پێکدێت، لەوانە وەزیری دەرەوە. ئەنجومەنەکە ئامانجی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانیەکان و چاودێریکردنی شۆڕش و یەکپارچەییی خاکی وڵات و سەروەری دەوڵەتە. ئەرکەکانی ئەم ئەنجومەنە بریتییە لە: دانانی سیاسەتی بەرگری و ئاسایشی بۆ وڵات لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتانەی ڕێبەری باڵا دیاریان دەکات. دروستکردنی هەماهەنگی لە نێوان

دامەزراوە سیاسی، ئاسایشی، کۆمەڵایەتییەکان ..هتد، کە پەیوەندیدارن بە پلانە بەرگری و ئاسایشییە گشتییەکانەوە. هەروەها سوود وەرگرتن لە توانا ماددی و مەعنەوییەکانی وڵات بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەوەیەکان (وەزارەتی کاروباری دەرەوە، ٢٠٢٥: ١٦؛ حوسێن، ٢٠١٨: ٤٤٦). بڕیارەکانی ئەم ئەنجومەنە پێشکەش بە ڕێبەری باڵا دەکرێن بۆ پەسەندکردنیان. دوای ڕەزامەندی ڕێبەری باڵا لەسەر بڕیارەکان، ئەوا بڕیارەکان دەبنە سیاسەتی فەرمیی ئێران، دواتر بڕیارەکان ئاڕاستەی وەزارەت و ئیدارە جیاوازەکان دەکرێن بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت (کازم زادە "Kazemzadeh"، ٢٠١٧: ٢٠٢). کەواتە ئەم ئەنجومەنە بەشدارییەکی کارای هەیە لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەدا، بەڵام لە ژێر ڕاسپاردەکانی ڕێبەری باڵا. بەمانایەکی دیکە ئەنجومەنەکە تەنها لەو چوارچێوەیەدا دەسەڵاتی لە کایەی دروستکردنی سیاسەتی دەرەوەدا هەیە کە ڕێبەری باڵا دیاریکردووە. تەنانەت بڕیارەکانیشی دوای ڕەزامەندی ڕێبەری باڵا دەبنە بەشێك لە سیاسەتی گشتیی ئێران بە سیاسەتی دەرەوەشەوە.

### ٢. ٤. ٧ وەزارەتی دەرەوە (The Foreign Ministry)

وەزارەتی دەرەوە یەکێکە لە دامەزراوە بەشدارەکان لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا. هەرچەندە بەناو ئەم وەزارەتە بەرپرسە لە جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەڵام لە زەمینەی واقیعدا و بە کرداری چەندین دامەزراوە و توخمی دیکە بەشدارن لە داڕشتن و جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە، تەنانەت لە

هەندێك وڵاتدا دامەزراوەی دیكەی كۆماری ئیسلامی هەن جگە لە وەزارەتی دەرەوە، كە باڵادەستترن لە جێبەجێكردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران، وەك پاسەوانانی شۆڕشی ئیسلامی (پاسداران) (ئاشلی "Ashley"، ٢٠١٩: ٢٦). وەزارەتی دەرەوە ڕۆڵی هەیە لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بكەری هەرە بەهێز نییە لەو هاوكێشەیەدا، چونكە بەپێی دەستوور كۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێبەری باڵا بریتییە لە باڵاترین دەسەڵات و دامەزراوە كە سیاسەتی دەرەوەی ئێران دادەڕێژێت (كازم زادە "Kazemzadeh"، ٢٠١٧: ٢٠١). بە مانایەكی دیكە سیاسەتی دەرەوەی ئێران تەنها لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئێران دانارێژرێت، چونكە وەزارەتی ناوبراو تەنها یەكێكە لەو دامەزراوانەی بەشدارن لە پرۆسەی دروستكردنی سیاسەتی دەرەوەدا. لە زەمینەی واقیعدا چەندین دامەزراوە و تەنانەت بۆچوونی جیاوازیش بوونیان هەیە لەكاتی بەرهەمهێنانی سیاسەتی دەرەوە دا. دوای بەرهەمهێنانی سیاسەتی دەرەوە لەلایەن دامەزراوە فەرمییەكانی بۆ نموونە ڕێبەریی باڵای شۆڕشی ئیسلامی، ئەنجومەنی شوڕای ئیسلامی و ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی، ئەوا كارنامە و پلان و نەخشەڕێگاكە ئاڕاستەی وەزارەتی دەرەوەی ئێران دەكرێت بۆ جێبەجێكردنی، چونكە وەزارەتی دەرەوە دامەزراوەی فەرمیی جێبەجێكردنی سیاسەتی دەرەوەی كۆماری ئیسلامیی ئێرانە (حوسێن، ٢٠١٨: ٤٤٦؛ ئیسلامی و ئەكبەری، ٢٠٢٠: ١٤). وەزارەتی دەرەوە زیاتر لایەنی جێبەجێكاری سیاسەتی دەرەوەی ئێرانە لەوەی لایەنی بەشدار بێ لە داڕشتنی سیاسەتەكە. تەنانەت لە جێبەجێكردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانیشدا هەندێك جار دامەزراوەی دیكەن هەن ڕۆڵیان لە وەزارەتی دەرەوە زیاترە وەك سوپاس قودسی پاسدارانی ئێران لە عێراق.

بەوشێوەیەی باسکرا، دەردەکەوێت سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرهەمی پڕۆسەیەکی ئاڵۆز و کارلێکی نێوان کۆمەڵێك دامەزراوەیە، لە سەرووی هەموویانەوە دامەزراوەی ڕێبەری باڵا و ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانییە. پڕۆسەکە بەشێوەیەکی هەستیار بە چەندین قۆناغ و فلتەردا تێدەپەڕێت. ئەحمەد (٢٠٢٠: ٤١٤) دەڵێت: بەپێچەوانەی سیاسەتی دەرەوە زۆرێك لە وڵاتان، سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق و هەرێمی کوردستان لەلایەن وەزارەتی دەرەوەوە بەڕێوە نابرێت، بەڵکو لەلایەن ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانیەوە بەڕێوە دەبرێت، هەروەها سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر عێراق و هەرێمی کوردستان لەلایەن پاسەوانانی شۆڕشی ئیسلامی و وەزارەتی هەواڵگری (إطلاعات)ـەوە دادەڕێژرێت.

کەواتە چەندین دامەزراوەی جیاواز بەشدارن لە پڕۆسەیەکی ئاڵۆز و هەستیار بەرهەمهێنانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران. ڕێبەری باڵا، سوپای پاسداران و ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی کاریگەرترین دامەزراوەن لە پڕۆسەکەدا. تەنانەت لە کۆتاییدا تەواوی پڕۆسەکە دەبێ بە فلتەری ڕێبەری باڵادا بڕوات. لەبەرئەوەی ڕێبەری باڵا سەرچاوە دەسەڵاتە ڕەهاکانە لە ئێران بە کایەی سیاسەتی دەرەوەشەوە، هەموو دامەزراوەکانی دیکە لە ژێر ڕاسپاردەی ئەودا کار بۆ داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەکەن.

## ٢. ٤. ٨ کۆنەپارێز و ڕیشەگۆڕخوازەکان (Radicals) و چاکسازخوازەکان (Reformists)

لێرەدا پوختەیەك دەخەینەڕوو سەبارەت بە هەر دوو ڕەوتی سیاسی (التیارات السیاسیة: Political Currents) لە ئێران کە بریتین لە: کۆنەپارێز و ڕیشەگۆڕخوازەکان (Radicals) و چاکسازخوازەکان (Reformists)ـەکان، لە پێناو خستنەڕووی بەرچاوڕۆشنی سەبارەت بە ئایدۆلۆژی، ڕۆڵ و کاریگەی هەر یەکێك لەم دوو ئاڕاستەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران.

### ٢. ٤. ٨. ١ کۆنەپارێز و ڕیشەگۆڕخوازەکان (Radicals)

ئەو ڕەوت و ئاڕاستەیە؛ ئەو گروپە سیاسیانە لەخۆدەگرێت کە جەخت لەسەر دەستگرتن بە ڕێبازی خومەینی و بنەماکانی شۆڕشی ئیسلامی دەکەنەوە و دەیانەوێت ئایدۆلۆژیای خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنن. ئەم گروپە هێز و ئامرازە سیاسی و میدیاییەکان ئێرانیان کۆنترۆڵ کردووە. ئەمەش هۆکار بووە تا زیاتر بناسرێن بەرارود بە ڕەوت و ئایدۆلۆژیا و بیرە سیاسییەکانی دیکە. ئەم گرووپە هەر جۆرە سازشێک لەگەڵ زلهێزە بیانییەکان ڕەت دەکەنەوە، بۆیە لە زۆر پرسدا ڕەخنە لە سیاسەتەکانی حکومەتی ئێران دەگرن، بۆ نموونە: گفتوگۆ، دانوستاندن و ڕێککەوتن لەگەڵ زلهێزە بیانییەکان، سەبارەت بە پرسە جیاوازەکان، وەك پرسە

ئابوورییەکان و بەرنامەی ئەتۆمی ئێران (ئیلیاس، ٢٠١٨: ٢٠٠؛ مۆردەی "Morady"، ٢٠١١: ١١٧-١١٩). ئەم ئاڕاستەیە سیاسییە بە چەقبەستوویی (دۆگماتیزم: Dogmatism) ناسراوە، بەوەی قبوڵی گۆڕانکاری لە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا ناکات. بەدەر لە تێڕوانینی دیاریکراوی سیاسی خۆیان ئەوا دژایەتی کۆمەڵگەیەکی کراوە لە ڕووی کەلتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووریش دەکەن. ئەم ئاڕاستەیە (یاخود گرووپە) زیاتر پابەندن بە بنەما سەرەتاییەکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران. هەر جۆرە دانوستان و پەیوەندییەک لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئەمریکا ڕەتدەکەنەوە، لەبری ئەمە پشتگیری لە دروستکردن و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ ڕووسیا و چین دەکەن. پیاوە ئایینییەکان و دەزگا سەربازییەکان زیاتر بەسەر ئەم ئاڕاستە سیاسییەدا زاڵن، کە پشتگیری لە ڕەهەندە ئایدۆلۆژییەکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران دەکەن (شولتز "Schultz"، ١٩٩٤: ٢٨٠ - ٢٩٠).

کاتێك ڕۆشنایی دەخرێتە سەر گوتار، سیاسەت، مامەڵە و ستراتیژیەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ماوەی ئەحمەدی نەژاددا، ئەوا دەردەکەوێت کە ئەحمەدی نەژاد سەر بە ڕەوتـی ڕیشەگۆڕخوازەکان (ڕادیکاڵەکان)ـە، چونکە لە ماوەی سەرۆکایەتیی خۆیدا هەمان بیر، گوتار، سیاسەت و مامەڵە ڕادیکاڵەکانی پەیڕەو کرد. بۆ نموونە: سەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەشێوەیەکی گشتی لە ماوەی سەرۆکایەتی ئەحمەدی نەژاددا بریتی بوون لە: ڕەتکردنەوەی سیاسەتە تاك لایەنەکانی ئەمریکا. دووپاتکردنەوەی ئەوەی ئێران مافی خۆیەتی بەرنامەی ناوەکی هەبێت. جەختکردنەوە لەسەر بنەما و ئامانجەکانی شۆڕشی

ئیسلامی وەك سڕینەوەی ئیسڕائیل لەسەر نەخشەی سیاسی جیهان. ڕەتکردنەوەی هۆلۆکۆست "Holocaust". پاڵپشتی کردن لە بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانی لوبنان و فەڵەستین. ڕووکردنە ڕۆژهەڵات بەتایبەت چین و ڕووسیا (ئەسڵ، ٢٠١٤: ٩٦؛ ڕیزایی، ٢٠٠٨: ٩٥-٩٩؛ قادر، ٢٠٢٠ أ: ١٢٩).

بەم شێوەیە گوتار و ئایدۆلۆژیای ڕەوتی ڕادیکاڵەکان بە تەواوی لە تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕێبازەدا ڕەنگ دەدەنەوە، کە ئەحمەدی نەژاد لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا پەیڕەوی کرد. هەروەك تۆفیق (٢٠١٢: ٤٣) باوەڕی وایە: ئەو ڕێبازەی ئەحمەدی نەژاد لە سیاسەتی دەرەوەدا پەیڕەوی دەکرد سیستەمی نێودەوڵەتی دەکردە ئامانج. نەژاد پێی وابوو دەبێ سیستەمەکە بەجۆرێك دابڕژرێتەوە کە دادپەروەری لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەستەبەر بکات. لەبەرئەمە سەردەمی ئەحمەدی نەژاد بە ناکۆکترین سەردەم لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دادەنرێت.

بەم شێوەیە دەردەکەوێت هەموو ئەو کەسایەتی، حیزب و لایەنە سیاسیانەی سەر بە ڕەوتی ڕیشەگۆڕخوازەکان (ڕادیکاڵەکان)ـن، ڕەهەندی ئایدۆلۆژی و توندگیری و چەقبەستوویان بەسەردا زاڵە. ئەم ڕەوتە پێیان وایە لە سیاسەتی دەرەوەدا زیاتر لە هەر شتێك دەبێ ڕەچاوی بنەما و ئایدۆلۆژیای شۆڕشی ئیسلامی بکرێت. هەموو مامەڵە و سیاسەت و ستراتیژەکان دەبێ لە خزمەت ئەو بنەمایانەدا بن کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەریان دامەزراوە. ئەم ئاڕاستەیە تا ئێستا توانیویانە سەرکەوتووبێ لە بەردەوامیدان بە حوکمڕانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەپێی ئایدۆلۆژیاکەیان، لە ناویاندا کایەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران.

## ٢. ٤. ٨. ٢ چاكسازخوازەكان (Reformists)

لە كایەی ژیانی سیاسی كۆماری ئیسلامیی ئێران ڕەوت (ئاراستە و باڵێك) هەیە كە بە ڕەوتی چاكسازخوازەكان (ڕیفۆرمخوازەكان: **Reformists**) ناسراوە. ئەم ڕەوتە چەندین گروپ، حیزب و لایەن لەخۆ دەگرێت، دەیەوێت لە كایە جیاوازەكاندا چاكسازی بكەن، وەك كایەی سیاسی، كۆمەڵایەتی و ئابووری. هەوڵ دەدەن زیاتر ڕاستبینانە (واقیعبینانە) مامەڵە لەگەڵ گۆڕانكارییە نوێیەكان بكەن و واقیعی نەزم (ئۆردەر: **Order**)ـی نوێی جیهانی قبوڵ بكەن. بەڵام ئەم ڕەوت و ئایدۆلۆژیا سیاسییە تا ئێستا سەركەوتوو نەبووە لە گۆڕانكاری لە سیستەمی سیاسی ئێراندا. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ئەم ڕەوتە سیاسییە لەلایەن ڕیشەگۆڕخوازەكان (ڕادیكاڵەكان)ـەوە سنووردار و كۆت و بەندكراوە و دەسەڵاتیان لە ئەنجامدانی گۆڕانكاریی كەمە. گروپەكانی ناو ئەم ڕەوتە لەلایەن ڕادیكاڵەكانەوە بە خیانەتكار و ئاسانكاری بۆ بیانییەكان و چالاكی دژ بە بنەماكانی شۆڕشی ئیسلامی تۆمەتبار كراون (ئاراس، ٢٠٠١: ٧-١٠). ئەم ئاڕاستەیە سەرەڕای ئەوەی بانگەشەی ئەنجامدانی چاكسازی دەكەن لە كایەی جیاوازەكانی كۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بە سیاسەتی دەرەوەشەوە، بەڵام لە كارنامەی سیاسی خۆیاندا سەركەوتوو نەبوون. ئەم ڕەوتە خۆیان بە دژی سیستەمی سیاسی ئێران نازانن، بەڵكو پێیان وایە پێویستی بە چاكسازییە (سەمادی، ٢٠١٢: ٢١٧). ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت كە ڕیفۆرمخوازەكان

دەیانەوێ لە چوارچێوەی سیستەمی ئێراندا چاکسازی بکات نەوەك تەواوی سیستەمەکە بگۆڕن و هەڵبوەشێننەوە.

دوای سەرکەوتنی محەممەد خاتەمی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار، کە لە ٢ـی ٦ (جون)ـی ١٩٩٧ بەڕێوەچوو، چاکسازخوازی (ڕیفۆرمخوازی) وەک ڕەوتێکی سیاسیی نوێ لە ئێراندا دەرکەوت، لە بەرامبەر ڕەوتی ڕادیکاڵەکان کە بەهەموو گروپ و لقەکانیانەوە لە دەوری ڕێبەری باڵا کۆبوونەتەوە. بەڵام حکومەت هەرگیز پێشوازی لە چاکسازیخوازان و ئەجێندا و کارنامەی سیاسی ئەوانی نەکردووە و هەمیشە لەلایەن توندڕەوەکانەوە پشتگوێ خراون. بۆ نموونە ئامانجی ڕێبەری ڕیفۆرمخوازان، محەممەد خاتەمی سەبارەت بە ئاشتەوایی نەتەوەیی لەلایەن عەلی خامنەیی ڕێبەری باڵای ئێرانەوە بە فەرمی ڕەتکرایەوە (ئیلیاس، ٢٠١٨: ٢٠٥؛ مەسرووری، ٢٠٠٧: ١٨٠-١٩١). تەنانەت ئەو ڕەوتە بەجۆرێك لاواز بوو کە نەك هەر نەیانتوانی گۆڕانکاری لە کایەی سیاسی ئێراندا بکەن، بەڵکو نەیانتوانیوە خۆشیان بپارێزن. بۆ نموونە: دوای هەڵبژاردنی محەممەد خاتەمی و پشتگیری ناڕاستەوخۆی هاشمی ڕەفسەنجانی، سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران، ڕیفۆرمخوازەکان پێیان وابوو هێزیان بەدەستهێناوە و ئێران دەبێ پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا هەبێت. بەڵام نەك هەر ئەوە نەکرا بەڵکو هەر دوو سەرکردەکە لە ماڵەوە دەستبەسەرکران و هەموو چالاکییەکانیان قەدەغەکرا (کادیڤار و ئابێدینی "**Kadivar and Abedini**"، ٢٠٢٠: ٤٩٣-٥٠٠؛ مەسرووری "**Msroori**"، ٢٠٠٧: ١٧١-١٨٠). ئەمەش لەبەرئەوەی ئەگەرچی خاتەمی هەڵبژاردنی بردەوە، بەڵام ڕادیکاڵەکان ٨٠٪ جومگەکانی دیکەی

دەسەڵاتیان بەدەستەوە مابوو وەك دەسەڵاتی دادوەری، سەربازی و ئاسایشی (ئەسڵ، ٢٠١٤: ١٤).

دەکرێ بوترێت پێگە، هێز و دەسەڵاتی کەم و سنوورداری چاکسازخوازان (ڕفۆرمخوازان) وایکردووە ئەم ڕەوتە بە سەرجەم گروپەکانیەوە بەجۆرێك لاواز دەربکەوێ، کە ڕۆڵێکی کاریگەری نییە لە سیستەم و ژیانی سیاسی ئێراندا، بەڵکو ئەوە ڕیشەگۆڕخوازەکانن (ڕادیکاڵەکانن) جومگە هەستیارەکانی سیستەمی سیاسی بەڕێوە دەبەن و ئاڕاستە دەکەن و تەنانەت چوارچێوەی کاریش بۆ ئەوانی دیکە دیاری دەکەن.

دوای ڕامان لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ماوەی حەسەن ڕۆحانیدا، دەردەکەوێت کە ئەو ڕێبازەی ڕۆحانی پەیڕەوی کردووە ئەوە دەردەخات کە ڕۆحانی سەر بە ڕەوتی چاکسازخوازان (ڕیفۆرمخوازەکان)ــە، بۆ نموونە: پەیڕەوکردنی دیپلۆماسییەتی نەرم و کرانەوە بەڕووی ڕۆژئاوادا. ئەنجامدانی ڕێککەوتننامەی ناوەکی (ئەتۆمی) لەگەڵ وڵاتانی ٥+١ کە بە پلانی کاری گشتگیری هاوبەش (JCPOA) ناسراوە. کەمکردنەوەی گرژییەکان لە پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ. مامەڵەکردن بەشێوەیەکی واقیعبینان و خۆدوورگرتن لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ. هەوڵدان بۆ بوژاندنەوەی ئابووری لە ڕێگەی کرانەوەی زیاتر (ناسر، ٢٠١٤: ٢٧-٦٥).

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت هەموو ئەو کەسایەتی و حیزب و لایەنە سیاسیانەی سەر بە ڕەوتی چاکسازخوازان (ڕیفۆرمخوازەکان)ــن، کەمتر لە ژێر کاریگەری ڕەهەندی ئایدۆلۆژی دان و کراوەن و چەقبەستوو نین. ئەم ڕەوتە پێی وایە لە سیاسەتی

دەرەوەدا زیاتر لە هەر شتێك دەبێ ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی بکرێت نەوەك بنەما و ئایدۆلۆژیاییەکان بکرێت. پێیان وایە دەبێ لەگەڵ جۆری پێشهاتەکان مامەڵە و سیاسەتەکانیش دەبێ بگۆڕدرێن. ئەم ئاڕاستەیە تا ئێستا نەیتوانیویە سەرکەوتووبێ لە جێبەجێکردنی کارنامە و ئەجێنداکەی و دانانی کاریگەریی گەورە و گرنگن لەسەر سیستەمی حوکمڕانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

بەم شێوەیە کۆمەڵێك پاڵنەر بەشدارن لە داڕشتنی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران، کە ڕێبەری باڵا لە سەرووی هەموویانەوە دێت. دامەزراوەکانی دیکە تەنها لەو چوارچێوەیەدا ڕۆڵیان هەیە لە سیاسەتیی دەرەوەی ئێراندا کە ڕێبەری باڵا بۆیان دیاری دەکات. سەبارەت بە ڕیشەگۆڕخواز (ڕادیکاڵ) و چاکسازخواز (ڕیفۆرمیست)ـەکانیش، ئەوا ئەوەی کاریگەرە و تا ئێستا توانیویەتی جڵەوی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەدەستەوە بگرێت و ئاڕاستەی بکات ڕیشەگۆڕخواز (ڕادیکاڵەکان)ـن، چونکە ڕێبەری باڵا سەرکردایەتیی ئەو ئاڕاستەیە دەکات. ئەمانە پاڵنەر و دامەزراوە ناوخۆییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن، کە کاریگەریان لەسەر سیاسەتیی دەرەوەی ئێران هەیە.

## ٢. ٥ ئەو توێژینەوانەی گەنگەشەی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانیان کردووە لە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەژاددا

چەندین توێژینەوە سەبارەت بە سیاسەتیی دەرەوەی ئێران ئەنجام دراون، کە هەر یەکەیان بە جۆرێك خوێندنەوەی بۆ کردووە، چونکە توێژینەوەکەی ئێمە بەراوردکارییە، ئەوا لە پێداچوونەوەی ئێمە بۆ ئەدەبیاتی بەردەست، ئەوا زۆرتر جەخت لەسەر مەحمود ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی دەکەینەوە. لێرەدا ڕۆشنایی دەخرێتەسەر چەند توێژینەوەیەك سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەژاد.

یوسفی (٢٠١٠) توێژینەوەیەکی بەناونیشانی: " **Iran's Foreign Policy during Ahmadinejad: From Confrontation to Accommodation**" گەڵاڵەکردووە. لە توێژینەوەکەیدا جەختی کردۆتەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاددا. هەوڵی داوە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە: ئایا سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ماوەی ئەحمەدی نەژاد لە ڕووبەڕووبوونەوە گۆڕاوە بۆ چارەسەرکردنی گرژییەکان یان نا. لە دەرئەنجامدا؛ توێژەر گەیشتووەتە ئەوەی کە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ١٩٧٩ جێگیرە و ستراتیژییەتێکی بەردەوامی هەیە، ئەویش سیاسەت و ستراتیژی بەرپەرچدانەوە (ڕەدع: **Deterrence**)ـە، بەهۆی سروشتی شۆڕشگێڕی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەڕەشە نێودەوڵەتییەکان و هەڵسوکەوتەکانی ئێران. لە سەردەمی ئەحمەدی

نەژادیش بەهەمان شێوە سیاسەتی بەرپەرچدانەوە بەردەوام بووە بەپێچەوانەی بۆچوونی ئەوانەی پێیان وایە سیاسەتی هەژموونخوازی پەیڕەو کردووە. ئێران لە پێناو مسۆگەرکردنی مانەوەی خۆی پەیڕەوی سێ سیاسەتی کردووە، یەکەمیان: یەکخستنی هێزە ناوخۆییەکان، دووەمیان: یەکخستنی هێزە هەرێمییەکان لە ڕێگەی ئەنجامدانی هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتاندا. سێیەمیان: ئێران هەموو هەوڵێکی داوە بۆ مسۆگەرکردنی مانەوەی خۆی و پەرەدان بە سیاسەتی بەرپەرچدانەوە، ئەوەتا لە سەردەمی خاتەمی لەلایەك برەوی بە چەکی ناوەکی دەدا، لەلایەکی دیکە داوای گفتوگۆی شارستانیەتەکانی دەکرد. سیاسەتی بەرپەرچدانەوە سیاسەتی زاڵبووە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاددا.

توێژینەوەیەکی دیکە هەیە کە بەشێوەیەکی بەرتەسکتر باسی سیاسەتی ئێران لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاد بەرامبەر بە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم (Third World) دەکات. ئەو توێژینەوەیە لەلایەن پیرسەلامی (٢٠١٣) بەناونیشانی: "Third Worldism and Ahmadinejad's" گەڵاڵەکراوە. ئەم توێژینەوەیە لەو هۆکارانە دەکۆڵێتەوە کە کاریگەریان هەبووە لەسەر ئەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەژاد زیاتر ڕووەو دەوڵەتانی جیهانی سێیەم هەنگاو بنێت. لە دەرئەنجامدا توێژەر گەیشتووەتە ئەوەی پەیوەندییەکانی ئێران دوای ١٩٧٩ و سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لەگەڵ دەوڵەتانی جیهانی سێیەم ناجێگیربوون، بەهۆی کاریگەرییەکانی بارودۆخی ناوخۆیی، گوشار و فشارە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان. هەرچەندە دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران بەهۆی سروشتە شۆڕشگێڕی و ئایدۆلۆژییە فەرمییەکانی بناغەی تیۆری دانابوو سەبارەت

بە ئاڕاستەکردنی سیاسەتی دەرەوە بەرەو جیهانی سێیەم، بەڵام ئاستەنگەکان وایانکرد ئەم سیاسەتە زۆر نەبێتە واقیع تا ساڵی ٢٠٠٥. هاتنی ئەحمەدی نەژاد خاڵی وەرچەرخان بوو لە سیاسەتی دەرەوەی ئێرانیدا، چونکە ناوبراو بایەخی سەرەکی بە جیهانی تازەپێگەیشتوو (Developing World) دەدا و جەختی لەسەر گۆڕینی ئەو سیستەمە نێودەوڵەتیەی کە هەیە، دەکردەوە. ئەم سیاسەتە زیاتر ڕەنگی دایەوە کاتێك ئێران ویستی جیهانی سێیەم وەك جێگرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دابنێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توێژینەوەکە پێی وایە پێگەی ئێران و هەڵکەوتەی جیۆسیاسیی و ناسنامە تایبەتەکەی وایکرد، ئێران تەنها پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی سێیەم نەبێت، بەڵکو بەرژەوەندییەکانی ئێران وایخواست ڕووانگەی ئەوە بەهێز ببێت کە ئێران وەك ئەکتەر و دەوڵەتێك لە ژینگەی نێودەوڵەتیدا کارلێك بکات نەك تەنها لەگەڵ جیهانی سێیەمدا.

وارنەر "Warnaar" (٢٠١٣) توێژینەوەیەکی بەناونیشانی: "Iranian Foreign Policy during Ahmadinejad: Ideology and Actions" ئەنجام داوە. ئەم کتێبە تاوتوێی بیرۆکەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران کە لە ناو ناوەندی دروستکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە سەردەمی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاد باو بوو، دەکات. بە دیاریکراوی هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەدات ئایا ئەم بیرۆکانە چ چوارچێوەیەك بۆ هەڵسوکەوتی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاد دیاری دەکەن و چۆن بەشێك بوونە لە سیاسەتی دەرەوە. لە دەرئەنجامدا توێژەر گەیشتووەتە ئەوەی ئایدۆلۆژیای سیاسەتی دەرەوەی ئێران ڕێگر نەبووە لەوەی سیاسەتێکی دەرەوە ژیرانە و عەقڵانی بگیرێتەبەر و جێبەجێ بکرێت، بەڵکو لە

سەردەمی ئەحمەدی نەژاد سیاسەتێکی واقیعی عەقڵانی پەیڕەوکراوە. بیرۆکەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەو ماوەیەدا هەوڵی داوە ڕژێمی ئێران سوود لە بەرەوپێشچوونە نێودەوڵەتییەکان وەربگرێت، بەتایبەت دوای ڕووخاندنی ڕژێمی تاڵیبان لە ئەفغانستان و بەعس لە عێراق. لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاددا سیاسەتی دەرەوەی ئێران زیاتر ڕووی کردە دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان لە جیاتی جیهانی پێشکەوتوو و ویلایەتە یەکگرتووەکان. هەروەها هەڕەشەی پێشبینیکراوەکان و پێشاندانی ڕۆژئاوا وەك هەڕەشە، وەك ئامرازێك بۆ سەرکوتکردنی ئۆپۆزیسیۆن لە ناوخۆدا بەکارهێنرا. سیاسەتەکانی بەرپەرچدانەوە و هاوکاری دەرەوە ئەحمەدی نەژادی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی وەك پێویست دەستەبەر نەکرد، چونکە لەو ماوەی سەرۆکایەتی ئەحمەدی نەژاددا گۆڕانکارییە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان لە بەرژەوەندی ئێران نەبوون، هەژموونی ئەمریکا زیاتر بوو. یەکێك لە سەرچاوە ئیلهامبەخشەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە سەردەمی مەحمود ئەحمەدی نەژاد ئەوە بوو کە گۆڕانکاری لە سیستەمی جیهانیدا نزیکە، بۆیە سیاسەتی بەرپەرچدانەوە و هاوکاری بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پەیڕەوکرا.

لە پاڵ ئایدۆلۆژیادا کەلتووری سیاسیش کاریگەریی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە سەردەمی مەحمود ئەحمەدی نەژاد هەبووە، بۆیە حاجی یوسفی (٢٠١٨) توێژینەوەیەکی بەناونیشانی: "**Political Culture and Iran`s Foreign Policy: A Comparative Study of Iran`s Foreign Policy during Ahmadinejad and Rouhani**" ئەنجام داوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات شیکاری بۆ ڕۆڵی کەلتووری سیاسی بکات لە دروستکردنی سیاسەتیی دەرەوەی ئێراندا، ئەویش بە

بەراوردکاری کردنی سیاسەتیی سیاسەتیی دەرەوەی توندئاژۆی ئێران لە سەردەمی مەحمود ئەحمەدی نەژاد و سیاسەتی دەرەوەی میانڕەوی ئێران لە سەردەمی حەسەن ڕۆحانی دا. ئەویش لە میانەی هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە سەرەکییە: ئایا ڕۆڵی کەلتووری سیاسی چی بووە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاد و ڕۆحانیدا؟ لە دەرئەنجامدا؛ توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەوەی کە بە بەراورد بە ڕەگەزەکانی دیکە، کەلتووری سیاسی بەشێوەیەکی باشتر شرۆڤەی گۆڕانە ڕیشەییەکان لە هەڵسوکەوتی سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا دەکات. لەبەرئەوەی کەلتووری سیاسی لە کەلتووری سیاسی بیروباوەڕیی کە لە سەردەمی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاد پەیڕەو دەکرا بۆ کەلتووری سیاسی بەرژەوەندیخواز و سوودگەرا (نفعي: Pragmatic) گۆڕدرا کە لە سەردەمی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانی کاریگەری هەرە گەورەی لەسەر هەڵسوکەوتی سیاسەتی دەرەوەی ئێران هەبوو.

سادقیان و موسەوی (٢٠١٦) توێژینەوەیەکی هاوبەشیان بەناونیشانی: "Comparing the foreign policy of the Islamic Republic of Iran in the governments of Khatami and Ahmadinejad" ئەنجام داوە. توێژینەوەکە ڕۆشنایی خستۆتەسەر توێژینەوەی سیاسیەتی دەرەوەی ئێران لە ماوەی هەر دوو حکومەتی ئەحمەد خاتەمی و مەحمود ئەحمەدی نەژاد. توێژینەوەکە پێی وایە سەردەمی خاتەمی و ئەحمەدی نەژاد دوو سەردەمی جیاواز بوونە. خاتەمی بۆ بەرجەستەکردنی ستراتیژیەتی گشتیی سیاسەتی دەرەوەی ئێران ئامراز و تاکتیکەکانی نەهێشتنی گرژی و گفتوگۆی شارستانیەتەکان ( Dialogue among

Civilizations)ـی پەیڕەو کردووە، کەچی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاد بەپێچەوانەوە زیاتر لە ڕووانگەیەکی ئایدۆلۆژیانە بووە. لە دەرئەنجامدا گەیشتووەتە ئەوەی کە سیاسەتی دەرەوەی ئێران جێگیر و نەگۆڕە، ئەوەی گۆڕاوە تەنها تاکتیکەکانن کە پەیڕەو دەکرێن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە ستراتیژی و باڵاکانی کۆماری ئیسلامی. سیاسەتی دەرەوەی ئێران زیاتر ڕاستبینانە (واقیعیانە) و بژاردە ستراتیژییەکان بەسەر بژاردە ئایدۆلۆژییەکاندا هەڵدەبژێرێت. دیدگا و بیر و هەڵوێستەکانی هەر دوو سەرۆکەکە جیاواز بوون، بەڵام لە چوارچێوە گشتییەکەی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران تێپەڕیان نەکردووە، پێکهاتەی پێشوی سیستەمی نێودەوڵەتی ئەوەی بەسەر ئێراندا سەپاندووە کە هەردەم بژاردە ستراتیژییەکان هەڵبژێرێت بەسەر بژاردە ئایدۆلۆژیاکاندا.

ئەلدۆسەری (٢٠١٥) توێژینەوەیەکی بەناونیشانی: "**Foreign Policy from Iran, which Khatami to Ahmadinejad There is One Foreign Policy in is Khamenei's Foreign Policy**" ئەنجام داوە. توێژینەوەکە تاوتوێی دروستکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی کردووە، لە خاتەمیەوە تا ئەحمەدی نەژاد، ڕووناکی خستۆتە سەر سیاسەتی ئێران پەیوەست بە ڕۆڵی هەرێمیی ئێران و پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا. ویستوویەتی ڕۆڵی ئایدۆلۆژیا لە دارشتنی ئەم سیاسەتە ڕوون بکاتەوە. توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەوەی کە لە ناو خودی سیستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەوەی پەیوەستە بە دروستکردنی سیاسەتەکان کۆمەڵێك ناکۆکی و دژیەکی لە نێوان دەسەڵاتی ڕێبەری باڵا و سەرۆك کۆماردا هەیە، ئەمەش خۆی لە کەمی و بەرتەسکی دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار دەبینێتەوە

لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە، لە بەرامبەر دەسەڵاتی فراوانی ڕێبەڕی باڵا لە کایەی دروستکردنی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەوەدا. توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەوەی کە ئەم جۆرە ناکۆکییە لەسەر دەسەڵات لە نێوان ڕێبەری باڵا و سەرۆك کۆماردا لەوانەیە کاریگەری هەبێ لەسەر داڕشتنی سیاسەتە ناوخۆییەکانی ئێران، بەڵام هیچ جۆرە کاریگەرییەکی نابێ لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران، بەتایبەت دوای ئەوەی ئێران بووەتە هێزێکی هەرێمی. سیاسەتی دەرەوەی ئێران بریتییە لە سیاسەتی ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران و سەرۆك کۆمار ڕۆڵی ئامراز دەبینێت نەوەك داڕێژەر.

ئێحتێشامی و زویری (٢٠٠٨) کتێبێکیان بەناوونیشانی: "Iran's Foreign Policy from Khatami to Ahmadinejad" ئامادە (ئیدیت) کردووە. کتێبەکە تاوتوێی چەند لایەنێکی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی کردووە لە میانەی کۆمەڵێك توێژینەوەی جیاوازدا. لە بەشی پێنجەمدا کە درینوا، توێژینەوەیەکی بەناونیشانی: "Iran: Caught Between European Union–United States Rivalry?" نووسیوە، باسی پەیوەندییەکانی ئێرانی کردووە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی ئەوڕوپا. توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەوەی کە سیاسەتی ئێران یەك سیاسەتی جێگیرنەبووە بەرامبەر ئەمریکا و یەکێتی ئەوڕوپا. لە سەردەمی خاتەمی سیاسەتی نزیکبوونەوە لە ئەوڕوپا و نەرمی نواندن لەگەڵ ئەمریکا پەیڕەو کراوە. بەڵام، بە هاتنی ئەحمەدی نەژاد سیاسەتەکە پێچەوانە بووەتەوە. بەهەمان شێوە ئەمریکا و ئەوڕوپاش هاودەنگ نەبوونە لە چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران، بەتایبەت لە پرسی بەرنامەی ناوەکی ئێراندا.

## ٢. ٥ ئەو توێژینەوانەی تاوتوێی سیاسەتی دەرەوە ئێرانیان کردووە لە قۆناغی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانیدا

چەند توێژینەوەیەك هەن سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانی، لێرەدا گەنگەشەی گرنگترین و دیارترین ئەو توێژینەوانە دەکەین. یەزدانی "Yazdani" (٢٠١٩) توێژینەوەیەکی بەناونیشانی: "Iranian Foreign Policy During Rouhani Presidency: Perspective on Change and Continuity" نووسیووە. لە توێژینەوەکەیدا؛ نووسەر گەنگەشەی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی کردووە لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانیدا، ڕۆشنایی خستۆتەسەر دیدگای ڕۆحانی بۆ کایەی سیاسەتی دەرەوە و ڕووانگەی ناوبراو بۆ گۆڕانکاری یان بەردەوامیدان بە سیاسەتەکە. توێژینەوەکە پێی وایە لەگەڵ سەرکەوتنی ڕۆحانی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئێراندا لە ٢٠١٣ز، ئەوا ڕۆحانی نیازی خۆی نەشاردەوە سەبارەت بە بونیادنانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بە جۆرێك کە متمانەی نێوان ئێران و دەوڵەتانی دیکە بەهێز بکات، خۆی لە توندوتیژی بەدووربگرێت، متمانە سەبارەت بە خواستە ناوەکی (ئەتۆمی)ــییەکانی ئێران بونیاد بنێت. توێژینەوەکە پێی وایە ئەمەش گفتوگۆ و دانوستاندنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لێکەوتەوە، کە ڕێگای خۆشکرد بۆ ئەنجامدانی زنجیرەیەك ڕێککەوتنی کاتی و ڕێوشوێنی دروستکردنی متمانە کە نەخشەڕێگای کاری هاوبەشی هەمەلایەنی لێکەوتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توێژینەوەکە

گەیشتووەتە ئەوەی هەرچەندە لە ناوەندە ئەکادیمییە خۆرئاواییەکاندا گەشبینی هەبوو سەبارەت بەوەی ڕۆحانی دەتوانی بە خێرایی گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا بکات، بەڵام وا دەرنەچوو، چونکە چەندین کۆت و بەند دەسەڵاتی ئەویان سنووردارکرد بوو لە ئاست گۆڕینی بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران. لە واقیعدا؛ ڕۆحانی سیاسەتێکی وریا و هۆشیارانەی پەیڕەوکرد، کە پارێزگاری دەکرد لە ئامانجە جیۆسیاسییە گشتییەکانی ئاڕاستەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران کە لە ١٩٧٩ داڕێژراوە. بەڵام هەمیشە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان و مانەوەی دەوڵەت زاڵبووە بەسەر پاڵنەرە شۆڕشگێڕییە نموونەیی (مثالي)ــیـەکان لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا کە چوارچێوەیەکی فراوانتری هەیە، ئەمە خەسڵەتی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بووە لە ماوەی سەرۆکایەتیی ڕۆحانیدا.

بەمەبەستی دەرخستنی کاریگەری ئایدۆلۆژیا و پراگماتیزم لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ماوەی سەرۆکایەتیی ڕۆحانیدا، ئەوا نەسەب ، ئیسلامی و پورلەك "**Nasab, Islami, and Purlak**" (٢٠٢٣) توێژینەوەیەکیان بەناونیشانی: "**Ideology and Pragmatism in Islamic Republic of Iran's Foreign Policy: A Case Study of the Rouhani Administration**" ئەنجام داوە. ئەم توێژینەوەیە؛ ڕۆشنایی دەخاتەسەر ڕۆڵی ئایدۆلۆژیا و پراگماتیزم لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا و ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەنی ڕۆحانی بە نموونە وەرگرتووە. توێژینەوەکە هەوڵ دەدات ئەوە دەربخات ئایدۆلۆژیا یان پراگماتییەت سەرەکیتر و کاریگەرترە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا. لە دەرئەنجامدا توێژینەوەکە پێی وایە لە ماوەی سەرۆکایەتیی ڕۆحانیدا بنەما ئایدۆلۆژییەکان کاریگەرییان زیاتر هەبووە لە

دیاریکردنی ستراتیژی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە کایەی پەیوەندییە دەرەوەیەکاندا. لەگەڵ ئەوەی گوتاری سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەو ماوەیەدا ڕەنگدانەوەی بنەما و بەهاکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانی بوو، بەڵام پلانێکی ژیرانە و هاوسەنگ و میانڕەو بەکاردەهێنرا، کە ئامانج لێی شکاندنی پەیکەربەندیی داخراوی نێودەوڵەتییە بە ڕووی ئێراندا.

هەرچی زاکارا "Zaccara"ـیە (٢٠٢٠) کتێبێکی بەناوونیشانی: "Foreign Policy of Iran under President Hassan Rouhani's First Term (٢٠١٣–٢٠١٧)" ئامادە (ئیدیت) کردووە. کتێبەکە تاوتوێی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی کردووە لە ماوەی خولی یەکەمی سەرۆکایەتیی ڕۆحانی، واتە چوار ساڵی یەکەمی وەرگرتووە. کتێبەکە لە ١١ بەش پێکهاتووە. لە بەشی دووەمدا؛ ئاهویی "Ahouie" توێژینەوەیەکی بەناونیشانی: "٢٠١٣–٢٠١٧ President Rouhani's Foreign Policy Doctrine Exploring" ئەنجامداوە. تیایدا ڕۆشنایی خستۆتەسەر ڕێبازی حەسەن ڕۆحانی لە سیاسەتی دەرەوەدا. لە دەرئەنجامدا گەیشتووەتە ئەوەی هەرچەندە ڕۆحانی سەرکەوت لە ئەنجامدانی ڕێککەوتن سەبارەت بە پرسی ناوەکی (ئەتۆمی)، بەڵام ڕێبازێکی دیاریکراوی تایبەت بە خۆی لە سیاسەتی دەرەوەدا نەبووە. وەیستەیج (Wastnidge) لە بەشی شەشەمی کتێبەکەدا توێژینەوەیەکی بەناونیشانی: "Iran's Own 'War on Terror': Iranian Foreign Policy Towards Syria and Iraq During the Rouhani Era" بەرهەمهێناوە. لەم توێژینەوەیەیدا؛ باسی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانی بەرامبەر بە سوریا و عێراق لە جەنگی دژی تیرۆردا. توێژینەوەکە لە دەرئەنجامدا گەیشتووەتە ئەوەی

کە جەنگی دژی تیرۆر تا ئاستێکی زۆر پەیوەندی نێوان ئێران و سوریا و عێراقی ڕێکخستەوە و خزمەتی بە سیاسەتی دەرەوەی ئێران کرد لە بەهێزکردنی پێگەی هەرێمیی ئێران. ئەمەش هاندەربوو تا ئێران سیاسەتی دەستێوەردان و ئامادەیی سەربازی پەیڕەو بکات. سیاسەتی دەرەوەی ئێران پارێزگاری کردن بووە لە عێراق وەك قوڵایی ستراتیژی ئەو وڵاتە. لە دەرئەنجامدا توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەوەی کە سەرۆك ڕۆحانی تاکە بزوێنەر و ئاڕاستەکاری سیاسەتی دەرەوەی ئێران نەبووە بەرامبەر بە عێراق و سوریا، چونکە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە میانەی مەترسییە سەرەکییە ئاسایشییەکان دروست بووە کە دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتی ڕێبەری باڵا و پاسەوانانی شۆڕش (پاسداران). لە بەشی نۆیەمدا زوەیری و مانجانج "**Zweiri and Manjang**" توێژینەوەیەکیان بە ناونیشانی: "**From Ahmadinejad to Rouhani: Iran's Presence in Africa**" ئەنجام داوە. توێژینەوەکە تاوتوێی ئامادەیی ئێران و سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی کردووە بەرامبەر بە ئەفریقا، لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەجاد و حەسەن ڕۆحانیدا. توێژینەوەکە لە دەرئەنجامدا گەیشتووەتە ئەوەی لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاددا ئێران هەوڵی داوە قەرەبوو گۆشەگیرکردنی بکاتەوە بە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەفریقا و بەتایبەت سەنیگال و لەمەشدا سەرکەوتوو بووە، پەیوەندیی سیاسی و ئابووری بەهێزیان بەستووە. بەڵام ڕۆحانی دیدگایەکی ڕوونی نەبووە لە ماوەی سەرۆکایەتییەتەکەیدا بەرامبەر بە ئەفریقا بە گشتی و سەنیگال بەتایبەتی. هەرچی ئیحتشامییە "**Ehteshami**" لە بەشی یازدەمدا بەناونیشانی: "**From Isolation to Accommodation: Lessons Learnt from Hassan Rouhani's First Term**

in Office" نووسیوە. باسی لە هەوڵەکانی ڕۆحانی کردووە بۆ دەرهێنانی ئێران لە گۆشەگیری بۆ پێکەوەژیان و سیاسەتێکی کراوەتر. لە دەرئەنجامدا گەیشتووەتە ئەوەی کە ماوەی خولی یەکەمی سەرۆکایەتیی ڕۆحانی ڕێگەخۆشکەربوو بۆ بوژانەوە و کرانەوە لە کایەی سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا، بەڵام ئەم سیاسەتەی لە ماوەی خولی دووەمی سەرۆکایەتییدا بووە قوربانی گرژییە هەرێمییەکان و دیلی میراتی دوژمنکاریی و مەترسییەکانی ڕابردوو و هەڕەشە ڕاستەقینە هەنووکەییەکان. بەمانایەکی دیکە کۆمەڵێك لەمپەرِ ڕێگربوون لەبەردەم سیاسەتی کرانەوە کە لە ماوەی خولی یەکەمی سەرۆکایەتیی ڕۆحانیدا پەیڕەوکران.

موحەممەدیان و ڕیزایی "Mohammadian and Rizaei" (٢٠٢٠) تویژینەوەیەکیان بەناونیشانی: "Explain the foreign policy of the Islamic Republic of Iran Hassan Rohani From the perspective of continuum theory of James N. Rosenau" ئەنجامداوە. لەم تویژینەوەیەدا؛ تویژەران شیکاریان کردووە بۆ گوتاری میانڕەوانە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانیدا. لە دەرئەنجامدا تویژینەوەکە گەیشتووەتە ئەوەی کۆمەڵێك هۆکار هەبوون بۆ دەرکەوتن و زاڵبوونی گوتاری میانڕەو لە سەردەمی سەرۆکایەتیی ڕۆحانی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا، وەك سزا سەپێنراوەکانی سەر ئێران، پرسی ئاسایشی ئێران، بەرتەسکبوونەوەی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ، هەروەها بیر، دروشم و کەسایەتیی ڕۆحانی. هەموو ئەمانە سەریانکێشا بۆ زاڵبوونی گوتاری میانڕەوانە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێرانیدا، لە واقیعدا، ئەم سیاسەتەش ئامانجی

پێشاندانی وێنایەکی ئەرێنیی ئێران بوو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بەجۆرێك کە خزمەتی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان بکات.

ئەکبەرزادە و کاندویت (٢٠١٦) کتێبێکیان بە ناونیشانی: " **Iran in the world : President Rouhani's foreign policy**" ئامادە (ئیدیت) کردووە. کتێبە لە ١٠ بەش پێکدێت. لە بەشی دووەمدا سایکل "**Saikal**" لە ژێر ناونیشانی: " **Iran and the Changing Regional Strategic Environment**"، تاوتوێی گۆڕانی ژینگەی ستراتیژی هەرێمیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی کردووە. توێژینەوەکە لە دەرئەنجامدا گەیشتووەتە ئەوەی کە لەگەڵ زیادبوونی گۆڕانکاری و گرژییە هەرێمییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆیان دەرکەوتووە کە سیاسەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕژێمی ئێرانی باشترین چارەسەرە بۆ هەموو لایەك و بۆ ناوچەکەش. هەروەها ئەمەش یارمەتی دەردەبێت بۆ بەهێزبوونی پێگەی ڕۆحانی و چاکسازخوازەکان و کەمکردنەوەی مەترسییەکان لەسەر ئێران. لە بەشی پێنجەمدا، گویرایش "**Guéraiche**" بەناونیشانی: " **The UAE and Iran: The Different Layers of a Complex Security Issue**" نووسیوە. لەم توێژینەوەیەدا ڕۆشنایی خراوتەسەر پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان ئیمارات و ئێران. لە دەرئەنجامدا توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەوەی هاتنی ڕۆحانی بۆ سەرۆکایەتیی ئێران گرژییەکانی لە کەنداو کەم کردەوە. هەروەها دەرکەوتنی کۆمەڵێك بارودۆخ لە نێویاندا داعش ڕۆڵی هەبوو لەوەی سەرۆکی نوێ حەسەن ڕۆحانی سوودیان لێ ببینێت. هەروەها ئەنجامدانی ڕێککەوتنی ناوەکی (ئەتۆمی) زیاتر پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی ئەو دوو

وڵاتەی بەرەوپێشبرد. پەیوەندییەکانی ئێران و ئیمارات (میرنشینە عەرەبییە یەکگرتووەکان) لەسەردەستی حەسەن ڕۆحانی بەرەوپێشچوونیان بەخۆوەبینی.

کەریمفەرد "Karimifard" (٢٠٢٢) توێژینەوەیەکی بەناونیشانی: " **Identity and rationalism in the foreign policy of the Islamic Republic of Iran (with emphasis on Hassan Rouhani's presidency)**" ئەنجام داوە. توێژینەوەکە؛ تاوتوێی ئامادەیی و کاریگەری ناسنامە و عەقڵانیەتی کردووە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا لەماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانیدا. لە دەرئەنجامدا گەیشتووەتە ئەوەی ناسنامەی دەستەبژێری حوکمڕان و عەقڵانییەت دوو توخمی بنەڕەتین لە دیاریکردنی بەرژەوەندیی نیشتمانی و ئاڕاستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران. لە ماوەی سەرۆکایەتیی ڕۆحانیدا سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە یەك کاتدا جەختی کردۆتەوە لەسەر ناسنامەیی ئیسلامی بەڵام بە شیکردنەوەیەکی بەرژەوەندیخوازانە، هەروەها ڕەچاوکردنی گەشەپێدانی ئابووری. جا ناسنامەی نیشتمانیی دەستەبژێریی حوکمڕان و بڕیاربەدەستان لە ماوەی سەرۆکایەتیی ڕۆحانیدا و ڕەهەندیی عەقڵانییەت زۆر بەشێوەیەکی کارا کاریگەرییان هەبوو لە خاوکردنەوەی گرژییەکان لەگەڵ خۆرئاوا و دەوڵەتانی دراوسێ و دابینکردنی بارودۆخی گونجاو بۆ وەبەرهێنانی ئابووری و دروستکردنی وێنایەکی ئاشتیانە.

ئۆسفیچ "Osiewicz" (٢٠١٩) بەهەمان شێوە توێژینەوەیەکی بەناونیشانی: " **Ideologizing and Fundamentalism in Iranian Foreign Policy under the Hassan Rouhani Presidency**" ئەنجامداوە. لە توێژینەوەکەدا جەختی

لەسەر ئامادەیی ئایدۆلۆژیا و بنەماگەرایی "بنئاژۆخواز و ڕیشەگۆڕخواز"ی لە سیاسەتیی دەرەوەی ئێران لە ماوەی سەرۆکایەتیی ڕۆحانیدا کردووە. توێژینەوەکە لە دەرئەنجامدا گەیشتووەتە ئەوەی دیدگای حەسەن ڕۆحانی بۆ سیاسیەتی دەرەوە زیاتر دیدگایەکی بەرژەوەندیخواز و پراگماتییە لەوەی ئایدۆلۆژی بێت. تەنانەت دوای هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی ناوەکی (ئەتۆمی) و دووبارە سەپاندنەوەی سزاکان بەسەر ئێران لە ٢٠١٨، سیاسەتیی دەرەوەی ئێران هەر بەم شێوەیە بەردەوام بوو. بەمانایەکی دیکە ڕەگەزە ئایدۆلۆژی و شۆڕشگێڕییەکان کەمتر بەدیدەکران لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا. لەبەرئەمە مامەڵەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە جیاتی پشت بەستن بە گریمانە ئایدۆلۆژییەکان، زیاتر پشتی بە دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکان بەست بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئایدۆلۆژیا سوودی لێوەرگیراوە، بەڵام هەمیشە بەرژەوەندی لە سەرووی ئایدۆلۆژیاشەوە بووە، بۆیە بەرژەوەندیی زیاتر لە ئایدۆلۆژیا کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوە داناوە.

## ٢. ٤ بۆشاییەکانی توێژینەوەکە

دوای پێداچوونەوە بە سەرچاوە و توێژینەوەکانی پێشوو، کە لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەنجام دراون، بەتایبەت ئەوانەی ڕۆشناییان خستۆتەسەر ماوەی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی، چونکە ئەم توێژینەوەیە ماوەی نێوان ٢٠٠٥ بۆ ٢٠٢١ وەرگرتووە، کە ماوەی سەرۆکایەتیی هەردوو ناوبراوە. ئەوا دەرکەوت کە بۆشاییەکی زانستی هەیە

سەبارەت بە سیاسەتیی دەرەوەی ئێران پێویستی بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زیاترە، کە ئەم توێژینەوەیە بانگەشەی دەکات و دەیەوێت پڕی بکاتەوە. ئەو بۆشاییەی ئەم توێژینەوەیە بانگەشەی دەکات و دیاریکردووە و هەوڵی پڕکردنەوەی دەدات لە شەش بۆشایی پێکدێت:

یەکەم: لە ڕووی کاتەوە، ئەم توێژینەوەیە ماوەی ١٦ وەرگرتووە، کە دەکاتە ماوەی سەرۆکایەتیی هەر دوو سەرۆك کۆماری ئێران، کە ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانییە، بەشێوەیەکی بەراوردکاری.

دووەم: لە ڕووی تیۆریەوە، ئەم توێژینەوەیە تیۆری ڕیالیزمی نوێی وەرگرتووە، بە هەر دوو ئاڕاستەی ڕیالیزمی بەرگریخواز و ڕیالیزمی هێرشخواز، کە پێشتر هیچ توێژینەوەیەك ئەم تیۆرەی بە تەواوی گریمانەکان و هەردوو ئاڕاستەکەیەوە لەسەر ئەم کەیسە جێبەجێ نەکردووە.

سێیەم: لە ڕووی میتۆدەوە، ئەم توێژینەوەیە میتۆدی کواڵتەیتیڤی بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامە خوازراوەکان. پێشتر هیچ توێژینەوەیەك ئەم میتۆدەی بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠٠٥ـــەوە بۆ ٢٠٢١ بەکارنەهێناوە.

چوارەم: لە ڕووی جیۆگرافیەوە، ئەم توێژینەوەیە کەیسی عێراقی وەرگرتووە، تەنها لە ماوەیەکی سەرۆکایەتی مەحمود ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی، ئەمەش پێشتر نەکراوە.

پێنجەم: لە ڕووی کەسایەتی (کارەکتەر)ەوە: ئەم توێژینەوەیە دوو کارەکتەری سەرەکی وەرگرتووە کە مەحمود ئەحمەدی نەژادە، سەر بە باڵی ڕیشەگۆڕخواز (ڕادیکاڵ)ـەکانە کە نوێنەرایەتیی دیدگایەك توندئاژۆ و ئایدۆلۆژیانە دەکات، لەگەڵ حەسەن ڕۆحانی کە سەر بە باڵی چاکسازخواز ڕیفۆرمخواز)ـەکانە، کە نوێنەرایەتیی دیدگایەکی کراوە دەکات.

شەشەم: لە ڕووی پرسەوە؛ لە پرسی بەردەوامی یان گۆڕان لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران و بنەما نەگۆڕەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠٠٥ـــەوە بۆ ٢٠٢١ دەکۆڵێتەوە.

ئەم توێژینەوەیە بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەم شەش بۆشاییە هەن و پێویستیان بە پڕکردنەوەیە و پێشتر توێژینەوەیان لەسەر ئەنجام نەدراوە. ئەم توێژینەوەیە بە بەراوردکردنی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠٠٥ بۆ ٢٠٢١ هەوڵی پڕکردنەوەیان دەدات بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمیانە. بەمەش توێژینەوەکە بەشدار دەبێت لە دەوڵەمەندکردنی کایەی زانست و مەعریفە، پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە ئەدەبیاتی بەردەستدا بوونی هەیە.

## ٢. ٥ پوختەی بەشەکە

لەم بەشەدا سەرەتا پێناسەی چەمکی سەرەکیی توێژینەوەکە و چەمکە پەیوەندیدارەکان کرا، دواتر ڕۆشنایی خرایەسەر پاشخانێکی مێژوویی بەتایبەت لە میانەی باسکردنی سیاسەتیی دەرەوەی لە سەردەمی موحەممەد ڕەزا شا لەگەڵ سەردەمی خومەینی. لەو چوارچێوەیەدا جەخت کرایەوە کە سیاسەتی دەرەوەی و هەرێمیی ئێران تەنها لە ڕووی بەرگ و ڕووکەشەوە گۆڕدرا، ئەگەرنا هەردوو ڕژێمەکە هەوڵی بەدەستهێنانی هەمان ئامانجی هەرێمیان داوە، بەڵام شا لە ڕێگەی پشت بەستن بە زلهێزان و هاوپەیمانی دەرەوە، بەڵام خومەینی لە ڕێگەی هەناردەکردنی شۆڕش و ئایدۆلۆژیا ویلایەتی فەقیهـ، کەواتە ئامانجەکان هەر یەك شت بوون تەنها ئامرازەکان گۆڕاون.

سەبارەت بە دامەزراوە و پاڵنەرە ناوخۆییە کارا و سەرەکییەکانی دارِشتنی سیاسەتی دەرەوە، ئەوا ڕێبەری باڵا دەسەڵاتی ڕەها و بێسنووری هەیە و دامەزراوە و کەسایەتیی یەکلاکەرەوەیە، هەمووان لە چوارچێوەیەدا کارلێك، مامەڵە و سیاسەت دەکەن کە ڕێبەری باڵا دیاریان دەکات، چونکە ڕێبەری باڵا شەرعییەت لە ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهـ وەردەگرێت، کە ڕێبەری باڵا بە جێگری ئیمامی پەنهان دادەنێت کە ئەگەرچی لە پلەوپایەدا وەك ئیمامی پەنهان نییە، بەڵام لە ئەرك و بەرپرسارێتی و دەسەڵاتدا وەك ئەوە، بەمەش دەسەڵاتی ڕەهای بەسەر کاروباری ئاینی و دونیاییدا هەیە، بە سیاسەتی دەرەوەشەوە، چونکە نەك تەنها سیاسەتی

دەرەوەی ئێران، بەڵکو تێکڕای سیستەم و ژیانی سیاسی ئێران بە سیاسەتی دەرەوەش بەدەست ئەوە و دامەزراوەکانیش ڕەوایی (شەرعییەت) لەوەوە وەردەگرن. سەرۆك کۆمار یەکێکە لە ئەڵقە و دامەزراوە لاوازەکان لە کایەی سیاسەتی دەرەوەدا، هەروەها ڕەوتی ڕیشەگۆڕخواز (ڕادیکاڵ)ـەکان جڵەوی سیاسەتی دەرەوەان بەدەستە و چاکسازخواز (ڕیفۆرمخواز)ەکان لە پەڕاوێزدان و کاریگەرییان تەنها لە ئاست گۆڕینی تاکیکەکاندا نەوەك سیاسەتە گەورە و بنەڕەتییەکان.

دواتر بەدواداچوون و پێداچوونەوە بۆ ئەدەبیاتە کرا کە سەبارەت بە ناونیشانی توێژینەوەکەمان لەبەردەستدان، بەتایبەت ئەو توێژینەوانەی سەبارەت بە سیاسەتیی دەرەوەی ئێران لە ماوەی مەحمود ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی ئەنجام دراون. لە کۆتاییدا ئەو بۆشاییانە دیاریکران کە لە ئەدەبیاتدا هەیە، کە توێژینەوەکەمان هەوڵی پڕکردنەوەیان دەدات، کە هەوێنی ناونیشانەکەمان، ڕۆحی بەرهەمەکەمان و شاڕێگەی توێژینەوەکەمانە.

# بەشی سێیەم

# میتۆدۆلۆژی و چوارچێوەی تیۆری

## ٣.١ پێشەکی

ئەم بەشە تاوتوێی دوو بابەتی گرنگ دەکات، ئەوانیش بریتین لە میتۆدۆلۆژی و چوارچێوەی تیۆری، کە دوو کۆڵەگەی سەرەکیی هەر توێژینەوەیەکی زانستین. دەربارەی میتۆدۆلۆژی، ئەوا ئەم بەشە ڕۆشنایی دەخاتەسەر نەخشەسازی (دیزاین)ـی توێژینەوەکە، سەرچاوە و جۆری داتاکان، شیکردنەوەی داتاکان لەگەڵ ڕەچاوکارییە ئەخلاقییەکان (ئەخلاقی زانستی).

دواتر لە میانەی چوارچێوەی تیۆریی دا؛ تاوتوێی تیۆری ڕیالیزمی بونیادی دەکرێت، کە لەم توێژینەوەیەدا جێبەجێ دەکرێت، لە میانەی گەنگەشەکردنی پێکهاتە (ستراکچەر)ـی سیستەمی نێودەوڵەتی بەرامبەر سروشت (نەیچەر)، گریمانە سەرەکییەکانی تیۆری ڕیالیزمی بونیادی، ڕیالیزمی بەرگریخواز (Defensive Realism) و ڕیالیزمی هێرشخواز (Offensive Realism). لە کۆتاییدا پوختەی بەشەکە دەخرێتەڕوو.

## ٣. ٢ میتۆدۆلۆژی (Methodology)

میتۆدۆلۆژی بەشێکی گرنگ و بنەڕەتییە لە توێژینەوەی زانستی، چونکە چوارچێوە و ڕێبازی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە و ئارێشەکان دیاری دەکات، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی. ئەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفیی شیکاری بەکارهێناوە، لەپێناو دەستەبەرکردنی ئامانجەکان و چارەسەرکردنی کێشەی توێژینەوەکە.

### ٣. ٢. ١ نەخشەسازیی (دیزاین)ـی توێژینەوە (Research Design)

بەشێکی هەرە سەرەکی و گرنگی توێژینەوە نەخشەسازی (دیزاین)ـی توێژینەوەیە. چونکە نەخشەسازی (دیزاین)ـی توێژینەوە، پلانێکە ئاسانکاری دەکات بۆ چۆنیەتی، کات و شوێنی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان، ستراتیژی سەرەکییە کە توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پەیڕەوی دەکات، بۆ گەڵاڵەکردنی بەڵگەی ورد و دروست و گونجاو، بەجۆرێك کە شیاوی ڕاڤە و شیکردنەوە بێت (پایلۆت و بێك؛ ٢٠٠٤: ١٦٤؛ سهایل، ٢٠١٩: ٨٥). بە بەڕەچاوکردنی گرنگیی نەخشەسازی (دیزاین)ــی توێژینەوە، ئەوا ئەم توێژینەوەیە نەخشەسازی (دیزاین)ــی توێژینەوە بە بەشێکی سەرەکی لە پێکهاتەی ئەم توێژینەوەیە دادەنێت.

ئەم توێژینەوەیە نەخشەسازی (دیزاین)ـــی چۆنایەتی (کوالێتیەتیڤ)ـی بەکارهێناوە لە پێناو گەیشتن بە ئەنجامەکانی توێژینەوە. لەبەرئەوەی ئەم جۆرە نەخشەسازی (دیزاین)ـــی سروشتێکی کرداریی گونجاوی هەیە، کە یارمەتی توێژەر دەدات بۆ ئەوەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی قووڵ ئەنجام بدات و ڕووکار و توێکڵی ڕووداو و دیاردەکان تێپەڕێنێت و ڕاستی و کاکڵ و کرۆکیان دەربخات. ئەمەش لە پێناو ئەوەیە کە توێژینەوەکە زانیاری و داتا، شیکردنەوەی زانستی و ئەکادیمیی دروست و گونجاو و سەلامەت بەپێی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بخاتە بەردەستی توێژەران. هەروەها لەبەر ئەوەی گۆڕاوی سەربەخۆ (Independent Variable) کە بەردەوامی یان گۆڕانە لە سیاسەتیی دەرەوەی ئێران لەگەڵ بنەما سەرەکی و نەگۆڕەکانی سیاسەتی دەرەوە ئێران، دیار نین و ناڕوون، بەڵام گۆڕاوی وابەستە (Dependent Variable) دیارە کە سیاسەتیی دەرەوەی ئێرانە بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠٠٥ـــەوە بۆ ٢٠٢١ کە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانیە.

### ٣. ٢. ٢ کۆکردنەوەی داتا (Data Collection)

کاتێك ئارێشە یان کێشەیەك پێویستی بە توێژینەوە دەبێ، داتای جیاواز بەردەستن، بەڵام وا پێویستە کە داتای گونجاو و پێویست و پەیوەندیدار کۆ بکرێنەوە. سەرچاوەکانی داتا و زانیاری فرەجۆرن، هەر توێژینەوەیەك مامەڵە لەگەڵ جۆرێك لە سەرچاوەی داتا و زانیاری دەکات. لەم توێژینەوەیە داتای پەیوەندیدار بە ناونیشانی

توێژینەکەمان کۆکراونەتەوە کە ئەو داتایانەن کە خزمەت بە چارەسەرکردنی کێشەی توێژینەوەکەمان دەکەن.

### ٣. ٢. ٢. ١ داتا سەرەتاییەکان (یەکەمەکان) (Primary data)

داتا و زانیاریی بەراییەکان هەموو ئەو زانیارییە ڕەسەنانە دەگرنەوە کە لە سەرچاوە سەرەکییەکانیان بەدەستدەهێنرێن بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەلایەن توێژەرەوە (موحەممەد، ٢٠٢٢: ١٣). سەرچاوە یەکەمەکان ئەو داتا و زانیاریانەن کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەرگیراون، وەك شوێنەوار یان کەلەپوور یاخود ئەو بەڵگەنامانەی وەك سەرچاوەی یەکەم کە لەلایەن خودی کەسەکەوە نووسرابن کە ڕاستەوخۆ بەشداربووبێ لە ڕووداوەکەدا (پایلۆت و بێك، ٢٠٠٤: ٢٥٧). بە ڕەچاوکردنی سروشتی توێژینەوەکە، سەرچاوە سەرەکییەکان لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون، بریتین لە: دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران، کتێبی خومەینی (حکومەتی ئیسلامی)، ڕێککەوتننامەی سۆفا.

### ٣. ٢. ٢. ٢ داتا و زانیارییە دووەمەکان (لاوەکییەکان) (Secondary Data)

داتا و زانیاری لە کتێب، توێژینەوە، ئارتیکڵ، ڕاپۆرت و بەرهەمە ڕۆژنامەوانییەکان، گوتار، کارنامە، بەڵگەنامە و بەیاننامە فەرمییە حکومییەکان، چاوپێکەوتنی تەلەفیزیۆنی و پێگە ئەلیکترۆنییە متمانە پێکراوەکان.. هتد، کە داتای دووەمەکان

پێکدەهێنن لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراون. ئەم توێژینەوەیە لە پاڵ داتا سەرەکییەکان پشتی بە داتای لاوەکی دەبەستێت کە لەلایەن توێژەران و زانایان بە زمانەکانی ئینگلیزی، فارسی، عەرەبی و کوردی بەرهەمهێنراون. لە کۆکردنەوەی داتاکانیشدا ڕێبازی چۆنایەتی گرتۆتەبەر. هەرچی داتا و زانیارییە دووەمەکان (لاوەکییەکان)ــن ئەو داتا و زانیاریانەن کە پێشتر لەلایەن کەسانی دیکەوە کۆ کراونەتەوە، شیکردنەوە و ڕاڤەی داتا و زانیارییە سەرەتایی (یەکەم)ــەکانن (موحەممەد، ٢٠٢٢: ١٣؛ کەوسەری ٢٠٠٤: ٩٥). ئەم توێژینەوەیە پشتی بە داتا سەرەتایی (یەکەم)ــەکان و داتا لاوەکی (دووەم)ــەکان بەستووە.

## ٣. ٢. ٣ شیکردنەوەی داتاکان

لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە زانستی و ئەکادیمیەی توێژینەوەکە هەوڵی بۆ دەدات، شیکردنەوەیەکی دروست، لێکدانەوەیەکی گونجاو، شیکارییەکی زانستیانەی داتا و زانیارییەکان، ئەوا ئەم توێژینەوەیە پشتی بە ڕێبازی چۆنایەتیی (کواڵیتەیتیڤ) بەستووە لە شیکردنەوەی داتاکان، کە بە سروشتی خۆی بایەخێکی زۆری هەیە، ئەم جۆرە شیکردنەوەیە ڕێگەخۆشکەربوو بۆ ئەوەی توێژینەوەکە دەرئەنجامی ورد و باوەڕپێکراو بخاتەڕوو.

## ٣. ٢. ٤ ڕەچاوکارییە ئەخلاقییەکان (ئەخلاقی زانستی) (الإعتبارات الأخلاقية) (Ethical Considerations)

دیاریکردنی نەخشەسازی (دیزاین)ـی توێژینەوە، سەرچاوە و جۆری داتاکان و شێوازەکانی شیکارکردنیان بەشێوەیەکی دروست و گونجاو چەندە گرنگن، ئەوا لە پاڵ ئەمانەشدا پرسێکی دیکە بایەخدار هەیە کە بەهای زانستی و ئەکادیمی بەهەموو ئەوانەی پێش خۆی دەدات، ئەویش ڕەچاوکارییە ئەخلاقییەکانن کە لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیدا پێویستن. ئەلقوڕەیشی (٢٠٢٢: ١١٨) دەڵێت: ئەخلاقیاتی توێژینەوەی زانستی بەگشتی دوو بنەما سەرەکی هەن کە بریتین لە: (کاری ئەرێنی) و (زیانندەگەیاندن)، ئەمانە بناغەی تێکڕای تایبەتمەندییەکانی دیکەی ئەخلاقیاتی توێژینەوەن.

بەمەبەستی پارێزگاریی کردن لە بەها و چوارچێوە ئەخلاقییەکان لەم بەرهەمە زانستی و ئەکادیمیەدا، ئەوا ئەم توێژینەوەیە بەتەواوی ڕەچاوی لایەنە ئەخلاقییەکان کردووە، لە توێژینەوەی بابەتیانە و پارێزگاری کردن لە بابەتیبوون:یەنگیری نەکردن، دەستپاکی و ڕاستگۆبوون لەگەڵ دەرئەنجامەکانی توێژینەوە، خستنەڕووی تەواوی ئەو دەرئەنجامانەی کە بەدەستهاتوون وەك بەرهەمی توێژینەوەکە.

## ٣,٣ چوارچێوەی تیۆری: تیۆری ڕیالیزمی بونیادی

تیۆرەکان ئەو چوارچێوەیە هزرییە زانستی و ئەکادیمییەن کە ڕەهەندی زانستی بە شیکردنەوەکان دەبەخشن، بنچینەی ئەکادیمی بۆ لێکدانەوەکان دادەتاشن و ڕەنگی بابەتیبوون بە شرۆڤەکان دەدەن. بەمانایەکی دیکە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکان لە دۆخی نووسینی ئاسایی دەربچن و لە قاڵبی داڕشتنێکی هەڕەمەکی بێنە دەرەوە و بەرز ببنەوە بۆ ئاستێکی بەرزی زانستی و ئەکادیمی تۆکمە، ئەوا پێویستە چوارچێوەی تیۆریان هەبێ یان تیۆرێك یاخود چەند تیۆرێکی دیاریکراو لە شیکردنەوەکانیدا جێبەجێ و بەرجەستە بکات. لەبەرئەوەی تیۆرەکان سەر بە قوتابخانە و جیهانبینی جیاوازن، ئەوا هەر تیۆرێك جۆرێك لە دیدگا، گریمانە، ڕێککار، پاڵنەر، تێگەیشتن، شیکاری و پێشبینی سەبارەت بە پرس و نموونە (کەیس)ـەکان پێشکەش دەکات. هەر تیۆرێك تێڕوانینێکی تایبەتی هەیە سەبارەت بە ئەکتەر و یەکە، پاڵنەر، ژینگە و ئامانجی یەکەکان لە ئاستی ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتیدا. لێرەدا ڕۆشنایی دەخەینەسەر تیۆری ڕیالیزمی بونیادی (ڕیالیزمی نوێ) کە لەم توێژینەوەیەدا پشتی پێ دەبەسترێت و لەسەر نموونەی توێژینەوەکە کە سیاسەتی دەرەوەی ئێرانە بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠٠٥ـەوە بۆ ٢٠٢١ جێبەجێ دەکرێت.

## ٣. ١ .٣ پێکهاتە (ستراکچەر)ـی سیستەمی نێودەوڵەتی بەرامبەر سروشت (نەیچەر)ـی مرۆڤ (Structure Versus Nature)

تیۆری ڕیالیزمی بونیادی لە کۆتاییی حەفتاکانی سەدەی بیستەم دەرکەوت، لە کاردانەوەی ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی تیۆری ڕیالیزمی کلاسیك ( Classical Realism) کران. والتز لە دوو توێی شاکارەکەیدا بەناونیشانی: "تیۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی: Theory of International Politics" لە ساڵی ١٩٧٩ز ئەم تیۆرەی گەڵاڵەکرد.

ڕیالیزمی نوێ؛ یەکێکە لە تیۆرە بایەخدارەکانی بواری سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و لە زۆرێك لە گریمانەکانیدا جیاوازی لەگەڵ ڕیالیزمی کلاسیکیدا هەیە. بیرمەندە دیارەکانی ئەم تیۆرە بریتین لە: کینیس والتز، ستیفن والت، جۆن مێرشایمر، و ڕۆبێرت جیلبین (حوسێن، ٢٠١٨: ٢٧٩). کێگلی و بلانتۆن ("Kegley, and Blanton"، ٢٠١١: ٣٥) پێناسەی تیۆری ڕیالیزمی بونیادی دەکەن بەوەی بریتییە لە: لێکدانەوە و و وێناکردنێکی تیۆری، کە شیکاری بۆ هەڵسوکەوت و مامەڵەی دەوڵەتان دەکات، بەوەی هەڵسوکەوتی دەوڵەتان دیاریکراو و ئاڕاستەکراوە لە میانەی بوونی هێزی ڕێژەیی جیاواز لە چوارچێوەی پەیکەربەندیی زنجیرەیی جیهانیدا، ئەویش لە پلەی یەکەمدا بەهۆی دابەشبوونی هێزی سەربازی دەناسرێتەوە، لە جیاتی پاڵنەر و فاکتەرەکانی دیکەی وەك: بەها، جۆری حکومەت و دۆخی ناوخۆیی دەوڵەت.

ئەم تیۆرە بە چەند ناوێك ناسراوە کە بریتین لە: ڕیالیزمی نوێ (Neo-Realism) یان ڕیالیزمی بونیادی (Structural Realism) یاخود ڕیالیزمی سیستەمیك (Systemic Realism) یان ڕیالیزمی مۆدێرن (Modern Realism). هەروەها بە ئاڕاستەی سێیەم (Third Direction) یان گفتوگۆی سێیەمیش ( Third Debate) ناسراوە. تیۆری ڕیالیزمی بونیادی بە دیارترین قۆناغ دادەنرێت لە قۆناغەکانی گەشەسەندنی تیۆری ڕیالیزم (حوسێن، ٢٠١٨: ٢٨٢؛ وەهبان، ٢٠١٦: ١٢٠٩؛ فەرەج و ڕەشید، ٢٠٢٠: ٣؛ موخلیف، ٢٠١٤: ٢١٥).

ڕیالیزمی بونیادی گریمانەی سەرەکیی ڕیالیزمی کلاسیکی ڕەت دەکاتەوە، کە دەڵێت: سروشتی مرۆڤ کە تایبەتمەندە بە خۆویستی و خۆپەرستی ڕەنگدانەوەی لەسەر دروستکەرانی سیاسەتی دەرەوە هەیە، بەم هۆیەشەوە کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی دەرەوە دەوڵەت هەیە. ڕیالیزمی بونیادی پێی وایە ئەم دیدگایە شیاوی پشت پێ بەستن نییە، چونکە سەختە سروشتی مرۆڤ بەپێی پێوەری زانستی تۆکمە دیاری بکرێت، بۆیە پێی وایە دەبێ جەخت لەسەر سروشتی بونیاد و پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی بکرێتەوە، چونکە بڕیاربەدەستان هەرچەندە بەخشندە و دەستکراوەش بن لە ئاستی کەسیدا، ئەوا کاتێك دێنە ناو ژینگەی سیاسەتیی نێودەوڵەتی ناچارن بە خۆویستانە و خۆپەرستانە مامەڵە بکەن (سوتش و ئیلیاس "Sutch and Elias"، ٢٠٠٧: ٤٩).

هەروەها واڵتز لە کتێبێکی دیکەی گرنگیدا کە لە ساڵی ١٩٥٩ز دەرچووە بەناونیشانی: "مرۆڤ، دەوڵەت و جەنگ: Man, State and War"، لە میانەی هەوڵدانی بۆ شیکردنەوەی وێنەی باو لە شیکاری جەنگدا، دوای گەنگەشەیەکی

قوڵ و تێروتەسەل، گەیشتووەتە ئەوەی کە ژینگە و سیستەمی نێودەوڵەتی بنچینەیە و شیاوی ئەوەیە پشتی پێببەسترێت وەك دیدگایەك بۆ دروستکردنی تیۆرێکی گشتی و زانستیی پەیوەست بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان (واڵتز "Waltz"، ٢٠٠١: ١٦-١٥٩).

مێرشایمێر (٢٠١٣: ٧٧-٧٨) ئاماژە بەوە دەکات کە جیاوازی بنەڕەتی لە ناو ڕیالیستەکان هەیە، بۆ نموونە: بۆچی دەوڵەتان هێزیان دەوێت؟ لایەنگرانی ڕیالیزمی کلاسیکی، دیارترینیان کە مۆرگانسۆیە (Morgenthau)، پێی وایە سروشتی مرۆڤ پاڵنەرە، چونکە مرۆڤ بە سروشت حەز بە هێز دەکات. بەڵام ڕیالیزمی بونیادی پێی وایە سروشتی مرۆڤ پەیوەندی نییە بەوەی کە دەوڵەتان شوێنی بەدەستهێنانی هێز بکەون. بەڵکو ڕیالیستە بونیادییەکان پێیان وایە ئەوە بونیادی سیستەمی نێودەوڵەتییە دەوڵەتان ناچار دەکات شوێن زیادکردنی هێز بکەون. لە سیستەمێکدا کە پاشاگەردانییە و دەسەڵاتێکی باڵاتر نییە لە سەرووی دەوڵەتانەوە، ئەوا هیچ گەرەنتییەك یان ڕێگرێك نییە لایەنێك یان دەوڵەتێك پەلاماری ئەویتر نەدات. لەبەرئەمە گرنگە هەر دەوڵەتێك ئەوەندە بەهێز بێت کە بتوانێت پارێزگاری لە مانەوە و ئاسایشی خۆی بکات.

هەروەها مێرشایمێر "Mearsheimer" (٢٠١٣: ٧٨) دەڵێت: زلهێزەکان لە چوارچێوەیەکی کۆنکرێتی و قەفەسێکی ئاسنیندا گیریان خواردووە و ناچارن و هیچ بژاردەیەکی دیکەیان نییە جگە لە کێبڕکێ کردن نەبێ لەگەڵ یەکتر لە پێناو مسۆگەرکردنی مانەوەی خۆیاندا. ڕیالیزمی بونیادی بایەخ بە جیاوازییە

کەلتوورییەکانی دەوڵەت، جۆری ڕژێمی حوکمڕان نادەن، چونکە سیستەمی نێودەوڵەتی هەمان پاڵنەر بە یەکسانی بۆ سەرجەم دەوڵەتان دروست دەکات، ئەویش پاڵنەری زیادکردن و بەدەستهێنانی هێزی زیاترە.

ڕیالیزمی بونیادی پێی وایە بنەمای هاوسەنگیی هێز "Balance of Power" شیاوە بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی (واڵتز، ١٩٧٩: ١٧١-١٧٣). جیهانی دووجەمسەری "Bipolar" لە فرەجەمسەری "Multipolar" باشترە، چونکە لە دووجەمسەریدا بەلایەنی کەم ئەوەی سەرچاوەی هەڕەشەیە بۆ سەر بەرامبەر جێی گومان نییە (واڵتز، ١٩٨٨: ٦٢٢؛ مێرشایمێر "Mearsheimer"، ٢٠٠١: ٢٥).

کەواتە دەتوانین بڵێین ڕیالیزمی کلاسیکی پاشاگەردانیی سیستەمی نێودەوڵەتی یەکسان دەکات بە سروشتی مرۆڤ، کە خۆپەرست و شەڕانگێزە. بە مانایەکی دیکە، ڕیالیزمی کلاسیکی پێی وایە سەرچاوەی پاشاگەردانیی سیستەمی نێودەوڵەتی سروشتی مرۆڤە. بەڵام ڕیالیزمی بونیادی پاشاگەردانیی سیستەمی نێودەوڵەتی یەکسان دەکات بە نەبوونی دەسەڵاتێکی باڵاتر و ڕەها و جیهانی لە سەرووی دەوڵەتانەوە. واتە هیچ دەسەڵاتێك نییە لە سەرووی دەوڵەتانەوە کە دەوڵەتان پابەند بکات بە بەها، پێوەر، ڕێسا و یاسا نێودەوڵەتییەکان، هەمووان لە شەڕ و خراپەی هەمووان بپارێزێت. بەم جۆرە بەپێی دیدگای ڕیالیزمی بونیادی، سەرچاوەی پاشاگەردانی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی، نەبوونی دەسەڵاتێکی باڵاترە لە سەرووی دەوڵەتانەوە.

### ٣. ٣. ٢ گریمانە سەرەکییەکانی تیۆری ڕیالیزمی بونیادی

ڕیالیزمی بونیادی خاوەنی چەندین گریمانەیە، لێرەدا ڕۆشنایی دەخەینە سەر پوختەی گریمانە سەرەکییەکانی ئەم تیۆرە، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. بونیاد (پێکهاتە)ـی سیستەمی نێودەوڵەتی پاشاگەردانی و پشێوی (فوضوي: Anarchy)ـیە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە هیچ دەسەڵاتێکی باڵا نییە لە سەرووی دەوڵەتانەوە کە هەمووان بکات لە ناو سیستەمەکەدا جڵەوگیر "کۆنترۆڵ" بکات (واڵتز، ١٩٧٩: ٨٩). بە مانایەکی دیکە هیچ دەسەڵاتێکی باڵا نییە لە سەرووی دەوڵەتانەوە کە بتوانێت دەوڵەتان پابەند بکات بە یاساکان و سزای ئەوانەش بدات کە پێشێلکاری دەکەن. هیچ دەسەڵاتێکی باڵا نییە کە هێزی ئەوەی هەبێت بەها، یاسا و پێوەرەکان بەسەر دەوڵەتاندا بسەپێنێت، هەمووان لە شەڕ و مەترسی هەمووان بپارێزێت (حوسێن، ٢٠١٨: ٢٨٠؛ وەهبان ٢٠١٦: ١٢١٣؛ ئەلنوعەیمی، ٢٠١١: ١٦٧).

٢. بونیاد (پێکهاتە)ـی سیستەمی نێودەوڵەتی پاڵنەری سەرەکی و بنەڕەتیی مامەڵە، هەڵسوکەوت و سیاسەتی دەرەوە دەوڵەتانە. بەوپێیەی سیاسەتی دەرەوە لەو دیدگایەوە کار دەکات کە بونیاد (پێکهاتە)ـی سیستەمی نێودەوڵەتی کە پاشاگەردانییە پاڵنەری سەرەکییە (واڵتز، ١٩٧٩: ١١١؛ میسباح، ٢٠١١: ٢٨-٢٩).

٣. دەوڵەتان ئەکتەری ژیرن "Rrational Actors"، کار دەکەن بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین بەرژەوەندی بە کەمترین زیان. کار دەکەن لە پێناو مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانیەکانیان لە گۆڕەپانی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا (میسباح، ٢٠١١: ٢٨-٢٩).

٤. دەوڵەتان ئەکتەری سەرەکین لە شانۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا (وەهبان، ٢٠١٦: ١٢١٣). لەبەرئەوەی هەروەك ئەلنوعەیمی (٢٠١١: ١٦٧) دەڵێت: تەنها دەوڵەتانن لە ڕووی یاساییەوە بەکارهێنانی هێزیان قۆرغ کردووە. بەڵام مێرشایمێر (٢٠١٣: ٧٧) دەڵێت: زلهێزانن ڕۆڵی بنەڕەتی دەبینن و کاریگەری لەسەر ئەوانی دیکە دادەنێن.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەگەرچی دەوڵەتان ئەکتەری سەرەکی بن و یەکسان بن، بەڵام ئەوەی جیاوازی لە نێوانیاندا دروست دەکات هێزە، کە وا دەکات هەر دەوڵەتێك پێگەیەکی جیاوازی هەبێ بەپێی ئەو شیان و توانا (Capabilities) هەیەتی.

واڵتز (١٩٧٩: ٩٦) دەڵێت: یەکەکان هاوشێوەن لە ئەرکدا، بەڵام ئەوە هێزە پێگەی یەکەکان دیاری دەکات لە شانۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. هەروەها واڵتز (١٩٧٩: ٧٣) دەڵێت: لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و سیستەمی خۆیارمەتی "Self-help System"ـدا، ئەو یەکە (Units) و ئەکتەرانەی (Actors) زۆرترین ڕاددەی هێزیان هەیە، ئەوا کار دەکەن بۆ دیاریکردنی ئاڕاستەی خۆیان و ئەوانی دیکەش. بە مانایەکی دیکە، ئەگەرچی دەوڵەتان ئەکتەری سەرەکین لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، بەڵام

هەرگیز پێگەی دەوڵەتێکی لاواز و زلهێز وەك یەك نییە. ئەوەی بەهێزە کاریگەریی لەسەر ئەوانی دیکەش هەیە کە هێزیان لەو کەمترە.

٥. ئامانجی باڵای دەوڵەتان مانەوەیە لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتیدا، بۆیە دەوڵەتان بەدوای زیادیکردنی هێزی خۆیانەوەن، لە پێناو مسۆگەرکردنی مانەوەیان و پاراستنی پێگە و ئاسایشی خۆیان لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا (حوسێن ٢٠١٨: ٢٨٠)، لەم سۆنگەیەوە لە کارلێکە نێودەوڵەتییەکاندا نەبوونی ئاسایش زاڵە. واڵتز (١٩٧٩: ١٣٤) دەڵێت: بەرژەوەندی وادەخوازێت ئامانجی مانەوە لەسەرووی هەموو ئامانجەکانەوە بێت. بەمانایەکی دیکە واڵتز (١٩٧٩: ١٢٦) دەڵێت: ئاسایش ئامانجی باڵا و کۆتایی دەوڵەتانە.

٦. باشترین ڕێوشوێن بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش و مسۆگەرکردنی مانەوەی دەوڵەتان، لە شانۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، بنەما، سیستەم و ئامرازی خۆیارمەتییە (**Self-Help**)ـە (حوسێن ٢٠١٨: ٢٨٠). دەوڵەتان پشتبەخۆبەستن لە جیاتی هاریکاری لەگەڵ دەوڵەت و ئەکتەرەکانی دیکە هەڵدەبژێرن. بە مانایەکی دیکە بونیاد (پێکهاتە)ـی سیستەمی نێودەوڵەتی دەوڵەتان ناچار دەکات ئامرازی پشتبەخۆبەستن لە جیاتی پشت بەستن بە هاریکاری لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بگرنەبەر (میسباح، ٢٠١١: ٢٨-٢٩). هەروەك واڵتز (١٩٧٩: ١١١) دەڵێت: پشتبەخۆبەستن و سیستەمی خۆیارمەتیی (**Self-Help**) بنچینە و بنەمای کارکردنە لە سیستەمی پاشاگەردانیدا.

٧. هێز ئامرازە و ئامانج نییە (والْتز، ١٩٧٩: ١٢٦). چاکترین ئامراز بۆ دەستەربەرکردنی مانەوەی دەوڵەت و مسۆگەرکردنی ئاسایش لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هێز (Power)ـە. هەروەك مێرشایمێر (٢٠١٣: ٧٧-٧٨) دەڵێت: ڕیالیستەکان باوەڕیان وایە هێز دراوی سیاسەتی نێودەوڵەتییە. بونیادی سیستەمی نێودەوڵەتی یەك پاڵنەر بۆ هەموو دەوڵەتان دروست دەکات، ئەویش شوێنکەوتنی هێزە یان بەدەستهێنانی زۆرترین ئەندازەی هێزە.

٨. هەموو کات ئەگەری ڕوودانی جەنگ کراوەیە و لە ئارادایە، باشترین و بەهێزترین ئامراز بۆ ڕێگرتن لە جەنگ و مانەوەی دەوڵەت و مسۆگەرکردنی ئاسایش لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا، بریتییە لە هێزی سەربازی و چەکی ناوەکی (ئەتۆمی)، بۆیە دەوڵەتان بەردەوام سەرقاڵن بە کۆکردنەوەی هێز و زیادکردنی هێزی خۆیان (حوسێن ٢٠١٨: ٢٨٠). چەکی ناوەکی گرژییەکان کەم دەکاتەوە و سنوورداریان دەکات (والْتز، ١٩٧٩: ١٨٨). هەر لەو چوارچێوەیەدا سەبارەت بە ئەگەری ڕوودانی ململانێی والْتز (١٩٧٩: ١٢٧) دەڵێت: بەهۆی لە ئارادابوونی ڕوودانی ململانێ بە زەبری هێز، ئەوا دەوڵەتان پەنا دەبەن بۆ کێبڕکێ لە بەرزکردنەوەی هونەری جەنگ و ئامرازەکانی هێزدا. هەروەها والْتز (١٩٧٩: ١١٩) دەڵێت: بەهۆی ئەوەی ئەگەری بەکارهێنانی هێز لەلایەن هەندێك لە دەوڵەتانەوە لە ئارادایە بۆ لاوازکردن یان وێرانکردنی چەند دەوڵەتێکی دیکە، ئەوا دەوڵەتان ناتوانن لە سیستەمی ململانێ و کێبڕکێدا دەربچن. هەروەها

والتز (١٩٨٨: ٦٢٤) دەڵێت: ڕیالیزمی کلاسیکی و ڕیالیزمی نوێ بە یەك ئاست سەرنج دەخەنەسەر گرنگی و ڕۆڵی هێزی سەربازی.

٩. دەوڵەتان متمانە بە یەکتر ناکەن، چونکە ناتوانن لە نیازی دەوڵەتانی تر تێبگەن. نیاز شتێك نییە بپێورێت، لەم دیدگایەوە دەوڵەتان سەیری یەکتر دەکەن وەك دوژمنی گریمانەکراو (العدو المحتمل: **Potential Enemies**) لە ئایندەدا. هەردەم بە گومانن سەبارەت بە مامەڵە و هەڵسوکەوتی یەکتر. لەبەرئەوەی زانیاریان نییە سەبارەت بە نیازی دەوڵەتی بەرامبەر کە لە ئایندەدا چی دەکات. هەروەها دەوڵەتان هەردەم نیازی ڕاستەقینەی خۆیان دەرناخەن و دەیشارنەوە. بەمانایەکی دیکە بێ متمانەیی، بەدگومانی و نەبوونی زانیاری تەواو لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا زاڵە (والتز، ١٩٧٩: ١٠٥؛ میسباح، ٢٠١١: ٢٨-٢٩؛ حوسێن ٢٠١٨: ٢٨٠). والتز (١٩٧٩: ٦٤، ٩٠ و ١١٩) دەڵێت: بە درێژایی مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەگمەن وابووە کە ئەنجامی بەدەستهاتووی ئەکتەرەکان کۆك بووبێ لەگەڵ نیاز و مەبەستەکانیان. هیچ دەستەبەری و مسۆگەرییەك نییە بۆ نەگۆڕانی نیازەکان لە ئایندەدا. هەروەها والتز (١٩٧٩: ٧٤) دەڵێت: ناکرێت لێکدانەوەکان لەسەر بنەمای نیاز ئەنجام بدرێت.

ئەم گریمانانەی تیۆری ڕیالیزمی بونیادی لێکدانەوەیەکی گونجاو بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەگشتی دەکەن، چونکە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك ئەکتەرێکی ژیر و سەرەکی هەوڵی پاراستنی بوون و گرەنتی کردنی بەردەوامیی سیستەمە

سیاسییەکەی داوە. هەوڵی دابینکردنی ئاسایش، بەرژەوەندی، هێزی داوە، تا گەیشتن بە ناوەندی هێز لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا. کاری کردووە بۆ پشتبەخۆبەستن نەوەك پشت بەوان بەستن یان پشت بەستن بە زلهێزەکان، پاشکۆیایەتی ڕەتکردۆتەوە. هەوڵی هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیا و ئەزموونی شۆڕشی ئیسلامی داوە وەك ڕێگایەك بۆ زیادکردنی هێزی نەرمی خۆی. پشتیوانی لە بریکار (پرۆکسی)ـە لانگرەکانی کردووە وەك ئامرازێك بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی. نەبوونی متمانە و نادڵنیایی ئاسایشی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا بەگشتی زاڵبووە. هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەی پاشاگەردانیی سیستەمی نێودەوڵەتین، کە ئێران دەزانێ هیچ دەسەڵاتێکی باڵاتر نییە لە سەرووی دەوڵەتانەوە تا ئەو لە هەڕەشەکان بپارێزێت، بۆیە ئێران بەگشتی ئەوەندەی لە توانایدا بووە هەوڵی زیادکردنی هێزی خۆی داوە.

سیاسەتی دەرەوەی ئێران ڕەهەندی شۆڕشگێڕی و هەناردەکردنی شۆڕش و ڕەتکردنەوەی سیستەمی نێودەوڵەتی، ڕەتکردنەوەی پاشکۆیایەتی بۆ زلهێزان و بە بنەماکردنی سیاسەتی سەربەخۆی ئێرانی، پشتیوانی کردنی ستەملێکراو و چەوسێنراوان، ڕووبەڕووبوونەوەی بلۆك و جەمسەرەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای لەخۆگرتووە، بەتایبەت ئێران پێی وابوو ئەم سیستەمەی هەیە لە خزمەت زلهێزاندایە. ئەوەتا خومەینی لە کتێبی "حکومەتی ئیسلامی، ٢٠١٠: ٢٩-٣٠" یان ئەوەی بە "ویلایەتی فەقیە" ناسراوە، دەڵێت: دروستکردنی حکومەتی ئیسلامی، لە پێویستی پاراستنی سیستەمی ئیسلامی و پارێزگاری کردن لە سەلامەتی و سەربەخۆی ئوممەتی ئیسلامیەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەوەی بەرامبەر بە گەلی موسڵمان دەکرێت بەهۆی لاوازی و نائامادەیی ئەوانەیە کە حوکمڕانی موسڵمانان دەکەن، بۆیە

حکومەتێکی باش پێویستە بۆ بەرگری کردن لە موسڵمانان و سەروەرییەکەیان لە بەرامبەر جولەکە، ئەمریکا، ئینگلیز و بیانیەکان، تەنانەت ئامادەیی بەرگری لەکاتی ئاشتیشدا هەر پێویستە.

هەروەها خومەینی لە (٢٠١٠: ٣٦) دەڵێت: پێویستە بەرەنگاری داگیرکار (إستعمار) و سیستەمەکەیان ببینەوە کە لە ڕێگەی بریکارە سیاسییەکانیانەوە سەپاندوویانە، بۆیە خەڵك بۆ ستەملێکراو و ستەمکار، چەوسێنراو و چەوسێنەرەوە، دابەشبووە. لەبەرئەوەی ستەملێکراو و چەوسێنراوەکان توانایان نییە بە تەنها بەرەنگاری حوکمڕانەکانیان ببنەوە و خۆیان ڕزگار بکەن، بۆیە لەسەر ئێمە پێویستە پشتیوانی کەسانی ستەملێکراو و چەوسێنراوە لە هەموو شوێنێکی دونیادا بکەین. لەبەرئەوە ئەرکی ئێمەیە چەوسێنراوەکان سەربخەین و ڕزگاریان بکەین. هەروەها خومەینی (٢٠١٠: ٣٣-٣٤) دەڵێت: پێویستە واز لە حکومەت نەهێنین... بەڵکو پێویستە بارودۆخ و کەشێکی لەبار و گونجاو ئامادە بکەین بۆ پەروەردەکردن و پێگەیاندنی نەوەیەکی چاك و باوەڕدار، کە تەختی تاغوت و ستەمکاران تێکبشکێنێت و کۆتایی بە دەسەڵاتی ناشەرعیان بهێنێت. ئێمە هیچ ڕێگەیەکمان لەبەردەمدا نییە جگە لە ڕووخاندنی ڕژێمە گەندەڵەکان، دارماندنی تەختی ئەو حوکمڕانە ناپاك و ستەمکارانەی حکومی گەلان دەکەن. ئەمە ئەو ئەرکەیە لە ئەستۆی موسڵمانان دایە لە هەر شوێنێك بن لە پێناو دروستکردنی شۆڕشێکی ئیسلامیی سەرکەوتوو. هەروەها خومەینی (٢٠١٠: ٣٥) دەڵێت: تەنها ڕێگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزە داگیرکەرەکان و ڕووخاندنی حکومەتە بریکار و بەکرێگیراوەکانی ئیستعمارەکان و سەربەخۆیی، بریتییە لە دروستکردنی حکومەتی ئیسلامی.

ئەمەش لە بڕگە و ماددەکانی دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران دا ڕەنگی داوەتەوە، هەروەك ماددەی ١٥٤ـی دەستوور ئاماژە بەوە دەکات ئامانجی پیرۆزی باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران خۆشگوزەرانی مرۆڤە لە هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکاندا، باوەڕی وایە سەربەخۆیی، ئازادی، حکومەتی ڕاست و دادپەروەر مافی هەموو گەلانی جیهانە، بۆیە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو هەوڵێك بۆ پاڵپشتی، هاوکاری، بەرگری کردن لە مافی گەلانی چەوسێنراو و ستەملێکراو و ژێردەست، دەدات. لە دژی ستەمکاران و خۆبەزلزانەکان لە هەر شوێنێکی جیهان بن دەوەستێتەوە و بێ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ لە کاروباری گەلانی دیکە (دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران، ٢٠١٨: ١٢٩-١٣٠).

لێرەدا ئامانج و ئاماژەی ڕوون دیارن کە سروشت و کرۆکی سیاسەتی دەرەوەی ئێران چوارچێوەی هەرێمیش تێپەڕ دەکات، ڕەهەندی جیهانی وەردەگرێت، سیاسەتی دەرەوەی ئێران سنوورەکان تێپەڕ دەکات، بە شوناسی ئیسلامیانە هەوڵی بەدەستهێنانی کاریگەری و هەژموونی جیهانی دەدات، بەوەی بە دوای کۆمەڵێك ئامانجی باڵای جیهانیەوەیە. لەبەرئەوەی نەك تەنها دەیەوێ مانەوەی خۆی مسۆگەر بکات، بەڵکو دەیەوێت گۆڕینی ڕژێم و سیستەمەکان لە تەواوی جیهان بەپێی کارنامە و دیدگای خۆی بەرجەستە بکات، چونکە ئەمە سیاسەتێکە ئامانجی هەرێمی و جیهانی قووڵی هەڵگرتووە. بە مانایەکی دیکە بنەما و دیدگاکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران، وەك دیدگا و ئامانج و بنەمای دروستکردنی زلهێزێك خۆیان نمایش دەکەن. ئێران خۆی بە بەرپرس دەزانێت لە جیهانی ئیسلامی بەگشتی و جیهانی شیعە

بەتایبەتی. لە ژێر ناوی پشتیوانی کردن لە چەوساوان و بەرەنگاربوونەوەی ستەمکاران هەوڵ دەدات پەل و پۆ بۆ دەرەوەی جیهانی ئیسلامیش بهاوێژێت.

سەبارەت بە خوێندنەوەی تیۆرەکە بەشێوەیەکی تایبەت بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق، ئەوا تیۆرەکە بە تەواوی گریمانەکانیەوە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ماوەی ئەحمەدی نەژاد بەرامبەر بە عێراق جێبەجێ دەبێت. لە ماوەی ئەحمەدی نەژاددا پاڵنەری سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق، پاشاگەردانیی سیستەمی نێودەوڵەتی بووە، چونکە ئێران درکی کردووە بەوەی هیچ دەسەڵاتێکی باڵاتر نییە لە سەرووی دەوڵەتانەوە تا بیپارێزێت، بۆیە وەك باشترین ئامراز سیستەمی پشتبەخۆبەستنی پەیڕەو کرد و هەوڵی دروستکردنی هێزی سیاسی و سەربازی لایەنگیری خۆی دا لە عێراق وەك ئامرازێك بۆ بەهێزکردنی خۆی لە ڕێگەی هێزی نەرم و زبر (Soft and Hard Power)ـەوە، هەروەها هەوڵ هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیا و شۆڕشی ئیسلامی بۆ عێراق داوە وەك ئامرازێك بۆ زیادکردنی هێزی نەرمی خۆی. ئێران کاری کردووە بۆ زیادکردنی هێزیی سیاسی، ئاسایشی، سەربازی، بەدەستهێنانی زۆرترین ڕاددەی ئاسایش، لە ڕێگەی لایەن، حیزب و میلیشا شیعەکانی عێراق کە هاوپەیمانی خۆی بوون. ئامانجیشی لەم هەوڵەیدا مسۆگەرکردنی مانەوە و ئاسایشی خۆی بووە. لەبەرئەوەی ئێران پێی وابووە ئاسایشەکەی لە مەترسیدایە بۆ نموونە: بەهۆی بوونی هێزەکانی ئەمریکا (عەلائەددین، ٢٠٢٠؛ یەکەی شیکارییە سیاسییەکان لە ناوەندی عەرەبی: ٢٠١٤؛ بارزانی أ، ٢٠٢٣: ٢٥٩-٢٦٠؛ ئاژانسی هەواڵی نێودەوڵەتیی تەسنیم، ٢٠١٤؛ ئایزنستاد، ٢٠١٥؛ کۆمەڵەی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان، ٢٠٠٥؛ خولی، ٢٠١٦).

هەروەها ئێران ویستی نموونەی ئایدۆلۆژی خۆی و شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بگوازێتەوە بۆ عێراق. حەوزەی نەجەف و مەڕجەعەکانی لاواز بکات، چونکە ئێران دڵنیا نەبوو لە نیازی هاوپەیمانە شیعەکانی، دەترسا لە ئایندەدا عێراق ببێتەوە ڕکابەری هەرێمیی ئێران، بەتایبەت کە مەڕجەعیەتی نەجەف ڕێبەرایەتیی زۆرینەی شیعەکانی جیهان دەکات. بەمەش نەبوونی متمانە و نادڵنیایی لە پەیوەندییە دەرەوە و سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق زاڵ بووە. هەروەها ئێران ژیرانە میلیشاکان و پرۆکسییەکانی وەك ئامراز بۆ دەستەبەرکردنی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی بەکارهێنا، بەهۆیان ئەم میلیشایانەوە پێگە و ئامادەیی سەربازی خۆی زیاتر کرد. وەك باشترین ئامرازی مانەوە کە پشتبەخۆبەستن و هێزی سەربازییە (منەتی و هادیان، ٢٠١٩: ٩؛ غەربی، ٢٠١٩: ١١٥؛ هاشم ٢٠٢٣: ١٣٣-١٣٨؛ نادر، ٢٠١٥؛ کەریمی و توتی، ٢٠١٥: ١٧٧؛ کاگان و هاوڕێکانی، ٢٠٢٢: ٢٢-٢٥؛ موحەممەد و هاوڕێیانی، ٢٠١٧؛ موستەففا، ٢٠١٩؛ موراد، ٢٠٢٠: ٩٨).

بەهەمان شێوە ئەو گریمانانەی تیۆری ڕیالیزم لەسەر سیاسەتیی دەرەوەی ئێران لە ماوەی حەسەن ڕۆحانی بەرامبەر بە عێراق جێبەجێ دەبن. بەوەی ئێران وەك بکەر (ئەکتەر)ـێکی ژیر هەوڵی پارێزگاری کردن لە خۆی و ئەزموونی حکومڕانی شیعە هاوپەیمانەکانی دا لە عێراق، لە ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی داعش، گشتپرسیی سەربەخۆییی هەرێمی کوردستان، ژیرانە مامەڵەی لەگەڵ ئەمریکا لە عێراق کرد. هەروەها حیزب، لایەن و میلیشاکانی وەك هێزی زبر و نەرم بەکارهێنا بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی، ئەمەش کۆکە لەگەڵ ئەو گریمانەیەی تیۆری ڕیالیزمی بونیادی کە دەوڵەتان ئەکتەرە سەرەکی و ژیرن لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا،

ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان دەستکەلان و ئامرازن لە لایەن دەوڵەتانەوە بەکاردەهێرێن. بۆ پارێزگاری کردن لە پێگەی خۆی، ئێران کاری کرد بۆ دروستکردنی هێزێکی ئایدۆلۆژیایی و مەزهەبی بە ناوی حەشدی شەعبی، وەك: نموونەیەکی زەقی هەناردەکردنی شۆڕش و هێزێکی سەربازی سەر بە ئێران. ئێران عێراقی وەك دەروازەیەك بەکارهێنا بۆ پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندییە سیاسی، ئایدۆلۆژی، ئابووری، ستراتیژییەکان...هتد لە ناوچەکە (تاها، ٢٠١٨: ٦؛ حاتەم، ٢٠١٩: ١٧٥؛ منەتی و هادیان، ٢٠١٩: ٧؛ ئارانگۆ، ٢٠١٧؛ ڕۆیتەرز، ٢٠١٧؛ شەڕقولئەوسەت، ٢٠١٧؛ زوەیری، ٢٠١٧؛ بارزانی، ٢٠٢٠: ١١١-١١٤؛ سینکایا، ٢٠١٧؛ ئەلدوشی، ٢٠٢٠؛ سەعدی، ٢٠٢١: ١١- ١٥؛ موراد، ٢٠٢٠: ٩٨).

کەواتە گریمانەکانی تیۆری ڕیالیزمی بونیادی گریمانەی گونجاون بۆ خوێندنەوە و شرۆڤەکردنی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠٠٥ـەوە بۆ ٢٠٢١، کە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی دەگرێتەوە.

## ٣. ٣. ٣ ڕیالیزمی بەرگریخواز (الواقعية الدفاعية: Defensive Realism) و ڕیالیزمی هێرشخواز (الواقعية الهجومية: Offensive Realism)

ڕیالیزمی بونیادی دوو ئاڕاستەی باوی لەخۆگرتووە، کە بریتین لە ڕیالیزمی بەرگریخواز و ڕیالیزمی هێرشخواز. هەر یەکێك لەم دوو ئاڕاستەیە چەندین بیریاری هەیە، یەکەمیان لەلایەن کینس واڵتزەوە و دووەمیان لەلایەن جۆن مێرشایمێرەوە ڕێبەرایەتی دەکرێت (ئەلعەدیلە، ٢٠١٥: ٢٢٥-٢٢٨؛ مێرشایمێر، ٢٠٠١: ٣-١١؛ ئەلعگەیلی، ٢٠٢١: ٣٠).

ئەم دوو ئاڕاستەیە بەرهەمی دروستبوونی دیدگای جیاوازە لەبارەی ڕاددەی ئەو هێزەی دەوڵەت پێویستییەتی لە شانۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. هەروەك مێرشایمێر (٢٠١٣: ٧٧ - ٧٨) دەڵێت: لایەنگرانی ڕیالیزمی بونیادی دابەشبوونێکی گەورەیان لە ناودا هەیە، ئەویش سەبارەت بە وەڵامی ئەو پرسیارەیە: ئایا دەوڵەتان پێویستیان بە چەندێك هێز هەیە؟ لایەنگرانی ڕیالیزمی بەرگریخواز، وەك: کینس واڵتز، باوەڕیان وایە گەمژەییە دەوڵەتان هەوڵی زیادکردنی هێزی خۆیان بدەن، چونکە سیستەمی نێودەوڵەتی بە توندی سزای ئەو دەوڵەتانە دەدات کە بیانەوێت پشکێکی زۆر لە هێزی جیهانی بەدەستبهێنن. بەڵام لایەنگرانی ڕیالیزمی هێرشخواز، وەك: جۆن مێرشایمێر بۆچوونێکی پێچەوانە و جیاوازیان هەیە، چونکە ئەوان باوەڕیان وایە بۆ دەوڵەتان ستراتیژی ژیرانە و عەقڵانی ئەوەیە تا بتوانن دەبێ هێزی زیاتر بەدەستبهێنن، ئەگەر بارودۆخ گونجاو و ڕەخساوبوو، ئەوا هەوڵ بدەن

بینە هەژمووندار. مێرشایمێر (٢٠١٣: ٧٧ - ٧٨) دەڵێت: مەبەستی ڕیالیزمی هێرشخواز ئەوە نییە کە داگیرکاری و خۆسەپاندن شتێکی باش بێت، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە بوونی ئەندازەیەکی زۆری هێز، باشترین ڕێگایە بۆ مسۆگەکردنی مانەوەی هەر دەوڵەتێك. مێرشایمێر (٢٠٠١: ٢) دەڵێت: بوونە هەژمووونی باشترین ڕێگە و ئامرازە بۆ مسۆگەرکردنی مانەوەی دەوڵەت.

بە مانایەکی دیکە ڕیالیزمی بەرگریخواز، پێی وایە دەوڵەتان ئەوەندە دەبێ هەوڵی بەدەستهێنانی هێز بدەن، کە مانەوەی خۆیان مسۆگەر بکەن، نابێت هەوڵی ئەوە بدەن ببنە خاوەن هەژموونی، جا چ هەژمووونداری هەرێمی یان هەژمووونداری نێودەوڵەتی و جیهانی بێ، چونکە ئەگەر وا بکەن ئەوا سیستەمی نێودەوڵەتی سزایان دەدات. بەڵام ڕیالیزمی هێرشخواز، پێی وایە دەبێ دەوڵەتان ئەوەندەی لە توانایاندایە دەبێ هەوڵی بەدەستهێنانی هێز بدەن، تا ئەو ڕادە و ئاستەی دەبنە هەژمووندار، بەڵام لەبەر ئەوەی هەژمووونداری جیهانی (الهيمنة العالمية: Global Hegemony) ئەستەمە، ئەوا بەلایەنی کەمەوە بۆ مانەوەی خۆیان دەبێ هەوڵ بدەن ببنە خاوەن هەژمووونی هەرێمی (الهيمنة الإقليمية: Regional Hegemony). مێرشایمەر (٢٠٠١: ١-٢٣؛ ٢٠١٣: ٧٧-٩٠) دەڵێت: حەزی بەدەستهێنانی هێزی زیاتر تەنها کاتێك نامێنێت کە دەوڵەتەکە بگاتە کۆتا ئامانجی خۆی کە هەژموونییە. جا لەبەرئەوەی هەژمووونی جیهانی کارێکی ئەستەمە، ئەوا باشترین بژاردە بەدەستهێنانی هەژمووونی هەرێمییە، بۆیە زلهێزەکان دەبێ هەوڵی بەدەستهێنانی هەژمووونی هەرێمی بدەن، بۆ ئەوەی ئەگەرەکانی مانەوەی خۆیان

بەهێزتر بکەن. باشترین بژاردە بۆ زلهێزەکان بەدەستهێنانی هەژموونی هەرێمییە، کە بە مانای زاڵبوون و باڵادەستبوون دێت بەسەر ناوچەیەکی دیاریکراودا.

سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ماوەی سەرۆکایەتی ئەحمەدی نەژاد بەرامبەر بە عێراق کۆکە لەگەڵ ئاراستەی ڕیالیزمی هێرشخواز، چونکە ئێران لەو ماوەیەدا هەوڵی بەدەستهێنانی زۆرترین ڕادەی هێزی داوە تا ئاستی بەدەستهێنانی هەژموونی هەرێمی. هەوڵی گێرانەوەی پێگەی هەرێمی خۆی داوە لە ڕێگەی بەدەستهێنانی زۆرترین ڕادەی هێز تا دوای ٢٠١١ پێگە و هێزی ئێران گەیشتە بەرزترین ئاستەکانی لە عێراق. ئێران هەوڵی بەدەستهێنانی زۆرتری ڕادەی ئاسایش، دەستەبەرکردنی هەژموونی لە کایەی سیاسی عێراق، گۆڕینی سیستانی و لاوازکردنی مەرجەعییەتی نەجەف و هەنادەکردنی ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهی داوە. ئەمانەش وەك هەوڵێك بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ڕادەی هێز و گەیشتن بە هەژموونی لە عێراق لێکدەدرێتەوە، کە گونجاوە لەگەڵ ئاراستە ڕیالیزمی هێرشخواز (منەتی و هادیان، ٢٠١٩: ٩؛ ماسۆن، ٢٠١٢: ١٦؛ قادر، ٢٠٢٠: ١٤٥؛ غەربی، ٢٠١٩: ١١٥؛ هاشم ٢٠٢٣: ١٣٣-١٣٨؛ نادر، ٢٠١٥؛ کەریمی و توتی، ٢٠١٥: ١٧٧؛ کاگان و هاوڕێکانی، ٢٠٢٢: ٢٢-٢٥؛ ئەلعوبەیدی، ٢٠١١: ٨٦؛ موحەممەد و هاوڕێیانی، ٢٠١٧؛ موستەففا، ٢٠١٩؛ موراد، ٢٠٢٠: ٩٨).

سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی حەسەن ڕۆحانیدا، ئەوا ئاراستەی ڕیالیزمی بەرگریخوازی لەسەر جێبەجێ دەبێت، چونکە لەسەردەمی حەسەن ڕۆحانی دا ئێران هەوڵی بەدەستهێنانی ئەوەندە هێزەی دا کە پارێزگاری لە

پێگەی خۆی بکات، هەوڵی زیادکردنی هێزی خۆی بە ڕەهایی نەدا. ئێران؛ لایەن و حیزب و میلیشا شیعەکانی بەکارهێنا بۆ پارێزگاری کردن لە پێگەی خۆی لە عێراق و ناوچەکەدا. ئەگەرچی لە کاردانەوەی بەرەنگاربوونەوەی داعش و گشتپرسیی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ڕۆڵ، کاریگەری و پێگەی ئێران لە عێراق و ناوچەکە بەهێزتربوو. بەڵام ئەمە بەرهەمی هەوڵی بەدەستهێنانی هێزی زۆرتر نەبوو، بەڵکو دەرئەنجامی پارێزگاری کردن بوو لە دۆخی لە ئارا (الوضع الراهن: The status quo) لە عێراق، کە ئێران پێی وابوو ئەو گۆڕانکاریانەی ڕوودەدەن لە دژی خۆی و هاوپەیمانە شیعەکانی ئەون. لەبەرئەمە ئێران سەرجەم ئامراز و کارتەکانی وەك ئەکتەرێکی ژیر بەکارهێنا بۆ پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندی و پێگەی ئێران و گەرەنتی کردنی ئاسایشی خۆی و هاوپەیمانەکانی، لە دەرئەنجامدا پێگەی ئێران بەهێزتر بوو بەهۆی زیادبوونی ئامادەیی ئێران لە عێراق (تاها، ٢٠١٨: ٦؛ حاتەم، ٢٠١٩: ١٧٥؛ منەتی و هادیان، ٢٠١٩: ٧؛ ئارانگۆ، ٢٠١٧؛ ڕۆیتەرز، ٢٠١٧؛ شەڕقولئەوسەت، ٢٠١٧؛ زوەیری، ٢٠١٧؛ بارزانی، ٢٠٢٠: ١١١-١١٤؛ سینکایا، ٢٠١٧؛ ئەلدوشی، ٢٠٢٠؛ سەعدی، ٢٠٢١: ١١- ١٥؛ موراد، ٢٠٢٠: ٩٨).

لەبەر ڕۆشنایی ئەو گەنگەشەیە، ئەوا بۆمان دەرکەوت ئەم تیۆرە دەتوانێت زۆر بە ڕێکی و بە دروستی خوێندنەوە بۆ سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بکات، چونکە زۆربەی گریمانە سەرەکییەکان و ئاڕاستەکانی ئەم تیۆرە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠٠٥ـەوە بۆ ٢٠٢١، جێبەجێ دەبن. دوای جێبەجێکردنی تیۆرەکە لەسەر نموونە (کەیس)ـەکە، دەردەکەوێت کە ئەم تیۆرە زۆر گونجاوە بۆ خوێندنەوە و شیکردنەوەی سیاسەتیی

دەرەوەی ئێران، گریمانەکانی ئەم تیۆرە بە تێروتەسەل خوێندنەوەی بۆ دەکەن. هەردوو ئاراستەی تیۆرەکەش بەهەمان شێوە بە تەواوی لەسەری جێبەجێ دەبن. یەکەمیان کە ریالیزمی هێرشخوازە بە وردی لەسەر سیاسیەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی ئەحمەدی نەژاد جێبەجێ دەبێ، چونکە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵی زیادکردنی بەدەستهێنانی هەژموونی داوە لە عێراق، بەمەبەستی بەهێزترکردنی پێگەی هەرێمیی ئێران لە ناوچەکەدا. هەروەك ئاراستەی دووەمیان کە ریالیزمی بەرگریخوازە لەسەر سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لەسەر سەردەمی حەسەن رۆحانی جێبەجێ دەبێ، چونکە هەوڵی پارێزگاری کردنی داوە لە پێگە و رۆڵی ئێران لە عێراق، بەمەبەستی پارێزگاری کردن لە پێگەی هەرێمیی ئێران لە ناوچەکەدا.

## ٢. ٤ پوختەی بەشەکە

ئەم بەشە تاوتوێی میتۆدۆلۆژی و چوارچێوەی تیۆری کرد. لە چوارچێوەی بابەتی میتۆدۆلۆژی دا باسی نەخشازیسی (دیزاین)ــی توێژینەوەکە، جۆری داتا و زانیارییە بەکارهاتووەکانی لە توێژینەوەکەدا، ڕەچاوکارییە ئەخلاقییەکان بە وردی کرا. ئەم توێژینەوەیە میتۆدی چۆنایەتی (کوالّتەیتڤی) بەکارهێناوە، چونکە زۆر گونجاوە بۆ سروشتی بابەتی توێژینەوەکە.

پاشان لە میانەی چوارچێوەی تیۆریی دا؛ کە تاوتوێی تیۆری ڕیالیزمی بونیادی کراوە، باس لەوە کراوە کە تیۆری ڕیالیزمی بونیادی زۆر گونجاوە بۆ خوێندنەوەی نموونە (کەیسی) توێژینەوەکە، چونکە زیاتر جەخت دەکاتەوە لەسەر پێکهاتە (ستراکچەر)ـی سیستەمی نێودەوڵەتی و کاریگەری و لێکەوتەکانی لەسەر ڕەفتاری دەوڵەتان لە شانۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. تەواوی گریمانەکانی تیۆرەکە خوێندنەوەیەکی ورد، دروست و هەمەلایەنی زانستی بۆ پرس و نموونە (کەیس)ـەکە دەکەن.

هەروەها لە کاتی شیکردنەوەی ئاڕاستەکانی تیۆری ڕیالیزمی بونیادی، باسی ڕیالیزمی بەرگریخواز (Defensive Realism) کرا، کە جێبەجێ دەبێ لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی حەسەن ڕۆحانیدا، چونکە ئێران لەو ماوەیەدا کاری کرد بۆ پارێزگاری کردن لە هاوکێشە و هاوسەنگییەکانی هێز و باری لە ئارا.

دواتر ڕیالیزمی هێرشخواز (Offensive Realism) تاوتوێ کرا. ئاڕاستەی ڕیالیزمی هێرشخواز لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی ئەحمەدی نەژاد جێبەجێ دەبێ، چونکە ئێران کاری کرد بۆ بەدەستهێنانی ئەوپەڕی هێز تا ئاستی هەژموونی لە کایەی سیاسی، ئاسایشی، ستراتیژی و ئابووری ...هتد. بەم جۆرە هەردوو ئاڕاستەکە خوێندنەوەی ورد بۆ سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠٠٥ـــەوە بۆ ٢٠٢١ دەکەن.

# بەشی چوارەم

# سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەژاد: ٢٠٠٥ - ٢٠١٣

## ٤.١ پێشەکی

ئەم بەشە ڕۆشنایی دەخاتەسەر پاڵنەر، بنەما و ئامانجە باڵا و سەرەکییەکانی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەژاد لە ٢٠٠٥ــەوە بۆ ٢٠١٣، لەگەڵ گەنگەشەکردنی سەرەکیترین ئاڵنگاری و دەرفەتەکانی بەردەم سیاسەتیی دەرەوەی ئێران لەو ماوەیەدا.

لە ماوەیەی نێوان ٢٠٠٥-٢٠١٣ کۆمەڵێك لایەن و ڕەهەندی جیاواز ئامادەیی و کاریگەریان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا بەرامبەر بە عێراقدا هەبووە. لەلایەك لەم ماوەیەدا ئەحمەدی نەژاد بۆ دوو خولی یەك لە دوای یەك بووە سەرۆك کۆماری ئێران. لەلایەکی دیکە ئیبڕاهیم جەعفەری سەرۆکی حکومەتی ڕێگوزەر بوو لە عێراق، پاشان نووری مالیکی بۆ دوو خول لەسەر یەك سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی کرد.

لە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەجاد وەرچەرخان لە شێوازەکانی گوزارشت کردن لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران و ڕێبازی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەگشتی و بەرامبەر بە عێراق بەتایبەتی ڕوویاندا. ئەمەش بەهۆی هاتنە ئارای کۆمەڵێك دۆخی هەرێمی و نێودەوڵەتیی ئاڵۆز و نوێ. لەبەرئەوەی ئەحمەدی نەجاد کاتێك سەرۆکایەتیی ئێرانی بەدەستەوە گرت کە ڕژێمی عێراق لەلایەن ئەمریکا لە ٢٠٠٣ ڕوخێنرابوو، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی هاوکێشە و ژینگەی سیاسیی

نوێ لە عێراق و ناوچەکە. ئێران لە ڕێگەی شیعەکانی عێراق و هێزە نزیك و لایەنگرەکانی لە پێکهاتەکانی دیکە لە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەژاددا ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە دارِشتنی دیمەنی سیاسیی عێراق. تەنانەت لەو ماوەیەدا هەوڵی بەهێزکردنی هەژموون و پێگەی خۆیدا لە عێراق و ناوچەکە دا، لە ڕێگەی ئامرازە سیاسی، ئابووری و سەربازییەکان... هتدەوە. یوسفی (٢٠١٨: ٢٣٢-٢٣٤) باوەڕی وایە: سەرکەوتنی مەحمود ئەحمەدی نەژاد لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ بووە هۆی گۆڕانکاری لە ڕێباز (نەهج)ـی سیاسەتی دەرەوەی ئێران، بەوەی پەیڕەو و ڕێبازی گفتوگۆ پاشەکشەی کرد و ڕێبازی بەرەنگاربوونەوە و ئایدۆلۆژیی توندڕەوی ئیسلامی زاڵ بوو لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا. ئەحمەدی نەژاد باوەڕی وابوو کە ئێران مافی ئەوەی هەیە وەك دەوڵەتێکی بەهێز لە ناوچەکەدا دەربکەوێت و پێگەی شایستەی خۆی دەبێ بۆ بگەڕێتەوە. بەم هۆیە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاد لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە قبوڵکراو نەبوو، چونکە بیرکردنەوەی بە ئاڕاستەی گۆڕینی دۆخی لە ئارادا بوو.

لەم بەشەدا؛ سەرەتا باسی بنەما و پاڵنەرە سیاسی، ئایدۆلۆژی، ئاسایشی، ئابووری و هەرێمییەکان دەکەیەن لە سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاد لە ٢٠٠٥ـەوە بۆ ٢٠١٣، کە کارایی و کاریگەریان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەو ماوەیەدا هەبوو. دواتر ڕۆشنایی دەخرێتە سەر سەرەکیترین ئاڵنگاری و دەرفەتەکانی بەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لەو ماوەیەدا.

## ٤. ٢ هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هەژموونی لە کایەی سیاسیی عێراقیدا

پاڵنەری سیاسی؛ یەکێکە لە پاڵنەرە کاریگەرەکان کە ئامادەیی هەبووە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی دوو خولی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەژاددا. ئێران هەوڵیداوە ئامانجی سیاسی خۆی کە بریتییە لە بەدەستهێنانی جۆرێك لە هەژموونی و باڵادەستی لە عێراق بەدەستبهێنێت. ئایزنستاد "Eisenstadt" (٢٠١٥) بۆچوونی وایە: ئێران پاڵپشتی لە هێز و لایەنە شیعەکانی ناو عێراق کرد، لە پێناو مسۆگەرکردنی هاتنە سەر دەسەڵاتی حکومەتێکی لایەنگیری تاران، بە جۆرێك کە حکومەتەکە لەلایەن زۆرینەی شیعەوە پێکبهێنرێت. لەم سۆنگەیەوە ئێران بەجددی کاری کرد و هانی هاوپەیمانە نزیکەکانی دا، وەك: سوپای بەدر، ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق، حیزبی دەعوە و ڕەوتی سەدر، لە پێناو بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی و بونیادنانەوە و دروستکردنەوەی دامەزراوەکانی عێراق. ئەم پاڵپشتییەی ئێران بۆ شیعەکان بۆ ئەوە بووە کە بایەخە دیمۆگرافییەکەیان بۆ کاریگەری (نفوذ)ی سیاسی بگۆڕن و سەروەری شیعە لە بەغداد بەهێز بکەن، بەجۆرێك کە ببێتە هۆی باڵادەستی هاوپەیمانەکانی ئێران لە عێراق.

داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە ٢٠٠٣ پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێرانی داڕشتەوە. عێراق لە دوژمن و ڕکابەرێکی هەرێمیەوە بووە هاوپەیمانییەکی هەرێمی بۆ ئێران. ئێران بۆشایی دەسەڵاتی لە عێراق قۆستەوە. هاتنی حکومەتێکی زۆرینە شیعە لە بەغداد بۆ سەر دەسەڵات، دەرگای خستەسەر پشت بۆ ئەوەی ئێران

کاریگەری (نفوذ)ـی خۆی لە دەوڵەتانی دەوروبەردا زیاتر بکات، بۆیە ئێران پەیوەندییەکانی لەگەڵ قەوارە سیاسییە جیاوازە عێراقییەکاندا بەهێزکرد، بەتایبەتی لەگەڵ کۆمەڵە سیاسی و چەکدارییە شیعەکان، کە کاریگەرییەکی سیاسی مەزنیان لە عێراقدا هەیە (کۆمەڵەی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان، ٢٠٠٥؛ غەربی، ٢٠١٩ أ: ٣٤). کۆمەڵە سیاسی و چەکدارییە شیعەکانی عێراق کاریگەری ئێرانیان لە ژینگەی سیاسی عێراقدا کردە واقیع (سەلوم، ٢٠٢٤).

ئەمەش کۆکە لەگەڵ ئەو دیدگایەی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران کە خۆی دەبینێتەوە لە پاڵپشتی کردن لە چەوساوەکان، بۆیە ئێران بە ئەرکی خۆی زانی پشتیوانی کەسانی ستەملێکراو بکات، "چونکە ستەملێکراو و چەوسێنراوەکان توانایان نییە بە تەنها بەرەنگاری حوکمڕانەکانیان ببنەوە و خۆیان ڕزگار بکەن، بۆیە ئەرکی ئێمەیە پشتیوانی کەسانی ستەملێکراو و چەوسێنراو لە هەموو شوێنێکی دونیادا بکەین و چەوسێنراوەکان سەربخەین و ڕزگاریان بکەین" (خومەینی، ٢٠١٠: ٣٦).

گۆڕینی ڕژێمی سیاسی لە عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە ٢٠٠٣، ئەگەرچی ئامانجی سیاسیی ئەمریکا و لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی ئەودا بوو، بەڵام ئەم هەنگاوە تەواو کۆك بوو لەگەڵ ئامانج و بەرژەوەندییەکانی ئێران بەتایبەت ئامانجە سیاسییەکانی بەوەی حکومەتێکی زۆرینەی شیعەی لایەنگری ئێران لە عێراق هاتە سەر دەسەڵات (خولی، ٢٠١٦). کەواتە ئەوەی گۆڕانی دروستکرد لە ڕێبازی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق، پەیوەندییەکانی ئێرانی لەگەڵ عێراق دارشتەوە بریتی بوو لە کاریگەرییە دەرەوە و پێشهاتە نوێیە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، کە گرنگترینیان

داگیرکردنی عێراق بوو لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە. ئەمەش دەرخەری ڕاددەی کاریگەری پاڵنەری پاشاگەردانیی سیستەمی نێودەوڵەتییە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران.

ئەحمەدی نەجاد لە ماوەی سەرۆکایەتیی خۆیدا (٢٠٠٥-٢٠١٣)، دووجار سەردانی فەرمی بۆ عێراق ئەنجام داوە. سەردانی یەکەم لە ٢٠٠٨ بوو، کە یەکەمجار بوو سەرۆك کۆمارێکی ئێران لە دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ١٩٧٩ـەوە سەردانی بەغدادی پایتەختی عێراق بکات. سەردانی دووەمیشی لە ٢٠١٣ بوو. لەم سەردانانەیدا دیداری لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی عێراق هەبووە، ناوبراو پاڵپشتی ئێرانی بۆ حکومەتی عێراق دووپاتکردەوە (بی بی سی نیوز، ٢٠١٣). هەرچەندە دەوڵەتی عێراق لەو ماوەیەدا لەژێرد داگیرکاری ئەمریکادا بوو، هیچ سەروەرییەکی نەبوو، بەڵام چونکە حکومەتی زۆرینەی شیعە لە عێراق دروستکرابوو، ئەوا ئەحمەدی نەژاد سەردانی بەغدادی کرد، بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسییەکانی، کە بریتی بوو لە بەدەستهێنانی جۆرێك لە هەژموونی لە کایەی سیاسی عێراقدا، بەوەی زۆرینەی شیعە جڵەو (کۆنترۆڵ)ـی کایەی سیاسی عێراق بکات. ئەمەش کۆکە لەگەڵ ئەو گریمانانەی ڕیالیزمی بونیادی کە ئاماژە بەوە دەدەن: دەوڵەتان ئەکتەری ژیرن، کار دەکەن بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین بەرژەوەندییەکانیان دەکەن بە کەمترین زیان. کار دەکەن لە پێناو مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانیەکانیان لە گۆڕەپانی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا (میسباح، ٢٠١١: ٢٨-٢٩).

عەلائەددین (٢٠٢٠) باوەڕی وایە: دوای لەناوبردنی ڕژێمی بەعس لە عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، ئێران بە دەرفەتی زانی کە کار بکات بۆ ڕیشەداکوتین و بەهێزکردنی کاریگەری و هەژموونی شیعە لە کایە جیاوازەکانی عێراقدا. لەبەرئەمە، ئێران هەوڵیدا پێگەی هێزە سیاسییە شیعەکان لە ناو عێراقدا بەهێز بکات، هانی دان دەستبگرن بە دەسەڵاتەوە و هیچ کەمتەرخەمییەك نەنوێن و ئەو دەرفەتە لەدەست نەدەن. لە پێناو دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجەدا هەموو هەوڵەکانی خستەگەڕ. تەنانەت ئێران بودجەی گەورەی تەرخان کرد بۆ پاڵپشتی کردن لە کەسایەتی و سیمبولە عێراقییەکان، کە پێشتریش لە سەردەمی ئۆپۆزیسیۆنیدا پاڵپشتی لێدەکردن. ئێران سیاسەتێکی وای پەیڕەوکرد کە ئەوانەی لایەنگیر و دڵسۆزی ئێرانن ببنە سیمای دیمەنی سیاسی لە عێراق و بەهەموو شێوەیەکیش پاڵپشتی لێیان کرد، ئەمەش نەك تەنها بۆ مسۆگەرکردنی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئێران لە عێراق، بەڵکو تا لە ئاستی ناوچەکەش پێگەی ئێران بەهێزتر بکات. ئەم هەوڵانەی ئێران بەرهەمداربوون، بۆ نموونە: یەکەم حکومەتی کاتی بەسەرۆکایەتی ئیبراهیم جەعفەری دروستکرا. یەکەم سەردانی جەعفەریش بۆ ئێران بوو (بارزانی، أ. ٢٠٢٣: ١٧٩؛ ئیلاف: ٢٠٠٥). کەواتە ئەم سیاسەتەی ئێران بەرهەمدار بوو و توانی ئامانجەکەی بەدەستبخات، ئەویش کۆنترۆڵ کردنی حوکمڕانی عێراق بوو، لەلایەن زۆرینەی شیعەی لایەنگری ئێرانەوە. شیعە لایەنگرەکانی ئێران جۆرێك لە باڵادەستیان بەدەستهێنا بەهۆی زۆری ڕێژەیان و لاوازی سوونە. ئەمەش لە دەرئەنجامدا بووە هۆی باڵادەستی ئێران بەسەر دیمەنی سیاسیی عێراقدا. ئەم سیاسەتەی ئێران ڕەنگدانەوەی تەواوی لەسەر سیاسەتیی دەرەوەی عێراقیش هەبوو، بەوەی سەرۆك وەزیران جەعفەری وەك یەکەم

وڵات سەردانی ئێرانی کرد، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هاوکێشەکان لە بەرژەوەندی ئێران گۆڕاون و داڕێژرانەوە.

بەپێی بۆچوونی سەمادی: عێراق ئەگەرچی دەوڵەتێکی داگیرکرا بوو لەلایەن ئەمریکاوە، بەڵام ئەمە ڕێگر نەبووە لەوەی ئەحمەدی نەژاد سەردانی فەرمی بۆ بەغداد بکات، وەك یەکەم سەردان کە سەرۆك کۆمارێکی ئیسلامیی ئێران بۆ بەغداد ئەنجامی بدات. شتێکی ڕوونە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە بایەخەوە دەیڕوانیە وەرچەرخانە سیاسییەکانی عێراق، کە بەهۆیەوە سیستەم و ڕژێمی سیاسی عێراق بووە یەکێك لە نزیکترین سیستەم و ڕژێمەکان لە ئێران، لەسەر ئاستەکانی سیاسی و مەزهەبی، بەهۆی هاتنە سەر دەسەڵاتی زۆرینەی شیعە لە عێراق (ئەلجەزیرە أ، ٢٠٠٨). بەڵام ئەحمەدی ئاماژە بەوە دەکات: ئەو وەرچەرخانەی لە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێراندا ڕوویدا بەجۆرێك گەورەبوو کە پاراستنی ئەو پەیوەندییانە بوونە بەشێك لە ئامانجە باڵاکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران. ڕاستە ئێران دژی داگیرکاری ئەمریکا بوو، بەڵام ئەمە ڕێگر نەبوو لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕژێمی دەسەڵاتدار لە عێراق، کە حکومەتێکی شیعی هاومەزهەبی ئێران بوو (ئەلجەزیرە أ، ٢٠٠٨). کەواتە بوونی ئەمریکاش ڕێگر نەبووە لەبەردەم سیاسەتەکانی ئێران لە فراوانکردنی کاریگەری (نفوذ) و هەژموونی سیاسی خۆی لە عێراق، لە ڕێگەی پاڵپشتی کردن لە حکومەتی زۆرینەی شیعە لە بەغداد. هەروەها سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەم ماوەیەدا کاری کردووە بۆ مسۆگەرکردن و چەسپاندنی دەسەڵاتی زۆرینەی شیعە لە ڕژێمی نوێی عێراقدا، لە پێناو دەستەبەرکردنی ئامانجە سیاسییەکانی ئێران.

ئەمەش کۆکە لەگەڵ ئەو گریمانەیەی تیۆری ڕیالیزمی بونیادی کە پێی وایە: بونیاد (پێکهاتە)ـی سیستەمی نێودەوڵەتی کە پاشاگەردانییە، پاڵنەری سەرەکی و بنەڕەتیی مامەڵە و هەڵسوکەوت و سیاسەتی دەرەوە دەوڵەتانە (واڵتز، ١٩٧٩: ١١١؛ میسباح، ٢٠١١: ٢٨-٢٩). هیچ دەسەڵاتێك نییە لە سەرووی دەوڵەتانەوە کە جڵەوگیر (کۆنترۆڵ)ـی هەمووان بکات لە ناو سیستەمەکە (واڵتز، ١٩٧٩: ٨٩). لەبەرئەوە ئێران هەوڵیدا بە بەهێزکردنی شیعەکانی عێراق، لە ڕێگەی بەشداری پێکردنیان لە کایەی سیاسی عێراقی و جڵەوگیر (کۆنترۆڵ)ـی حوکمڕانی عێراق، پارێزگاری لە بوون و ئاسایشی کۆماری ئیسلامیی ئێران بکات، ئەویش لە ڕێگەی بەدەستهێنانی زۆرترین ئەندازەی هێز لە کایەی سیاسی عێراقدا، تا ڕاددەی هەژموونی. ئەمەش کۆکە لەگەڵ ئاڕاستەی ڕیالیزمی هێرشخواز، کە بەدەستهێنانی زۆرترین ڕاددەی هێز تا ئاستی هەژموونی، باشترین ئامرازی مسۆگەرکردنی مانەوەی دەوڵەتە (مێرشایمێر، ٢٠٠١: ٢).

ئێران بە جۆرەها ئامراز، شێواز، ڕێگا و دامەزراوە کاری کرد بۆ ئەوەی دیمەنی سیاسی لە عێراق بەو جۆرە بێ کە خۆی دەیەوێت. وەك ئامرازی دیپلۆماسی، سەربازی، میلیشایی، ئاسایشی، ئایدۆلۆژی ئابووریی..هتد. ئێران بەهێزترین و زۆرترین ئامادەیی دیپلۆماسی لە عێراق هەیە بەراورد بە وڵاتانی دیکە، جگە لە باڵیۆزخانەکەی لە بەغداد، ئەوا کونسوڵخانەی لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، نەجەف، کەربەلا و بەسرە هەیە. لە پاڵ ئامادەیی کارای سوپای قودسی ئێرانی لەم هاوکێشە سیاسیانەدا، بۆ نموونە: هەردوو باڵیۆزی ئێرانی حەسەن کازم قومی و حەسەن دانایی فەر کە دوای ساڵی ٢٠٠٣ لە بەغداد کاریان دەکرد، پێشتر لە ناو

ڕیزەکانی سوپای قودسیی پاسداراندا بوون (تاها، ٢٠١٨: ٥؛ ئایزنستاد، ٢٠١٥). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ماوەی سەرۆکایەتی مەحمود ئەحمەدی نەژاد بەرامبەر بە عێراق زیاتر دامەزراوە سوپایی و ئاسایشییەکان ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان تێدا هەبووە، بەتایبەت سوپای قودسی پاسدارانی ئێران.

سەبارەت بە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانی ٢٠٠٥ و ٢٠١٠ و هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، ئێران کاری کرد بۆ کاریگەریی دانان لە سەر ڕەوتی هەڵبژاردنەکان و پێکهێنانی کابینەی حکومەت بەو جۆرەی کە شیعە جڵەوی (کۆنترۆڵ)ـی حوکمڕانی عێراق بکەن. ئایزنستاد (٢٠١٥) پێی وایە: ئێران لە ڕێگەی پارەدارکردن و پێدانی ڕاوێژ، ویستی کاریگەری لەسەر ڕەوتی هەڵبژاردنەکان دابنێت. هەروەك قاسم سولەیمانی، سەرۆکی سوپای قودس ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەتی عێراقی لە ٢٠٠٥. تەنانەت ڕۆڵی بینی لە ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە نێوان ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراق سوپای مەهدی لە ٢٠٠٧، لە نێوان حکومەت و سوپای مەهدی لە ٢٠٠٨. ئێران پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ زۆربەی هێز و لایەنە سیاسییە عێراقییەکان هەبوو، بەتایبەت ئەوانەی پێشتر وەك ئۆپۆزیسیۆن کاریان دەکرد و لەلایەن ئێرانیشەوە پشتگیریان دەکرا، بۆ نموونە حیزب و لایەنە شیعە و کوردییەکان. ئەمەش کۆکە لەگەڵ ئەو گریمانەیە ڕیالیزمی بونیادی کە پێی وایە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان ئامرازی دەستی دەوڵەتانن (مێرشایمێر، ٢٠١٣: ٧٦-٨٠). ئێران توانی سەرکەوتووانە لایەنە سیاسی و میلیشاییە شیعەکان

وەك ئامراز بۆ بەردەوامیدان بە کاریگەری خۆی لەسەر کایەی سیاسی عێراق بەکاربهێنێت.

دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ ئێران ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە کۆکردنەوەی ماڵی شیعە بۆ پشتیوانی کردن لە نووری مالیکی، وەك سەرۆك وەزیرانی عێراق. لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ ئەگەرچی لیستەکەی ئەیاد عەلاوی ٩١ کورسی هێنا، لە بەرامبەردا لیستەکەی نووری مالیکی ٨٩، بەڵام بەهۆی کاریگەری و ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی ئێران، دووبارە مالیکی حکومەتی نوێی پێکهێنایەوە. لەکاتێکدا لیستەکەی مالیکی براوەی هەڵبژاردنەکان نەبوو. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پشتیوانیەی کە ئێران لە مالیکی دەکرد وەك هاومەزهەب و هاوپەیمانی متمانە پێکراوی خۆی. تەنانەت ئیدارەی ئۆباماش لەبەرامبەر سەرکەوتنی ویستی ئێران لە دانانەوەی مالیکی، پاساوی بەوە هێنایەوە کە ئەیاد عەلاوی توانای پێکهێنانی کابینەی حکومەتی نییە. ئەمەش دانپێدانانی ناڕاستەوخۆی ئەمریکا بوو بە کاریگەری و ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی ئێران لە هاوکێشە سیاسییە عێراقییەکاندا (یەکەی شیکارییە سیاسییەکان لە ناوەندی عەرەبی: ٢٠١٤؛ بارزانی أ، ٢٠٢٣: ٢٥٩-٢٦٠).

لەلایەکی دیکە، ئێران لە ماوەی نێوان ٢٠٠٥-٢٠١٣ زیاتر لە ١٠٠ ڕێککەوتننامە و لێکتێگەیشتنی لەگەڵ عێراق واژوو کرد (منەتی و هادیان، ٢٠١٩: ٩). بەڵام بوونی حکومەتێکی زۆرینەی شیعە لە عێراق و پەیوەندیی تۆکمەی سیاسی ئێران لەگەڵ دەستەبژێری سیاسی حوکمڕانی عێراق خواستی کۆتایی ئێران نەبوو. لەبەرئەوەی

ئامانجی ئێران دەستەبەرکردنی هەژموونی بوو لە کایەی سیاسی عێراقدا بەجۆرێك کە پاراستنی بوون و ئاسایشی سیستەمی ئێران مسۆگەر بکات. لەبەرئەمە ئێران لە ڕێگەی لایەنە شیعەکانی عێراق کاری کرد بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتننامەی دۆخی هێزەکان (سۆفا) لە نێوان عێراق و ئەمریکا لە ٢٠٠٨ز دەربارەی دۆخی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، کە بەپێی ڕێککەوتنەکە هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا تا کۆتایی ساڵی ٢٠١١ دەبوایە بە تەواوی لە عێراق بچنە دەرەوە (ماسۆن، ٢٠١٢: ١٦). لەلایەك ئەم هەنگاوەی ئێرانیش کۆکە لەگەڵ بنەماکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران کە بریتییە لە پێویستی بەرەنگاربوونەوەی داگیرکار و ئیستعمار و سیستەمەکەیان (خومەینی، ٢٠١٠: ٣٦). لەلایەکی دیکە ئەم سیاسەتەی ئێران ڕەنگدانەوەی ئەو گریمانانەی ڕیالیزمی بونیادییە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە: ئاسایش ئامانجی باڵا و کۆتایی دەوڵەتانە. ئامانجی باڵای دەوڵەتان مانەوەیە لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتیدا. بۆیە دەوڵەتان بەدوای زیادیکردنی هێزی خۆیانەوەن، لە پێناو مسۆگەرکردنی مانەوەیان و پاراستنی پێگە و ئاسایشی خۆیان لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا (حوسێن، ٢٠١٨: ٢٨٠؛ واڵتز، ١٩٧٩: ١٢٦). هێز ئامرازە و ئامانج نییە. چاکترین ئامراز بۆ دەستەربەرکردنی مانەوەی دەوڵەت و مسۆگەرکردنی ئاسایش لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هێزە (واڵتز، ١٩٧٩: ١٢٦).

دوای جێبەجێبوونی ڕێککەوتننامەی سۆفا لە ٢٠١١ پێگەی ئێران بەهێزتر بوو، وایکرد سیاسەتی دەرەوەی ئێران کاریگەرتر بێت و ئێران لە عێراق دەستکراوەتر بێت. بۆ نموونە: ئەگەرچی هەوڵ درا لە ٢٠١٢ نووری مالیکی لە پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراق لا بدرێت، دەنگی پێویستیش لە پەرلەمان بۆ ئەم مەبەستە کۆکرانەوە. بەڵام

پاڵپشتی ئێران بۆ نووری مالیکی شکستی بەم هەوڵانە هێنا (بارزانی أ، ٢٠٢٣: ٢٩٤-٣٠٠). کاریگەری سیاسەتی دەرەوەی ئێران تەنها لەسەر کایەی سیاسی عێراق تەنها لە چوارچێوەی ناوخۆدا نەمایەوە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی لەسەر دیدگا و سیاسەتی دەرەوە عێراقیش هەبووە بەرامبەر بە وڵاتانی ناوچەکە، بۆ نموونە: حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقی لە نێوان ٢٠٠٣-٢٠١١ پەیوەندییەکی خراپیان لەگەڵ سوریا هەبوو. بەڵام دوای شۆڕشی سوریا لە ٢٠١١ لە ژێر کاریگەری ئێران، عێراق لە سیاسەتی دەرەوە خۆیدا پشتیوانی لە ڕژێمی سوریا کرد (بیدر، ٢٠١٧: ٤١).

سەبارەت بەو دامەزراوەیەی ئێران کە زۆرترین کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق هەبووە، سوپای قودس و فەرماندە قاسم سولەیمانی بووە، چونکە دۆسیەی عێراق لە دەستی ژەنەڕاڵ قاسم سلێمانیدا بوو (بارزانی أ، ٢٠٢٣: ٤٠٠). تەنانەت قاسم سولەیمانی بە هێمنی بۆ هەموو لایەکی شیکردەوە و ئەوەی سەلماندی کە خۆی نەوەك ئەحمەدی نەژاد تاکە دەسەڵاتی ئێرانە کە لە عێراق کار دەکات (گۆردۆن، ٢٠١٢).

کەواتە ڕۆڵی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە داڕشتنی دیمەنی سیاسی لە عێراق ڕۆڵێکی کاریگەر بووە لە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەژاددا. بەڵام ئەوەی ڕۆڵ و سیاسەتەکەی لە زەمینەی واقیعدا بەرجەستەکردووە، زیاتر سوپای قودس و قاسم سولەیمانی بووە نەوەك ئەحمەدی نەژادی سەرۆك کۆماری ئێران. ئەمریکا بە جۆرێك لە جۆرەکان ڕەزامەند بووە لە بەرامبەر زیادبوونی کاریگەری (نفوذ) و هەژموونی سیاسی ئێران لە عێراق. ئامانجی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەو ماوەیەدا

دەستەبەرکردنی باڵادەستی و هەژموونی سیاسی بووە بۆ لایەنە شیعە هاوپەیمانەکانی، لە پێناو مسۆگەرکردنی بوون، مانەوە و بەردەوامیی سیستەمی سیاسی ئێران. ئەو چوارچێوە و بنەمایەی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی بەرامبەر بە عێراق ڕێکخست لەم ماوەیەدا، مسۆگەرکردنی پاراستنی سیستەمی سیاسی و ئاسایشی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە، لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە هەژموونی لە کایەی سیاسی عێراقدا.

ئەگەرچی هەوڵەکانی ئێران بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە بەبێ ئاستەنگ نەبوون، بەتایبەت بەهۆی بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێران تا ئاستێکی باش سەرکەوتوو بوو لە دەستەبەرکردنی جۆرێك لە باڵادەستی و هەژموونی بەسەر کایەی سیاسی عێراقدا، گۆڕینی بایەخی دیمۆگرافی و گواستنەوەی بۆ کایەی سیاسی، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر سیاسەت و ستراتیژی عێراق هەبوو، چونکە لایەنگرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەهۆی ئەوەی ڕێژەی زۆرینەی پەرلەمانیی و حکومەتیان بەدەستهێنا بوو، ئەوا زاڵبوون بەسەر بڕیار، دیمەنی سیاسی عێراق، کە بە مانای زاڵ بوون و باڵادەست بوونی ئێران دەهات بەسەر ژیان و دیمەنی سیاسیی عێراق.

## ٤. ٣ دەستەبەرکردنی زۆرترین ڕاددەی ئاسایش وەك ئامانجی باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران

بنەما و پاڵنەرێکی دیکە کە لە کایەی سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەژاد ئامادەیی، کارایی و کاریگەری هەبووە، پاڵنەری ئاسایش بووە. هەرچەندە ئاسایش پەیوەستە بەهەموو کایەکانی ژیانی سیاسی دەوڵەتەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئاسایشی نیشتمانیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، کە خۆی دەبینێتەوە لە بوون (مان و نەمان)ــی سیستەم. لەبەرئەوەی پاراستنی بوون و ئاسایشی سیستەمی ئێران لە سەرووی هەموو ئامانج و ستراتیژێکەوەیە. ئەم بنەمایە ئێران داڕێژەری سیاسەت، ستراتیژە ناوخۆیی و دەرەوەیەکانی ئێرانە. خومەینی باوەڕی وایە: پێویستە هەموو پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی ئەرکیان پاراستنی ئاسایشی کۆماری ئیسلامی بێت (قادر، ٢٠٢٠ أ: ١٤٥). بەپێی بۆچوونی قادر (٢٠٢٠ أ: ١٤٥-١٤٦): پاراستنی ئاسایشی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناوەڕۆك و گەوهەری پرسی ئاسایشییە. لەبەرئەمە خومەینی ئەوەی خستووەتەڕوو: پاراستنی سیستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنانەت لە پاراستنی ئیمامی مەهدیش گرنگترە، چونکە ئیمامی مەهدیش خۆی فیدا دەکات لە پێناو مانەوە و پاراستنی ئیسلام. ئەرکی باڵا و بنەڕەتی هەموانە بەرژەوەندییەکانی ئەم کۆمارە ئیسلامییە بپارێزن. ئەم بۆچوونەی خومەینی کۆکە لەگەڵ گریمانەکانی تیۆری ڕیالیزمی بونیادی کە پێی وایە: لە کارلێکە

نێودەوڵەتییەکاندا نەبوونی ئاسایش زاڵە، بۆیە ئاسایش ئامانجی باڵا و کۆتاییە کە دەوڵەتان هەوڵی مسۆگەرکردنی دەدەن (حوسێن، ٢٠١٨: ٢٨٠؛ واڵتز، ١٩٧٩: ١٢٦-١٣٤).

عێراقیش وەك یەکێك لە دراوسێیەکانی ئێران بازنەی خێرای ئاسایش بۆ ئێران پێکدەهێنێت (قادر، ٢٠٢٠ أ: ١٢٨). عێراق بەشێوەیەکی بەردەوام ڕکابەرێکی هەرێمی و ستراتیژی بووە بۆ ئێران، سەرچاوەی هەڕەشە بووە بۆ سەر ئاسایشی ئێران. ئەم ڕاستییە مێژووییە قەناعەتی ئەوەی لەلایەن بڕیاربەدەستانی ئێرانی دروستکردووە، کە هەر دەستکەوتێکی هەرێمی کە عێراق بەدەستی بهێنێت، ئەوا لەسەر حیسابی ئامانج و خواست و بەرژوەندییەکانی ئێران دەبێت (غەربی، ٢٠١٩: ١١٥). هاشم (٢٠٢٣: ١٣٣-١٣٨) ئاماژە بە ئەگەری هەستانەوە و بەهێزبوونەوەی عێراق دەکات و بڕوای وایە کە: هەرچەندە ئێستا عێراق لە دۆخێکی لاوازدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا عێراق بەشێوەیەکی بەردەوام ڕکابەرێکی هەرێمی و ستراتیژی بووە بۆ ئێران. مەرج نییە ئەو دۆخە لاوازەی ئەمڕۆ عێراق تێیدایە تا سەر بێت و لەوانەیە دۆخێکی کاتی بێت، بۆیە ئێران کار لەسەر ئەوە دەکات لە ئایندەدا عێراق نەبێتەوە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ئێران، چونکە عێراق هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی تێدایە کە جارێکی دیکە ببێتەوە ڕۆڵگێڕێکی سەرەکی لە هاوکێشە هەرێمی و ستراتیژییەکاندا، بەتایبەت بەهۆی هەڵکەوتە جیۆسیاسییەکەی، دەوڵەمەندبوونی بە سامانە سروشتییەکان وەك نەوت، بوونی مەڕجەعییەتێکی بەهێزی ئاینی لە نەجەف...هتد، ئەمانە وا دەکەن ئێران لە سیاسەتی دەرەوە خۆیدا بەرامبەر بە عێراق ئاسایشیانە مامەڵە بکات.

لە سۆنگەی ئەوەی عێراق هەردەم وەك هەڕەشە بینراوە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی ئێران، بۆیە لە سەردەمی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەژاددا، ئێران هەوڵی داوە عێراق بەجۆرێك لە جۆرەکان وابەستەی ئێران بکات، کە جارێکی دیکە و لە ئایندەدا نەبێتەوە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی ئێران. ئەمەش بەهۆی کاریگەربوونی بە ئایدلۆژیای خومەینی و باڵی ڕیشەگۆڕخوازەکان (ڕادیکاڵەکان)ـە کە پرسی ئاسایشی سیستەم لە سەرووی هەموو ئامانجێکەوە دادەنێن (قادر، ٢٠٢٠ أ: ١٤٥-١٤٦).

ئەرانگۆ (٢٠١٧) پێی وایە: ئێران گۆڕانی ڕژێم لە عێراق لە ٢٠٠٣، هاتنی زۆرینەی شیعە بۆ سەر دەسەڵاتی بە دەرفەت بینی بۆ ئەوەی عێراق بکاتە دەوڵەتێکی وابەستە (پاشکۆ)ی ئێران، چونکە عێراق دوژمنێکی کۆن و لەمێژینەی ئێران بوو، جەنگی ٨ ساڵەی نێوان عێراق و ئێرانیش، دوای ساڵێك لە دروستبوونی کۆماری ئیسلامیی ئێران، سەلمێنەری ئەم ڕاستەییە. ئێران لەم هەوڵانەیدا سەرکەوتوو بوو، لە ڕێگەی پشتیوانی کردن لە دەسەڵاتی زۆرینەی شیعەوە، توانی نەك تەنها ئاسایشی خۆی مسۆگەر بکات، بەڵکو عێراقی کردە سەکۆیەك بۆ بڵاوکردنەوە کاریگەری و هەژموونخوازی و کاریگەری (نفوذ)ی خۆی لە ناوچەکەدا. ئێران لە عێراق تەنها بەشێوەیەکی ستوونی (عمودي: **Vertical**) کاری نەکردووە لەسەر بڵاوکردنەوەی کاریگەری و هەژموونی خۆی، بەڵکو بەشێوەیەکی فرەجۆر و ئاسۆیی (أفقي: **Horizontal**)ـش کاری لە عێراقدا کرد، کە هەموو کایەکانی دەوڵەتی عێراق بگرێتەوە و بریکارەکانی لە هەموو دامەزراوە و کایەکانی عێراقدا بەهێز بکات، وەك کایەی سەربازی، سیاسی، ئابووری..هتد.

ئێران بەشێکی زۆری چەکدارە میلشیا شیعە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کە پێشتر خۆی پاڵپشتی لێدەکردن، بەشداری پێکرد لە ناو دامەزراوە و هێزەکانی سوپا و پۆلیس و دەزگا ئاسایشییەکان، وەك ڕێکخراوی بەدر (ئایزنستاد، ٢٠١٥). واتە هێز و میلیشا لایەنگرەکانی ئێران بە هاندانی ئێران بەشداریان کرد لە بونیادنانەوە دامەزراوە سوپایی و ئاسایشیەکانی عێراق.

ئەمەش لەو سۆنگەیەوە دێت کە ئێران باوەڕی بە زیادکردنی ڕاددەی ئاسایشی خۆی هەیە لە ڕێگەی هێزی سەربازی و ئاسایشی هاوپەیمانانی خۆیەوە. بەگوێرەی بۆچوونی پاول (٢٠١٤، کە نادر، ٢٠١٥: ٢ ئاماژەی پێداوە): لە دوای ٢٠٠٣ـەوە ڕێژەی شیعەکان لە ناو سوپای عێراقدا لە ٥٥٪ بۆ ٩٥٪ بەرزکرایەوە. ئەمەش پێشاندەری ئەوەیە کە چۆن کار کراوە بۆ بەهێزکردنی پێگەی شیعە لە ناو دامەزراوە ئاسایشی و سەربازییەکان، لە پێناو یەکلاکردنەوەی هاوسەنگی لە بەرژەوەندی ئێران و هاوئاوازەکانی.

ئێران لە ڕێگەی ئەم هێز، جوڵانەوە و لایەنە سیاسی و چەکدارییە شیعانە بەجۆرێك کارایی سیاسەتی خۆی لەسەر عێراق دانا، کە دەکرێت بوترێت ئەم لایەنە سیاسی، هێز و میلیشیا چەکدارە شیعانە گوزارشت لە سیاسەتی قوڵ یاخود دەوڵەتی قووڵ (الدولة العميقة: Deep State)ــی ئێران لە عێراق دەکەن، ئەرکی زیادکردنی ئاسایشی ئێران لە ئەستۆ دەگرن. بە مانایەکی دیکە بوونە دەوڵەت لە ناو دەوڵەتدا.

ئەم سیاسەتی ئێرانیش کۆکە لەگەڵ ئەو گریمانانەی ڕیالیزمی بونیاد کە دەڵێت: لە پێناو مسۆگەرکردنی مانەوە و پاراستنی پێگە و ئاسایشی خۆیان، دەوڵەتان بەدوای

زیادیکردنی هێزی خۆیانەوەن (حوسێن ٢٠١٨: ٢٨٠؛ واڵتز، ١٩٧٩: ١٢٩-١٣٤). هەروەها ئەمە کۆکیشە لەگەڵ ئەو ئایەتەی قورئانی پیرۆز (ئەنفال: ٦٠) کە دەفەرمووێت: ﴿وأعدوا لهم ما استطعتم من قوة﴾ واتە: ئەوەندەی لە تواناتاندا هەیە هێز ئامادە بکەن لە دژیان.

لەلایەك، ئێران دوای ٢٠٠٥ لە ڕێگەی حیزبە شیعی و کوردییەکانەوە کاری کرد بۆ دروستکردنی فیدراڵییەتێکی لاواز لە عێراق، کە شیعە باڵادەست بێت تیایدا و زیاتر پابەندی کاریگەری و هەژموونی ئێرانی بێت. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە ئێران لە ڕێگەی هێزی نەرمەوە پاڵپشتی کۆمەڵە و حیزب و میلیشیا چەکدارە شیعەکانی کرد تا ئەم ئامانجە لە زەمینەی واقیعدا بەرجەستە بکەن. ئێران لەو ماوەیەدا پاڵپشتی کۆمەڵێك حیزب و بزوتنەوەی جیاوازی کرد بۆ زۆرترکردنی بژاردەکانی بەردەمی و دەستەبەکردنی زۆرترین ڕاددەی ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی. لەلایەکی دیکە بوونی ئەمریکا بوو لە عێراق، کە سەرچاوەی مەترسییەکی جددی و ڕاستەقینە بوو بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، چونکە ئەمریکا لە یەك کاتدا لە ئەفغانستان و عێراق بوونێکی بەهێزی سەربازی و سیاسی هەبوو، کە هەردووکیان دراوسێی ئێرانن. هەروەها پێشتریش سەرۆکی ئەمریکا جۆرج دەبلیۆ بۆش لە ٢٠٠٢ ڕایگەیاندبوو: سێ دەوڵەتی یاخیبوو، میحوەر و دەروازەی دۆزەخن کە بریتین لە کۆریای باکور، ئێران و عێراق (واشنتن پۆست، ٢٠٠٢؛ قادر، ٢٠٢٠ أ: ٢٤٦؛ ئایزنستاد، ٢٠١٥). لە دەرئەنجامدا تەنگەژەی ئاسایشی (المعضلة الأمنية: Security Dilemma) دروست بوو، چونکە ئەمریکا ئەگەرچی بە داگیرکردنی عێراق ویستی ئاسایشی خۆی زیاتر بکات، بەڵام لە بەرامبەردا ئەمە بووە هۆی هەڕەشە بۆ سەر

ئاسایشی ئێران، بۆیە ئێرانیش ناچاربوو هەوڵی زیادکردنی ئاسایشی خۆی بدات، لە ڕێگەی پشتیوانی کردن و بەهێزکردنی حیزب و لایەن و میلیشا شیعە لایەنگرەکانی لە ناو عێراق.

ئێران بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆی کاری کرد بۆ هەناردەکردنی جۆرێك لە نموونەی شۆڕشی ئیسلامی، فەراهەم کردنی دۆخێکی گونجاو بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی ئایدۆلۆژی ئیسلامیی شیعی کە سنووری جوگرافیای سیاسیەکە هاوتەریب بێت لەگەڵ ئایدۆلۆژیا مەزهەبیەکەی خۆی (کەریمی و توتی، ٢٠١٥: ١٧٧). بەپێچەوانەی ئەوەی لە ئێران ڕوویدا لە جیاکردنەوە پاسداران لە سوپای نیزامی (ئارتێش)، ئێران لە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەژاددا هێزە چەکدارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیی هاوپەیمانی خۆی بەشداری پێکرد لە دروستکردنەوەی دامەزراوە ئاسایشی و سەربازییەکانی عێراق، تا لە قوڵایی دامەزراوە هەستیارەکانی عێراقدا ئاسایشی ئێران بپارێزێت و زۆرترین ڕادەی ئاسایش مسۆگەری بکات (عەنبەر، ٢٠٢٥). ئەمەش لە نادڵنیایی ئێران سەبارەت بە ئایندەی سیاسی عێراقەوە سەرچاوە گرت بوو. لەبەرئەمە ئێران پشتی بە هاوپەیمانە متمانە پێکراوەکانی بەست لە پێناو دەستەبەرکردنی جۆرێك لە دڵنیایی سەبارەت بە ئاسایشی خۆی لە ڕێگەی هێشتنەوەی حوکمڕانی لە دەستی هاوپەیمانەکانی و بەشداری پێکردنین لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی دا. بەمانایەکی دیکە ئەو میلیشا و لایەنانەی وەك بریکار و دەستکەلا بەکارهێنا بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایشی خۆی.

ئەمەش کۆکە لەگەڵ ئەو گریمانانەی ڕیالیزمی بونیادی کە ئاماژە بەوە دەدەن دەوڵەتان ئەکتەری ژیرن، کار دەکەن بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین بەرژەوەندی بە کەمترین زیان. دەوڵەتان متمانە بە یەکتر ناکەن، چونکە ناتوانن لە نیازی دەوڵەتانی تر تێبگەن، چونکە نیاز شتێك نییە بپێورێت، لەم دیدگایەوە دەوڵەتان سەیری یەکتر دەکەن وەك دوژمنی گریمانەکراو لە ئایندەدا. هەردەم بە گومانن سەبارەت بە مامەڵە و هەڵسوکەوتی یەکتر. لەبەرئەوەی زانیاری تەواویان نییە سەبارەت بە نیازی دەوڵەتی بەرامبەر کە لە ئایندەدا چی دەکات. بەمانایەکی دیکە بێمتمانەیی، بەدگومانی و نەبوونی زانیاری تەواو لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا زاڵە (واڵتز، ١٩٧٩: ١٠٥؛ میسباح، ٢٠١١: ٢٨-٢٩؛ حوسێن ٢٠١٨: ٢٨٠).

ئێران هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی بوونی هێزەکانی ئەمریکای دا لە ڕێگەی میلیشیایە چەکدارییەکان و لایەنە شیعە و هاوپەیمانەکانی لە حکومەت و ناو پەرلەمانی عێراقەوە، تەنانەت گروپە توندڕەوە سوننیەکانی وەك ئەلقاعیدەشی بەکارهێنا، لە پێناو دەستەبەرکردنی زۆرترین ڕاددەی ئاسایش بۆ خۆی. ئێران لەوەتەی دروستبوونیەوە لە ١٩٧٩ ناکۆکی لەگەڵ ئەمریکا هەبووە. پرسی بەرنامە ناوەکییەکەی ئێران کێشەکانی قوڵتر کردەوە، بەتایبەت لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاددا کە پێی وابوو هەبوونی بەرنامەی وزەی ناوەکی مافی ئێرانە (ئەسڵ، ٢٠١٤: ٩٦؛ ڕیزایی، ٢٠٠٨: ٩٥-٩٩). لە کاردانەوەی ئەم ناکۆکییەدا حەواش (٢٠٢١) پێی وایە: ئێران ویستی پڕۆژەی ئەمریکی لە عێراق گەمارۆ بدات، کە بریتی بوو لە دروستکردنەوەی عێراق و دانانی حکومەتێکی شیعە، تا لە ئایندەدا ئەو پڕۆژەیەی نەگوازێتەوە بۆ ئێران. ئێران پێی وایە ئەگەر ئەمریکا حەزیش بە گۆڕینی ڕژێمی

ئێران نەکات، ئەوا دەیەوێت ئەمە وەك کارتێکی گوشار بۆ وەستاندنی بەرنامە ناوەکییەکەی بەکاربهێنێت. لە پێناو دەستەبەرکردنی سەلامەتی ئاسایشی خۆی ئێران سیاسەتی پشێوی جڵەودار و سیاسەتی پەرتکە و زاڵ بە (فرق تسد: **Divde and Conquer**) و هەژموونی شیعەی وەك کارتی فشار دژی ئەمریکا بەکارهێنا. ئێران ساڵانە زیاتر لە ١٩٠ ملیۆن دۆلاری بۆ پشتیوانی لە هاوپەیمانە سیاسی و چەکدارییە شیعەکانی خەرج کرد، لەپێناو شکستپێهێنان بە پڕۆژەی ئەمریکی لە عێراق.

لەلایەك، ئێران لە ڕێگەی سوپای قودسەوە کاری کرد بۆ ڕاهێنان کردن و پارەدارکردن و چەکدارکردنی میلیشا شیعە و سوننەکان، تا لە عێراق بە شێوازی جیاواز ڕووبەڕووی هەڕەشە و پڕۆژەی ئەمریکی ببنەوە. ئەم کارەش لەلایەن ڕاوێژکارە سەربازییەکانی سوپای قودسی ئێرانی و حیزبوڵڵای لوبنانی ئەنجام درا، کە دوای ٢٠٠٣ بە هەزاران لە چەکدارانی میلیشاکانیان ئامادەکرد و ڕەوانەی ناو عێراقیان کرد. نزیکەی نیوەی ئەو هێرشانەی دەکرانە سەر هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەسەرۆکایەتیی ئەمریکا لەلایەن میلیشا پاڵپشتیکراوەکانی ئێرانەوە بوو. ڕۆژانە نزیکەی سێ ملیۆن دۆلار بۆ دابینکردنی تەقەمەنی لەلایەن ئێرانەوە بۆ میلشیاکان دابین دەکرا. ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە لە عێراق هەرچەندە سوننەش بوو، ئەوا سوودێکی زۆری لە یارمەتییەکانی ئێران وەرگرت بۆ لێدان لە هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق (کاگان و هاوڕێکانی، ٢٠٢٢: ٢٢-٢٥). ئەمەش کۆکە لەگەڵ ئەو گریمانەیە ڕیالیزمی بونیادی کە پێی وایە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان ئەکتەری سەرەکی نین لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، بەڵکو دەستکەلا و ئامرازی دەستی دەوڵەتان و لە خزمەت بەرژەوەندی ئەواندان (مێرشایمێر، ٢٠١٣: ٧٦-٨٠). ئێران سەرکەوتووانە

ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی وەك میلیشا شیعەکانی عێراق بەکارهێنا وەك پرۆکسی لە پێناو دەستەبەرکردنی زۆرترین ڕاددەی ئاسایش. تا ئاستێکی زۆریش لەم سیاسەتەی سەرکەوتوو بوو.

لەلایەکی دیکەوە؛ ئێران لە ڕێگەی حکومەتی زۆرینەی شیعەوە کاری کرد بۆ ئەنجامدان و بەرهەمهێنانی ڕێککەوتنێك بۆ کۆتایی هێنان بە بوونی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا لە عێراق. تا مەترسی و هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی ئێران کەم بکاتەوە. ئەحمەدی نەژاد لە دیداری لەگەڵ عەبدولعەزیز حەکیم سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق ڕایگەیاند: بوونی داگیرکەران لە عێراق پێکهاتە و ڕەگەزێکی سەرەکیی نەبوونی ئاسایش و سەقامگیرییە لە وڵاتەکەدا، کشانەوەی ئەم هێزە داگیرکەرانە خزمەت بە هەموو لایەك دەکات (ئاژانسی هەواڵی کوێت، ٢٠٠٧). تەنانەت ئەحمەدی نەژاد داوای تێکشکاندنی هێزی سیاسیی داگیرکەران کرد و ڕایگەیاند: پێویستە بە خێرایی هێزی سیاسیی داگیرکەران تێکبشکێندرێت، بەم نزیکانە بۆشایی هێز لە ناوچەکەدا دروست دەبێت، ئێمەش ئامادەین بە یارمەتی هاوڕێیانمان لە ناوچەکە و گەلی عێراق ئەم بۆشاییە پڕ بکەینەوە (ئەلئەیام، ٢٠٠٧). ئەم وتەیەی ئەحمەدی نەژاد بۆنی فراوانخوازی و هەژموونخوازی ئێرانی لە عێراقی لێدەهات، کە دەیەوێت بە زۆرترین کاریگەری و ئامادەیی لە ڕێگەی میلیشا شیعەکان و لایەن و حیزبە شیعەکانی عێراق، زۆرترین ڕاددەی ئاسایش بۆ خۆی دەستەبەر بکات. تەنانەت ئەوەش دەردەخات کە ئێران بەو هێزەی هەیەتی لە عێراق ڕازی نییە، بەڵکو دەیەوێ بە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی دروست دەبێ هێزی خۆی زیاتر بکات.

هەروەها ئەم سیاسەتەی ئێران ڕەنگدانەوەی دیدگای باڵی ڕادیکاڵەکانیشە کە باوەڕیان بە بەرەنگاربوونەوە هەیە لەگەڵ زلهێزەکان نەوەك گفتوگۆ، دانوستاندن و دیپلۆماسییەت (ڕیزایی، ٢٠٠٨: ٩٥-٩٩). ئەمەش تەبایە لەگەڵ ئاڕاستەی ڕیالیزمی هێرشخواز کە باوەڕی وایە بۆ دەوڵەتان ستراتیژی ژیرانە و عەقڵانی ئەوەیە تا بتوانن هێزی زیاتر بەدەستبهێنن. هەژموونداری باشترین ڕێگە و ئامرازە بۆ مسۆگەرکردنی مانەوە و ئاسایشی دەوڵەت (مێرشایمێر، ٢٠٠١: ٢؛ مێرشایمێر، ٢٠١٣: ٧٧ - ٧٨).

مالیکی لە ٩ـی ٨ـی ٢٠٠٨ سەردانی تارانی کرد، چاوی بە خامنەیی و گەورە بەرپرسانی ئێران کەوت. لە دیداری لەگەڵ ئەحمەدی نەژاد لە تاران، سەرۆك وەزیرانی عێراقی نووری مالیکی دڵنیایی دا بەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیە وا بڕیارە لەگەڵ ئەمریکا بکرێت نابێتە هەڕەشە لەسەر ئێران. فراوانکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێران، هاریکار دەبێت بۆ سەقامگیری و گەشەکردنی عێراق. ئەمڕۆ شتێك لە عێراق نییە بە ناوی هەڕەشە لە سەقامگیری دەوڵەتانی دراوسێ. لە وەڵامدا نەژاد ڕایگەیاند: پێویستە هەموو لایەك هاوکار بێ بۆ ئەوەی عێراق ئەم قۆناغە تێپەڕێنێت و بگات بە کەناری ئاسایش و سەقامگیری (ئەلجەزیرە ب، ٢٠٠٨). کەواتە بەدەستهێنانی زۆرترین ڕاددەی ئاسایش کاکڵ و گەوهەری سیاسەتی دەرەوەی ئێران بووە لە بەرامبەر عێراق.

ئەم هەوڵانەی ئێران بۆ دەستەبەرکردنی زۆرترین ڕاددەی ئاسایش بەرهەمداربوون، دوای کۆمەڵێك دانوستاندنی چڕ و تێروتەسەل حکومەتی نووری مالیکی توانی ڕێککەوتننامەی دۆخی هێزەکان (سۆفا) لە ٢٠٠٨ لە نێوان عێراق و ئەمریکا ئەنجام

بدات، بەپێی ڕێککەوتنەکە هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا تا کۆتایی ساڵی ٢٠١١ بە تەواوی لە عێراق بچنە دەرەوە (ماسۆن، ٢٠١٢: ١٦). ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە لە ماددەی ٢٧ــی بڕگەی ٣ــی ڕێککەوتننامەی سۆفادا هاتووە: نابێ بەهیچ شێوەیەك خاك، ئاو و ئاسمانی عێراق وەك ڕێگایەك یان وەك بنکەیەك بەکاربهێنرێت بۆ هێرشکردنە سەر هەر وڵاتێکی دیکە (گفتوگۆی ڕێککەوتننامەکانی ئاشتی "Peace Agreement Debates"، ٢٠٠٨: ٢٣). لە میانەی ئاماژەدان بە ڕۆڵی ئێران لە دیاریردنی بڕگە و ماددەکانی ڕێککەوتننامەی سۆفادا، حەسەن دانایی فەر باڵیۆزی پێشووی ئێران لە بەغداد ئاماژە بەوە دەدات: کە دانانی ئەم بڕگەیە پێشنیاری ئێران بووە (منەتی و هادیان، ٢٠١٩: ٧). دواتر لە ڕێگەی پەرلەمانی عێراقەوە بە یاسای ژمارە ٥١ــی ساڵی ٢٠٠٨ ئەم ڕێککەوتننامەیە پەسەندکرا (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ٢٠٠٨). ئێران لە ڕێگەی حکومەت و پەرلەمانی زۆرینە شیعە توانای ئامانجی خۆی دەستەبەر بکات، کە بریتی لە دانانی سەقفێکی کاتبەندی (زەمەنی) بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق. بە کرداریش ئەم پڕۆسەیە ڕوویدا و تا کۆتایی ٢٠١١ زۆربەی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا عێراقیان بەجێهشت. لە کاردانەوەی چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، ئەحمەدی نەژاد: پڕۆژەی ئێرانی لە عێراق ڕاگەیاند و وتی: ئێمە ئەو بۆشاییە ئاسایشی و ئەمنییە پڕ دەکەینەوە لە عێراق کە بەهۆی کشانەوەی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا دروست دەبێت (ئەلعەربییە، ٢٠١١). ئەم وتەیەی ئەحمەدی نەژاد بە مانای ئەوە دێت کە ئامادەیی خۆمان لە عێراق دوای دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا زیاتر دەکەین، کە دەبێتە هۆی زیاتربوونی هەژموونی ئێران لەو وڵاتەدا، لە دەرئەنجامدا ئاسایشی ئێران پارێزراوتر دەبێت.

بەم جۆرە دەبینین کە پاڵنەری ئاسایشی کاراییەکی زۆری هەبووە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق. ئێران هەوڵی بەدەستهێنانی زۆرترین ڕاددەی ئاسایش داوە، تا ئاستێکی باشیش توانی ئەم ئامانجە دەستەبەر بکات. بەوەی ناو ماڵی سیاسی عێراقی، بە ناو ماڵی سیاسی شیعەشەوە بە پەرتەوازەیی هێشتەوە و بەردەوامی پێدا. بەڵام جڵەوەکەی لە دەست خۆیدا هێشتەوە، لە ڕێگەی میلیشا و لایەنە شیعەکانەوە بەرەنگاری مەترسییەکانی سەر ئاسایشی ئێران بووەوە، بەوەی پشتیوانی لە حوکمڕانیی شیعە هاوپەیمانەکانی لە عێراق کرد، بەشێوەی جەنگی بریکاری "الحرب بالوكالة : Proxy War"، دیپلۆماسی، سیاسی، یاسایی لە ناوەوەی عێراقەوە، هەڕەشەکانی هێزەکانی ئەمریکا و مەترسییەکانی دیکەشی لەسەر ئاسایشی ئێران کەم کردەوە.

## ٤. ٤ ستراتیژی هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیا و شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بۆ عێراق

ئایدۆلۆژیا لەو پاڵنەرانەیە کارایی و کاریگەری هەبووە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی ئەحمەدی نەژاددا. عێراق لە پاڵ ئەوەی خاوەنی جیۆپۆڵیتیکێکی گرنگە بەجۆرێك کە تاکە دەروازەی وشکانییە کە ئێران بە دەوڵەتانی کەنداو و دەوڵەتانی دیکەی عەرەبی و باکوری ئەفریقا دەبەستێتەوە و هاوسنووری ئێرانە، لە هەمان کاتدا عێراق یەکەم دەوڵەتی عەرەبییە لە ڕووی ڕێژەی بوونی شیعە تیایدا، بەوەی شیعەکان نزیکەی ٦٠٪ دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن.

چەندین مەزارگە و شوێنی پیرۆزی شیعەکان لە عێراقدا هەن، ئەمەش وایکردووە مانگانە نزیکەی ٤٠٠٠٠ کەس لە ئێرانەوە سەردانی ناوچە پیرۆزەکان لە عێراق بکەن وەك: نەجەف، کەربەلا و سامەرا. ئێران وەك ئامادەکارییەك بۆ گواستنەوەی ئەزموونی شۆڕشی ئیسلامی بۆ عێراق، زیاتر لە ٢٠٠٠ پیاوی ئاینی خستە ناو دامەزراوەی حەوزەی زانستیی نەجەف، تا کاریگەری خۆی لەم ڕێگەیەوە لەسەر حەوزەکە دابنێت. بەڵام لە پاڵ ئەم هەوڵانەیدا ئێران ویستی پەیوەندی بەهێزی خۆی لەگەڵ لێڤەگەڕ (مەڕجەع) و لایەنە ئاینیەکانی عێراق بپارێزێت، تا دەوڵەتێکی دژە ئێرانی دروست نەبێتەوە. لەم چوارچێوەیەدا منوشەهر موتەکی باڵیۆزی ئێران لە ٢٠١٠ لەگەڵ سیستانی کۆبووەوە، بەناوی ئەحمەدی نەژادەوە ڕۆڵی سیستانی بەرز نرخاند (ئەلعوبەیدی، ٢٠١١: ٨٦؛ موحەممەد و هاوڕێیانی، ٢٠١٧؛ موستەففا، ٢٠١٩). تەنانەت ئێران لە ڕووی دارایشەوە کاری کرد بۆ ڕێگەخۆشکردن بۆ زاڵبوون بەسەر حەوزەی نەجەفدا، بۆ نموونە نووسینگەی خامنەیی لە نەجەف، مووچەیەکی زیاتری لە حەوزەی نەجەف بە قوتابیانی ئەو قوتابخانانە دەدا، کە هاوپەیمانی ئێرانن (شەفەق نیوز، ٢٠٢٤).

هەروەك نادر (٢٠١٥، ٣-٤) بۆچوونی وایە: کە پاڵنەری ئاینی و ئایدۆلۆژی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا ئامادەیی هەبووە لە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەژاد بەرامبەر بە عێراق، بەوەی ئێران کاری کرد بۆ داڕشتنی سیاسەتێکی ئاینی کە خزمەت بە ئایدۆلۆژیای خۆی بکات، بەوەی شیعەکانی عێراق لە ژێر هەژموونی پیاوانی ئاینی لە نەجەف وەك ئایەتوڵڵا سیستانی دەربهێنێت، چونکە سیستانی دژی سیستەمی ویلایەتی فەقیهە. بەڵام بەگوێرەی بۆچوونی ئایزنستاد

(٢٠١٥): ئێران تەنها بەوە نەوەستا کار لەسەر بەهێزکردنی ئامادەیی و کاریگەری خۆی لە ناوەندە ئاینیەکانی عێراق و لاوازکردنی مەڕجەعیییەتی نەجەف بکات، بەڵکو هەوڵی دروستکردنی جێگرەوەی سیستانی و هێنانە پێشەوەی ئەو مەرجەعیەتە ئاینیانەی دا لە عێراق کە لە ئێرانەوە نزیکن.

هەر ئەمەش هۆکار بوو کە ئەحمەدی نەژاد لە دوایین سەردانیدا لە ٢٠١٣ بۆ عێراق چاوی بە سیستانی نەکەوێت. سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکان ڕەتکردنەوەی پێشوازی لە نەژاد لەلایەن سیستانیەوە، بە نارەزای سیستانی لە سیاسەتی دەستوەردانی ئێران لە کاروباری عێراقیان لێکدایەوە (موستەففا، ٢٠١٩). ئێران لە ڕێگەی سوپای قودسی سەر بە پاسدارانەوە کاری کرد لەسەر لایەن و گروپە شیعەکان بۆ بەدەستهێنانی لایەنداریان بۆ ویلایەتی فەقیهی ئێران. لەمەشدا سەرکەوتوو بوو، چونکە زۆربەی گروپە شیعەکانی عێراق بەتایبەت میلیشاکان زۆربەیان زیاتر لایەنداری (ولاء)ـیان بۆ سیستەمی ویلایەتی فەقیهی ئێرانی هەیە. ئێران سوودی لە شەڕی تائیفی عێراق دوای ٢٠٠٣ وەرگرت بۆ بەدەستهێنانی سۆزی چەکدارە شیعەکان بۆ سیستەمی ویلایەتی فەقیه (سەلوم، ٢٠٢٤؛ خولی، ٢٠١٦).

ئەم کارەی سوپای قودس بۆ بەدەستهێنانی لایەنداری گروپ و لایەنە شیعەکانی عێراق بۆ ڕێگەخۆشکردن بۆ گواستنەوەی نموونەی ئەزموونی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بۆ عێراق، کۆکە لەگەڵ ئەو بنەما و ئەرکانەی دەستووری کۆماری ئێران بۆ سوپای پاسداران و لەشکر (ئارتێش)ـی ئێران دیاریکردووە. هەروەك دیباجەی دەستووری ئێران (٢٠١٨: ١٢) جەخت دەکاتەوە کە ئەرکی سوپای پاسداران و لەشکر

(ئارتێش) تەنها پاراستنی سنوورەکان نییە، بەڵکو بەرپرسن لە پەیامی بیرباوەڕی، کە بریتییە لە تێکۆشان "جیهاد" لە پێناوی خوا و خەباتکردن لە پێناو فراوانکردن و پەرەسەندنی حوکم و دەسەڵاتی یاسا و شەریعەتی خوا لە جیهاندا.

دیارە مەبەست لە فراوانکردن و پەرەسەندنی حوکم و دەسەڵاتی شەریعەتی خوا، بریتییە لە حوکم و دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیھ کە پێی وایە دەبێ حوکمی جیهان بکات لە جێگای ئیمامی پەنهان. تەنانەت ئەم سیاسەت و ستراتیژەی ئێران لە عێراق ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامیی ئێرانییە، هەروەك خومەینی لە کتێبی "حکومەتی ئیسلامی، ٢٠١٠: ٢٩-٣٠" دا پێی وایە: دروستکردنی حکومەتی ئیسلامی لە پێویستی پاراستنی سیستەمی ئیسلامی و پارێزگاری کردن لە سەلامەتی و سەربەخۆی ئوممەتی ئیسلامیەوە سەرچاوە دەگرێت، ئامادەیی بەرگری لە کاتی ئاشتیشدا پێویستە.

لەوەش زیاتر خومەینی پێی وایە تاکە ئەرکی پیرۆز لە ئەستۆی موسڵمانان دروستکردنی شۆڕشێکی ئیسلامییە، هەروەکە خومەینی (٢٠١٠: ٣٣-٣٤) ئەمە بە ڕوونی دەخاتەڕوو: ئێمە هیچ ڕێگەیەکمان لەبەردەمدا نییە جگە لە ڕووخاندنی ڕژێمە گەندەڵەکان و دارِماندنی تەختی ئەو حوکمڕانە ناپاك و ستەمکارانەی حکومی گەلان دەکەن. ئەمە ئەو ئەرکەیە لە ئەستۆی موسڵمانان دایە لە هەر شوێنێك بن لە پێناو دروستکردنی شۆڕشێکی ئیسلامیی سەرکەوتوو.

کەواتە ئەم سیاسەتەی ئێران هەڵقوڵاوی بیر و ئایدۆلۆژیای شۆڕشی ئیسلامی و ستراتیژی باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. کە نەك تەنها کار لەسەر تاواندنەوەی

ئایدلۆژیا بیانیەکان و لادانی ئاستەنگەکانی دەرەوەی مەزهەبی شیعە دەکات، بەڵکو کار لەسەر تاواندنەوەی بیر و ئایدۆلۆژیا و سیمبولەکانی ناو مەزهەبەکانی شیعەش دەکات، لە پێناو ئەوەی ویلایەتی فەقیھ وەك ئایدۆلۆژیای بێ ڕکابەر حوکمی جیهانی ئیسلامی بەگشتی و جیهانی شیعە بەتایبەتی بکات.

ئێران حەوزەی نەجەفی بە کۆسپ و لەمپەر بینی لەبەردەم پڕۆژە ئایدۆلۆژیەکەی، بۆیە کاری کرد بۆ گواستنەوەی ئەزموونی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە میانەی لاوازکردنی حەوزەی نەجەف و پێگەی ئایەتوڵڵاھ عەلی سیستانی، سەپاندنی باڵادەستی حەوزەی قوم و ئایەتوڵڵاھ خامنەیی بەسەر حەوزەی نەجەف و ئایەتوڵڵا سیستانی، چونکە سیستانی بە تاکە ڕکابەری خامنەیی دادەنرێت لە جیھاندا. لەم چوارچێوەیەدا ئێران کاری کرد بۆ ئەوەی مەرجەعێکی باڵاتر لە خامنەیی نەبێ، وەك سیستانی کە ٨٠٪ شیعەی جیهان شوێنکەوتووی ئەون. بەراورد بە خامنەیی ئەوا سیستانی کاریگەری لە ناو شیعەکانی جیهان و ناوبانگی نێودەوڵەتیشی زیاترە. هەروەها گواستنەوەی ئەزموونی شۆڕشی ئیسلامی بۆ عێراق و لاوازکردنی نەجەف ڕێگەش لەوە دەگرێ سیستانی کاریگەری هەبێ لەسەر هاوڵاتیانی ئێرانی، بۆ نموونە: سیستانی پاڵپشتی دارایی ٦٥٠٠٠ قوتابی دەکات کە لە ئێران دەخوێنن، جگە لە دەیان هەزار قوتابی دیکە کە سوودمەندن لە بیمەی تەندروستی و نیشتەجێبوونی کە لەلایەن سیستانیەوە دابینکراوە (نادر، ٢٠١٥: ٤؛ موراد، ٢٠٢٠: ٩٣؛ شەفەق نیوز، ٢٠٢٤). کەواتە ئێران حەوزەی نەجەف و بوونی مەرجەعێکی وەك ئایەتوڵڵا سیستانی بە لەمپەر بینی لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی خۆی لە عێراق، کە بریتییە لە

گواستنەوەی ئەزموونی شۆڕشی ئیسلامی بۆ ئێران، بۆیە کاری بۆ لاوازکردن و دانانی جێگرەوەیەك کرد.

ئەم سیاسەتەی ئێران بەبێ کاردانەوەی توندی حەوزەی نەجەف و ئایەتوڵڵا سیستانی تێنەپەڕی. لەم چوارچێوەیەدا ڕاپۆرتێکی گۆڤاری نیوزلاینزی ئەمریکی ئەوەی ئاشکرا کرد کە عەلی سیستانی وتویەتی: تا من لە ژیاندا بمێنم ڕێگە نادەم ئەزموونی ئێران لە عێراق دووبارە ببێتەوە (شەفەق نیوز، ٢٠٢٤). دوای مردنی ئایەتوڵڵاھ موحەممەد حوسێن فەزڵوڵاھ لە بەیروت، ئەو مەڕجەعەی بوو کە حیزبی دەعوەی عێراقی بە سەرۆکایەتیی مالیکی شوێنی کەوتبوون (تەقیلدی ئەویان کردبوو). لەکاتێکدا ناوبراو شوێنکەوتەی ویلایەتی فەقیهی ئێرانی نەبوو. خێرا حیزبی دەعوە و مالیکی شوێنکەوتنی ئایەتوڵڵاھ مەحمود هاشمی شاهرودیان ڕاگەیاند، بەپاساوی ئەوەی پلەی ئاینی شایستەی هەیە، بەمەش مالیکی زیاتر لە ڕێبەری باڵا خامنەیی نزیك بووەوە، بەوپێیەی شاهرودی لە خامنەییەوە نزیك بوو. دوای ئەم هەنگاوەی حیزبی دەعوە، شاهرودی چەند نووسینگەیەکی لە نەجەف، کەربەلا و بەغداد کردەوە (ئەلعەرەب، ٢٠١٧). ئەم هەنگاوەی حیزبی دەعوە و مالیکی ڕێگەخۆشکەربوو کە پڕۆژەی ئایدۆلۆژی ئێران لە عێراق خێراتر هەنگاو بنێت، چونکە حیزبی دەعوە جڵەوی حکومڕانی عێراقی بەدەست بوو، بەوەی سەرۆك وەزیران کە لای نووری مالیکی بوو.

ئێران هەوڵەکانی بۆ گواستنەوەی ئەزموونی شۆڕشی ئیسلامی فراوانتر و زەقتر کردەوە، ئەویش بە دروستکردنی چەندین دامەزراوە و قوتابخانە و مزگەوت و شوێنی

ئاینی لە نەجەف و بەغداد، وەك هەوڵێك بۆ زیاتر بەرجەستەکردنی پڕۆژەی ئایدۆلۆژیی خۆی. لە ٢٠١١ ئێران ئایەتوڵڵاهـ هاشمی شاهرودی گەورە پیاوی ئاینی شیعەی هێنایە نەجەف و پشتیوانی لێکرد و کاری بۆ کرد تا دوای مردنی ئایەتوڵڵاهـ سیستانی کە بە تەمەندا چووە ببێتە جێگرەوەی ئایەتوڵڵاهـ سیستانی. تەنانەت شاندێکی باڵای ئاسایشی و سەرۆکی پێشووی (پاسداران)ـش یاوەڕی شاهرودیان کرد. وەك پەیامی پشتگیری تاران بۆ شاهرودی بەرامبەر بە سیستانی. ئەم هەوڵەی ئێرانیش بۆ ئەوە بوو تا هەڕەشەی هزری و ئایدۆلۆژی لەسەر سیستەمی ویلایەتی فەقیهی ئێران نەمێنێت، نەجەف بکرێتە ناوەندێکی ئاینی و سیاسی لەژێر دەسەڵاتی حەوزەی قوم و ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران (ڕۆیتەرز، ٢٠١٧).

لەلایەك؛ ئەم سیاسەتەی ئێران کۆکە لەگەڵ چەند گریمانەیەکی ڕیالیزمی بونیادی کە پێی وایە، متمانە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بوونی نییە. ئەگەری جەنگ و ململانێ هەمیشە کراوەیە. نیاز شتێك نییە بپێورێت بۆیە دەوڵەتان گومان لە یەکتر دەکەن و نا دڵنیایی لە کارلێکی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا زاڵە (واڵتز، ١٩٧٩: ١٠٥؛ میسباح، ٢٠١١: ٢٨-٢٩؛ حوسێن ٢٠١٨: ٢٨٠). لەلایەکی دیکە؛ کۆکە لەگەڵ ئاڕاستەی ڕیالیزمی هێرشخواز کە پێ وایە: باشترین ئامرازی مانەوە بەدەستهێنانی هێزی زیاترە تا گەیشتن بە هەژموونداری (مێرشایمێر، ٢٠١٣: ٧٧-٧٨؛ مێرشایمێر، ٢٠٠١: ٢). لەبەرئەمە ئێران ویستی لە ڕێگەی لێدان و لاوازکردنی مەرجەعییەت و حەوزەی نەجەف زۆرترین ڕاددەی هێز بەدەستبهێنێت تا ئاستی هەژموونداری لە پێناو گواستنەوەی ئەزموونی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بۆ عێراق. ئەمەش دەچێتە ناو چوارچێوەی ئامرازی هێزی نەرمەوە.

کەواتە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەم ماوەیەدا نەك تەنها لە بواری سیاسی، ئاسایشی، بەڵکو لە بواری ئایدۆلۆژیش سیاسەتی فراوانخوازی و گۆڕانخوازی پەیڕەو کردووە، لە پێناو گەیشتن بە هەژموونداری لە سەرجەم کایە گرنگەکانی دەوڵەتی عێراقدا. ئێران کاری کرد بۆ لێدان لە پێگەی سیستانی و حەوزەی نەجەف و بە لەمپەری بینی لەبەردەم پرۆژە ئایدۆلۆژییەکەی ئێران لە عێراق و ناوچەکەدا. لەبەرئەمە ئێران هەوڵی گواستنەوەی ئەزموونی شۆڕشی ئیسلامیدا بۆ عێراق، تا حەوزەی نەجەف و مەرجەعەکەی لە ئایندەدا نەبنە هەڕەشە بۆ سەر سیستەمی سیاسی ئێران و کۆسپ لەبەردەم ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیه.

## ٤. ٥ پەرەپێدان بە پەیوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ عێراق

پاڵنەری ئابووری کاریگەرییەکی بەهێزی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا هەبووە لە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەژاد بەرامبەر بە عێراق. لەبەرئەوەی لە پاڵ هەڵکەوتەی جیۆگرافی و جیۆسیاسیەکەی، عێراق هەڵکەوتەیەکی جیۆئابووری بایەخداری هەیە، بۆ نموونە: عێراق زیاتر لە ١٣٠٠ کیلۆمەتر سنووری وشکانی و ئاوی لەگەڵ ئێران هەیە، کە زیاتر لە ١٢٢٠ کیلۆمەتر سنووری وشکانییە و ٨٠ دیکە سنووری ئاوییە لە شەتی عەرەب. پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی ئێران و عێراق دوای بنیادنانەوەی عێراق نوێ لە ٢٠٠٣ زۆر بەرەوپێشەوە چوون، لە میانەی قۆستنەوەی ڕەگەزی دراوسێیەتی جوگرافی سروشتی، مرۆیی و ئابووری لەگەڵ عێراق، لە پێناو بەدەستهێنانی پێگەیەکی هەرێمی لە ناوچەکە و لاواز هێشتنەوەی توانا سەربازی و

ئابوورییەکانی عێراق، چونکە عێراق تاکە دەوڵەتی عەرەبی بوو کە پێشتر هاوسەنگیی هێزی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرامبەر بە ئێران پاراست بوو (ئەلیاسری، ٢٠١٤).

لەلایەك ئێران ٩ دەروازەی فەرمی و چەندین دەروازەی نافەرمی لەگەڵ عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە هەیە. ئێران؛ عێراقی وەك دەروازەیەك بەکارهێنا بۆ دەربازبوون لە سزا نێودەوڵەتییەکان بەگشتی و سزاکانی ئەمریکا بەتایبەتی. ئەم دەروازانە گرنگی زیاتریان بەدەستهێنا، دوای ئەوەی ڕێبەری باڵای ئێران خامنەیی لە ٢٠١٢ بانگەوازی کرد بۆ بەهێزکردنی ئابووریی بەرەنگاری (اقتصاد المقاومة: Resistance Economy). لەبەرئەوەی ئێران وەك ئامرازی بەرەنگاربوونەوەی سزا ئابوورییەکان، زیاتر گرنگی بە بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی کاڵا نانەوتییەکان، بەتایبەت بۆ عێراق. بۆ ئەم مەبەستە ئێران چەندین کۆمپانیای دروستکرد، بەشێوەیەکی فراوان بۆ بەدەستهێنانی دۆلاری ئەمریکی، بەهای هەناردەکردنی کەلوپەلی ئێرانی بۆ عێراق لە ٢٠١٣ گەیشتە زیاتر لە ٦ ملیار دۆلار (عەباس، ٢٠٢٣). داوای بەهێزکردنی "ئابووریی بەرەنگاری" لەلایەن ڕێبەری باڵاوە، پێشاندەری ئەوەیە کە کایەی ئابووریش وەك سەرجەم کایەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ژێر ڕاسپاردە و ڕێنماییەکانی ڕێبەری باڵادان.

لە پێناو فروانکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان، لە یەکەم سەردانی لە ٢٠٠٨ بۆ عێراق، ئەحمەدی نەژاد ٧ ڕێکەوتننامەی لەگەڵ عێراق واژوو کرد لە بوارەکانی پیشەسازی، بازرگانی، گومرگی. تەنانەت ڕێککەوتن لەسەر ئەنجامدانی پڕۆژەی وەبەرهێنانی

گەورە بە قەبارە ملیارێك دۆلار لە چوارچێوەی بەخشینەکانی ئێران لە عێراق (ئیهارات ئەلیەوم، ٢٠٠٨). ئێران بەوەشەوە نەوەستا بەڵکو بەردەوام بوو لە سیاسەتی فراوانخوازی ئابووری و بازرگانی خۆی لە عێراق. سوپای پاسداران ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە جێبەجێکردنی سیاسەتی ئابووری ئێران لە عێراق، بۆ نموونە: کاتێك موحەممەد ڕیزا ڕەحیمی جێگری سەرۆك کۆماری ئێران، لە ٢٠١١ سەردانی عێراقی کرد، ئەوا نوێنەری ١٠٠ کۆمپانیا و ٢٠٠ نوێنەری پاسداران کە سەرپەرشتیاری کەرتە جیاوازەکانی ئابوورین لەگەڵدا بوو، ١١ ڕێککەوتننامەی هەمەلایەنی ئابووری لەگەڵ عێراق ئەنجامدا، کە لەلایەن بەشێك لە لایەنە عێراقییەکان بە ڕادەستکردنی ئابووری عێراق بە ئێران وەسفکرا (ئەلعەرەبییە، ٢٠١١). سەرباری بوونی ناڕەزایەتی لە زیادبوونی کاریگەری (نفوذ)ـی سیاسی و ئابووری ئێران، ئەوا ئێران بە چڕی کاری کرد بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی، بۆ نموونە: ئەحمەدی نەژاد جەختی لەسەر پەرەپێدان بە پەیوەندییە ئابووری بازرگانیەکان لەگەڵ عێراق کردەوە، داواشی کرد ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بۆ ١٥ ملیار دۆلاری ساڵانە بەرز بکرێتەوە (ئاژانسی هەواڵی کوەیتی، ٢٠١٢).

لە دەرئەنجامی ئەم سیاسەتەی دا؛ ئێران وەك گەورەترین هاوبەشی بازرگانیی عێراق دەرکەوت (ئایزنستاد، ٢٠١٥). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە سیاسەتی دەرەوەی ئێران سەرکەوتوو بوو لە ڕووی ئابووریەوە بەرامبەر عێراق، هەروەك حەمدونە (٢٠١٢: ١٠٧ کە ئاماژەی پێدراوە لە: موراد، ٢٠٢٠: ٩٨) باوەڕی وایە: ئێران سەرکەوتوو بوو لە بەکارهێنانی ئامرازی ئابووری لە عێراق، بەوەی پەیکەری ئابووری عێراقی بەجۆرێك داڕشتەوە کە خزمەت بە بەرنامە و پڕۆژە ئایندەییەکەی بکات لە عێراقدا.

ئەم سیاسەتەی ئێران کۆکە لەگەڵ دیدگای شۆڕشی ئیسلامی ئێرا. هەروەك خومەینی باوەڕی وایە: ئەرکی باڵا و بنەڕەتی هەمووانە بەرژەوەندییەکانی ئەم کۆمارە ئیسلامییە بپارێزن (قادر، ٢٠٢٠ أ: ١٤٥-١٤٦).

کەواتە پاڵنەری ئابووریش لە پاڵ پاڵنەرەکانی دیکە کارایییەکی بەهێزی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاد بەرامبەر بە عێراق هەبووە. بەجۆرێك کە لە خزمەت سیاسەتی فراوانخوازی و پڕۆژەی هەژموونخوازی ئێراندا بووە، بەمەبەستی بەهێزکردنەوە و گێڕانەوەی پێگەی هەرێمیی ئێران. ئەم سیاسەتە ڕەنگدانەوەی بنەمای دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

## ٦.٤ هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی پێگەی هەرێمیی ئێران

ئێران بە پشتبەستن بە پێگە بەهێزە سیاسی، ئاینی، ئایدۆلۆژی، ئابووری و میلیشیاییەکەوە لە عێراق، هەوڵی گێڕانەوەی پێگەی هەرێمیی خۆیی لە ناوچەکەدا، چونکە قوڵایی جیۆستراتیژی ئێران پێکدەهێنێت. هەروەك خامنەیی باوەڕی وایە: کە عێراق و سوریا قوڵایی ستراتیژی ئێرانن، هەندێکجار پاراستنی قوڵایی ستراتیژی لە ئەرکەکان دیکەی دەوڵەت گرنگترە (سوریای ئەمڕۆ، ٢٠٢٥). لەم سۆنگەیەوە ئێران هەوڵی داوە ئەم قوڵاییە ستراتیژە بپارێزێت، تا لەو ڕێگەیەوە کار بۆ گێڕانەوەی پێگەی هەرێمی خۆی بکات.

سەبارەت بە پڕۆژەی هەرێمیی ئێران، ئەوا ئەم پڕۆژەیە بەشێکە لە دیدگای ئێران بۆ ئەو ڕۆڵەی کە ئێران پێویستە هەیبێت لە ناوچەکەدا. پڕۆژەکە لە دیدگای سیاسی، هزری و کەلتووریەوە هەڵدەقوڵێت. ئەم پڕۆژەیە لە تێڕوانینێکی فراوانخوازیەوە سەرچاوە دەگرێت، کە خۆی دەبینێتەوە لە زاڵبوون بەسەر ناوچەکەدا بەجۆرێك کە ئێران ببێتە دەوڵەتی زلهێزی ناوچەکە و خۆی جڵەوی کاروبارەکانی ناوچەکەی بەدەستبێت (داود، ٢٠١٤: ٤٨١). بەپێی بۆچوونی ئەلسەبباغ (٢٠٢٢: ٥): ئێران توانی قوڵایی ستراتیژی فراوانخوازی خۆی لە ناوچەی عەرەبی لە ژێر ناوی بەرەی بەرگری (محور المقاومة: **Axis of Resistance**) بنیات بنێت، لە میانەی ڕووبەرێکی جیۆسیاسی فراوان کە لە تارانەوە دەستپێدەکات، بە بەغداد، دیمەشق، بەیروت و فەڵەستینەوە تێدەپەڕێت، تا دەگاتە سەنعای پایتەختی یەمەن. ئەم بەرەیە بەرجەستەی تێڕوانینی ئێران بۆ ڕۆڵە هەرێمیەکەی دەکات. لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی هەژموونی ڕکابەرەکانی، ئامانج لەم بەرەیەش دروستکردنی هیلالی شیعی (الهلال الشيعي: **Shiite Crescent**) بوو.

فراوانخوازی هەرێمیی ئێران لە چوارچێوەی "هیلالی شیعی"، کە کۆڵەگەی سەرەکیی هزری سیاسیی ئێرانیە لە زەمینەی واقیع ڕەنگی داوەتەوە. بووەتە هۆی زیادبوونی کاریگەری و نفوزی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئامانج لێی ئەوەیە ئێران ببێتە زلهێزێکی هەرێمی لە ناوچەکەدا (ئەحمەد، ٢٠٢٢: ٨٦-٩٠). پرسی بەیەکەوە بەستنەوەی جوگرافی بۆ ئێران گرنگ بوو، بۆیە عێراق لە ڕووی جیۆسیاسیەوە بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە بایەخێکی گەورەی هەبوو لەلای ئێران، چونکە عێراق دەروازە و ڕێگەی وشکانی بۆ گەیشتنی ئێران بە سوریا، لوبنان دابین دەکات. دوای

هاتنی بەهاری عەرەبی و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی سوریا لە ٢٠١١، ئێران هەوڵی فراوانکردنی نفوزی خۆیدا لە ڕێگەی دیدگای "هیلای شیعە"، تا گواستنەوەی زەخیرە لە ڕێگەی وشکانیەوە لە ئێرانەوە بۆ میلیشاکان مسۆگەر ببێ. دوای ٢٠١٧ هیلالی شیعە بەشێوەیەکی کرداری لە زەمینەی واقیعدا بەرجەستە بوو. پاشای ئوردن شا عەبدوڵای دووەم یەکەم کەس بوو ئەم چەمکەی بەکارهێنا و هۆشداری بە ڕۆژئاوادا سەبارەت بە دروستبوونی هیلالی شیعە بەسەرکردایەتی ئێران (عارف، ٢٠١٩: ١٥؛ ئەحمەد، ٢٠٢٢: ٧٢؛ ئەسباغ، ٢٠٢٢: ٥).

ئێران هەوڵیدا لە گۆڕەپانی هاوپەیمانەکانی ناڕاستەوخۆ بەرەنگاری ڕکابەرە هەرێمییەکانی ببێتەوە، نەوەك لەسەر خاکی خۆی، لە پێناو گێڕانەوەی پێگەی هەرێمیی ئێران. لەم چوارچێوەیەدا عێراق وەك ئەڵقەی بەیەك بەستنەوەی هیلالی شیعی و بەیەکگەیاندنی لایەنە هاوپەیمانەکانی ئێران دەرکەوت. هەروەك موراد (٢٠٢٠: ٩٢) باوەڕی وایە: عێراق پێگەیەکی گرنگی لە ستراتیژی فراوانخوازی ئێرانیدا هەیە، چونکە گەورەترین دەوڵەتی کەنداوی عەرەبییە، ئەمەش بۆ ڕەگەزە جیۆسیاسی، ئابووری، مرۆیی گرنگەکانی عێراق دەگەڕێتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم تایبەتمەندیانەی عێراق کە خزمەت بە سیاسەت و ستراتیژەکانی ئێران دەکات، ئێران هەوڵی دروستکردنی هاریکاری هەرێمی لەگەڵ عێراقدا. بۆ نموونە: ئەحمەدی نەژاد لە دیداری لەگەڵ مالیکیدا لە ٢٠٠٩ لە تاران، داوای هاریکاری هەرێمی نێوان ئێران و عێراقی کرد. پێی وابوو ئەم هاریکارییە گرنگە بۆ جێگیرکردنی ئاشتی، سەقامگیری و ئاسایش لە ناوچەکەدا (عەسر ئێران، ٢٠٠٩). ئەم داوایەی ئێران لە میانەی گرنگی

پێگەی جیۆسیاسی عێراق لە هاوکێشە هەرێمییەکان دا دێت، کە ئێران دەیەوێت لە بەرژەوەندی خۆی دایانبڕێژێتەوە.

سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە سەردەمی مەحمود ئەحمەدی نەژاددا وەرچەرخانی زیاتری بەخۆیەوە بینی بەرەو گرژی و توندی زۆرتر. لەلایەك؛ بەرەنگاربوونەوەی ڕۆژئاوا و ویلایەتە یەکگرتووەکان، عێراقیش لەو نێوانەدا ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لەم ستراتیژە هەرێمیەی ئێراندا. ئەمەش کۆکە لەگەڵ ئایدۆلۆژیای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە بەرەنگاربوونەوەی خۆرئاوا و ئەمریکا و خۆبەزلزانەکان. لەلایەکی دیکە؛ ئێران هەوڵیدا بۆشایی سیاسی، ئاسایشییەکان، بوونی ناسەقامگیری و پشێوییە ناوخۆییەکان، لێکترازان و ناکۆکیی نێوان شیعە، سوننە و کورد، چالاکی گروپە تیرۆریستییەکان بەکاربهێنێت بۆ زیاتر بەهێزکردنی پێگە و ڕۆڵی هەرێمی خۆی (خومەینی، ٢٠١٠: ٣٦؛ یوسفی و موحەممەدیان، ٢٠١١: ٨-١١).

ئێران پێی وایە کۆمەڵێك فاکتەر وەك جیۆپۆڵیتیکی ئێران، زۆری دانیشتوانەکەی کە سەرووی ٨٠ ملیۆن کەسە، دەوڵەمەندبوونی لە ڕووی ئابووری، پیشەسازیی..هتد، مافی ئەوەی پێدەدەن کە سەرکردایەتیی جیهانی ئیسلامی بکات، ئەمەش وایکردووە هەر لەدروستبوونی کۆماری ئیسلامیەوە ١٩٧٩ پاڵنەری هەژموونخوازی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا ئامادەیی هەبێت. هەروەها هۆکاربووە کە ئێران وەك دەوڵەتێکی هەموارخواز (Revisionist State) مامەڵە بکات (حوسێن، ٢٠١٨: ٤٤٨-٤٤٩). لە پێناو گەیشتن بەم ئامانجە ئێران پشتیوانی لە حیزب و لایەنە شیعەکان کرد بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە عێراق، وەك ئەنجومەنی

باڵای ئیسلامی و حیزبی دەعوە (نادر، ٢٠١٥: ٣-٧). بەپێی بۆچوونی موراد (٢٠٢٠: ٩٣) ئێران چەندین ئامرازی لە عێراق گرتەبەر بۆ ئاسانکاری کردن بۆ گێڕانەوەی پێگەی هەرێمیی ئێران، وەك پشتیوانی کردن لە بوونی ڕژێمێکی دۆستی ئێران لە عێراق کە شیعە هاوپەیمانەکانی بەڕێوەی ببەن. پاڵپشتی کردن لە میلیشا شیعەکان لە عێراق و بەکارهێنانیان وەك کارتی گوشار. هەروەها لێدان لە پێگەی ئەو مەرجەعە شیعانەی دان بە سیستەمی ویلایەتی فەقیه دانانێن.

بەڵام هاشم (٢٠٢٣: ١٣٣-١٣٨) باوەری وایە: ئێران لەلایەك؛ کاری کرد بۆ زیادکردنی ڕۆڵی هەرێمی خۆی، لە ڕێگەی بەکارهێنانی عێراق وەك سەکۆیەك بۆ گەیشتن بەم ئامانجە. ئەمەش لەبەر گرنگی پێگەی عێراق و بوونی هاوپەیمانەکانی لە عێراق، وەك لایەنە سیاسیی و میلیشا چەکدارە شیعەکان، کە ئەو ئامرازە هەرێمیانە بۆ ئێران دابین دەکەن، کە کارایی و کاریگەری خۆی لەسەر ڕەوتی بارودۆخە هەرێمییەکان دابنێت. لەلایەکی دیکە؛ ئێران سیاسەتی گەمارۆدانی عێراقی پەیڕەوکرد لە ڕێگەی چڕکردنەوەی پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و کەلتوورییەکانی، تا عێراق ئەوەندە بەهێز نەبێتەوە کە لە ببێتەوە هەڕەشە لە ئایندەدا بۆ سەر ئێران، بەڵکو لە جیاتی ئەمە ببێتە گۆڕەپانی پەلهاوێشتن و بەهێزبوونی ڕۆڵی هەرێمیی ئێران و بەرەنگاربوونەوەی گوشار و سزاکانی ئەمریکا و ڕکابەرە هەرێمییەکانی.

بەم جۆرە ئێران کاری کرد لەسەر گۆڕینی عێراق لە هێزێکی دژبەری هەرێمیی ئێران، بۆ هێزێکی پشتیوان بۆ سیاسەتە هەرێمییەکانی ئێران. ئێران هەوڵی دا لە ناوچەکانی

قوڵایی ستراتیژی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی بەرەنگاری دوژمنەکانی ببێتەوە، واتە لەسەر خاکی هاوپەیمانەکانی بەرەنگاری دوژمنەکانی ببێتەوە.

سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەم ماوەیەدا کاری کرد بۆ بەهێزکردن و گەڕاندنەوەی پێگەی هەرێمیی ئێران بە بەرەنگاربوونەوەی پرۆژە و هەژموونی ئەمریکا، سعودیە و تورکیا، وەك هێزە کاریگەرە هەرێمییەکان لە عێراق. بۆ نموونە: وەك هەوڵێك بۆ فراوانکردنی بەرەی بەرەنگاربوونەوەی ئەمریکا، لە ئەیلولی ٢٠٠٥ ئەحمەدی نەژاد داوای دروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتووی کرد لە هەر یەکە لە ئێران، عێراق، سوریا و لوبنان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕۆڵ و هەژموونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (یاسری، ٢٠١٤: ١٤). ئێران بەمەش نەوەستا بەڵکو لە ڕێگەی ڕێککەوتنی سیاسی، ئامرازی دیبلۆماسی، یاسایی و تەنانەت چەکداریش بەرەنگاری هێزەکانی ئەمریکا بووەوە، کە دواجار بووە هۆی دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا لە ٢٠١١ لە عێراق (ئەلعوبەیدی، ٢٠١١: ١١٨؛ دەخیل، ٢٠١٩: ١٢٩). بەگوێرەی بۆچوونی سەلوم (٢٠٢٤): بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١١ لە عێراق، ڕۆڵ و نفوذی ئێران لە عێراقدا گەیشتە لوتکە.

ئەم سیاسەتەی ئێرانیش کۆکە لەگەڵ ئایدۆلۆژیای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، کە بریتییە لە بەرەنگاری داگیرکار و ئیستعمار و سیستەمەکەیان (خومەینی، ٢٠١٠: ٣٦). ئێران پێی وایە هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی و بەهێزبوونی ئەزموونەکەی و گواستنەوەی بۆ ناوچەکە هۆکارە بۆ ڕزگاری ستەملێکراوان.

لە پاڵ درێژەدان بە ڕکابەریی هەرێمی لەگەڵ ئەمریکا ئێران کاری کرد بۆ چوونە ناو ڕکابەرییەکی ستراتیژی لەگەڵ سعودییە و تورکیا بۆ زاڵبوون بەسەر دیمەنی سیاسی عێراقیدا و گێڕانەوەی پێگەی هەرێمی خۆی. بۆ نموونە: ئێران کاری کرد بۆ پەڕاوێزخستنی هێز و لایەنە سوننیەکان لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا، تا وەك كارتی سیاسی لەلایەن ڕکابەرە تەقلیدییەکانی خۆی کە سعودییە و تورکیان بەکارنەیەن لە دژی ئێران. لەگەڵ بەشێك لە هێزە کوردییەکانیش پەیوەندیی تۆکمەی دروستکرد وەك یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ دروستکردنی هاوسەنگی بەرامبەر بە تورکیا کە پەیوەندیی بەهێزی سیاسی و سەربازی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە و پەکەکەشی بەکارهێنا بۆ لاوازکردنی ڕۆڵی تورکیا (بیلال، ٢٠١٧؛ ئایزنستاد، ٢٠١٥؛ سەلوم، ٢٠٢٤؛ موراد، ٢٠٢٠، ٩٢ - ١٠٣). هەروەها ئێران بۆ مسۆگەرکردنی گێڕانەوەی پێگە هەرێمیەکەی کاری کرد بۆ دەستەبەرکردنی فراوانبوونی جیۆستراتیژی کاریگەری و نفوذی خۆی، لە ڕێگەی دروستکردنی هیلالی شیعیی، کە لە ڕێگەی عێراقەوە ئێران بە ڕێگەی وشکانی بە دەریای ناوەڕاست دەبەستێتەوە. جەنگی حیزبوڵڵای لوبنانی بە پشتیوانی ئێران لە ٢٠٠٦ دژی ئیسرائیل فراوانخوازی هەرێمیی ئێرانی سەلماند (نادر، ١٤؛ موراد، ٢٠٢٠: ٩٠). ئەوەی ئەم ئامانج و پرۆژەیەی ئێرانی لە زەمینەی واقیعدا بەرجەستەکرد سوپای قودسی پاسداران بوو، کە ڕۆڵێکی گرنگ و یەکلاکەرەوەی هەبوو. بۆ نموونە: ئەیاد عەلاوی کە لەلایەن سعودیە و تورکیا پشتیوانی لێکرا، ئێران ڕێگری لێکرد حکومەت پێکبهێنێت، سەرباری ئەوەی لە هەڵبژاردندا بە ٩١ کورسی براوە بوو (ئەلکەیسی، ٢٠١٠؛ بارزانی أ، ٢٠٢٣: ٢٥٩-٢٦٠).

ئەم سیاسەتەی ئێران لە پاڵ ئەوەی ڕەنگدانەوەی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و ئەو بنەما ئایدۆلۆژیانەیە کە خومەینی کۆماری ئیسلامی ئێرانی لەسەر دامەزراندووە. لە هەمان کاتتدا کۆکیشە لەگەڵ گریمانەکانی ڕیالیزمی بونیادی کە ئاماژە بەوە دەکەن پاشاگەردانیی سیستەمی نێودەوڵەتی ئاڕاستەی سیاسەت و ڕەفتاری دەوڵەتان دەکات لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. هەروەها کۆکیشە لەگەڵ ئاڕاستەی ڕیالیزمی هێرشخواز کە پێی وایە لەبەرئەوەی بەدەستهێنانی هەژموونی جیهانی کارێکی ئەستەمە، ئەوا بەدەستهێنانی هەژموونی هەرێمی باشترین بژاردەیە بۆ مسۆگەرکردنی مانەوە و ئاسایشی دەوڵەت (والتز، ١٩٧٩: ١١١؛ میسباح، ٢٠١١: ٢٨-٢٩؛ مێرشایمەر، ٢٠٠١: ١-٢٣؛ مێرشایمەر، ٢٠١٣: ٧٧-٩٠).

کەواتە پاڵنەری گێڕانەوەی پێگەی هەرێمیی ئێران ئامادەییەکی کارای لە سیاسەتی دەرەوە ئێراندا لە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەژاد بەرامبەر عێراق هەبوو. گێڕانەوەی پێگەی بەهێزی هەرێمیی ئێران لە ناوچەکەدا لە پێناو دابینکردنی پێگەیەکی شایستەیە بۆ ئێران لە هاوکێشە هەرێمییەکان و دەستەبەرکردنی پاراستنی ئاسایش و مسۆگەرکردنی مانەوەی سیستەمی سیاسی ئێرانە لە ڕێگەی زۆرترین ڕاددەی هێز کە باڵادەستی هەرێمییە.

## ٤. ٧ ئاڵنگاری و دەرفەتە سەرەکییەکانی بەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاددا

ئاڵنگاری و دەرفەتەکانی بەردەم سیاسەتیی دەرەوەی ئێران لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاد بەرامبەر بە عێراق زۆرن، بەهۆی سنوورداری توێژینەوەکەمان گەنگەشەی سەرەکیترین ئاڵنگاری و دەرفەتەکان دەکەین، کە کاریگەریان لەسەر هاوکێشەکان هەبووە.

### ٤. ٧. ١ ئاڵنگارییە سەرەکییەکان

ئاڵنگارییەکانی بەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاد بەرامبەر بە عێراق زۆرن، بەڵام سەرەکیترینیان بریتین لەم ئاڵنگاریانەی خوارەوە:

#### ٤. ٧. ١. ١ بوونی هێزەکانی ئەمریکا تا ٢٠١١

بوونی زیاتر لە ١٠٠ هەزار سەربازی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، کە هاوسنووری ئێرانە، یەکێك بوو لە ئاڵنگاری و تەحەدداکانی بەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەم ماوەیەدا. لەبەرئەوەی لە هەمان کاتدا هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستانیش بوونیان هەبوو. ئەمەش مەترسییەکانی زیاتر کرد سەبارەت بە ئەگەری ئەنجامدانی هێرشی

سەربازی لەلایەن ئەمریکاوە بۆ سەر ئێران (بۆومان "Bowman"، ۲۰۰۷: ۱۳۸؛ بێلاسکۆ "Belasco"، ۲۰۰۹: ۹). ئەم ئاڵنگارییە مەترسییەکی ڕاستەقینە بوو لەبەردەم سیاسەتەکانی ئێران، چونکە ئیدارەی بۆش هەڵوێست و تێڕوانینێکی نەرێنی سەبارەت بە ئێران هەبوو. ئێران وەك دەوڵەتێکی شەڕانگێز لە کارنامەی ئیدارەی بۆشدا پۆلێن کرابوو. ئێران لە ئەفغانستان و عێراقەوە لە لایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەورە درابوو (کیلنر Kellner, ۲۰۰۳: ۲۲۵-۲۳۰). ئەم تەحەددایە تەنها هەڕەشەیەکی گەورە نەبوو لەبەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران، بەڵکو هەڕەشە بوو لەسەر خودی سیستەمی سیاسی ئێرانیش. واتە مان و نەمانی ئێرانی پێیەوە گرێ درا بوو. هەروەك فروم و بیرل (۲۰۰٤) باوەڕیان وایە: کێشەکانی ئێران سنووری چەکی ناوەکیان تێپەڕاندووە و کێشەکە پەیوەستە بە بوونی سیستەمێکی تیرۆریستەوە کە پێویستە لا ببرێت. ئەمەش ڕەنگدانەوەی دژایەتیی کردنی سیستەمی سیاسی، پێگە، ڕۆڵ و سیاسەتی ئێران لە ناوچەکە لەلایەن ئەمریکا و هاوبیرەکانی.

ئێران ئاگاداری ستراتیژییەتی نوێی کۆشکی سپی بوو سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە خۆی دەبینیەوە لە دارِشتنەوەی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. عێراقیش یەکەم دەوڵەت بوو کە ئەم گۆڕانکاریەی تێدا ئەنجام درا. لە ئەگەری سەرکەوتنی پڕۆژەی ئەمریکا لە عێراق کە خۆی دەبینیەوە لە دروستکردنی حکومەتێکی لایەنگر و پاڵپشتی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، ئەوا دەوڵەتی دواتر ئێران دەبێ کە گۆڕانکاریی تێدا دەکرێت (سوڵتانی و یوسفی، ۲۰۱۳: ۱۰۳؛ بەخشندەه "Bakhshandeh"، ۲۰۱۵: ۱۳۰-۱٤٥). داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە ئارێشە و تەنگەژەی ئاسایشی بۆ ئێران دروستکرد، بۆیە ئێران هەوڵی

بەرەنگاربوونەوەی ئەم ئارێشەیەی دا، ئەویش هەروەك ڕیکورد "**Record**" (٢٠٠٣: ٩) دەڵێت: لە ڕێگەی پەرەپێدان بە ستراتیژیەتی دروستکردنی هاوسەنگی، بۆ نەهێشتنی هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نیشتمانی خۆی، چونکە نزیکی سوپای ئەمریکا لە خاکی ئێرانەوە، ئەگەری هێرشی زیاتر کرد. ئەمەش کۆکە لەگەڵ دیدگای ڕیالیزمی بونیادی کە پێی وایە نەبوونی ئاسایش زاڵە لە ژینگەی نێودەوڵەتیدا (حوسێن، ٢٠١٨: ٢٨٠؛ والتز، ١٩٧٩: ١٢٦-١٣٤).

ئێران بە چڕی کاری لەسەر ستراتیژیەتی پەرەپێدان بە پەیوەندییە هەمەلایەنەکانی کرد لەگەڵ عێراق، بەتایبەت پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکان، ئەویش لە ڕێگەی لایەنە سیاسییە لانگرەکانی ئێران لە عێراق. ئێران وەك یەکەم دەوڵەت دانی بە حکومەتی نوێی عێراقی دانا و باڵیۆزخانەی خۆی لە بەغداد کردەوە. هەروەها کاری کرد بۆ دڵنیایی دان بە ئەمریکا بەوەی ئێران دژی بەرژەوەندییەکانی ئەو نییە و بەشدار دەبێ لە فەراهەمکردنی ئاسایش و سەقامگیری (ئەحمەد، ٢٠٢٢: ٩٧). ئێران بۆ نەهێشتنی ئەم ئاڵنگارییە و کەم کردنەوەی مەترسییەکانی بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە سەر ئێران، چوار گەڕی دانوستاندنی لەگەڵ ئەمریکا لە ٢٠٠٧ ئەنجامدا. لەگەڵ ئەوەشدا بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە هێراق هەر مایەی نیگەرانی ئێران بوو، بۆیە ئێران دژی بوون و مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتیی ئەمریکا لە عێراق وەستایەوە. ڕێککەوتننامەی سۆفا کە لە نێوان عێراق و ئەمریکا لە ٢٠٠٨ ئەنجامدرا، ئێران هەوڵیدا ماددەیەکی لە ناو ڕێککەوتننامەکەدا جێگیر بکات لە ڕێگەی هاوپەیمانەکانی خۆی لە ناو حکومەتی عێراق. بۆ نموونە: لە بڕگەی ٣ـی ماددەی ٢٧ـی ڕێککەوتننامەی سۆفادا هاتووە: نابێ بەهیچ شێوەیەك خاك، ئاو و

ئاسمان (هەوا)ی عێراق وەك ڕێگایەك یان وەك بنكەیەك بەكاربهێنرێت بۆ هێرشكردنە سەر هەر وڵاتێكی دیكە. زیاتر مەبەست لەم بڕگەیە ڕێگری كردن بوو لە هێرشكردنە سەر ئێران. ڕێككەوتننامەكە لە ٢٠١١ جێبەجێ بوو و زۆربەی هێزە شەڕكەرەكانی ئەمریكا لە عێراق كشانەوە (منەتی و هادیان، ٢٠١٩: ٧؛ گفتوگۆی ڕێككەوتننامەكانی ئاشتی، ٢٠٠٨: ٢٣؛ ماسۆن، ٢٠١٢: ١٦). بەم جۆرە چوارچێوەیەكی كاتی دانرا بۆ كۆتایی هێنان بە بوونی هێزەكانی ئەمریكا لە عێراق و كشانەوەیان لەو وڵاتە. بەمەش ئێران سەركەوتووبوو لە تێپەڕاندنی ئەم بەربەست و ئاڵنگارییە، لە ڕێگەی بەكارهێنانی ئامرازی سیاسی و دیپلۆماسی كە خۆی دەبینیەوە لە هێز و گروپە شیعە لایەندارەكانی ئێران كە حوكمڕانی عێراقیان بەدەستەوە بوو.

## ٢.١.٧.٤ تووندوتیژیی تائیفی و ناسەقامگیری

دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣، عێراق كەوتە بۆشاییەكی سیاسی و ئاسایشی گەورەوە، چونكە دامەزراوەی بەهێز یان سوپایەكی یەكگرتوو نەبوو كە توانای پاراستنی سیستەم و ڕژێمی نوێی عێراقی هەبێ. ئەم بۆشاییە بواری سەرهەڵدانی ململانێی تائیفییەكان كردەوە، بەتایبەت لە نێوان شیعە و سوننە. دامەزراندنی حكومەتی نوێی عێراق لە ٢٠٠٥ و گرتنەدەستی جڵەوی حوكمڕانی لەلایەن زۆرینەی شیعەی هاوپەیمانی ئێران، نەبووە هۆی سەقامگیری و كۆتایی هێنان بە تووندتیژی تائیفی، بەڵكو ڕۆژ دوای ڕۆژ شەڕی تائیفی نێون گرپە سوننییەكان و شیعەكان پەرەی دەسەند (حەسەن، ٢٠١٤).

لەم چوارچێوەیەدا؛ چەندین گروپی چەکداری شیعی و سوننی دەرکەوتن و هەریەکەیان هەوڵی دەدا دەستبگرێت بەسەر ناوچەی ژێر کاریگەری (نفوذ)ـی خۆی و بەرگری لە خۆی بکات. لە دیارترینیان ڕێکخراوی بەدر، کە باڵی سەربازی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی بوو، کە سەر بە ئێران بوو. هەروەها سوپای مەهدی بەسەرکردایەتیی موقتەدا سەدر، کە گوتارێکی ئاینی جەماوەرگەرا (پۆپۆلیسیت) و دژی بوونی ئەمریکا لە عێراقی گرتەبەر، هەروەها ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە بە سەرکردایەتیی ئەبو موسعەب زەرقاوی لە عێراق. ئێران ڕووخانی ڕژێمی سەددامی وەك دەرفەتێکی ستراتیژی بینی بۆ بەهێزکردنی خۆی لە عێراق، بۆیە پشتیوانی سیاسی و سەربازی بۆ گروپە لایەنگرەکانی دابین کرد. بەڵام ئەمە لە جیاتی ئەوەی ببێتە هۆی دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی ئێران بە خێرایی، ئەوا ئەم گروپانە زیاتر پەرەیان بە ململانێی تائیفی و توندوتیژی دا، چ لە دژی هێزە ئەمریکییەکان یان گروپە سوننییەکان، تەنانەت هەندێك جار لە دژی یەکتریش، ئەمەش جەنگی ناوخۆیی و ناسەقامگیری لێکەوتەوە (بینەر "Beehner"، ٢٠٠٦؛ پۆلاك "Pollack"، ٢٠١١؛ لیستەر "Lister"، ٢٠١٥: ٣٨٥٢).

ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە زیانی بەو سەقامگیرییە گەیاند، کە ئێران پێویستی پێ بوو بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە عێراق و ناوچەکە. بەردەوامی شەڕ و پشێوی وایکرد عێراق ببێتە گۆڕەپانێکی کراوە بۆ ململانێ، ئەمەش لە خزمەت بەرژەوەندییە ستراتیژی و دوورماوەکانی ئێران نەبوو، کە خۆی دەبینیەوە لە دروستکردنی کاریگەری و نفوزێکی جێگیر و دانپێدانراو یان بەهێزکردنی پێگەی سیاسی، ئاسایشی و ئابووری هەرێمی خۆی. هەرچەندە ئێران یاریکەرێکی کاریگەر بوو لە

گۆڕەپانی عێراقدا، بەڵام ئەم ژینگە پاشاگەردانیە بووە ئاڵنگاری لەبەردەم ستراتیژیە باڵاکەی (پۆلاك، ٢٠١١؛ گروپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان، ٢٠٠٦). کەواتە توندوتیژی تائیفی و ناسەقامگیری ئاڵنگارییەك بوو لەبەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق. هەرچەندە ئێران نەیدەویست حکومەتێکی بەهێز لە بەغداد دروست ببێ، کە پشت بەخۆی ببەستێ لە جیاتی ئێران، بەڵام خوازیاری ئەوەش نەبوو توندوتیژی و ناسەقامگیری لە عێراق بە ڕادەیەك پەرە بسێنێت، کە ببێتە هۆی دەرچوونی جڵەوی حکومڕانی لە دەستی هاوپەیمانەکانی ئێران.

### ٣.١.٧.٤ پەیوەندی لەگەڵ ناسیۆنالیستە عێراقییەکان

دوای ٢٠٠٥ ئێران پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ زۆربەی حیزب و گروپە شیعەکانی عێراق دروست کرد. بەڵام هەندێك کۆمەڵ و گروپی ناسیۆنالیست (چ شیعی چ سوننی) دژی سیاسەت و دەستێوەردانەکانی ئێران بوون لە سیاسەتی عێراقدا. ئێران لە ڕێگەی پەرەپێدان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێزە گەورەکانی شیعە و پاڵپشتی کردنیان، هەوڵی فراوانکردنی کاریگەری و نفوزی خۆی دا لە عێراق. ئەم هێزە شیعانەش ئێرانیان وەك هاوپەیمانێکی ستراتیژی بینی کە توانای بەهێزکردنی بەرژەوەندییەکانی شیعەی هەیە لە سیستەی حوکمڕانی نوێی عێراقدا (ئایزنستاد و هاوڕێیانی، ٢٠١١: ١٠٩-١١٥). بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەموو لایەنەکانی شیعە و سوننە پشتیوانی دەستێوەردانەکانی ئێران نەبوون لە کاروبارەکانی عێراقدا. چەندین گروپ و لایەنی ناسیۆنالیستی عێراقی دژی ئەوە بوون ئێران ڕۆڵێکی گەورەی هەبێ

لە کێشانی نەخشەی ئایندەیی عێراق، پێیان وابوو دەبێ سەروەری نیشتمانیی عێراق لە سەرووی هەموو شتێکەوە بێ، فراوانبوونی ڕۆڵ و نفوزی ئێرانیان وەك هەڕەشە لەسەر سەروەری و سەربەخۆیی عێراق دەبینی. بۆ نموونە: ڕەوتی سەدر، کوتلەی ئەیاد عەلاوی، بەشێکی زۆری سوننەکان دژی نفوزی زۆر و دەستێوەردانەکانی ئێران بوون لە عێراقدا. ئەمەش لە چوارچێوەی پاراستنی شوناس (الهوية: **Identity**)، سەروەری و سەربەخۆیی بڕیاری نیشتمانی و سیاسی عێراقدا بوو. تەنانەت موقتەدا سەدر هەرچەندە پاڵپشتی سیاسی و سەربازی لە ئێران وەرگرت، بەتایبەت لە ماوەی دامەزراندنی سوپای مەهدی، بەڵام پێداگربوو لەسەر ئەوەی وەك شوێنکەوتووی ئێران دەرنەکەوێت. عێراق سەربەخۆیانە سیاسەتی خۆی بەڕێوە ببات دوور لە دەستێوەردانە دەرەوەیەکان، بە دەستێوەردانی ئێرانیشەوە (سەلوم، ٢٠١٨؛ یوسف، ٢٠١٣؛ عەلی، ٢٠٢٢؛ خەلەف، ٢٠٢١: ١٤-١٦؛ ئیلیاس، ٢٠٢٢؛ بارزانی أ، ٢٠٢٣: ٢٥٩-٢٦٠). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بوونی هەستی نەتەوەیی لای ناسیۆنالیستە عێراقییەکان بە شیعە و سوننەوە ئاسەنگ و تەحەددایەك بووە لەبەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە عێراق، چونکە ناسیۆنالیستە عێراقییەکان پێی وابووە نابێ عێراق وەك پاشکۆی ئێران دەربکەوێت، ئەمەش ئەو هەستەیە کە ئێران کاری دەکرد بۆ لاوازکردن و تەنانەت نەهێشتنی.

### ٤.٧.١.٤ ئاستەنگە ئابوورییەکان و لاوازیی ژێرخان

ئێران ستراتیژی بەهێزکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکان و کاریگەری و نفوزی ئابووری خۆی لە عێراق پەیڕەو کرد. لەمەشدا هەوڵیدا ئەو بۆشاییە سیاسی و ئاسایشییە بقۆزێتەوە کە بەهۆی ڕووخاندنی ڕێژمی بەعسەوە دروست ببوو. ئێران جەختی کردەوە لەسەر پتەوکردنی پەیوەندییە بازرگانیەکان لە ڕێگەی هەناردەکردنی کەلوپەلی بنەڕەتی وەك خۆراك و کەرستەکانی بیناسازی... هتد (کاتزمان "Katzman"، ٢٠١٠). بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئێران ڕووبەڕیی چەند ئاسەنگێك بووەوە کە ڕێگربوون لەبەردەم فراوانکردنی پێگەی ئابووری خۆی لە عێراق بەوشێوەیەی خۆی دەیویست. لەوانە لاوازی ژێرخانی عێراق، کە دەرئەنجامی گەمارۆ و جەنگ بوو، کە زۆربەی تۆڕەکانی ڕێگەوبان، کارەبا و گواستنەوە و گەیاندنی کاول کردبوو، ئەمەش گواستنەوەی کەلوپەلەکان و جێبەجێکردنی پڕۆژە گەورەکانی سەخت کردبوو (ئەلحلۆ، ٢٠١٤: ١٤٤). هەروەها خراپی دۆخی ئاسایشی و توندوتیژی تائیفی و بەهێزبوونی گروپە چەکدارەکان، وایکرد ژینگەیەکی نالەبار بۆ وەبەرهێنان لە عێراق دروست بکات.

لە سەرووی ئەمانەشدا ئێران بەخۆی لە ژێر سزای توندی نێودەوڵەتیدا بوو، بەهۆی بەرنامە ناوەکی (ئەتۆمی)ـیەکەی، بەتایبەت سزاکانی ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا. ئەم سزایانە تواناکانی ئێرانی سنووردارکرد لە گێڕانی ڕۆڵی خۆی بەشێوەیەکی بەهێز لە ڕووی ئابووریەوە لە عێراق و بازارە جیهانیەکان (عەباس، ٢٠٢٣؛ خولی، ٢٠١٦:

٥-٩). ئەم سزایانە تەنها توانا و شیانەکانی ئێرانیان سنووردار نەکرد، بەڵکو ڕێگریان کرد لەوەی عێراق وەك بازاڕێکی جێگرەوە یان هاوپەیمانێکی سەرەکیی ئابووریی لەلایەن ئێرانەوە بەکاربهێنرێت. کەواتە سەرباری هەوڵە چڕ و بەردەوامەکان، کاریگەری و نفوزی ئابووری ئێران لە عێراق بە سنوورداری مایەوە بە بەراورد بە نفوز و ڕۆڵی سیاسی، ئاسایشی و سەربازی، ئەمەش وایکرد ئێران زیاتر پشت بە ئامرازە سیاسی و ئاسایشییەکان ببەستێت بۆ بەهێزکردنی بەرژەوەندییە هەرێمییەکانی. کەواتە ئاستەنگە ئابوورییەکان و لاوازی ژێرخانی عێراق تەحەددایەك بوون لەبەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لەو ماوەیەدا.

بەم شێوەیە دەردەکەوێت ئاڵنگارییە سەرەکییەکانی بەردەم سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر عێراق لە ماوەی ئەحمەدی نەژاد، پێنج ئاڵنگاری و تەحەددای سەرەکیی بوون، لە سەرووی هەموویانەوە بوونی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا لە عێراق و تووندوتیژی تائیفی و ناسەقامگیری. بەڵام ئێران توانی لە ڕێگەی هاوپەیمان و لایەنگرە سیاسی و میلیشایی و مەزهەبییەکانی سەربکەوێت بەسەر ئاستەنگەکاندا، بەتایبەت بوونی هێزەکانی ئەمریکا کە لە ڕێگەی ڕێککەوتننامەی سۆفاوە لە ٢٠١١ لە عێراق کشانەوە. هەروەها ئێران بوونی تووندوتیژی تائیفی و ناسەقامگیری بەکارهێنا وەك ئامرازێك بۆ ڕێگری کردن لە دروستبوونەوەی عێراقێکی بەهێز، تەنانەت ئەم ناسەقامگیرییەی بەکارهێنا بۆ هێشتنەوەی جڵەوی هاوپەیمانەکانیشی لە حیزب، لایەن و گروپە شیعەکان لە دەستی خۆیدا، لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی سیاسەتیی پەرتکە و زاڵ بە.

## ٤. ٧. ٢ دەرفەتە سەرەکییەکان

چەندین دەرفەت ڕەخسان لەبەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمودی نەژاد، بەڵام هەندێکیان کاریگەری و لێکەوتەکانیان لەسەر هاوکێشەکان و ئاڕاستەی ڕووداوەکان زۆرتر و بەهێزتر بوو، بۆیە لێرەدا ڕۆشنایی دەخەینە سەر سەرەکیترین ئەو دەرفەتانە:

### ٤. ٧. ٢. ١ دەرکەوتنی سەرکردایەتیی شیعە لە عێراق

ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام حوسێن لە ٢٠٠٣ گۆڕانکاری ڕیشەیی لە بونیادی سیاسی عێراقدا ئەنجامدا، دیارترینیان گرتنەدەستی دەسەڵات بوو لەلایەن لایەن و حیزبە شیعەکانەوە، ئەمەش یەکەمجار بوو لە دەوڵەتی نوێی عێراقدا ڕوویدات. ئەم حیزب و لایەنانە وەك حیزبی دەعوە، ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراقی پەیوەندی مێژوویی، مەزهەبی، سیاسیان لەگەڵ ئێران هەبوو، کە پەیوەندیی قوڵ و بەهێزی سیاسی و بیروباوەڕی لە نێوان ئەم لایەن و حیزبە شیعانە و تاران دروستکرد. یەکێك لەوانەی سوودی لەم وەرچەرخانە بینی نووری مالیکی بوو، کە لە ٢٠٠٦ تا ٢٠١٤ بووە سەرۆك وەزیرانی عێراق. شوێن پەنجە و کاریگەری ئێران لە دانانی نووری مالیکی وەك سەرۆك وەزیران دیار بوو. تەنانەت مالیکی بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا پشتی بەست بە پاڵپشتیی سیاسی و ئاسایشی ئێران، بەتایبەت لە میانەی

بەرەنگاربوونەوەی تەحەدداکانی بەردەمی وەك هێزە سوننی و کوردییەکان و هەڕەشە ئاسایشییەکان وەك ڕێکخراوی ئەلقاعیدە (ناسر، ٢٠٠٦: ٢١١-٢٢٧؛ خولی، ٢٠١٦؛ عەلائەددین، ٢٠٢٠).

ئێران لە ڕێگەی هێزی نەرمەوە پشتیوانی لەم لایەنە شیعانە و نووری مالیکی بەتایبەتی کرد، تەنانەت لە ڕێگەی هێزی زبریشەوە وەك سوپادی قودس پشتگیری لێیان کرد. ئێران کاریگەری و نفوزی خۆی لە ناو میلیشا شیعە چەکدارەکان بەکارهێنا بۆ گوشار یان هاوسەنگی دروستکردن لەسەر پڕۆسەی سیاسی. تاران پێگەی خۆی لە ناو دەوڵەتی عێراق بەهێز کرد نەك تەنها بە پاڵپشتی کردنی هاوپەیمانێکی سیاسی، بەڵکو لە ڕێگەی دروستکردنی تۆڕێکی فراوان لە لایەنگر و بەرژەوەندییەکانی لە ناو دامەزراوە ئاسایشی، سیاسی، سەربازی و ئابوورییەکان (تاها، ٢٠١٨: ٥؛ ئایزنستاد، ٢٠١٥؛ کۆمەڵەی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان، ٢٠٠٥؛ سەلوم، ٢٠٢٤؛ یەکەی شیکارییە سیاسییەکان لە ناوەندی عەرەبی: ٢٠١٤؛ بارزانی أ، ٢٠٢٣: ٢٥٩-٢٦٠). دەرکەوتنی سەرکردایەتیی شیعە لە عێراق ئەگەرچی دەرفەت بوو لەبەردەم سیاسەتی هەژموونخوازی ئێران لە عێراق و بەهێزبوونی ڕۆڵی ئێران و هاوپەیمانەکانی، بەڵام بۆ عێراق وەك دەوڵەت ئاڵنگارییەك بوو، بەجۆرێك کە دەرگای جەنگ و توندوتیژی تائیفی و ناسەقامگیر کردەوە. بەڵام ئێران بە هێزی نەرم و زبری خۆیەوە کاری کرد بۆ سوود وەرگرتن لەم دەرفەتە و لەمەشدا سەرکەوتوو بوو.

### ٤. ٧. ٢. ٢ کاریگەریی هێزی نەرم

یەکێك لەو دەرفەتانەی لەم ماوەیەدا لەبەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە عێراق ڕەخسا، ڕەنگدانەوەی کاریگەری هێزی نەرمی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە عێراق بوو. ئێران کاری لەسەر فراوانکردنی کاریگەری (نفوز)ی کەلتوری و ئاینی خۆی کرد لە ڕێگەی گواستنەوەی گوتار، هزر، دیدگای سیاسی و ئاینی و کەلتووری خۆی بۆ عێراق، بەتایبەت بۆ ناوچە شیعە نشینەکان. یەکێك لەو ئامرازانە کاریگەری دانان بوو لەسەر حەوزە زانستییەکانی شیعە بوو لە شارەکانی نەجەف و کەربەلا، کە دوو ناوەندی ئاینی گرنگن لە مەزهەبی شیعەدا. ئێران هەڵسا بە بەخشینی دەرفەتی خوێندن بە قوتابیان، بەتایبەت پاڵپشتی کردن لەو زانا و لێڤەگەڕ (مەڕجەع)ـانەی لایەنگری ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهن. تەنانەت پێدانی مووچەی بەرزتر بەو قوتابیانەی لە قوتابخانەکانی ئێران لە عێراق دەخوێنن. ئێران کاریشی کرد بۆ دانانی جێگرەوەیەك بۆ سیستانی، لەم چوارچێوەیەدا مەحمود شاهرودی هێنایە نەجەف و چەندین قوتابخانە و ناوەندی لە ژێر سەرپەرشتی ئەودا لە ناوچە جیاوازەکانی عێراق بە نەجەفیشەوە کردەوە. تەنانەت زیاتر لە ٢٠٠٠ پیاوی ئاینی خستە ناو حەوزەی نەجەف تا لەو ڕێگەیەوە کاریگەری خۆی لەسەر حەوزەکە دابنێت (ئەلعوبەیدی، ٢٠١١: ٨٦؛ نادر، ٢٠١٥، ٣-٤؛ موراد، ٢٠٢٠: ٩٣؛ ئایزنستاد، ٢٠١٥؛ ڕۆیتەرز، ٢٠١٧).

ئەلمەهدی (٢٠١٤: ١١٨) پێی وایە: ئێران لە ڕێگەی هێزی نەرمەوە هەوڵی دا کاریگەرییەکی مەزن لەسەر کۆمەڵگە شیعەکان دابنێت، ئەویش بە زاڵبوون بەسەر

حەوزە زانستییە ئاینیەکانی عێراق و بەتایبەت حەوزەی نەجەف، کە بڵاوبوونەوەی هزری ویلایەتی فەقیهـ ئاسانتر دەکات. سەلامە (٢٠١٢: ١١٣) باوەڕی وایە: ئێران شیعەگەرێتیی سیاسی لە پەیوەندییە دەرەوەیەکانی بەشێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنێت، ئەمەش ڕەگەزێکی بەرهەمهێنانی هێزی نەرمی ئێرانە کە خزمەت بە پرۆژەی ئێران لە ناوچەکەدا بکات. جا گۆڕانکارییەکانی عێراق دوای ٢٠٠٣ بوونە دەرفەت لەبەردەم هێزی نەرمی شیعەگەرێتی کە عێراق لە دەوڵەتێکی دژبەری ئێرانەوە بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی هاوپەیمانی ئێران، بایەخی دیمۆگرافی شیعی گۆڕی بۆ بایەخی دیمۆگرافیی شیعیی سیاسی.

کەواتە یەکێك لە دەرفەتە سەرەکییەکانی بەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە عێراق لەم ماوەیەدا، ڕەخسانی هەلومەرجێك بوو کە ڕێگەی خۆشکرد بۆ ڕەنگدانەوەی کاریگەریی هێزی نەرمی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە عێراق. ئەمەش باشترین ئامراز بوو بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکان کۆماری ئیسلامیی ئێران. لەبەرئەوەی باشترین ئامراز بۆ ئەوەی دەوڵەت ئامانجەکانی پێ دەستەبەر بکات هێزە، جا هێزەکە هێزی نەرم یاخود زبر بێت.

## ٣.٢.٧.٤ پاڵپشتی کردنی میلیشا شیعەکان

دوای گۆڕانکارییە ڕیشەییەکانی عێراق لە ٢٠٠٣، ئێران پاڵپشتی کردنی لە گروپ و میلیشیا شیعەکان لە عێراق بە دەرفەتێکی گرنگ و سەرەکی بینی، بۆ بەرجەستەکردنی ستراتیژیی باڵای خۆی، کە بریتییە لە بەهێزکردنی کاریگەری (نفوذ:

**Influency)ـی هەرێمیی ئێران. لە دیارترینی ئەو میلیشیایانە ڕێکخراوی بەدری باڵی سەربازی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق، جەیشی مەهدی، عەسائیبی ئەهلی حەق بوون. سوپای قودسی سەر بە پاسدارانی ئێران، ئەرکی پارەدارکردن، مەشق و ڕاهێنان و دابین کردنی چەك و تەقەمەنی بۆ ئەو گروپانە لە ئەستۆگرت. ئەمەش وایکرد ئەم میلیشیایانە وەك بریکاری کارا و کاریگەر لە خزمەت جێبەجێکردنی بەرنامە، کارنامە، سیاسی و ئەجێنداکانی تاران لە عێراق دەربکەون** (حەواش، ٢٠٢١؛ کاگان و هاوڕێکانی، ٢٠٢٢: ٢٢-٢٥؛ ڕیزایی، ٢٠٠٨: ٩٥-٩٩).

لە ماوەی داگیرکاری ئەمریکیدا، ئێران ئەم میلیشیایانەی بەکارهێنا بۆ لێدان لە بوون و پڕۆژەی ئەمریکا لە عێراق. ئەمەش وایکرد ئێران ببێتە بکەر (ئەکتەر)ـێکی کاریگەر لە هاوکێشە سیاسییەکانی عێراقدا. سنووری چالاکی ئەم میلیشیانە تەنها لە بواری سەربازیدا قەتیس نەبوو، بەڵکو کایەی سیاسیشی گرتەوە، بەوەی وەك هێزی سیاسی بەشداری پڕۆسەی سیاسی عێراقیان کرد، وەك ڕێکخراوی بەدر بە سەرۆکایەتیی هادی عامری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە لایەنداری دڵسۆزی ئێران مانەوە. زۆربەی میلیشا شیعەکانی عێراق ڕێبەری باڵای ئێران بە ڕابەری خۆیان دەزانن و فەرمان لەوەوە وەردەگرن (حەواش، ٢٠٢١؛ سەلوم، ٢٠٢٤؛ خولی، ٢٠١٦؛ موراد، ٢٠٢٠: ٩٢-٩٣؛ نادر، ٢٠١٥: ٣-٧؛ گروپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان، ٢٠٠٥: ٥-٢٠). ئێران لە سوود وەرگرتن لەم دەرەفە سەرکەوتوو بوو، هەروەك سەلوم (٢٠٢٤) بۆچوونی وایە: کۆمەڵە سیاسی و چەکدارییە شیعەکانی عێراق کاریگەری ئێران لە ژینگەی سیاسی عێراقدا کردە واقیع.

ئێران لە ڕێگەی ئەم میلیشا شیعانەوە بەجۆرێك كارایی سیاسەتی خۆی لەسەر عێراق دانا، كە دەكرێت بوترێت گوزارشت لە دەوڵەتی قووڵی ئێران لە عێراق دەكەن، تەنانەت وەك دەوڵەت لە ناو دەوڵەتیان لێهات، و هاوشێوەی پاسەوان و پارێزەری سیاسەتەكانی ئێران لە عێراق، دەركەوتن. كەواتە پاڵپشتی كردنی گروپ و میلیشا شیعەكان لە عێراق، دەرفەتێكی گرنگ بوو لەبەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران، تا لە ڕێگەی ئەم میلیشایانەوە كە وەك بریكاری ئێران دەردەكەوتن تاران پلانەكانی لە زەمینەی واقیعی كایە جیاوازەكانی عێراقدا بكاتە كردار.

## ٤. ٢. ٧. ٤ هاریكاریی بازرگانی و وزە

دوای ٢٠٠٥ دەرفەت بۆ ئێران ڕەخسا بۆ زیادكردنی هاریكاریی بازرگانی و وزە لەگەڵ عێراق، چونكە عێراق دەیناڵاند بەهۆی دارمانی ژێرخانی ئابووری و كەرتی وزە، كە بەهۆی سزا نێودەوڵەتییەكان و جەنگە یەك لە دوای یەكەكان گوزری كوشندەی بەركەوتبوو. ئێران سوودی لەم دەرفەتە وەرگرت، هەروەك ئایزنستاد (٢٠١٥) پێی وایە: ئێران سوودی لەم دەرفەتە وەرگرت و بووە گەورەترین هاوبەشی بازرگانیی عێراق.

نەجات (٢٠٢١: ٤-٩) ئاماژە بەوە دەكات: لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤ بۆ ٢٠١٢ بڕی هەناردەی بازرگانی ئێران بۆ عێراق نزیكەی ٤٣٪ زیادی كردووە. لە ٢٠٠٥ بۆ ٢٠١٥ بەهای كەلوپەلی هەناردەكراوی ئێران بۆ عێراق لە ١,٢ زیاتر لە ٦,٢ ملیار دۆلار بەرزبووەوە. لە بواری وزە، عێراق ناچاربوو بۆ پڕكردنەوەی پێداویستییە

ناوخۆییەکان لە وزە، بەتایبەت لە وەرزی هاوین، پشت بە ئێران ببەستێت بۆ دابینکردنی کارەبا و گاز. ئێران نزیکەی ١٠٠٠ مێگاوات کارەبای بۆ عێراق هەناردە دەکرد، سەرباری هەناردەکردنی گاز بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا (فەرد، ٢٠٢٠).

کەواتە دەرفەتی هاریکاریی بازرگانی و ئابووری ڕێگەخۆشکەربوو تا ئێران کاریگەریی لەسەر دۆسیەی وزەی عێراقیش دابنێت، وەك کارتی فشار بەکاری بهێنێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی. تەنانەت کاریگەری لەسەر بڕیاری ئابووری عێراق لەو ماوەیەدا دابنێت و سەربەخۆیی کەرتی وزەی عێراق دوابخات، تا ئاستێکی زۆر عێراق وابەستەی ئێران بکات.

## ٤. ٧. ٢. ٥ ستراتیژی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ٢٠١١

ستراتیژی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١١ لە عێراق، بووە هۆی دروستبوونی بۆشایی سیاسی و ئاسایشی گەورە، کە ئێران ئەم بۆشاییەی قۆستەوە و پڕ کردەوە لە پێناو بەهێزترکردنی کاریگەری و نفوزی خۆی لە ناو عێراق. کاتزمان (٢٠١٠: ٦-١٠) باوەڕی وایە: کشانەوەی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ٢٠١١ لە عێراق، دەرفەتێکی گەورە بوو، کە بووە هۆی زیاتر ڕەگداکوتانی ڕۆڵی ئاسایشی و سیاسی ئێران لە عێراق. ڕەزایقەش (٢٠٢٢: ٥٢-٥٣) ئەوە دووپات دەکاتەوە کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ٢٠١١ وایکرد دەستێوەردانی هێزە هەرێمییەکان لە کاروباری عێراق زیاتر بێ، بەتایبەت لە پشتیوانی کردن لە

پێکهاتەیەك دژی پێکهاتەیەکی دیکە. ئەم کشانەوەیە دەرفەتێکی گونجاو بوو بۆ ئێران تا ڕۆڵی خۆی لە عێراق و ناوچەکەدا زیاتر بکات.

ئێران هەوڵی دا پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێزە عێراقییەکان پتەوتر بکات، لە پێناو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی بەهۆی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دروست بووە، ئەویش بە پاڵپشتی کردنی دەستەبژێرە سیاسی، هێز و میلیشیا لایەنگرەکانی وەك: ڕێکخراوی بەدر و حیزبی دەعوە، عەسائیبی ئەهلی حەق، بەمەش ئێران وەك هاوبەشێکی سەرەکیی ئاسایشی دەرکەوت، کە کاریگەریی بنەڕەتی لەسەر پێکهێنانی حکومەت و بڕیارە سیاسیەکانی هەبوو (سەلوم، ٢٠٢٤؛ بارزانی أ، ٢٠٢٣: ٢٩٤-٣٠٠؛ بیدر، ٢٠١٧: ٤١؛ نادر، ٢٠١٥: ٣-٧؛ ئەرانگۆ، ٢٠١٧). لە ڕێگەی ئەم تۆڕە سیاسی و ئاسایشیانە ئێران خۆی وەك هاوبەشی ستراتیژی، ئاسایشی و جێگرەوەی ئەمریکا بۆ عێراق نمایش کرد. ئەم ڕەگداکوتانەی ئێران و لایەنگرەکانی لە جومگەکانی دەوڵەتی عێراقدا، وایکرد تاران کاریگەرییەکی گەورەی هەبێ لەسەر بڕیارەکانی حکومەتی عێراقی لە کایە جیاوازەکاندا، تەنانەت بووە هۆی دانانی نیشانەی پرسیار و وروژاندنی گومان لەسەر سەربەخۆیی بڕیاری عێراق.

لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاددا، سیاسەتیی دەرەوەی ئێران چەندین دەرفەتی بۆ ڕەخسا، لەوانە ئەو پێنج دەرفەتەی کە خرانەڕوو، بەڵام گرنگترین و کاریگەرترینی ئەو دەرفەتانە بریتیی بوو لە دەرکەوتنی سەرکردایەتیی شیعە لە عێراق، بەتایبەت کە ئەو شیعانە لایەنگری ئێران بوون، چونکە بەشی زۆریان پێشتر لە سەردەمی بەعسدا لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرا، ئەمەش دەرفەت بوو بۆ ئێران

تا لە ڕێگەی شیعە لایەنگرەکانی زاڵببێت بەسەر جومگەکانی جڵەوی حوکمڕانی لە عێراق بکات، لەمەشدا سەرکەوتوو بوو. زیاتر بوونی کاریگەری لە ڕێگەی هێزی نەرمەوە، یەکێکی دیکە بوو لەو دەرفەتانە، چونکە ئێران بە تۆخکردنەوەی ناسنامەی شیعەگەرێتی، پرسی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی، پشتیوانی کردن لە لایەن، مەڕجەع و ناوەندەکانی لایەنگری ئێران سوودی لە هێزی نەرم وەرگرت. هەروەها پاڵپشتی کردنی میلیشاکان، بەتایبەت میلیشیا شیعە لایەنگرەکانی ئێران، یەکێکی دیکە بوو لەو دەرفەتانەی بەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران کە وەك هێزی زبر دەرفەتی ڕەخساند، کاریگەریی بەرنامە و پڕۆژە و ستراتیژەکانی ئێرانیان کردە واقیع.

## ٨.٤ پوختەی بەشەکە

لەم بەشەدا تاوتوێی سیاسەتیی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاد، کرا. سیاسەتی ئێران لەو ماوەیەدا کاری کرد بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین هێز لە عێراق، تا ئاستی گەیشتن بە هەژموونی لە کایە جیاوازەکانی عێراقدا و دابینکردنی زۆرترین بەرژەوەندیی. ئێران لە کایەی سیاسییدا هەوڵی بەدەستهێنانی هەژموونی داوە لە ڕێگەی دەستگرتن و کۆنترۆڵ کردنی تەواوەتی جڵەوی حوکمڕانی لەلایەن شیعە لایەنگرەکانیەوە، لەمەشدا ئەگەرچی نەگەیشتبێتە ئاستی هەژموونی، بەڵام باڵادەستیی هاوپەیمان و لایەنگرەکانی ئێران مسۆگەرکرد لە کایەی سیاسی عێراق، بەوەی بایەخی دیمۆگرافی شیعەی کە زۆرینەی عێراق پێکدەهێنن، گواستەوە بۆ کایەی سیاسی و ئاسایشی. لە کایە ئاسایشی دا؛ ئێران هەوڵی بەدەستهێنانی زۆرترین ڕاددەی ئاسایشی داوە، بە کەمکردنەوە و نەهێشتنی هەڕەشەکان، وەك بوونی هێزەکانی ئەمریکا کە بە دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا لە ٢٠١١ کۆتایی هات، هێشتنەوەی عێراق بەلاوازی تا نەبێتەوە هەڕەشە بۆ سەر ئێران لە ئایندەدا.

لە کایەی ئایدۆلۆژیدا؛ ئێران هەوڵی هەناردەکردن ئەزموونی شۆڕشی ئیسلامی و ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهی داوە بۆ عێراق، تا شیعەکانی عێراق لە جیاتی نەجەف، قوم بە ناوەند و سەنتەری شیعەگەرێتی دابنێن، لە جیاتی عەلی سیستانی، ئەوا عەلی خامنەیی بەلێڤەگەڕ (مەڕجەع)ـی خۆیان بزانن، چونکە نەجەف و

سیستانی کە پەیڕەوی ویلایەتی ڕێنوێنیکاری (الولاية الإرشادية) یاخود ویلایەتی تایبەت (الولاية الخاصة) دەکەن، ئاستەنگن لەبەردەم گەشەکردن و هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی و ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیھ (ولاية الفقيه).

لە ڕووی ئابووریەوە؛ ئێران هەوڵی بەدەستهێنان و دابینکردنی زۆرترین بەرژەوەندی داوە لە عێراق. لە ڕێگەی پەرەپێدان بە پەیوەندییە ئابووری، پیشەسازی، بازرگانی، کەرتی وزە و بنیاتنانەوەی ژێرخان..هتد، لەمەشدا ئێران سوودی لە سنووری هاوبەش و دەروازە وشکانییەکانی لەگەڵ عێراق وەرگرت، هەروەها وەك دەروازەیەکیش عێراقی بەکارهێنا بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی سزا نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئێران.

ئێران لە ڕێگەی عێراقەوە، کە تاکە دەروازەی وشکانی ئێرانە، هەوڵی گێڕانەوەی پێگە و ڕۆڵی کاریگەری هەرێمی خۆی دا، چونکە لەوێوە دەستی دەگات بە ناوچەکە. لەبەرئەوەی ئێران دەوڵەتێکی هەموارخواز و گۆڕانخوازە و دەیەوێت هاوکێشەکانی هێز و ترس لە بەرژەوەندیی خۆی دابڕێژێتەوە. سیاسەتی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاددا کۆکە لەگەڵ ئاڕاستەی ڕیالیزمی هێرشخواز، کە پێی وایە باشترین بژاردە بۆ دەوڵەتان لە سایەی سیستەمی پاشاگەردانی نێودەوڵەتیدا هەوڵی بەدەستهێنانی هەژموونی بدەن، لەبەرئەوەی هەژموونی جیهانی ئەستەمە، ئەوا باشترین بژاردە هەژموونی هەرێمییە، ئێرانیش هەوڵی بەدەستهێنانی هەژموونی دا لە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاد، وەك هەنگاوێکی گرنگ بۆ هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هەژموونی هەرێمی.

# بەشی پێنجەم

# سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە سەردەمی حەسەن ڕوحانی: ٢٠١٤ - ٢٠٢١

## ١.٥ پێشەکی

گەنگەشەکردنی پاڵنەر، بنەما، ئامانجە باڵا و بنەڕەتییەکانی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانی لە ٢٠١٤ــەوە بۆ ٢٠٢١، پرسی سەرەکیی ئەم بەشە دەبێت، لە پاڵ باسکردنی ئاڵنگاری و دەرفەتەکانی بەردەم سیاسەتیی دەرەوەی ئێران لە عێراق لەو ماوەیەدا.

لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانی، کۆمەڵێك گۆڕانکاریی هەرێمی ڕوویاندا، کە کاریگەریان لەسەر هاوکێشە سیاسییەکان و هاوسەنگییەکانی هێز هەبوو لە ناوچەکە بەشێوەیەکی گشتی، لە عێراقدا بەشێوەیەکی تایبەتی. هەر لە هاتنی داعش، گەڕانەوەی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا بۆ عێراق، بەڕێوەچوونی گشتپرسیی سەربەخۆییی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرهەڵدانی خۆپێشاندان و نارەزاییەتییەکان لە ناو جەرگەی شارە شیعەنشینەکانی عێراق دژی باڵادەستی ئێران و هێز و میلیشیا لایەنگرەکانی، تا دەگاتە کوژرانی قاسم سولەیمانی فەرماندەی سوپای قودس... هتد. هەموو ئەو گۆڕانکارییانە لەلایەن کاریگەریان دانا لەسەر جۆر، شێواز، ڕێباز، ئامرازی مامەڵەی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لەو ماوەیەدا.

لەگەڵ گەیشتنی حەسەن ڕۆحانی بۆ دەسەڵات لە ٢٠١٤، کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر ڕێباز (نەهج)ـێکی میانڕەو و پراگماتیکی لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا پەیڕەو کرد، بە بەراورد بە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەجاد، ئەمەش بۆ ئەوە

دەگەڕێتەوە کە حەسەن ڕۆحانی سەر بە ڕەوتی چاکسازخوازەکان (ڕفۆرمخوازەکان)ـە، کە زیاتر باوەڕیان بە کرانەوە، دانوستاندن و گفتوگۆ، ڕێککەوتن و هاریکاری هەیە لە جیاتی جەختکردنەوە لەسەر ڕەهەندی ئایدۆلۆژی و بەردەوامیدان بە ململانێ و ڕکابەری. بەڵام لەلایەك؛ گۆڕانکارییەکان لە عێراق ئەوەندە خێرا و کاریگەربوون و بەجۆرێك لێکەوتەیان هەبوو، کە ڕێگربوون لە ڕەنگدانەوەی دیدگای حەسەن ڕۆحانی بەشێوەیەکی ئاشکرا و بەرچاو لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق. لەلایەکی دیکە؛ سەرۆك کۆماری ئێران ئەو پێگە و ئەڵقە بەهێزە نییە کە گۆڕانکاری جۆری و بنەڕەتیی لە سیاسەتی دەرەوە ئێراندا بکات. بەڵکو ڕۆڵێکی لاوەکی و لاوازی هەیە.

دەربارەی پێکهاتەی ئەم بەشە، ئەوا لە دەستپێکدا ڕۆشنایی دەخرێتەسەر ئامادەیی و کاریگەریی بنەما و پاڵنەرە سیاسی، ئایدۆلۆژی، ئاسایشی، ئابووری و هەرێمییەکان لە کایەی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانی لە ٢٠١٤ـەوە بۆ ٢٠٢١. دواتر ڕۆشنایی دەخرێتە سەر گرنگترین و بەهێزترین ئەو ئاڵنگاریانەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران ڕووبەڕوویان بووەوە لە عێراق، کە بوونە هەڕەشە لەسەر ئێران، هێز و لایەن و میلیشیا لایەنگرەکانی ئێران لە عێراق. ئینجا باسی دەرفەتە زێڕینەکانی بەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە عێراق لە ماوەی حەسەن ڕۆحانیدا دەکرێت، کە بوونە هۆی بەهێزتربوونی پێگەی ئێران لە عێراق.

## ٥. ٢ پارێزگاری کردن لە دیمەنی سیاسیی عێراق

پاڵنەری سیاسی و جیۆسیاسی کارابیان هەبووە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانی (٢٠١٤-٢٠٢١) بەرامبەر عێراق. ئێران لەم ماوەیەدا کاری کرد بۆ پارێزگاری کردن لە دیمەنی سیاسیی عێراق، ئەویش لە ڕێگەی پاراستنی ئەزموونی حکومڕانیی شیعە، تا جڵەوی دەسەڵات و حوکمڕانی بەدەستی هاوپەیمانەکانی بێت، بەتایبەتی هاوپەیمانە شیعەکانی، لە پێناو پارێزگاری کردن لە پێگە، کاریگەری، ڕۆڵ و فراوانخوازی و هەژموونخوازیی خۆی لە عێراق و ناوچەکەدا. بۆ نموونە: لە کاتی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق لە ٢٠١٤، سیاسەتی ئێران بریتی بوو لە پشتیوانی لە حوکمڕانیی شیعە لە عێراق. ئێران پاشەکشەی کرد لە پشتیوانی کردن لە نووری مالیکی بەربژێری دڵخوازی خۆی، هەرچەندە لەلایەن قاسم سولەیمانی فەرماندەی سوپای قودسەوە پشتیوانی لێدەکرا، چونکە ئایەتوڵڵا سیستانی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داوای گۆڕینی مالیکیان کرد بوو بە بەربژێرێکی دیکەی شیعە. دوای ناکۆکییەکانی ناو ماڵی شیعەکانی عێراق، ئێران پشتیوانی لە حەیدەر عەبادی کرد بۆ بوون بە سەرۆک وەزیران، کە لەلایەن مەرجەعییەتی نەجەف و ئەمریکاش تا ئاستێك قبوڵ بوو. ئامانجی ئێران ڕێگری کردن بوو لە دروستبوونی بۆشایی سیاسی و دەرچوونی جڵەوی دەسەڵات لە دەستی شیعەکان. لەم قۆناغەدا ڕۆڵی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی

نیشتمانیی ئێران و سەرۆکەکەی عەلی شەمخانی زۆرتر دەرکەوت لە پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق (بارزانی ب، ٢٠٢٣: ٣٢٧؛ تاها، ٢٠١٨: ٦؛ ئایزنستاد، ٢٠١٥).

بە مانایەکی دیکە ئێران قوربانی بە بەربێژە دڵخوازەکەی کە مالیکی بوو دا، لە پێناو پارێزگاری کردن لە پێگەی خۆی لە عێراق، جۆرێك لە ڕۆڵ گۆڕینەوە هەبوو لە نێوان قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودسی پاسداران و عەلی شەمخانی، سکرتێری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانیی ئێران.

کاتێك داعش لە ٩ــی حوزەیرانی ٢٠١٤ داعش هێرشی کردە سەر موسڵ و ئەو شارەی گرت، دواتر نزیکەی ١ لەسەر ٣ ــێی خاکی عێراقی گرت، تا گەیشتە دەروازەی بەغداد و نەجەف و کەربەلا، هێزەکانی عێراق دارِمان. عێراق لە لێواری مەرگێکی سەد لە سەد و هەڵوەشانەوەدا بوو و ئایندەی سیاسی حوکمڕانی شیعە کەوتە بەردەم هەڕەشەیەکی وجودی (حاتەم، ٢٠١٩: ١٧٥؛ بارزانی، ٢٠٢٠: ٥٤؛ بارزانی، ٢٠٢٣: ١٣). لەبەرامبەر ئەم هەڕەشەیە ئێران کەوتە جوڵەی خێرا و کاری کرد بۆ پاراستنی ئەزموونی حوکمڕانیی شیعە لە عێراق، بە پاڵپشتی کردنی میلیشیا شیعەکان و حکومەتی عێراقی بەشێوەیەکی کارا و مەیدانی. لەمەشدا سوپای قودس ڕۆڵی سەرەکی بینی، دەستی بە پڕچەککردنی میلیشا شیعەکانی حەشدی شەعبی کرد، کە زۆربەیان هاوپەیمان و شوێنکەوتووی ئێرانن، وەك: کەتائیبی حیزبوڵڵا، کەتائیبی ئیمام عەلی، عەسائیبی ئەهلی حەق، و گروپەکانی سەیدی شوهەداء. تەنانەت لە ٦٦ گروپی حەشدی شەعبی ٤٤ لایەنداری ڕێبەری باڵای ئێران و فەرمان لەوەوە وەردەگرن. بەشێوەیەکی مەیدانی قاسم سولەیمانی سەرکردایەتی شەڕی دژی داعشی کرد. لەم

سۆنگەیەوە ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت وەسفی قاسمی سولەیمانی دەکات بە باوك و سەرکردەی سەربازی و بیروباوەڕی (عەقائید)ی ڕاستەوخۆی گروپەکانی حەشدی شەعبی (عەلائەددین، ٢٠٢٠؛ تاها، ٢٠١٨: ٧).

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دژی داعش، ئێران پشتیوانی لە گروپە چەکدارە شیعەکانی حەشدی شەعبی کرد، تا وەك بزوتنەوەی سیاسی بەشداری لە کایەی سیاسیی عێراقدا بکەن، لەپێناو پارێزگاری کردن، پتەوتر کردن و فراوان کردنی بنکە و پێگەی دەسەڵات و ئەزموونی شیعەی هاوپەیمان و هاوسۆز و لایەنگری تاران. ئێران پشتیوانی بێسنووری لەم گروپانە کرد لە پێناو سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا ٢٠١٨. لە دەرئەنجامدا ئەم گروپانە توانیان ٤٥ کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنن کە دواتر "هاوپەیمانی فەتح"ــی لێ بەرهەمهات، پاشان بووە بناغەی هاوپەیمانییەکی گەورەتر بەناوی "هاوپەیمانی بنیاتنان: تحالف البناء". بەمەش ئێران سەرکەوتوو لە پارێزگاری کردن لە هاوکێشە و دیمەنە سیاسییەکانی عێراق لە بەرژەوەندی خۆی و شیعە هاوپەیمانەکانی. لەبەرئەوەی هاوپەیمانی بنیاتنان حکومەتی عێراقی پێکهێنا و سەرۆك وەزیران عادل عەبدولمەهدیش لەو چوارچێوەیەدا و بە پاڵپشتی ئێران کرایەوە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق (عەلائەددین، ٢٠٢٠؛ نایتس، ٢٠١٧؛ ئەلجەزیرە، ٢٠٢٤).

ئێران لە ڕێگەی سوپای قودسەوە، حەشدی شەعبی کردە هێزێکی ئەمری واقیع "De-Facto" بەڵام هاوپەیمان و لە ژێر فەرمان و گێڕایەڵی خۆی. بە ڕێنیشاندان و پاڵپشتی کردنی لە ڕۆڵی حەشدی شەعبی لە کایە سیاسیدا، کاریگەری ئەم میلشیایانەی زیاتر

کرد. دواتر لە ڕێگەی دەرکردنی یاسایەکی نوێ لە ٢٠١٦ بەناونیشانی "دەستەی حەشدی شەعبی: هيئة الحشد الشعبي" وەك هێزێکی چەکداری کاریگەر هاوتەریبی دامەزراوەی سەربازیی عێراق, بوونی میلیشا شیعەکان بەیاسایی کرا. ئەم میلیشایانە وەك پاسەوانی سیاسەتەکانی ئێران لە عێراق کاریان کرد (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ٢٠١٦، عەلائەددین، ٢٠٢٠، نادر: ٢٠١٥). دامەزراندن و بە فەرمی ناساندنی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە پاڵ سوپای عێراقدا، وەك گواستنەوەی جۆرێك لە نموونەی سوپای بەسیجی پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو بۆ عێراق. لە پێناو مسۆگەرکردنی ئایندەی سیاسی حوکمڕانیی شیعە لە عێراق، لە ڕێگەی دروستکردنی هاوسەنگیی هێز لە نێوان سوپای عێراق و میلیشا لایەندارەکانی ئێران و زیادکردنی ئامادەیی سەربازی هاوپەیمانەکانی ئێران لە عێراق. بەوەی ڕێگری بکات لە ئەگەری کۆتای سەربازی لەلایەن سوپاوە بەسەر ئەزموونی حوکمڕانی شیعە هاوپەیمانەکانی ئێران لە عێراق، ئەویش بە دروستکردنی حەشدی شەعبی لە دەرەوەی دامەزراوە فەرمییە سەربازی و ئاسایشییەکانی عێراق.

ئێران بە هەموو توانایەك دژایەتی داعشی کرد، چونکە پێی وابوو سەرکەوتنی داعش، واتە سەرکەوتنی بەرەی سوننەی توندڕەو، کە دەبێتە هۆی گۆڕانی هاوسەنگیی هێز "Balance of Power" و هاوسەنگی هەڕەشە و ترس "Balance of Threat or Fear" لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

لە سۆنگەی پاراستنی پێگەی هەرێمیی ئێران لە عێراق و لەوێشەوە لە سوریا و ناوچەکە، پارێزگاری کردن لە هاوکێشە و هاوسەنگییەکانی هێز لە بەرژەوەندیی

ئێران، ئەوا قاسم سولەیمانی سەرۆکی سوپای قودس خۆی سەرپەرشتی پاراستنی سیستەم، ڕژێمی و ئەزموونی حوکمڕانیی شیعەی عێراقی کرد، لە پێناو پارێزگاری کردن لە کاریگەری و ڕۆڵی هەرێمیی ئێران، بۆ نموونە: جەواد زەریف، دەڵێت: یەکێك لە پاڵنەرەکانی دەرکەوتنی داعش، هەوڵی بەشێك لە وڵاتانی ناوچەکە بوو بۆ ڕێکخستنەوەی هاوسەنگیی هێز (منەتی و هادیان، ٢٠١٩: ٧؛ ئارانگۆ، ٢٠١٧؛ ڕەداد، ٢٠١٧؛ ئەلجەزیرە، ٢٠٢٤). حەسەن ڕۆحانی، دەڵێت: ئەگەر ئێران نەبوایە ئەوا بەغداد و دیمەشق دەکەوتنە دەستی داعش (سی ئێن ئێن عەرەبی، ٢٠١٦). هادی عامری، سەرۆکی ڕێکخراوی بەدر، لەبارەی ڕۆڵی ئێران لە پاراستنی سیستەم و ڕژێمی سیاسی عێراق وتی: ئەگەر دەستێوەردانی ئێران و ژەنەڕاڵ قاسم سولەیمانی فەرماندەی سوپای قودس نەبوایە، ئەوا شتێك نەدەما بە ناوی حکومەتی حەیدەر عەبادی و بەغدادیش دەکەوتە دەستی داعش (ئیماڕات ئەلیەوم، ٢٠١٥).

هەر لە چوارچێوەی پارێزگاری کردن لە حوکمڕانی و دەسەڵاتی شیعە لە بەغداد و ڕێگری کردن لە لاوازبوونی کاریگەری (نفوذ)ی سیاسیی ئێران لە ناوچەکە، ئێران دژایەتی گشتپرسیی (ڕێفراندۆم)ـی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی کرد کە لە ٢٥ـی ئەیلولی ٢٠١٧ ئەنجامدرا. هەموو ئامرازێکی سیاسی، دیپلۆماسی و سەربازی و..هتدی بەکارهێنا. هەروەك سینکایا (٢٠١٧) ئاماژە دەکات بەوەی: عەلی شەمخانی، هەڵوێستی توندی ئێرانی لەبارەی بەڕێوەچوونی گشتپرسیەوە دەربڕی و بەهەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی خۆیانی دانا. ئێران بە ئەنجامدانی ڕێککەوتنێکی سیاسی لەگەڵ لایەنێکی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان، ناو ماڵی سیاسیی کوردستانی پەرت کرد، کە بووە هۆی ئەوەی ناوچە جێناکۆکەکان بکەونەوە ژێر دەسەڵاتی حەشدی

شەعبی و سوپای عێراق و پاسدارانی ئێران (بارزانی، ٢٠٢٠: ١١١-١١٤). بەمەش دەردەکەوێت ئێران سیاسەتی پەرتکە، هاوسەنگ بکە و زاڵ بەی بەکارهێنا، لە دژی هەوڵی سەربەخۆییخوازی هەرێمی کوردستان، ئەمەش وەك سیاسەتێکی بەرگریخوازانەی ئێران بوو لە هێشتنەوەی باری لە ئارا (ئەمری واقیع) وەك خۆی و لە پێناو پارێزگاری کردن لە ئەزموونی حوکمڕانی زۆرینەی شیعەی عێراق.

لەم ماوەیەدا پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی ئێران و عێراق لە ئاستێکی بەرزدا مانەوە. لەم چوارچێوەیەدا؛ حەیدەر عەببادی لە ٢٠١٤ و ٢٠١٧ دوو جار سەردانی تارانی کرد. لە دیداری لەگەڵ حەیدەر عەببادیدا، ڕێبەری باڵای ئێران عەلی خامنەیی، جەختی لەسەر پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و دژایەتی گشتپرسیی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان کردەوە (ئەلجەزیرە، ٢٠١٧؛ قودس ئەلیەوم، ٢٠١٧). بەرپرسە باڵاکانی ئێرانیش چەندین جار سەردانی عێراقیان کرد. لە ماوەی دوو خولی سەرۆکایەتیی خۆیدا، حەسەن ڕۆحانی یەکجار ئەویش لە ٢٠١٩ سەردانێکی سێ ڕۆژەی بۆ عێراق ئەنجامدا. لە سەردانەکەیدا ڕۆحانی چاوی بە گەورە بەرپرسانی عێراقی و ئایەتوڵڵا سیستانی گەورە مەرجەعی شیعەکان لە شاری نەجەف کەوت (قەناتی ئەلعالەم، ٢٠١٩؛ منەتی و هادیان، ٢٠١٩: ٩). دیداری ڕۆحانی لەگەڵ سیستانی وەك ئاماژەیەك بوو بۆ کەمبوونەوەی گرژییەکانی نێوان تاران و نەجەف، بە بەراورد بە سەردەمی ئەحمەدی نەژاد.

ئێران و بەدیاریکراوی قاسم سولەیمانی ڕۆڵی هەبوو لە پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقی لە دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ عێراق و دانانی عادل عەبدولمەهدی بە سەرۆك

وەزیران، ئەویش لە ڕێگەی لە یەك نزیك كردنەوەی هاوپەیمانی فەتحی سەر بە هادی عامری، کوتلەی سائیرونی سەر بە موقتەدا سەدر. هەروەها ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبوو لە دانانی بەرهەم ساڵح بە سەرۆك كۆماری عێراق، چونکە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان هاوپەیمانی ئێرانە، شكست پێهێنانی کاندیدەکانی پارتی وەك هۆشیار زێباری، بەهۆی ئەوە بوو کە ئێران پێی وابوو، پارتی هاوپەیمانی ئەمریکا، تورکیا و بەرەی وڵاتانی سوننیە (ئەلعەرەب، ٢٠١٨؛ مزوری، ٢٠١٨؛ ئارانگۆ، ٢٠١٧). ئەم هەنگاوەی ئێران لە پێناو پارێزگاری کردن بوو لە دیمەنی سیاسیی عێراق، چونکە پێی وابوو گۆڕانی دیمەنەکە لە بەرژەوەندی ئەودا نابێت. ئەمەش كۆكە لەگەڵ ئەو گریمانەیەی ڕیالیزمی بونیادی کە پێی وایە هاوسەنگیی هێز تا ئێستا ئامرازێکی کاریگەرە لە کارلێکە نێودەوڵەتییەکاندا. لەم چوارچێوەیەشدا ئێران کاری کرد بۆ پارێزگاری کردن لەو هاوسەنگییە هێزەی لە عێراق هەبوو. هەروەك ڕیالیزمی بونیادی پێی وایە: بنەمای هاوسەنگیی هێز شیاوە بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی (واڵتز، ١٩٧٩: ١٧١-١٧٣).

تەنانەت ئێران دژایەتیی خۆپێشاندانەکانی دژی حکومەت و هەوڵەکانی ڕووخاندنی حکومەتی عادل عەبدولمەهدی لە ٢٠١٩ کرد. بۆ نموونە: قاسم سولەیمانی سەردانی عێراقی کرد و چاوی بە بەرپرسە عێراقییەکان کەوت و پشتیوانی تارانی بۆ حکومەتی عادل عەبدولمەهدی دووپات کردەوە (منەتی و هادیان، ٢٠١٩: ٧؛ ئەلجەزیرە، ٢٠١٩). ئێران بەردەوام بوو لە هەوڵدان بۆ پارێزگاری کردن لە دیمەنی سیاسیی عێراق، بۆ نموونە: دوای دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی ئێران و بەدیاریکراوی قاسم سولەیمانی، ڕۆڵی هەبوو لە دانانی موستەفا كازمی و

دروستکردنی حکومەتی نوێی عێراق (ئاینده بۆ تویژینەوە و لێکۆڵینەوە پێشکەوتووەکان "Future for Advanced Research and Studies"، ٢٠٢٠؛ عەرەبی ٢١، ٢٠٢٠؛ ئەلحوررە، ٢٠١٩).

ئەم سیاسەتەی ئێرانە کۆکە لەگەڵ گریمانەکانی ڕیالیزمی بونیادی، کە پێیان وایە پشتبەخۆبەستن باشترین ئامرازە بۆ مانەوەی دەوڵەت. هەروەك والتز (١٩٧٩: ١١١) بۆچوونی وایە: پشتبەخۆبەستن و سیستەمی خۆیارمەتییە (Self-Help) بنچینە و بنەمای کارکردنە لە سیستەمی پاشاگەردانیدا. لەبەرئەمە ئێران پشتی بەخۆی بەست، بۆ نموونە بەشداری سوپای قودس لە عێراق بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی ئێران بە شێوەیەکی کرداری ڕەنگدانەوەی ئەم گریمانەیەیە. ئێران هەوڵی پارێزگاری کردنی دا لەو پێگە، کاریگەری و باڵادەستیەی لە عێراق هەیەتی.ئەم سیاسەتەی ئێران کۆکیشە لەگەڵ ئاراستەی ڕیالیزمی بەرگریخواز کە پێی وایە دەوڵەتان دەبێ هەوڵی بەدەستهێنانی ئەوەندە هێزە بدەن کە پێویستیانە بۆ مانەوەی خۆیان و نابێ هەوڵی هەژموونی هەرێمۆ یان جیهانی بدەن، چونکە ئامانجی باڵای دەوڵەتان مانەوەیە نەوەك هەژموونی (حوسێن، ٢٠١٨: ٢٨٠؛ والتز، ١٩٧٩: ١٣٤).

بەم شێوەیە؛ ئێران لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانی، کاری کرد بۆ پارێزگاری کردن لە دەسەڵات و ئەزموونی حوکمڕانیی شیعە لە عێراق، پاراستنی یەکپارچەییی خاکی عێراق، لە پێناو پاراستنی دیمەنی سیاسی عێراق، کە پێی وابوو لە خزمەت ئاسایش و بەرژەوەندی ئێراندایە. ئێران بەشدارییەکی کارای لە دروستکردنی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق کرد، بەمەبەستی پارێزگاری کردن لە پێگە

و ڕۆڵی ئێران لە عێراق و بەهێز مانەوەی هاوپەیمانەکانی لە عێراق کرد. ئەم سیاسەت و ستراتیژەی ئێران لە عێراق ڕەنگدانەوەی بنەمای پاراستنی سیستەمی سیاسیی ئێرانە، لە ڕێگەی بەهێز هێشتنەوەی پێگەی خۆی و هاوپەیمانەکانی لە عێراق.

## ٣.٥ مسۆگەرکردنی ئاسایش، ئامانجی باڵا سیاسەتی دەرەوەی ئێران

پرسی ئاسایش لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ماوەی دوو خولی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانیدا بەرامبەر بە عێراق، پرسێکی سەرەکی بوو، تەنانەت یەکێك بووە لە پاڵنەرە بنەڕەتی و ئامانجە باڵاکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە هەوڵی مسۆگەرکردنی دراوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لە گوتار، مامەڵە و دونیابینی و سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا هەبووە. بۆ نموونە: قاسم سولەیمانی فەرماندەی سوپای قودس ڕایگەیاند: ئاسایشی عێراق بۆ ئێمە گرنگە و پێشتریش یارمەتی عێراقمان داوە لە پاراستنی ئاسایشی خۆی (ئەلجەزیرە، ٢٠١٩). بەمانایەکی دیکە ئێران ئامانجی بووە بە پاراستنی ئاسایشی عێراق کە لەلایەن شیعەی هاوپەیمانەکانیەوە حوکمڕانی دەکرێت، ئاسایشی خۆی مسۆگەرتر بکات، چونکە عێراق وەك چۆن تاکە دەروازەی وشکانیی ئێرانە بۆ ناوچەکە، کە بووەتە هۆی پەلهاوێشتنی کاریگەری و ڕۆڵی ئێران، دەکرێت بەپێچەوانەشەوە لە ئەگەری گۆڕانی هاوکێشەکان ببێتە دەروازەیەك بۆ دروستکردنی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ئێران.

لە هەردوو سەردانی فەرمیدا بۆ عێراق لە ٢٠١٤ و ٢٠٢٠، عەلی شەمخانی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی، دیداری لەگەڵ گەورە بەرپرسانی عێراقی

ئەنجامدا و جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئامادەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هاریکارییەکان لەسەرجەم بوارەکاندا، بەتایبەتی لە بواری ئابووری و کەلتووریدا، لە پێناو مسۆگەرترکردن و بەهێزترکردنی سەقامگیری و ئاسایش و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان (ئاژانسی هەواڵی نێودەوڵەتیی تەسنیم، ٢٠٢٠). تەنانەت زیادبوونی ڕۆڵی شەمخانی لە پەیوەندییەکانی ئێران و عێراقدا پەیوەستە بە زیادبوون و زەقتربوونەوەی ڕەهەند و پرسی مسۆگەرکردنی ئاسایشی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا.

منەتی و هادیان (٢٠١٩: ١٢) بۆچوونیان وایە: دەرکەوتنی بەهێزی داعش لە عێراق لە ٢٠١٤ ئاڵنگاری و تەحەددایەکی ئاسایشی و هەڕەشەیەکی ئەمنی بوو بۆ سەر ئێران و بەرژەوەندییەکانی، چونکە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە بوو بۆ سەر حوکمڕانیی شیعە و یەکپارچەییی خاکی عێراق.

لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی ئەم هەڕەشە ئاسایشییە و گەرەنتی کردنی ئاسایشی ئێران و هاوپەیمانەکانی، ئێران بەبێ دووڵی پاڵپشتی هێزە عێراقییەکان و میلیشا شیعەکانی کرد. سوپای قودس و قاسم سولەیمانی ڕۆڵی سەرەکیان بینی لە بەرگری کردن لە حوکمڕانیی شیعە لە بەغداد، بە پڕچەککردنی میلیشا شیعەکان، بەشداری بەشێوەیەکی مەیدانی لە گۆڕەپانی جەنگی دژی داعش. بۆ نموونە: قاسم سولەیمانی سەرکردایەتیی هێزە عێراقی و میلیشا شیعەکانی لە جەنگی دژی داعش، بۆ نموونە: شکاندنی گەمارۆی داعش لەسەر ناحیەی ئامرلی لە پارێزگای سەڵاحەددین

(عەلائەددین، ٢٠٢٠؛ ئەلجەزیرە، ٢٠٢٤؛ منەتی و هادیان، ٢٠١٩: ١٣؛ تاها، ٢٠١٨: ٧؛ سەلوم، ٢٠٢٠).

ئێران تەنها بە پاڵپشتی حکومەت و میلیشا شیعەکانی عێراق نەوەستا، بەڵکو یارمەتی و پاڵپشتی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقیشی دا، لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە ئاسایشییەکانی داعش. بۆ نموونە: ئێران وەك یەکەم وڵات یارمەتی پێشکەش بە هەرێمی کوردستان کرد لە جەنگی دژی داعش. ئەم یارمەتییە بۆ ئەو کات بایەخێکی زۆری هەبوو (بارزانی، ٢٠١٩). سەرباری ئەوەی ئێران یەکەم وڵات بووە یارمەتی پێشکەش بە هەرێمی کوردستانی عێراق کردووە دژی داعش، لەگەڵ ئەوەشدا ئێران خۆی پەیوەندی کردووە و دەستپێشخەری کردووە بۆ یارمەتیدانی هەرێمی کوردستان. هەروەك بارزانی (٢٠٢٣ أ: ٤٤) ئاماژەی پێ دەکات: قاسم سولەیمانی پەیوەندی پێوەکردم و ئامادەیی هەموو هاوکارییەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعشی دەربڕی.

بەم جۆرە دەردەکەوێت کە هەڕەشەی داعش و پەلهاوێشتنی خێراکەی، پەیوەندییە دووقۆڵی، هەماهەنگی و هاوکاریی ئاسایشی و سەربازیی نێوان عێراق و ئێران گەیاندە بەرزترین ئاست. ئەمەش لە پێناو پاراستنی ئاسایشی ئێران و یەکلاکردنەوە و کۆتاییهێنان بەو هەڕەشە ئاسایشییە کە داعشە لەسەر خاکی عێراق بەر لەوەی بگاتە سنوور و خاکی ئێران.

لەلایەك عەلی شەمخانی سکرتێر ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی ئێران لە ٣٠ـی ١٢ـی ٢٠١٤ پێشوازی لە خالید عوبێدی وەزیری بەرگری عێراق کرد. لەم

دیدارەدا جەختکرایەوە لەسەر هاریکاریە ستراتیژییە هەمەلایەنەکان، بەتایبەت لە بواری بەرگری و ئاسایشیدا. شەمخانی داوای کرد ئاسایش و سەقامگیری لە عێراق و تەواوی دەوڵەتانی ناوچەکە بچەسپێنرێت و سەرجەم ناوچەکانی عێراق لە تیرۆریستان پاك بکرێنەوە. لە بەرامبەردا وەزیری بەرگری عێراق باسی لەوە کرد کە پشتیوانییە گشتگیرەکانی ئێران بۆ هێزە چەکدارەکانی عێراق و حەشدی شەعبی تا ئاستێکی بەرز هۆکاری سەرکەوتنەکانی عێراق بووە لە زۆربەی ناوچەکان لە دژی داعش (ئاژانسی هەواڵی نێودەوڵەتیی تەسنیم، ٢٠١٤).

لەلایەکی دیکە ئێران هاوپەیمانی چوار قۆڵی لەگەڵ هەر یەکێك لە ڕووسیا، عێراق و سوریا لە ٢٦ـی ئەیلولی ٢٠١٥ ئەنجام دا، لە پێناو هەماهەنگی کردن لە ڕووی هەواڵگریەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش لە عێراق و سوریا. بەمەش بوونی هێزەکانی ئێران لە عێراق ڕەهەندی یاساییان پێدرا (مەڕعی و وادی، ٢٠١٧: ١١٤-١١٥). هەموو ئەم هەوڵانەی ئێران لە پێناو بەهێزکردنی خۆی و هاوپەیمانەکانی، بە ئامانجی مسۆگەرکردنی ئاسایشی خۆی و هاوپەیمانەکانی بوو، چونکە ئێران پێی وابوو هەر زیادبوونێکی ئاسایشی ئەوانی دیکە لەسەر حیسابی ئاسایشی ئێران و هاوپەیمانەکانیەتی.

لە ٢٣ـی تەممووزی ٢٠١٧ لە تاران، ئێران ڕێککەوتننامەی هاریکاریی سەربازی لەگەڵ عێراق ئەنجامدا، بەمەبەستی زیادکردنی هاریکاریی سەربازی، ئاسایشی و دژایەتی کردنی توندڕەوی، پاڵپشتی بەرجەستە (لۆجستی). ئەم ڕێککەوتنە لە نێوان حوسێن دەهقان، وەزیری بەرگری ئێران و عیرفان ئەلحەیالی، وەزیری بەرگریی عێراق

واژۆکرا (ڕۆیتەرز، ٢٠١٧؛ شەڕقولئەوسەت، ٢٠١٧؛ حاتەم، ٢٠١٩: ١٧٥). بەڵام زوەیری (٢٠١٧) باوەڕی وایە: بۆچوونێك باوە کە قوڵایی ئامادەیی و دەستوەردانی ئێران لە دامەزراوە گرنگەکانی عێراق گەیشتووەتە ئاستێك، کە پێویستی بە هیچ یاداشتنامە و لێکتێگەیشتنێك نییە، چونکە خۆی بڕیاردەرە لە بارەی وردەکاری بارودۆخی ئاسایشی و سەربازی عێراق، چ بە ڕاستەوخۆ یاخود لە ڕێگەی بریکار (پرۆکسیی)ـەکانی وەك: میلیشاکانی حەشدی شەعبی کە ئەزموونی خۆی لە هێزەکانی بەسیج و پاسدارانی ئێرانی وەرگرتووە.

ئێران لەم سیاسەتەیدا سەرکەوتوو بوو، توانی ئاسایشی خۆی و هاوپەیمانەکانی مسۆگەر بکات، بۆ نموونە: حەسەن ڕۆحانی ڕایگەیاند: ئێران توانی بەغداد بپارێزێت (سی ئێن ئێن عەرەبی، ٢٠١٦). تەنانەت هادی عامری باوەڕی وایە: ئەگەر دەستێوەردانی ئێران و ژەنەڕاڵ قاسم سولەیمانی بەرپرسی سوپای قودس نەبوایە، ئەوا بەغداد دەکەوتە دەستی داعش (ئیمارات ئەلیەوم، ٢٠١٥).

سەبارەت بە پرسی گشتپرسیی سەربەخۆییی هەرێمی کوردستان، پاڵنەری ئاسایش و پایەی دەستەبەر کردنی ئاسایش کارایی هەبوو لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئیراندا. بۆ نموونە: عەلی شەمخانی سکرتێر ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی عێراق هەڵوێستی توندی ئێرانی لە دژی بەڕێوەچوونی گشتپرسیی سەربەخۆییی هەرێمی کوردستانی عێراق دەربڕی و بەهەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی ئێران دانا (سینکایا، ٢٠١٧). تەنانەت بەپێی بۆچوونی منەتی و هادیان

(۲۰۱۹: ۱۳-۱٤): گشتپرسیی سەربەخۆییی هەرێمی کوردستان ئاڵنگاری و تەحەددایەکی مەزن بوو بۆ ستراتیژیی باڵای سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە عێراق.

ئێران باوەڕی وابوو ئەم گشتپرسییە هانی کوردەکانی ئێران دەدات بۆ داوای جیابوونەوە. لەگەڵ ئەمەشدا عێراق دابەش دەکات و هانی سوننەکانی عێراقیش دەدات بۆ جیابوونەوە، بەمەش ڕووبەری کاریگەری و نفوزی ئێران کەم دەبێتەوە و دەبێتە مەترسی بۆ سەر ئایندەی پێگەی هەرێمیی ئێران. بۆ نموونە: جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی ئێران ڕایگەیاند: گشتپرسیی سەربەخۆییی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە دروست دەکات (منەتی و هادیان، ۲۰۱۹: ۱٦؛ ئاژانسی هەواڵی یانەی پەیامنێرانی لاو "Young Reporters Club News Agency"، ۲۰۱۷). تەنانەت خودی ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران عەلی خامنەیی، لە دژی ئەم هەنگاوەی هەرێمی کوردستان، هاتە سەر هێڵ و وتی: ئەمریکا و هێزە بیانیەکان دەیانەوێ ئیسرائیلێکی دیکە دروست بکەن (سی ئێن ئێن عەرەبی، ۲۰۱۷). هەروەها لە ۲۳ـی تەمموزی ۲۰۱۷، عەلی شەمخانی، لە دیداری لەگەڵ عیرفان ئەلحەیالی وەزیری بەرگریی عێراق ڕایگەیاند: یەکپارچەییی خاکی عێراق و گرەنتی کردنی سەقامگیری و ئاسایش لە بەرژەوەندی هەمووانە (شەرقولئەوسەت، ۲۰۱۷).

لەم چوارچێوەیەدا؛ ئێران بە مەبەستی مسۆگەرکردنی ئاسایشی خۆی و ئاسایشی هاوپەیمانەکانی لە عێراق، جوڵەی بەهەموو کارت و تواناکانی کرد دژی هەوڵەکانی سەربەخۆییی هەرێمی کوردستان. بۆ نموونە: هێزەکانی حەشدی شەعبی بەهاوکاری

و پاڵپشتی ژمارەیەکی زۆر لە پاسداری ئێرانی، بە فەرماندەیی پاسدارێك بە ناوی ئیقبال پور، لە ١٦ـی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، دوای ڕێککەوتن لەگەڵ لایەنێکی ناو هەرێمی کوردستان، بە چەکی ئەمریکی هێرشیان کردە سەر کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان و داگیر کرانەوە (بارزانی، ٢٠٢٠: ١١١-١١٤).

لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی نێوان حەسەن ڕۆحانی، سەرۆك کۆماری ئێران و حەیدەر عەبادی، سەرۆك وەزیرانی عێراقدا، جەختیان لەسەر ڕەتکردنەوەی گشتپرسیی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان کردەوە. ڕۆحانی ڕایگەیاند ئێران ئەم گشتپرسییە ڕەت دەکاتەوە، چونکە سەرچاوەی هەڕەشەیە بۆ سەر سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەکە (ئەلسۆمەرییە نیوز، ٢٠١٧).

بەم شێوەیە دەبینین ئێران لە جەنگی بەرەنگاربوونەوەی داعش و دژایەتی کردنی گشتپرسی هەرێم، ئامانجی بوو ئاسایشی خۆی و هاوپەیمانەکانی مسۆگەر بکات. لەمەشدا پشتی بەست بە بەشداری ڕاستەوخۆی سوپای پاسداران و بەتایبەتی سوپای قودس بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆی و ڕەواندنەوە و نەهێشتنی هەڕەشەکان. ئەمەش کۆکە لەگەڵ ئەو گریمانانەی ڕیالیزمی بونیادی، کە پێی وایە لە پاشاگەردانیی سیستەمی نێودەوڵەتیدا، پشتبەخۆبەستن باشترین بنەمای کارکردنە، هێز باشترین ئامرازە بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایش، هێزی سەربازی و چەکی ناوەکی باشترین ئامرازن بۆ ڕێگری لە جەنگ (والّتز، ١٩٧٩: ١١١-١٢٩).

لەلایەکی دیکە؛ ئێران کاری کرد بۆ شکستپێهێنان بە خۆپشاندانەکانی ٢٠١٩ـی عێراق، کە بووە هۆی دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆك وەزیرانی

عێراق، چونکە ئێران ئەو خۆپێشاندانانەی بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی خۆی و هاوپەیمانەکانی و ئەزموونی حوکمرانی شیعەی لە عێراق زانی، بۆ نموونە: لە سەرکوتکردنی خۆپێشاندانەکاندا لە هەفتەی یەکەمدا زیاتر لە ١٠٠ خۆپێشاندەر کوژران و ٦٠٠٠ هەزاریشیان بریندار بوون، ئێران بەم کارە تۆمەتبار کرا (مۆنتی کارلۆی نێودەوڵەتی، ٢٠١٩؛ ئەلحورە، ٢٠١٩، ئەلدوشی، ٢٠٢٠). هەروەها قاسم سولەیمانی بە نهێنی سەردانی نەجەفی کرد و لەگەڵ حەشدی شەعبی کاری کرد بۆ کۆتایی هێنان بە خۆپێشاندانەکان (ئەلدوشی، ٢٠٢٠). وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران عەباس موسەوی، هەستیاری ئێرانی سەبارەت بە دۆخی عێراق پێشاندا، ئامادەی هەموو پاڵپشتییەکی بۆ عێراق دووپات کردەوە (ئەلعوبەیدی، ٢٠١٩).

ئەم مەترسیەی ئێران سەبارەت بەم خۆپێشاندانانە هەیبوو، شتێکی هەڕەمەکی نەبوو، بەڵکو مەترسییەکی جددی و ڕاستەقینە بوو، چونکە خۆپێشاندەران کۆمەڵێك بارەگای حیزبەکانیان لە باشووری عێراق سوتاند، لە نێویاندا بارەگای حیزبە لایەنگرەکانی ئێران. تەنانەت خۆپێشاندەران هوتافی " العراق حرة حرة، إيران برة برة: عێراق ئازادە ئازادە، ئێران بۆ دەرەوە و بڕۆ دەرەوە"یان دەگوتەوە (مۆنتی کارلۆی نێودەوڵەتی، ٢٠١٩). مەترسیی ئەم خۆپێشاندانانە بەجۆرێك بوو کە تایبەتمەندی و جیاوازییەکی بنەڕەتیی هەبوو، چونکە بوونە هەڕەشە لەسەر (مان و نەمان)ــی پێگەی ئێران و هاوپەیمانەکانی لە عێراق و هەڕەشەیەکی وجودی ( Existential Threat) لەسەر ئاسایشی ئێران و هاوپەیمانەکانی لە عێراق. لەبەرئەوەی نارەزایەتیی و خۆپێشاندانەکان لە ناو جەرگەی ناوچە شیعەکان و شارە شیعەنشینەکاندا سەریانهەڵدا بوو، بۆ نموونە: لە ماوەی نێوان ٢٠١٨-٢٠٢١ کونسوڵخانەکانی ئێران

لە شارەکانی بەسرە، نەجەف و کەربەلا چەندین جار ئاگریان تێبەردرا و سوتێنران، لەکاتێکدا ئەم شارانە زۆرینە شیعە نشینن. تەنانەت کونسوڵخانەی کەربەلا سێجار لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە سوتێنرا، ئاڵای کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لەسەر هێنرایە خوارەوە و ئاڵای عێراقی لەسەر هەڵکرا (ئارتی عەرەبیك، ٢٠١٨؛ ئەلعوبەیدی، ٢٠١٩؛ ئەلعەرەبییە نێت، ٢٠٢٠).

لە کاردانەوەی ئەم خۆپیشاندانانەدا، ئێران تووشی تەنگەژە و ئارێشەی ئاسایشـــی "المعضلة الأمنية: **Security Dilemma**" بوو، چونکە زیادبوونی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان لە ناو جەرگەی شارە شیعەنشینەکان، ئەوا ئاسایشی ئێران و هاوپەیمانەکانی خستبووە مەترسیەوە، لە بەرامبەردا ئاسایشی ڕکابەرەکانی ئێرانی بەهێزتر دەکرد. لەبەرئەوەی ئێران پیی وابوو ئەم خۆپیشاندانانە هەوڵی نەیار و ڕکابەرەکانی ئێرانن و دەستی دەرەوەن بۆ گۆڕینی هاوکێشە سیاسی، ئاسایشی و هاوسەنگییەکانی هێز لە دژی ئێران. بۆ نموونە: عەلی لاریجانی سەرۆکی ئەنجومەنی شورای ئێران، وتی: ڕووداوەکانی ئەم دواییەی عێراق مایەی دڵەڕاوکێن. گەشەکردن و ئاسایشی عێراق بۆ ئێران گرنگە، بەڵام هەندێك وڵات نایانەوێ عێراق سەقامگیری و ئاسایشی تێدا بەرپا ببێ (ئەلعوبەیدی، ٢٠١٩). تەنانەت ڕێبەری باڵای ئێران، عەلی خامنەیی، باوەڕی وابوو کە دوژمنان دەیانەوێی پەرتەوازەیی لە نێوان عێراق و ئێراندا دروست بکەن و لە یەکتریان دابڕن. بەڵام نەیانتوانی بە ئامانجەکانیان بگەن. هەروەها خۆپیشاندەرانی بە نازناوی شیعە ئینگلیزەکان وەسف کرد، وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی کە شیعە خۆپیشاندەرەکانی عێراق شوێن سیاسەتی بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان کەوتوون (ئەلعوبەیدی، ٢٠١٩؛ مۆنتی کارلۆی

نێودەوڵەتی، ٢٠١٩). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئێران پێی وابوو کە ئاسایشی ئێران و هاوپەیمانەکانی کراونەتە ئامانج، بۆیە ئێران کاری کرد بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایشی خۆی لە ڕێگەی پاراستنی هاوپەیمانەکانی لە عێراق، یەکپارچەیی خاکی عێراق، بەشداری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە جەنگی دژی داعش و شکستپێهێنانی هەوڵەکانی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، پشتیوانی لە سەرکوتکردن و داپڵۆسینی ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانەکانی ٢٠١٩.

پەنهانکوشتنی (إغتیال) قاسم سولەیمانی سەرۆکی سوپای قودس و ئەبو مەهدی موهەندیس جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی لە ٣ـی ١ــی ٢٠٢٠ لە شاری بەغداد لەلایەن ئەمریکا بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، کاردانەوەی ئێران و عێراقی لێکەوتووە و کاریگەری پاڵنەری ئاسایش لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا زیاتر و زەقتر کردەوە. لەبەرئەوەی ئەم دوو کەسایەتییە لە دوای جەنگی دژی داعش دوو کاریگەرترین کەسایەتی بوون لە هاوکێشە سیاسی، ئاسایشییەکانی عێراقدا (عەلائەددین، ٢٠٢٠). دوای نەمانی سولەیمانی، ئێران هەوڵی پڕکردنەوە ئەو بۆشاییە سیاسی و ئاسایشیەی دا، کە بەهۆی نەمانی سولەیمانی دروستبوو، بۆیە عەلی شەمخانی لە ٧ـی ٣ـی ٢٠٢٠ سەردانی عێراقی کرد و یەکێك لە پرسە سەرەکییەکان پەیوەندییە ئاسایشییەکانی نێوان ئێران و عێراق بوو (حەمزە، ٢٠٢٠؛ ئاژانسی هەواڵی نێودەوڵەتیی تەسنیم، ٢٠٢٠).

بەم جۆرە دەردەکەوێت کە هەرچەندە ڕۆحانی سەر بە ڕەوتی چاکسازخوازەکان (ڕیفۆرمیستەکان)ـە، کە باوەڕیان بە ڕێبازی گفتوگۆ، دانوستاندن و دیپلۆماسی هەیە

لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسەکاندا. بەڵام کاریگەری پاشاگەردانیی سیستەمی نێودەوڵەتی وایکرد ئێران ڕێگەی تووند بگرێتەبەر سەبارەت بە مسۆگەرکردنی ئاسایشی خۆی و هاوپەیمانەکانی لە عێراق و تەنها پشت بە هێزی نەرم نەبەستێت. بەڵکو بە هێزی زبریش دەستێوەردان بکات. ئەمەش کۆکە لەگەڵ بنەماکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، کە ئاسایشی سیستەمی ئێران لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە (خومەینی، ٢٠١٠: ٣٩؛ قادر، ٢٠٢٠ أ: ١٤٥-١٤٦). لەلایەکی دیکە لاوازی ڕەوتی چاکسازخوازەکان (ڕیفۆرمیستەکان) و سەرۆك کۆمار دەردەخات لە کاریگەری دانان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران، بەهێزی ڕەوتی ڕیشەگۆڕخواز (ڕادیکاڵ)ـەکان دەسەلمێنێت، لە داڕشتن و ئاڕاستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران. هەروەها ئەم سیاسەتەی ئێران لە پێناو مسۆگەرکردنی ئاسایش کۆك بووە لەگەڵ گریمانەی ڕیالیزمی بونیادی، کە پێی وایە: ئاسایش ئامانجی باڵاو کۆتایی دەوڵەتانە (واڵتز، ١٩٧٩: ١٢٦). لەبەرئەوەی بوونی ئاسایش واتە بوون و بەردەوامی دەوڵەت و سیستەم. بەم شێوەیە دەبینین مسۆگەرکردنی ئاسایش ئامانجی باڵای سیاسەتی دەرەوەی ئێران بووە لە ٨ساڵی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانی بەرامبەر بە عێراق.

وا دەردەکەوێت بنەما و پاڵنەری ئاسایشی وەك کاریگەرترین بنەمای سیاسەتیی دەرەوەی ئێران لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانی، زۆرترین ئامادەیی و لێکەوتەی هەبووە لەسەر مامەڵە و سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق. لەبەرئەوەی ئەو پێشهات و ڕووداوانەی لەو ماوەیەدا لە عێراق ڕوویاندا، وەك: هاتنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، کارایی و ڕۆڵی پاڵنەرە ئاسایشییەکانی لە سیاسەتیی دەرەوەی ئێران گەیاندە لوتکە، چونکە بوونە هۆی دروستبوونی تەنگەژەی ئاسایشی.

جا لەبەرئەوەی هیچ دەسەڵاتێك نییە لە سەرووی دەوڵەتانەوە پارێزگاری لە ئاسایشی دەوڵەتان بکات، بەهەمان شێوە هیچ دەسەڵاتێك نییە لە سەرووی دەوڵەتانەوە ئاسایشی ئێران بپارێزێت، بۆیە ئێران ناچار بوو بە خۆی پارێزگاری لە ئاسایشیی خۆی بکات، ئەویش لە ڕێگەی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ، بە بەشداری سوپای قودس بەشێوەیەکیی مەیدانی و بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بریکار (پرۆکسی)ـیەکانی لە عێراق. هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەی بنەما و پاڵنەری ئاسایشن لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانیدا.

## ٤ .٥ ڕۆڵی ئایدۆلۆژیا لە کایەی سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا

یەکێك لە پایە و کۆڵەگەکانی ژیان، سیستەم و ڕژێمی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێران بەگشتی، سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەتایبەتی ئایدۆلۆژیایە، کە خۆی لە ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهە. بنەما و پاڵنەری ئایدۆلۆژیا کاریگەر هەبووە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانی بەرامبەر بە عێراق، ئەویش لە چوارچێوەی پارێزگاری کردن لە پێگە و کاریگەری (نفوذ)ی هەرێمیی ئێران لە عێراق و ناوچەکەدا. لەبەرئەوەی ئێران پێی وابوو ئەوەی لە ناوچەکە بەگشتی، عێراق و سوریا بەتایبەتی، دوای ٢٠١٤ دەگوزەرێ، دژی پێگە، ئاسایش، بەرژەوەندی و نفوزی ئێرانە. بۆ نموونە: جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی ئێران پێی وابوو یەکێك لە پاڵنەرەکانی دەرکەوتنی داعش، هەوڵی بەشێك لە وڵاتانی

ناوچەکە بوو بۆ ڕێکخستنەوەی هاوسەنگیی هێز لە بەرژەوەندی خۆیان لەسەر حیسابی بەرژەوەندییەکانی ئێران (منەتی و هادیان، ٢٠١٩: ٧٤).

دوای ئەوەی ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی، مەرجەعی باڵای شیعەکان لە نەجەف، لە ١٣ــی ٦ــی ٢٠١٤ فەتوای جیهادی کیفائی دەرکرد دژی داعش و بە بەرگری پیرۆزی دانا (سیستانی، ٢٠١٤). ئەوا بەپێی بۆچوونی سەعدی (٢٠٢١: ١١): ئێران ئەم فەتوایەی بە دەرفەت بینی بۆ دروستکردنی هێزێکی شیعی کە وەك چەتر هەموو میلیشاکان کۆ بکاتەوە و خۆی سەرکردایەتیان بکات. بەڵام عەباس (٢٠٢٣) باوەڕی وایە ئەم فەتوا ناوادارەی ئایەتوڵڵا سیستانیش بەرهەمی هەوڵەکانی قاسم سولەیمانی فەرماندەی سوپای قودسی پاسدارانی ئێرانی بوو، کە دوای کەوتنی موسڵ لە ٢٠١٤ ڕۆیشتە لای سیستانی لە نەجەف و قەناعەتی پێکرد بە دەرکردنی ئەم فەتوایە. بەمانایەکی دیکە خودی ئەم فەتوایەش لەژێر کاریگەری ئێراندا دەرکراوە، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی سوود وەرگرتن لە ئامرازی ئاینیی ئایدۆلۆژی بۆ خزمەتکردنی ئامانجە سیاسییەکانی.

لە چنینەوەی بەرهەمی ئەم فەتوایە ئێران سوودمەندی یەکەم بوو، بەوەی سوپای قودس ڕۆڵی سەرەکی بینی لە دروستکردن، مەشق پێکردن و پڕچەککردنی میلیشا شیعەکانی حەشدی شەعبی کرد، بە جۆرێك کە فەرمان لە عەلی خامنەیی، ڕێبەری باڵای ئێرانەوە وەربگرن. زۆربەی میلیشاکانی حەشدی شەعبی زیاتر لایەنگیری ئێرانن، واتەی میلیشا وەلائییەکان (کە ملکەچی ئێرانن) زۆرتر و بەهێزترن لە میلیشا مەرجەعییەکان (کە ملکەچی مەرجەعییەتی نەجەفن). بەشێوەیەکی مەیدانی قاسم

سولەیمانی فەرماندەی سوپای قودس سەرکردایەتیی میلیشاکانی کرد. ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت وەسفی قاسمی سولەیمانی دەکات بە باوك و سەرکردەی ڕاستەوخۆی سەربازی و بیروباوەڕی (عەقائیدی)ـی گروپەکانی حەشدی شەعبی (عەلائەددین، ٢٠٢٠؛ ئەلجەزیرە، ٢٠٢٤؛ تاها، ٢٠١٨: ٧). نادر (٢٠١٥: ٥) پێی وایە ئەم ناسەقامگیریەی دروستبوو، بووە هۆی بەهێزتربوونی ئامادەیی سەربازی ئێران لە عێراق.

عەلی شەمخانی لە ٣٠ـی ١٢ـی ٢٠١٤، ئەوەی دووپاتکردەوە کە ئێران ئامانجییەتی ئاسایش و سەقامگیری لە عێراق و دەوڵەتانی ناوچەکە بچەسپێت، لەسەر بنەمای تێڕوانین و دیدگاکانی شۆڕشی ئیسلامی. شەمخانی بەشداری گروپە شیعەکان و ئامادەییی کارای گەلی عێراق و بەشداری مەڕجەعە ئاینیەکان بە یەکێك لە گرنگترین ڕەگەزەکانی بەهێزکردنی یەکێتی و یەکپارچەیی عێراق دانا (ئاژانسی هەواڵی نێودەوڵەتیی تەسنیم، ٢٠١٤). بەڕوونی دەبینرێ کە ئێران پەسەندی ڕۆڵی مەڕجەعە ئاینییەکان دەکات، ڕاشدەگەیەنێت کە سەقامگیری و ئاسایشێکیان لە ناوچەکە دەەوێت کە گونجاوبێ لەگەڵ ئایدۆلۆژیای ئیسلامیی ئێرانی. هەروەها ڕۆڵی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان کە گروپە چەکدارە شیعەکانن کە بە بریکار و پرۆکسیەکانی ئێران ناسراون، بەرز نرخاند.

لەم قۆناغەدا ئێران هەوڵی دروستکردنی هەماهەنگی دا لەسەرجەم ئاستەکاندا لەگەڵ عێراق، لە ڕووی سیاسی، دیپلۆماسی، ئاسایشی، سەربازی و تەنانەت ئایدۆلۆژیش، چونکە پێی وابوو لەم قۆناغەدا پێویستە جۆرێك لە نەرمی بنوێنرێ بەرامبەر بە

مەڕجەعییەتی نەجەف، بەهۆی هەستیاری قۆناغەکە و گەورەیی مەترسییەکانی وەك داعش. لەبەرئەمە عەلی شەمخانی جەختی لەسەر ڕۆڵی مەڕجەعییەتە ئاینیەکان کردەوە، ئاسایش و سەقامگیری لە عێراق و دەوڵەتانی ناوچەکەدا هاریکاری نێوان کۆی میلیشا و گروپە عێراقییەکان بە گوێڕایەڵی کردنی مەڕجەعییەتی ئاینی بەدەست دێت (ئاژانسی هەواڵی نێودەوڵەتیی تەسنیم، ٢٠١٤).

فەتوای سیستانی بۆ جیهادی کیفیائیی پاڵپشتێکی گەورە بوو شەرعییەتدانی زیاتری ئاینی بۆ بوونی هێزە ئێرانییەکان لە عێراق. هەروەك زوەیری (٢٠١٧) پێی وایە ئێران سوودمەندی یەکەم بوو لە فەتوای عەلی سیستانی، بەوەی سەدان و هەزاران ڕاوێژکاری سەربازی ئێران سەر بە سوپای قودسی ئێرانی بەسەرکردایەتی قاسم سولەیمانی بەشداریان کرد لە بەرەکانی جەنگی دژی داعش. لەبەرئەوەی ئێران پێی وایە ئامادەیی ئەو لە عێراق پێویستییەکی هەرێمییە لە چوارچێوەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری تەکفیری وەهابی کە لە عێراق و سوریا لە فراوانخوازیدایە. لە دیداری لەگەڵ عەلی سیستانی لە ٢٠١٩ دا، حەسەن ڕۆحانی ڕۆڵی فەتوای جیهادی کیفائی بەرز نرخاند لە ڕزگارکردنی عێراق. بەهەمان شێوە باسی ڕۆڵی بەرەی بەرەنگاری کرا لە ڕووبەڕووبوونەوەی پرۆژەی زلهێزی خۆبەزلزانی جیهانی لە ناوچەکەدا (قەناتی ئەلعالەم، ٢٠١٩).

ئەم سیاسەتەی ئێران کە لە ژێر کاریگەری ڕەهەندی ئایدۆلۆژیدا لە عێراق پەیڕەوی کرد، لەلایەك ڕەنگدانەوەی دەستووری ئێران، چونکە ئەرکێکی بێ سنوور بە هێزە سەربازییەکانی ئێران دراوە، هەروەك لە دیباجەی دەستوورەکەدا (٢٠١٨: ١٢)

هاتووە: ئەركی سوپای پاسداران و لەشكر (ئەتەش) تەنها پاراستنی سنوورەكان نییە، بەڵكو بەرپرسن لە پەیامی بیرباوەڕی، كە بریتییە لە تێكۆشان "جیهاد" لە پێناوی خوا و خەباتكردن لە پێناو فراوانكردن و پەرەسەندنی حوكم و دەسەڵاتی یاسا و شەریعەتی خوا لە جیهاندا (دەستووری كۆماری ئیسلامیی ئێران، ٢٠١٨). لەلایەكی دیكە ڕەنگدانەوەی بنەماكانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانە، كە خومەینی (٢٠١٠: ٣٦) پێی وایە: پشتیوانی ستەملێكراوان ئەركی كۆماری ئیسلامیی ئێرانە لە هەر شوێنێكی دونیا.

بەم شێوەیە، بنەما و پاڵنەری ئایدۆلۆژیا، هەناردەكردنی شۆڕش و ئەزموونی كۆماری ئیسلامیی ئێران بەشێوەیەكی كارا و بەهێز، ئامادەیی و كاریگەری هەبووە لەسەر سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆكایەتیی حەسەن ڕۆحانیدا، تەنانەت دروستكردنی حەشدی شەعبی كە دەكرێ بە پاسەوانانی سیستەم و ڕژێمی ویلایەتی فەفیقە لە عێراق ناوببرێن، چونكە كاریگەری ئێرانیان بە زەبری هێز سەپاند، ئەوا بەرهەمی سیاسەتی هەناردەكردنی ئایدۆلۆژیا و شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانە بۆ عێراق.

بنەما و پاڵنەری هەناردەكردنی ئایدۆلۆژیا و شۆڕشی ئیسلامیی ئێران سەرباری ئەوەی هەڵقوڵای ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهە بۆ گۆڕینی ڕژێم وسیستەمەكان، ئەوا لەلایەكی دیكە ڕەنگدانەوەی ئەوەیە كە هیچ دەسەڵاتێك نییە لە سەرووی دەوڵەتانەوە كە ناسنامە، ئایدۆلۆژیا، ئاسایش و بوونی دەوڵەتان بپارێزێت، بۆیە لە كاردانەوەی پاشاگەردانیی سیستەمی نێودەوڵەتیدا، ئێران كاری كرد بۆ

هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیای خۆی و گواستنەوەی ئەزموونی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بۆ عێراق. لەبەرئەوەی وەك چۆن دەسەڵاتێکی باڵا نییە لەسەرووی دەوڵەتانەوە، بەهەمان شێوە ئایدلۆژیایەکی باڵاش نییە لەسەرووی ئایدۆلۆژیاکانەوە کە کۆنترۆڵی هەمووان بکات، بۆیە وەك جۆرێك و بەشێك لە بەدەستهێنان و زیادکردنی هێزی خۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵی هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیا و ئەزموونی شۆڕشی ئیسلامی دا بۆ عێراق، چونکە زیادبوونی هاوبیر و لایەنگری ئایدۆلۆژی، واتە زیادبوونی شوێنکەوتوو، پشتیوان و هێز، زیادبوونی هێزیش بەمانای بەهێزتربوون و مسۆگەرتربوونی مانەوەی دەوڵەتەکە دێت، کە مەبەستمان کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

ئەوەی زیاتر ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی ئێران سەرکەوتوو بێت لە هەناردەکردنی پرۆژە ئایدۆلۆژیاکەی، بریتی بوو لە دابەشبوونی هێز لە عێراق و لاوازی یاخود نەبوونی نەزم (ئۆڕدەر: نظم: **Order**) و پەیکەربەندیی (هایرارکی: **Hierarchy**)ـی هێز، کە وایکرد جۆرێك لە پاشاگەردانی لە عێراقدا هەبێ هاوشێوەی پاشاگەردانیی سیستەمی نێودەوڵەتیی، بەمەش ئێران ویستی زۆرترین کاریگەری دوورمەودا لەسەر عێراق دابنێت، لە ڕێگەی هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیا و شۆڕشی ئیسلامیی ئێران. لەمەشدا سەرکەوتوو بوو، چونکە زۆربەی لایەن، حیزب و گروپە میلیشاییەکان، فەرمان لە ئێران وەردەگرن، دڵسۆزی ویلایەتی فەقیهن، ئەمەش بەرهەمی بنەمای هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیا و ئەزموون و شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانە بۆ عێراق.

## ٥. ٥ بەرزکردنەوەی پەیوەندییە ئابوورییەکان بۆ بەرزترین ئاست

پاڵنەری ئابووری کارایییەکی گەورەی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانی دا، هەبوو. ئێران ئابووری بەرەنگاری لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ کردە سیاسەتی فەرمیی حکومەتی ئێران، کە لە ساڵی ٢٠١٢ ڕێبەری باڵای کۆماریی ئیسلامیی ئێران داوای بەهێزکردنی کرد بوو. ئەم هەنگاوەی ئێران، لە چوارچێوەی بەرەنگاربوونەوەی لێکەوتەی سزاکانی خۆرئاوا و ئەمریکا بوو. بەتایبەت دوای دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێکەوتننامەی ٥+١ لە ساڵی ٢٠١٨ و پەیڕەوی کردنی سیاسەتی ئەوپەڕی گوشار لە دژی ئێران. ئێران بایەخی زیاتری بە بەرهەمهێنانی کەلوپەلی نانەوتی دا. تا ببێتە سەرچاوەیەکی بەهێز بۆ داهات، چونکە کۆڵەگەی بنەڕەتی ئابوورییەکەی کە کەرتی نەوت بوو گورزێکی کوشندەی بەرکەوتبوو، بەهۆی سزا نێودەوڵەتییەکانەوە (عەباس، ٢٠٢٣؛ خولی، ٢٠١٦: ٥-٩). ئێران هەوڵیدا پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ عێراق بگەیەنێتە بەرزترین ئاست، لە پێناو قەرەبووکردنەوەی ئەو کورتهێنانەی تووشی ببوو لە کەرتی هەناردەکردندا، بۆ نموونە: ئێران کاری کرد بۆ دروستکردنی تۆڕێك لە کۆمپانیای ڕووکەش (شکل)ـی و بەناو سەربەخۆ، بەمەبەستی ئەوەی دۆلاری ئەمریکی بەو هۆیەوە لە عێراقەوە بگوازێتەوە بۆ ئێران. ئەم سیاسەتەش سەرکەوتوو بوو. لە ساڵی ٢٠١٣ بەهای هەناردەی کەلوپەلی نانەوتیی ئێران گەیشتە ٢٨,٣٦ ملیار دۆلار، لەو قەبارەیە بە بەهای ٦ ملیار بە تەنها بۆ عێراق بوو. لە ساڵی ٢٠٢١ کۆی هەناردەی نانەوتی

ئێرانی گەیشتە ٤٠,٧٤ ملیار دۆلاری ئەمریکی، کە ٨,٩ ملیاری بۆ عێراق بوو (عەباس، ٢٠٢٣؛ موراد، ٢٠٢٠: ٩٨). بەم جۆرە دەردەکەوێت کە هەناردەی ئێران بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بەتایبەت بۆ عێراق، لەمەشدا سوود لە دەروازە سنوورییە فەرمی و نافەرمییەکان وەرگیرا.

هەوڵەکانی ئێران لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانیدا، بەردەوام بوون بۆ فراوانکردنی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی لەگەڵ عێراق. بۆ نموونە: قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان عێراق و ئێران ١٢ ملیار دۆلاری  ساڵانەیە، لە نیسانی ٢٠١٩ حەسەن ڕۆحانی سەرۆك کۆماری ئێران داوای زیادکردنی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ عێراق کرد، کە بەرهەمەکانی وزەش بگرێتەوە، تا ئاستی ئاڵوگۆڕ لە ٢٠٢٠ بگاتە ٢٠ ملیار دۆلاری ئەمریکی. تەنانەت جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی عێراق هاوبەشی گەورەی بازرگانی ئێرانە (حاتەم، ٢٠١٩: ١٧٤؛ عەباس، ٢٠٢٣؛ سەلوم، ٢٠٢٤). تەنانەت ئێران ڕێککەوتننامەی دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەڕی لەگەڵ عێراق ئەنجامدا، بەمەبەستی ئاسانکاری کردنی زیاتر بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی. ڤیزای لەگەڵ عێراق هەڵگرت و جەختیش کردەوە لەسەر فراوانکردنی گەشتیاریی ئاینی (نورنیوز، ٢٠٢٠).

ئێران کاری کرد بۆ بەشداربوون لە پڕۆژەکانی ژێرخان و بنیاتنانەوە، لە پێناو بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە بازاڕی عێراقدا، بۆ نموونە: ئێران بەشدارە لە ٩٠٠٠ پڕۆژەی بنیاتنان لە عێراق. تەنانەت ئێران توانی تا ئاستێکی زۆر بازرگانیەکە بکاتە

تاك لایەن، واتە تەنها ئێران سوودمەندی یەکەم بێ و کاڵاکانی خۆی لە عێراق ساغ بکاتەوە. بۆ نموونە: لە ساڵی ٢٠١٣ و ٢٠١٥ ئێران دوو گرێبەستی سەبارەت بە فرۆشتنی گاز و گواستنەوەی بۆ وێستگەکانی کارەبا لە عێراق ئەنجامدا. هەناردەی گازی ئێران بۆ عێراق لە ٢٠١٧ دەستی پێکرد، ڕێژەکەی لە ٢٠١٨ گەیشتە زیاتر لە ١٣ ملیۆن مەتر سێجای ڕۆژانە (فەرد، ٢٠٢٠). لەلایەکی دیکە قەبارەی هەناردەی ئێران بۆ عێراق گەیشتە ٢٢٪. سەبارەت بە کارەبا ئەوا ٥٠٠٠ مێگاوات کارەبا لە ڕێگەی هەناردەکردنی غازەوە بۆ عێراق دابین دەکرد، لە پاڵ ١٢٠٠ مێگاوات کارەبای ڕاستەوخۆ و فرۆشتنی بە عێراق. تەنانەت لە وەرزی هاویندا ڕێژەکە دەگیشتە ٤٢٠٠ مێگاواتی کارەبای ڕاستەوخۆ. بۆ ئەم مەبەستە تۆڕی نیشتمانیی کارەبای عێراق و ئێران بەیەکەوە بەستراوەتەوە (فەرد، ٢٠٢٠). ئێران لە ٢٠١٨ کاری کرد بۆ دامەزراندنی چەند ناوچەیەکی بازرگانی ئازاد لە نێوان ئێران و عێراق و دەستکردن بە پیشەسازی هاوبەش، بەتایبەت لە بواری وزە و نەوت (سی ئێن ئێن عەرەبیك، ٢٠١٨).

ئەم سیاسەتەی ئێران کۆکە لەگەڵ دیدگای ڕەوتی چاکسازخواز (ڕیفۆرمخواز)ەکان، کە زیاتر پشت بە هێزی نەرم دەبەستن لە بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسییەکانیان. هەروەها ئەمەش ڕەنگدانەوەی تیۆری ڕیالیزمی بونیادییە، کە پێی وایە دەوڵەتان ئەکتەری ژیرن، کار دەکەن بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین بەرژەوەندی بە کەمترین زیان. کار دەکەن لە پێناو مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانیەکانیان لە گۆڕەپانی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا (میسباح، ٢٠١١: ٢٨-٢٩). بەم جۆرە دەبینین ئێران پەیوەندییە بازرگانیەکانی لەگەڵ عێراق تا ئاستێکی باش بەرزکردەوە. توانی لەو

ڕێگەیەوە ئابووری خۆی لە دارِمانی تەواوەتی بپارێزێت، دۆلاری ئەمریکی بگوازێتەوە ئێران، کاڵاکانی خۆیشی لە عێراق ساغ بکاتەوە، بەمەش بەجۆرێك لە جۆرەکان خۆی لە سزا نێودەوڵەتییەکان بپارێزێت و لێکەوتەکانی ئەو سزایانە لەسەر خۆی کەم بکاتەوە.

ئەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕەنگدانەوەی بنەما و پاڵنەری دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی ئێرانە، لەبەرئەوەی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەرووی ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوەیە. ئێران درکی بەوە کرد بەبێ بوونی ئابوورییەکی بەهێز، ناتوانێت ژێرخانێکی بەهێز بۆ بەرزکردنەوەی توانا ئاسایشی، سەربازی..هتد، بنیات بنرێت. لەبەرئەمە کاری کرد بۆ فراوانکردن و بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی، هەوڵی دا قەرەبووی ئەو زیانانە بکاتەوە کە بەهۆی سزا نێودەوڵەتییەکانەوە بەریکەوتووە. تەنانەت ئێران کاری کرد کە عێراق لە ڕووی ئابوورییەوە وابەستەی ئێران بێ، بۆ نموونە: لە ڕووی دابینکردنی گاز و کارەبا و پێداویستییەکانی عێراق لە وزە، ئێران سوودی لە بوونی لایەن و حیزبە شیعەکان لە ناو حکومەت و پەرلەمان، میلیشاکان وەك کارتی گوشار وەرگرت، بەمەبەستی فراوانکردنی بەرژەوەندییەکانیان لە عێراق و پتەوکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی ئێران.

## ٦.٥ ستراتیژیی پارێزگاری کردن لە پێگەی هەرێمیی ئێران

یەکێك لە بنەما، پاڵنەر و ئامانجە باڵاکانی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق بریتی بوو لە پارێزگارکردن لە پێگەی هەرێمیی ئێران لە عێراق و ناوچەکە، چونکە بە پاساوی جەنگی دژی داعش، هێزە شەڕکەرەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەڕانەوە عێراق، لە ژێر ناوی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش کە ئەمریکا سەرکردایەتی دەکرد (ئارانگۆ، ٢٠١٧؛ سەعدی، ٢٠٢١: ١١). داگیرکردنی بەشێکی بەرچاو لە خاکی عێراق و سوریا، لەلایەن داعش و گشتپرسیی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، بە مانای کەمبوونەوەی ناوچەی ژێر کاریگەری و نفوزی ئێران و لێدان لە پێگە و ڕۆڵی هەرێمیی ئێران دەهات. لەم سۆنگەیەوە سیاسەتیی پاراستنی پێگەی هەرێمیی ئێران زیاتر ڕەنگدانەوەی هەبوو، لەسەر سیاسیەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق.

هەر لەو چوارچێوەیەدا؛ لەلایەك ئێران ڕاستەوخۆ هاتە ناو جەنگی دژی داعش لە عێراق و لە سوریا، چونکە پێی وابوو ئەمە پڕۆژەیەکی هەرێمییە بۆ ڕێکخستنەوەی هاوسەنگیی هێز. هەروەك جەواد زەریف، ئاماژەی کرد بەوەی دەرکەوتنی داعش، هەوڵی بەشێك لە وڵاتانی ناوچەکە بوو بۆ ڕێکخستنەوەی هاوسەنگیی هێز لە بەرژەوەندی خۆیان (منەتی و هادیان، ٢٠١٩: ٧). دروستکردن و بەشداری کردنی ئێران لە هاوپەیمانی چوار قۆڵی لەگەڵ هەر یەکێك لە ڕووسیا، عێراق و سوریا لە ٢٦ـی ئەیلولی ٢٠١٥، لە پێناو هەماهەنگی کردن لە ڕووی هەواڵگریەوە بۆ

بەرەنگاربوونەوەی داعش لە عێراق و سوریا (مەڕعی و وادی، ٢٠١٧: ١١٤-١١٥). هەنگاوێکی دیکەی ئێران بوو بۆ پارێزگاری کردن لە پێگە و نفوزی هەرێمیی خۆی و پاراستنی هاوپەیمانەکانی، شەڕعییەتدان بەبوون و دەستێوەردانە سەربازییەکانی هێزەکانی ئێران، بەتایبەت لە عێراق، هەرچەندە ڕێککەوتنەکە بۆ پاساودانی یاسایی بوو بە هاریکاریی و هەماهەنگی هەواڵگری بەتایبەت لە نێوان ئێران و عێراق، بەڵام لە ڕاستیدا دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئێران لە جەنگەکە، ئامادەیی بەهێزی لە گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوەکان لە دژی داعش سنووری هاریکاریی هەواڵگری تێپەڕاند بوو بۆ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ و تەنانەت سەرکردایەتیی کردنی گروپ و میلیشا و هێزە شیعییە عێراقییەکان لە جەنگەکەدا.

لەلایەکی دیکە، دەربارەی پرسی گشتپرسیی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، ئێران هەڵوێستێکی توندی نواند، هەوڵی پێکهێنانی بەرەیەکی هەرێمی دا دژی ئەم هەنگاوەی هەرێمی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستە ئێران هاوپەیمانی سێقۆڵی لەگەڵ عێراق و تورکیای ئەنجامدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەوڵەکانی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان (فڕانس ٢٤، ٢٠١٧). لە هەنگاوێکی کرداریدا؛ ئێران دەروازە سنوورییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان داخست. بەوەش نەوەستا بەڵکو هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی کرد بە هاوبەشی لەگەڵ تورکیا و عێراق دژی هەرێمی کوردستان (کوش، ٢٠١٧). ئێران ئەم هەڕەشانەی دواتر کردە واقیع و کردار. هەروەك بارزانی (٢٠٢٠: ١١٠-١١٣) ئاماژەی پێدەکات: لە گەلە کۆمەکێییەکی هەرێمیدا، هێزەکانی حەشدی شەعبی، بە چەکی ئەمریکی، بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر پاسداری ئێرانی و بە فەرماندەیی ئیقبال پور فەرماندە لە سوپای پاسداران و بە یارمەتی لایەنێکی ناو

هەرێمی کوردستان، هێرشکرایە سەر هەرێمی کوردستان و کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکا داگیرکران. ئەم هەنگاوەی ئێران لە چوارچێوەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و ئایندەی پڕۆژە هەرێمیەکەی بوو. هەرچەندە داخستنی دەروازەکان زیانی ئابووری بۆ ئێران هەبوو، بەهۆی وەستانی جموجۆڵی بازرگانی، چونکە تورکیا ئەگەرچی بەڵێنی داخستنی دەروازەکانیشی دابوو، بەڵام داینەخست. ئەوا ئێران ئامادەبوو لە پێناو پاراستنی پێگە و ڕۆڵی هەرێمی خۆی ئەم زیانە قبوڵ بکات. هەروەك کوش (٢٠١٧) باوەڕی وایە: ئێران بۆ پاراستنی ئاسایش و بەرژەوەندی خۆی، کە خزمەت بە پڕۆژە فراوانخوازەیەکەی و زاڵبوون و باڵادەستی بەسەر گەلانی ناوچەکە، دابەشکردنی عێراقی ڕەتکردەوە.

تەنانەت ئێران پێی وابوو دژایەتی گشتپرسیی هەرێمی کوردستان واتە دژایەتی پڕۆژەی ئیسرائیل لە ناوچەکە، چونکە ئێران ئەم هەوڵەی هەرێمی کوردستانی بە پڕۆژەی ئیسرائیل دەزانی. هەروەك منەتی و هادیان (٢٠١٩: ١٣-١٤) پێیان وایە: ئێران پێی وابوو گشتپرسیی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، پیلانی جیۆسیاسی ئیسرائیلە بۆ لێدان لە پێگەی هەرێمیی ئێران و بەرپەرچدانەوەی بوونی حیزبوڵڵایە لە سەر سنووری باکوری ئیسرائیل، بە دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی هاوسنووری ئێران. لەو چوارچێوەیەشدا ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران عەلی خامنەیی وتی: ئەمریکا و هێزە بیانیەکان دەیانەوێ ئیسرائیلێکی دیکە دروست بکەن (سی ئێن ئێن عەرەبی، ٢٠١٧). تەنانەت جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی ئێران، گشتپرسییەکەی هەرێمی کوردستانی بە هەنگاوێکی مەترسیدار بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە وەسف کرد (ئاژانسی هەواڵی یانەی پەیامنێرانی لاو، ٢٠١٧). هەروەها عەلی

شەمخانی دووپاتی کردەوە کە یەکپارچەییی خاکی عێراق گرەنتی سەقامگیری، ئاسایش و بەرژەوەندی هەموو لایەکە (شەڕقولئەوسەت، ٢٠١٧).

کۆماری ئیسلامیی ئێران؛ عێراقی وەك دەروازە و ڕێڕەوێك بەکارهێنا بۆ بەردەوامیدان و پارێزگاری کردن لە نفوز و ڕۆڵی خۆی و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە، وەك: ڕژێمی ئەسەد لە سوریا، حیزبوڵڵا لە لوبنان (سەلوم، ٢٠٢٤). لەبەرئەوەی هاتنی بەهاری عەرەبی و قەیرانی سوریان لە ٢٠١١ پێگەی جیۆسیاسی و جیۆستراتیژی عێراق لە کایەی سیاسەت و ستراتیژی ئێراندا زیاتر و بەهێزتر کرد، چونکە عێراق ئەو قوڵاییە ستراتیژیەیە کە دەستی ئێران بە ئاسانی دەگەیەنێتە سوریا (سوریای ئەمڕۆ، ٢٠٢٥). عێراق ڕێڕەوی وشکانی بۆ جوڵەی میلیشا هاوپەیمانەکانی ئێران، لە ڕێگەی سێ دەوڵەتی هاوپەیمانی ئێرانەوە دابین کرد بۆ وەڵامدانەوەی هەڕەشەکانی سەر بەرەی بەرگری (مقاومە)، کە ئێران سەرکردایەتی دەکات، یان ئەوەی نەیارەکانی ئێران بە بەرەی شەڕ ناوی دەبەن.

سیاسەتی ئێران بۆ پارێزگاری کردن لە پێگە هەرێمیەکەی، لە ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی داعش، هەوڵی سەربەخۆییی هەرێمی کوردستان و کۆتایی هێنان بە نارەزایەتی و خۆپێشاندانەکانی ٢٠١٩ دژی ئێران و هاوپەیمانەکانی، بەشێوەیەکی خۆکار، بووە هۆی بەهێزتربوونی پێگە و ڕۆڵی هەرێمیی ئێران، بەتایبەت زیاتر دەرکەوتنی ڕۆڵی قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودس، وەك: کەسی پلەیەکی بەرەی بەرگری، کە ئیدارەی هەژموونخوازی ئێرانی لە ناوچەکەدا دەکرد.

ئێران لە بەرامبەر وڵاتانی ناوچەکە لە سەردەمی ڕۆحانی هەوڵی پەیڕەوکردنی دیپلۆماسیی ناوچەیی هاوسەنگی دا. بەڵام پێشهاتەکانی ناوچەکە، بەتایبەت لە عێراق، سوریا و یەمەن، کاریگەری خۆیان لەسەر ئەم پەیوەندییانە دانا، بۆ نموونە: ئێران کاری کرد لەسەر لێدان لە پێگەی سوننەکانی عێراق، بە پاساوی جەنگی دژی داعش، ئامادەیی سیاسی و سەربازی خۆی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لە ڕێگەی میلیشاکانی حەشدی شەعبیەوە لە شارە سوننیەکانی عێراق زیاد کرد (موراد، ٢٠٢٠: ٩١). تەنانەت هێزە عێراقییەکان لەگەڵ میلیشا شیعەکان و فەیلەقی قودس بە سەرکردایەتیی قاسم سولەیمانی، بەشێك لە شارە سوننیەکانیان گرت، وەك: پارێزگای سەڵاحەددین، بەبێ بەشداری هاوپەیمانی نێودەوڵەتی (موستەففا، ٢٠١٦). بەم هەنگاوە؛ ئێران بە پاساوی بەرەنگاربوونەوەی داعش، ویستی ئەو پێکهاتەیە لاواز بکات، کە نەیارەکانی وەك شانشینی عەرەبی سعودی دەیانویست لەو ڕێگەیەوە هاوسەنگیی هێز، لە بەرژەوەندی خۆیان لە عێراق بگۆڕن و دابڕێژنەوە. ئێران باڵادەستی خۆی نەك تەنها بەسەر شارە شیعە نشینەکان، بەڵکو بەسەر شارە سوننە نشینەکانیشدا سەپاند.

ئەم هەنگاو و سیاسەتەی ئێران کاردانەوەی سعودیەی لێکەوتەوە کە خۆی بەڕکابەری هەرێمیی ئێران لە عێراق دادەنێت. بۆ نموونە: وەزیری دەرەوەی سعودییە، ئەمیر سعود فەیسەڵ، ئێرانی تۆمەتبارکرد، بەوەی خۆی بەسەر عێراقدا زاڵ کردووە (ئەلعەرەب، ٢٠١٥). لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستەی وەزیری دەرەوەی سعودیەدا، عەلی یونسی، ڕاوێژکاری حەسەن ڕۆحانی سەرۆك کۆماری ئێران، وتی: ئەمڕۆ ئێران ئیمپڕاتۆریەتە.. پایتەختەکەی بەغدادە، کە ناوەندی شارستانی، کەلتوور و شوناسی

ئێمەیە. ئێمە بەرەنگاری توندڕەویی ئیسلامی، تەکفیری و وەهابییەکان دەبینەوە (ئەلسەیاد، ٢٠١٧: ١٤٤؛ ئەلعەرەب، ٢٠١٥؛ موستەففا، ٢٠٢٠؛ ئەلعەڕەبییە، ٢٠٢٠). مەبەستی لە توندڕەوی ئیسلامی، تەکفیری و وەهابی، بەرەی سوننەیە بە سەرکردایەتیی سعودییە. بەڵام ئێران لە ٢٠٢١ ئاسانکاری بۆ عێراق کرد تا وەك ناوبژیوانێکی هەرێمی، کار لەسەر چاککردنەوەی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ لەگەڵ سعودییە بکات (نەجات، ٢٠٢٢: ٦-٢٣). ئەمەش لە چوارچێوەی دیپلۆماسییەتی هەرێمیی هاوسەنگیی ئێران دێت، کە ڕۆحانی ویستی وەك ئامرازێك پەیڕەو بکات بۆ پارێزگاری کردن لە پێگەی هەرێمیی ئێران. ئەمەش ڕەنگدانەوەی دیدگای ڕەوتی چاکسازخواز (ڕیفۆرمخواز)ـەکانە، کە باوەڕیان بە ئامراز و ڕێگەچارە دیپلۆماسییەکان، دانوستاندن و کرانەوە هەیە.

سەبارەت بە تورکیا؛ ئێران پێی وابوو بوونی هێز و بنکە سەربازییەکان تورکیا لە عێراق، مەترسین بۆ سەر پێگەی هەرێمیی ئێران لە ناوچەکە، چونکە تورکیا زیاتر لە ٣٧ بنکەی سەربازی لە هەرێمی کوردستان هەیە. بە قوڵایی ١٠ بۆ ٨٠ کیلۆمەتر بەپێی جیاوازی شوێنەکان هاتۆتە ناو خاکی عێراق. بنکەی سەربازیی "زلکان" لە بەعشیقە لە سەروبەندی شەڕی داعش کرایەوە، کە یەکێکە لە بنکە سەربازییە گەورە و گرنگەکانی تورکیا لە باکوری موسڵ (مەحمود، ٢٠٢١).

ئێران و تورکیا لە زۆربەی کەرتەکاندا لە عێراق ڕکابەری یەکتر دەکەن، بەتایبەت لە کەرتی ئاڵوگۆڕی بازرگانی. ئێران و عێراق زیاتر لە ١٠ ملیار دۆلار قەبارەی بازرگانیان بووە لە ٢٠٢١ (شەفەق نیوز، ٢٠٢٢). بەڵام قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی

تورکیا لەگەڵ عێراق نزیکەی ١٣ ملیار دۆلار بووە (ئەشەرق بزنس، ٢٠٢٣). لەبەرئەمە ئێران تورکیای بە ڕکابەرێکی سەرەکی خۆی بینی لە عێراق، بۆیە کاری کرد بۆ پاراستنی پێگە هەرێمیەکەی بە لاوازکردنی پێگەی تورکیا. بۆ نموونە: ئێران دژایەتی بوونی سەربازی و دەستێوەردانەکانی تورکیا لە عێراق و پێشێلکردنی سەروەرییەکەی کرد. لە بەرامبەردا باڵیۆزی تورکیا، فاتیح یەڵدز، ڕایگەیاند: ئێران کۆتا دەوڵەتە ئامۆژگاری تورکیا بکات دەربارەی پاراستنی سنوورەکانی عێراق (ئەلجەزیرە، ٢٠٢١؛ سوهەیل، ٢٠٢١). ئێرا کاری کرد بۆ پاراستنی پێگەکەی لە ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی فراوانخوازیی تورکیا لە عێراق بە پاساوی بوونی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و لقەکانی. بەتایبەت کە تورکیا هەڕەشەی داگیرکردنی شەنگالی دەکرد. بۆ نمونە: ئێران یەکینەکانی پاراستنی شەنگالی سەر بە پەکەکەی خستە ژێر چەتری حەشدی شەعبی، وەك کارتێك گوشار دژی نفوزی تورکیا (ڕەئوف، ٢٠٢١؛ ئەلجەزیرە، ٢٠٢١).

لە بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئێران بە ئەنجامدانی ڕێککەوتننامەی ١+٥ سەبارەت بە دۆسیەی ناوەکی (نەوەو)ـیەکەی، تا هاتنی دۆناڵد ترەمپ بۆ سەر دەسەڵات، سیاسەتی پارێزگاری لە پێگە هەرێمیەکەی پەیڕەو کرد. تەنانەت لە جەنگی دژی داعش، ئێران لە سەر زەمین و ئەمریکا لە ئاسمان، هەماهەنگی ناڕاستەوخۆیان کرد دژی داعش. هەروەك میسال ئالوسی ئەندامی پەرلەمانی عێراق، باوەڕی وایە: ئەمریکا دەستی ئێرانی لە هەریەکە لە یەمەن، سوریا، عێراق واڵاکرد، لە بەرامبەر ڕێککەوتن لەسەر دۆسیەی ناوەکیی ئێران. سەرۆکی ئەمریکا باراك ئۆباما لە خراپترین دەروازەکانەوە دەچێتە ناو مێژووەوە، چونکە بە هەموو شێوەیەك

هەوڵیدا لەگەڵ ئێران ڕێك بکەوێ لەسەر دۆسیەی ناوەکی ئێرانی (مستەففا، ٢٠١٦). تەنانەت ئەم دەستکەوتە دیپلۆماسیەی ئێران، لە ڕێککەوتننامەی ناوەکی بە جۆرێك کاریگەر بوو، کە ئێران ڕۆڵێکی کاریگەر و باڵادەست لە عێراقدا بگێڕێت، هەر خۆیشی ئاڕاستەی گۆڕەپانەکە بکات (ئارانگۆ، ٢٠١٧). بەڵام بوونی دۆناڵد ترەمپ بە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکای بەرەو گرژی برد. لەبەرئەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتننامەی ناوەکی (ئەتۆمی) لەگەڵ ئێران لە ٢٠١٨ چووە دەرەوە و سزای نوێ بەسەر ئێراندا سەپاند. تەنانەت لە ٣ـی ١ـی ٢٠٢٠ لە شاری بەغداد، قاسم سولەیمانی فەرماندەی سوپای قودسی ئێرانی، ئەبو مەهدی موهەندیس جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی و هاوپەیمانی نزیکی ئێران، بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کردە ئامانج (بی بی سی نیوز عەرەبی، ٢٠٢١؛ ئەلسەبباغ، ٢٠٢٢: ٨٥). ئەمانە هەموو هۆکار بوون کە ئێران لە بەرامبەر سیاسەتی ئیدارەی نوێی ئەمریکا، کار بۆ پارێزگاری لە پێگەی هەرێمی خۆی بکات، بۆ نموونە: لە کاردانەوەی ئەم هێرشەی ئەمریکا چەند هەنگاوێکی گرتەبەر، لە ڕێگەی مووشەکەوە پێگەی هێزەکانی ئەمریکای لە سەربازگەی عەینولئەسەد لە ئەنبار و هەریر لە هەولێر بۆردومانکرد (شەڕقولئەوسەت، ٢٠٢٠). خامنەیی ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران، وتی: بەهێزترین وەڵام بۆ کوشتنی قاسم سولەیمانی دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا دەبێ لە ناوچەکەدا (ئاڕ تی عەرەبی، ٢٠٢٠). بەڵام جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران، وتی: ئەم هێرشەی ئێران بۆ سەر بنکەی هێزەکانی ئەمریکا بەرگری کردنە لە خۆ (بی بی سی عەڕەبیك، ٢٠٢٠). قسەکەی جەواد زەریف

ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە ئێران دەیەوێ پێگەکەی بپارێزێت، نەوەك دۆخەکە ئاڵۆزتر بکات و نایەوێ پەیوەندییەکان لەوە گرژتر و ململانێکان فراوانتر ببنەوە.

ئێران لە ڕێگەی هاوپەیمانەکانی لە ناو پەرلەمانی عێراق بە زۆرینەی دەنگ بڕیارێکی دەرکرد بۆ دەرچوونی هێزە بیانیەکانی لە عێراق (عەلائەددین، ٢٠٢٠). مەبەست لە هێزە بیانییەکان زیاتر هێزەکانی ئەمریکا بوو. سیاسەتی بەرگری لە پێگەی هەرێمیی ئێران لە هەنگاو و مامەڵەی ئێران لەگەڵ پێشهاتەکانی ناوچەکە و بەتایبەت عێراق دەخوێنرێتەوە، بۆ نموونە: عەلی یونسی، ڕاوێژکاری حەسەن ڕۆحانی سەرۆك کۆماری ئێران، ڕایگەیاند: بەرەنگاری هەموو ئەو لایەن و سیستەم و بیرانە دەبینەوە، کە دەیانەوێ ئەو هاوسەنگییەی هەیە لە بەرژەوەندی خۆیان و دژی ئێران بگۆڕن (ئەلسەیاد، ٢٠١٧: ١٤٤؛ ئەلعەرەب، ٢٠١٥؛ موستەففا، ٢٠٢٠؛ ئەلعەڕەبییە، ٢٠٢٠).

ئەم سیاسەتەی ئێران کۆکە لەگەڵ بنەماکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، کە خومەینی ئاماژە بەوە دەدات کە پێویستە پارێزگاری لە سیستەمی سیاسی ئێران بکرێت بە هەر جۆرێك بێ (قادر، ٢٠٢٠ أ: ١٤٥-١٤٦). بەرەنگاری لە کاتی ئاشتیشدا پێویستە و ئەرکی کۆماری ئیسلامییە بەرەنگاری جولەکە، ئەمریکا و بیانیەکان ببێتەوە (خومەنی، ٢٠١٠: ٢٩-٣١). سیاسەتی پارێزگاری لە پێگەی هەرێمیی ئێران لەم قۆناغەدا، کۆکە لەگەڵ ئاڕاستەی ڕیالیزمی بونیادی، کە پێی وایە دەوڵەت پێویستە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەوەندە هێزە بدات کە بۆ مانەوەی خۆی مسۆگەرە، نەوەك

هەوڵی بەدەستهێنانی هێزێکی زۆرتر بدات، چونکە دەبێتە مەترسی بۆ سەر خۆی و ئاسایشەکە (جۆن مێرشایمێر، ٢٠١٣: ٧٧ - ٧٨).

بنەما و پاڵنەری هەرێمیی کاریگەریی و ئامادەیی هەبووە لە سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی حەسەن ڕۆحانیدا، چونکە لەگەڵ ئەوەی عێراق دراوسێی ئێرانە، بەهەمان شێوە قوڵایی ستراتیژی ئێرانیش پێکدەهێنێت، تەنانەت تاکە پرد و دەروازەی وشکانیە بۆ گەیشتنی ئێران بە ناوچەکە. ئێران کاری کرد بۆ پاراستنی پێگەی خۆی لە عێراق و ناوچەکە لە پێناو پارێزگاری کردن لە پڕۆژە و ستراتیژە باڵاکەی کە هەژموونخوازیی هەرێمی و سەرکردایەتیی کردنی جیهانی ئیسلامی بەگشتی و جیهانی شیعەیە بەتایبەتی.

لەبەرئەوەی ئێران خۆی بە بەرپرس دەزانێت لە موسڵمانان و چەوساوان لە ناوچەکە و تەواوی جیهان، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیای ویلایەتیی فەقیهە، کە پێی وایە ئێران و هێزەکانی ئەرکێکی بیروباوەڕیی ئایدۆلۆژیان لە ئەستۆیە و پەیامدارن، پێویستە ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەن، پەیامی ئیسلام بگەیەنن، شەریعەت بڵاو بکەنەوە، چەوساوان سەربخەن و بەرەنگاری ستەمکار و داگیرکاران ببنەوە. لەلایەکی دیکە؛ ئەم سیاسەتە هەرێمیەی ئێران لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێی وایە هیچ هێز و دەسەڵاتێك نییە لە سەرووی دەوڵەتانی هەرێمیەوە کە ئێران بپارێزێت، سیستەمی هەرێمیش هاوشێوەی سیستەمی نێودەوڵەتیی پاشاگەردانییە، بۆیە پێویستە خۆی پشت بە هێزی خۆی ببەستێت بۆ پاراستنی خۆی.

ئەگەرچی سیاسەتیی ئێران لە سەردەمی ڕۆحانی زیاتر بەرگریخوازانە بووە، بەڵام بە سەرکەوتنی بەسەر ئاڵنگاری و پێشهاتەکان، بەتایبەت سەرکەوتنی بەسەر داعشدا لە عێراق، ئەوا بووە هۆی بەهێزتربوونی پێگە و ڕۆڵی هەرێمیی ئێران. بەم شێوەیە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانی کاری کرد بۆ پارێزگاری کردن لە پێگەی هەرێمیی ئێران لە ناوچەکە، بە ئامرازە جیاوازە سیاسی، دیپلۆماسی، سەربازییەکان... هتد، تا ئاستێکیش توانی ئەم ئامانجەی لەم قۆناغەدا دەستەبەر بکات. بەم شێوەیە بنەما و ڕەهەندی هەرێمی کارایی و ئامادەییەکی بەهێزی لە سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانی لە ٢٠١٤ـەوە بۆ ٢٠٢١ هەبوو.

## ٥. ٧ ئاڵنگاری و دەرفەتە سەرەکییەکانی بەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانی دا

چەندین ئاڵینگاری و دەرفەت لە بەردەم سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانی دا هەبوون. لێرەدا گەنگەشەی سەرەکیترین ئاڵنگاری و دەرفەتەکانی بەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەو ماوەیەدا بەرامبەر بە عێراق دەکەین، کە دەکرێت وەك خاڵی وەرچەرخان لە هاوکێشە سیاسی و ئاسایشیەکان سەیری بەشێکیان بکرێت.

### ٥. ٧. ١ ئاڵنگارییە سەرەکییەکان

ئاڵنگارییەکانی بەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانی زۆر بوون، بەڵام هەیان بوو کاریگەرییەکی ماوە کورت یاخود سنووورداری هەبوو، هەشیان بوو کاریگەرییەکەی ماوە دوور و فرە ڕەهەند و فرەلایەنی هەبوو، وەك داعش کە هەم لەلایەنی ئاسایشی، هەمیش لەلایەنەکانی ئایدۆلۆژی، سیاسی و سەربازی، ستراتیژی.. هتدیش بووە ئاڵنگارییەکی ڕاستەقینە لەبەردەم سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق و ئەزموونی شیعە و لایەنە هاوپەیمانەکانی ئێران لە عێراق. لەبەرئەمە لێرەدا ڕۆشنایی دەخەینەسەر گرنگترین و سەرەکیترین ئاڵنگاری و تەحەدداکانی بەردەم سیاسەتی

دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانیدا لە ٢٠١٤ـەوە بۆ ٢٠٢١، کە ئەوانیش ئەمانەی خوارەوەن:

### ٥. ٧. ١. ١ دەرکەوتنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش (٢٠١٤-٢٠١٧)

دەرکەوتنی ڕێکخراوی تیرۆریستی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لە ٢٠١٤ بووە هەڕەشەیەکی مەترسیدار و ڕاستەقینە لەسەر بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئێران لە عێراق و ناوچەکە. لەبەرئەوەی داعش توانی یەك لەسەر سێی خاکی عێراق داگیر بکات، کە ناوچەی جێی کاریگەری و نفوزی ئێران و هاوپەیمانەکانی بوو، بە شاری موسڵ و تکریتیشەوە، تەنانەت بووە هەڕەشە لەسەر بەغدادی پایتەخت. ئەم ڕێکخراوە زیاتر کۆمەڵە و کۆمەڵگە میلیشیا شیعەکانی بە ئامانج دەگرت، کە لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتیان دەکرا (نادر، ٢٠١٥: ١-٥؛ حاتەم، ٢٠١٩: ١٧٥؛ بارزانی، ٢٠٢٠: ٥٤؛ ئەبوڕومان و ئەبوهەنییە، ٢٠١٥). داعش بۆ ئێران دوژمنێکی تائیفی، ئایدۆلۆژی، ئاسایشی، سەربازی، شوناسی (ناسنامەیی) و ستراتیژی بوو، کە تەحەددای کاریگەری و نفوزی ئێران و هاوپەیمانەکانی لە عێراق بەتایبەتی و ناوچەکە بەگشتی، دەکرد. پێی وابوو گۆڕانکاری لە نزیکترین خاڵەوە دەبێ دەستپێ بکات. واتە: لە ناوخۆی دەوڵەتانی ئیسلامیەوە بەرەو جیهان. بە پێچەوانەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی دیکەی وەك ئەلقاعیدە کە پێی وابوو دەبێ سەرەتا گورز لە زلهێزان بدرێ، وەك: ڕێگەخۆشکردن بۆ گۆڕانکاری لە ناوخۆیی وڵاتانی موسڵمانو چونکە ڕژێمە حوکمڕانەکانی وڵاتانی موسڵمان بە پاڵپشتی زلهێزان

لە حوکمڕانییەکەیان بەردەوامن (قەندیل، ٢٠١٧؛ کونوبال و هاوەڵانی، ٢٠١٧: ٧). هەروەك ئەبوڕومان (٢٠٢٠) ئاماژە بەوە دەدات کە: ڕێکخراوی داعش سنووری بیر، دیدگا و ستراتیژەکانی ئەلقاعیدەی تێپەڕاند، چونکە ئەلقاعیدە باوەڕی بە دامەزراندنی دەوڵەت نەبوو، بەڵام داعش باوەڕی نەك هەر بە دامەزراندنی دەوڵەت، بەڵکو باوەڕی بە دامەزراندنی خەلافەتێکی جیهانی هەبوو. بە مانایەکی دیکە داعش باوەڕی وابوو لە دوژمنە نزیکەکان (ڕژێمە حوکمڕانەکانی وڵاتانی ئیسلامی) بدرێت، وەك ئامادەکارییەك و هەنگاوی یەکەم بۆ لێدان لە دوژمنە دوورەکان (ئەمریکا و هاوپەیمان و هاوشێوەکانی) وەك هەنگاو یدووەم و دامەزراندنی خەلافەتێکی ئیسلامیی جیهانی. داعش تەحەددایەکی گەورەبوو لەبەردەم سیاسەتیی دەرەوەی ئێران و هەڕەشەیەکی وجودی بوو لەسەر کاریگەری و ڕۆڵ و نفوزی ئێران لە ناوچەکە، چونکە ئەو بەناو دەوڵەتەی داعش دروستی کرد بوو، ئەوا لەسەر خاکی سوریا و عێراق بوو، کە هەر دوو وڵات هاوپەیمان و قوڵایی ستراتیژی ئێرانیان پێکدەهێنا و جێگای و شوێنی ژێر کاریگەری و نفوزی ئێران بوون (هاشم، ٢٠٢٣: ١٣٣-١٣٨؛ سوریای ئەمڕۆ، ٢٠٢٥).

بەم جۆرە دەردەکەوێت کە داعش گوزارشتی لە چەندین ڕەهەندی جیاواز و قوڵ دەکرد، لە ئاستی جیاوازی خۆیاندا ببووە مەترسی لەسەر سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق. لەبەرئەوەی داعش خاوەنی ئایدۆلۆژیایەکی ئیسلامیی سوننی سەلەفیی توندڕەوی جیهادی جیهانی بوو، کە هەوڵی دروستکردنی خەلافەتێکی جیهانی دەدا بە پاشخانێکی سوننی سەلەفیی جیهادی، ئەمەش هەڕەشە بوو بۆ سەر ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهـ کە ئایدۆلۆژیایەکی ئیسلامیی شیعی جیهانییە، کار

دەکات بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی جیهانی بەپێی دیدگای ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهـ. داعش ئەکتەرێکی نادەوڵەتیی هەموارخواز ( Revisionist Non-State Actor) بوو، هەوڵی گۆڕینی دۆخی لە ئارا (أمر الواقع)ـی دەدا لە عێراق و سوریا. دەیویست هاوسەنگییەکانی هێز و هاوکێشەکان بەپێی دیدگای ئایدۆلۆژی و بەرژەوەندیی خۆی ڕێکبخاتەوە. ئەمەش ببووە هەڕەشە بۆ سەر سیاسەتەکانی ئێران و هاوپەیمانەکانی لە عێراق و سوریا، بەتایبەت ئەزموونی حوکمڕانی شیعە لە عێراق. داعش هەوڵی سەپاندنی ناسنامە و شوناسی خۆی و سڕینەوەی ئەوانی دیکەی دەدا. بەم شێوەیە داعش گوزارشتی لە ئاڵنگارییەکی قوڵ، فراوان و هەمەلایەنی سیاسی و ئایدۆلۆژی ... هتد، دەکرد بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق.

ئەم پێشهاتانە و پەلهاوێشتنی خێرای داعش، وایکرد ئێران بەشێوەیەکی خێرا و فراوان دەستێوەردان بکات، بە بەکارهێنان هێزی نەرم و زبری خۆی، بۆیە ئێران دەستپێشخەری کرد بە پێشکەشکردنی پاڵپشتی سەربازی و لۆجستی بۆ هێزەکانی حەشدی شەعبی و میلیشا شیعەکان، وەك: کەتائیبی حیزبوڵڵا و عەسائیبی ئەهلی حەق، تەنانەت سوپاس قودس و فەرماندەکەی قاسم سولەیمانی ڕۆڵێکی مەزنی مەیدانیان بینی لە سەرکردایەتی و هەماهەنگی کردن لە نێوان هێزە عێراقییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی داعش. تەنانەت ئێران هەماهەنگی ناڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم تەحەددایە. بە تێکشکاندنی داعش لە ٢٠١٧ لە عێراق، ئەم تەحەددایە لەبەردەم سیاسەتی ئێران نەما و تا ئەندازەیەکی زۆر بێ کاریگەر و لاواز بوو. بەرەنگاربوونەوەی ئاڵنگاری و تەحەددای داعش بووە پێشینەی کارەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە عێراق، چونکە

ئێران پێی وابوو کەوتنی عێراق بە بن دەستی داعش، هەڕەشە و مەترسییەکی ڕاستەقینە و ڕاستەوخۆیە لەسەر سیستەمی سیاسیی ویلایەتی فەقیھ، ئاسایش و پرۆژەی هەرێمیی ئێران کە هیلالی شیعیە (منەتی و هادیان، ٢٠١٩: ٧؛ عەلائەددین، ٢٠٢٠؛ تاها، ٢٠١٨: ٧؛ ئارانگۆ، ٢٠١٧؛ ڕەداد، ٢٠١٧؛ موستەففا، ٢٠١٦؛ زوبیان، ٢٠٢٤).

دەرکەوتنی داعش بەم شێوە بەهێزە، کاریگەری دانان لەسەر هاوکێشە سیاسی و ئاسایشییەکان و هاوسەنگییەکانی هێز و ترس، ئەوەی سەلماند هەندێك ئەکتەر ئەگەرچی ئەکتەری نادەوڵەتیش بن، وەك داعش، ئەوا دەتوانن ڕۆڵی دەوڵەت یاخود وەك دەوڵەت کاریگەری دابنێن. هەروەك لە زەمینەی واقیعدا هەردوو دەوڵەتی عێراق و سوریا نەیانتوانی خۆیان لەبەر شەپۆڵی فراوانخوازی ئەو ئەکتەرە نادەوڵەتییە ڕابگرن. ئەمەش پێچەوانەی ئەو گریمانەیەی تیۆری ڕیالیزمی بونیادی دەسەلمێنێت، کە دەڵێت: ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان دەستکەلای دەوڵەتانن. بەڵام بە لەناوچوونی هێزی سەربازی داعش و نەمانی کاریگەرییەکەی بەشێوەیەکی بەرچاو لە زەمینەی واقیعدا، ئەو گریمانەیەی ڕیالیزمی بوونیادی دووپات دەکاتەوە کە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان هەرچەندە لە هەندێك دۆخ و ڕەوشی تایبەتدا ڕۆڵێکی مەزن بگێڕن، ئەوا هەر دەوڵەتانن بە ئەکتەری سەرەکیی لە شانۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەمێننەوە.

بەم جۆرە داعش ئاڵنگاری و تەحەددایەکی گەورە بوو لەبەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر عێراق، بۆیە ئێران هەموو هەوڵێکی خستەگەڕ بۆ بەرەنگاربوونەوەی

ئەم ئاڵنگارییە، بە کۆتایی هێنان بەبوونی سەربازیی داعش لە عێراق، ئەوا ئێران توانی بەسەر ئەم ئاڵنگارییەدا سەربکەوێت یاخود چیتر داعش وەك ئاڵنگارییەکی ڕاستەقینە و وجودی لەبەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانیدا نەما.

## ٥. ٧. ١. ٢ هاوسەنگی دروستکردن لە بەرامبەر بوون و کاریگەری ئەمریکا

دوای کشانەوەی فەرمیی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١١ لە عێراق. جارێکی دیکە ئەو هێزانە لە ٢٠١٤ لە ژێر ناوی "هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش" گەڕانەوە بۆ عێراق. گەڕانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، پرسی ڕۆڵ و کاریگەری (نفوذ)ی ئێرانی لە عێراقی ئاڵۆز کرد، چونکە دوای دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا لە ٢٠١١ و دروستبوونی بۆشایی ئاسایشی... هتد، ئێران ئامادەیی سیاسی، سەربازی، ئاسایشیی خۆی بەهێز و فراوانتر کرد (حاتەم، ٢٠١٩: ١٧٥؛ ئەلعوبەیدی، ٢٠١١:١١٨؛ دەخیل و ئەلعیسا، ٢٠١٩: ١٢٩؛ ڕەزایقە، ٢٠٢٢: ٥٢-٥٣؛ موجبیل، ٢٠٢٤: ٣٥٩). هەرچەندە ئەمریکا و ئێران ڕووبەڕووی دوژمنێکی هاوبەش بوونەوە کە داعش بوو، ئەوا هاریکاری و هەماهەنگی نێوانیان بە ناڕاستەوخۆ و سنووردار مایەوە، چونکە بوونی دوژمنی هاوبەش ئەوانی نەکردە دۆست، بەڵکو بارودۆخ ئەوەی سەپاند کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و کاتی هەماهەنگی بکەن دژی هەڕەشەیەکی هاوبەش کە داعشە.

لەلایەك؛ ئێران پشتیوانی لایەنە شیعی، میلیشا و گروپەکانی حەشدی شەعبی دەکرد، بەتایبەت ئەوانەی لایەنگری بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیای تاران بوون. لەلایەکەی تر؛ ئەمریکا پاڵپشتی سوپای عێراق و هێزەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانی عێراقی کرد. لەگەڵ بەردەوامی جەنگ لە دژی داعش، واشنتن گوشاری لە حکومەتی عێراق دەکرد بۆ سنووردارکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران. هەروەك ئەمریکا چەندین سزای لەسەر قەوارە و کەسایەتیی عێراقی کە پەیوەندییان بە پاسدارانی ئێرانەوە هەبوو سەپاند، ئەمەش ئاستەنگی لەبەردەم سیاسەتیی دەرەوەی تاران لە عێراق دروستکرد (کاتزمان، ٢٠٢٠: ٣٧-٤٠؛ مستەففا، ٢٠١٦؛ عەلائەددین، ٢٠٢٠؛ تاها، ٢٠١٨: ٧؛ نایتس، ٢٠١٩). دروستکردنی هاوسەنگی لە بەرامبەر بوون و کاریگەری ئەمریکا لەلایەن ئێرانەوە، بووە هۆی ڕکابەریی بەردەوام لە نێوان ئەم دوو هێزە لە ناو عێراقدا، چونکە ئێران هەوڵی پاراستنی ڕۆڵ و کاریگەری و نفوزی خۆی دەدا، لە ڕێگەی حەشدی شەعبی و تۆڕی لایەنە سیاسییە شیعیە هاوپەیمانەکانی ئێران، بە ئامرازی جیاوازی هێزی نەرم و زبرەوە. لەکاتێکدا واشنتن هەوڵی بەهێزکردنی سەروەری و بەهێزکردنی دامەزراوە فەرمییەکانی عێراقی دەدا.

هەوڵدانی ئێران بۆ دروستکردنی هاوسەنگیی هێز بەرامبەر ئەمریکا کۆکە لەگەڵ گریمانەی ڕیالیزمی بونیادی کە پێی وایە هاوسەنگیی هێز شیاوە بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی (واڵتز، ١٩٧٩: ١٧١-١٧٣). دروستکردنی هاوسەنگی بەرامبەر بوون، ڕۆڵ و کاریگەری و نفوزی ئەمریکا، تەحەددایەکی گەورە بوو لەبەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە عێراق. هەروەك کوشتنی قاسم سولەیمانی فەرمانەدەی سوپای قودس

و ئەبو مەهدی موهەندیس جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی لە ٢٠٢٠ لەلایەن ئەمریکاوە، ڕەنگدانەوەی ئەم تەحەددایە بوون لە زەمینەی واقیعدا. دواتر مووشەکباران کردنی بەشێك لە پێگەکانی ئەمریکای لە عێراق لەلایەن ئێرانەوە بەدوای خۆیدا هێنا (بی بی سی نیوز عەرەبی، ٢٠٢١؛ ئەلسەبباغ، ٢٠٢٢: ٨٥).

کەواتە یەکێك لە ئاڵنگاری و تەحەددا سەرەکییەکانی بەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق، لە ٢٠١٤ـەوە بۆ ٢٠٢١، هاوسەنگی دروستکردن بوو بەرامبەر بوون، کاریگەری و نفوزی ئەمریکا لە عێراق. لەبەرئەوەی گەڕانەوەی ئەمریکا بەهێزەوە بۆ عێراق، دووبارە بووە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە و تەنانەت هەڕەشەیەکی وجودی (مان و نەمان) لەسەر نەك تەنها سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە عێراق، بەڵکو لەسەر بوون و ڕۆڵ و کاریگەری ئێران لە عێراق و سیستەمی سیاسیی ئێرانیش، چونکە گەڕانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لێکەوتەی هەبوو، بەوەی بۆ یەکەمجار ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی لە دوای ٢٠٠٣ لە نێوان ئەمریکا و ئێران ڕوویدا، بەوەی ئەمریکا قاسم سولەیمانی پەنهانکوژ "إغتيال" کرد، لە بەرامبەردا و وەك کاردانەوەی ئەم هەنگاوەی ئەمریکا، ئەوا ئێران بۆ یەکەمجار بەڕاستەوخۆ پێگەکانی ئەمریکای لە هەولێر و ئەنبار کردە ئامانج.

تەنانەت پەنهانکوشتنی قاسم سولەیمانی پێشاندەر و سەلمێنەری کرداری بوو، کە ئەمریکا ئەو بوون و ڕۆڵە بەهێزەی ئێران لە عێراق قبوڵ ناکات و ئامادەشە بۆ وەشاندنی گورز و لێدان لە پێگە و نفوزی ئێران لە عێراق. لە بەرامبەردا، وەڵامی ئێران بۆ ئەمریکا بە مووشەکبارانکردنی بەشێك لە پێگەکانی ئەمریکا لە عێراق، ئەو

پەیامەی گەیاند کە ئێران ئامادەیە بەهەموو ئامراز و شێوازێك، بە هێزی زبر و نەرم، جەنگی سار و گەرم، بەرگری لە پێگە، ڕۆڵ، ئامادەیی و نفوزی خۆی لە عێراق بکات. تەنانەت کار و کاردانەوەیەی نێوان ئەمریکا و ئێران نەك تەنها دەچێتە چوارچێوەی دروستکردنی هاوسەنگیی هێز بەرامبەر یەکتر، بەڵکو دەکرێت بە دروستکردنی هاوسەنگی ترس و هەڕەشەش لە دژی یەکتر، خوێندنەوەی بۆ بکەین.

### ٥. ٧. ١. ٣ ناسیۆنالیزمی عێراقی و بەرەنگاربوونەوەی نفوز و کاریگەری ئێران لە عێراق

ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانە جەماوەرییە بەرفراوانەکانی عێراق، کە لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ لە هەڵگیرسان، بەشێوەیەکی بەرچاو دژایەتیی دەستێوەردانی دەوڵەتانی بیانی لە عێراق دەکرد، کە زیاتر و بەشێوەیەکی تایبەتی دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری عێراق مەبەست بوو. ئەم ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانانە لە بەغداد و چەند پارێزگایەکی باشور کە زۆربەی دانیشتوانەکەیان شیعەن، هەڵگیرسان. بەمانایەکی دیکە لە ناو جەرگە و دڵی شارە شیعە نشینەکان کە قورسایی ئامادەیی و کاریگەریی ئێرانی لێ بوو، ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان سەریانهەڵدا. سەرەتا داوای ناڕازی و خۆپیشاندەران بریتی بوو لە دژایەتی کردنی گەندەڵی، باش کردنی خزمەتگوزارییەکان، دابینکردنی هەلی کار. بەڵام بەشێوەیەکی خێرا ئاڕاستەی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان گۆڕا بەرەو بزوتنەوەیەکی ناڕەزایەتیی فراوان دژی تەواوی چینی سیاسیی حوکمڕان و دژی کاریگەری، باڵادەستی و نفوزی بەهێزی

ئێران لە ناو کایە و دامەزراوە جیاوازەکانی دەوڵەتی عێراقدا (نەزمی و حاتەم، ٢٠٢٢: ٧٠-٨١؛ حەسەن، ٢٠٢٠: ٣٠-٣١؛ منەتی و هادیان، ٢٠١٩: ٧؛ فەیاز و عەلی، ٢٠٢٣: ١٢٠؛ ئەلجەزیرە، ٢٠١٩؛ مۆنتی کارلۆی نێودەوڵەتی، ٢٠١٩؛ ئەلدوشی، ٢٠٢٠).

خۆپیشاندەران دروشمی دژە ئێرانیان دەگوتەوە و داوای ئازادکردنی عێراقیان دەکرد لە دەست هەژموون و باڵادەستی ئێران و کۆتاییهێنان بە بوون و کاریگەریی ئێران. نارەزای و خۆپیشاندەرەکان؛ دژایەتی خۆیان دەردەبڕی بۆ هەژموون و باڵادەستی تاران بەسەر بڕیاری سیاسی عێراق. ئەم شەپۆڵەی نارەزایەتی و خۆپیشاندان بە وەرچەرخانێکی جۆری (النوعي) دادەنرا لە دوای ٢٠٠٣، چونکە خۆپیشاندانەکان لەو ناوچانەوە سەریان هەڵدەدا، کە دەکەوتنە چوارچێوە و ژێر کاریگەری و نفوزی ئێران، حیزب و میلیشا لایەنگرەکانی ئێران. بەشێوەیەکی ئاشکرا وێنەی سەرکردە دیارەکانی ئێران، تەنانەت چەندین جار کونسوڵخانەی ئێران لە کەربەلا و بەسرە سوتێنرا. ئەمەش بووە مایەی شۆك بۆ ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیار لە ئێران (ئارتی عەرەبیك، ٢٠١٨؛ ئەلعوبەیدی، ٢٠١٩؛ ئەلعەرەبییە نێت، ٢٠٢٠؛ هیومان رایتس وۆچ "Human Rights Watch"؛ ٢٠١٩).

ئەمەش کۆکە لەگەڵ ئەو گریمانەیەی تیۆری ریالیزم کە پێی وایە متمانە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا نییە. ئەگەری جەنگ و ململانێ هەمیشە کراوەیە. نیاز شتێك نییە بپێورێت، بۆیە دەوڵەتان گومان لە یەکتر دەکەن (والتز، ١٩٧٩: ١٠٥؛ میسباح، Misbah, ٢٠١١: ٢٨-٢٩؛ حوسێن ٢٠١٨: ٢٨٠). لەم چوارچێوەیەدا ئێران بە

گومانەوە سەیری ئەو ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانانەی دەکرد، بەوەی نیازێکی خراپیان لە پشتە، پیلانگێڕییەکە لە دژی ئێران هۆنراوەتەوە.

ئەم ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانانە بوونە تەحەددا لەبەردەم سیاسەتیی دەرەوەی ئێران لە عێراق، چونکە بە چین و توێژینە جیاوازەکانەوە جەختیان لەسەر ناسیۆنالیزم و ناسنامەی عێراقی دەکردەوە. مەهدی (٢٠١٩) بۆچوونی وایە: ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە دەستێوەردانێکی دەرەوە لە کاروبارەکانی عێراقدا لەلایەن سیستانیەوە و جەختکردنەوەی لەسەر سەربەخۆیی ویستی گەلی عێراق، ڕەنگدانەوەی ناسیۆنالیزمی عێراقییە.

لە بەرامبەردا ئێران بە هێزی نەم و زبر، بەرەنگاری ئەم تەحەددایە بووەوە. هەرچەندە لەلایەك ئەم ڕووداوانە زیانیان بە ناوبانگی ئێران گەیاند، بەڵام لەلایەکی دیکە ئێران خۆی وەك پارێزەری شیعە و هاوبەشی ستراتیژی خۆی لە عێراق پێشاندا. تەنانەت لە دیدگای زۆر کەسدا، ئێران وەك هێزێکی دەستێوەردەر دەرکەوت، کە هەوڵی پاراستنی پێگە و نفوزی خۆی دەدا، هەرچەندە لەسەر حیسابی خوێنی عێراقییەکانیش بێ. کەواتە گەشەی ناسیۆنالیزمی عێراقی و بەرەنگاربوونەوەی پێگە و نفوزی ئێران لە عێراق، ئاڵنگاری و تەحەددایەکی ڕاستەقینە و تەنانەت وجودی بوو لەبەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق، بەڵام ئێران توانای بە بەکارهێنانی هێزی نەرم و زبری خۆی ئەم تەحەددایە لاواز بکات و تا ئاستێك بەسەریشدا سەربکەوێت.

### ٥. ٧. ١. ٤ سیاسەتی ئەوپەڕی گوشاری ئەمریکا لە دژی ئێران

سیاسەتی ئەوپەڕی گوشاری ئەمریکا کە لەلایەن ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ دژی ئێران پەیڕەو کرا، یەکێك بوو لە ئاڵنگاری و تەحەددا سەرەکییەکانی بەردەم سیاسەتیی دەرەوەی ئێران لە عێراق. لەبەرئەوەی ئەم سیاسەتە کۆمەڵێك سزای توندی ئابووری و بازرگانی بەسەر ئێراندا سەپاند، ئەمەش دوای کشانەوەی واشنتن لە ڕێککەوتننامەی ناوەکی (ئەتۆم)ـی لە ساڵی ٢٠١٨. سزاکان چەندین کەرتی گرنگ و جیاوازیان گرتەوە، وەك: کەرتی نەوت، بەنك، کۆمپانیاکانی سەر پاسداران، ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوە و پاشەکشەی داهاتەکانی ئێران بەتایبەتی و داکشانی ئابووریەکەی بەشێوەیەکی گشتی. ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری کردە سەر توانای ئێران لە پارەدارکردنی تۆڕەکانی کاریگەری و نفوزی ئێران لە ناوچەکە و بەتایبەت لە عێراق (خولی، ٢٠١٦: ٥-٩؛ مستەففا، ٢٠١٦؛ عەباس، ٢٠٢٣). لەبەرئەوەی تاران پشتی بە کایەی دارایی و سەربازی دەبەست بۆ بەهێزکردنی هاوپەیمانەکانی لە گروپ و میلیشا شیعەکان و حیزب و لایەنە سیاسییە لایەندارەکانی، بۆیە ئێران ناچاربوو چالاکییەکانی سنووردار بکات، هەوڵی پارێزگاری بکات لەو دەستکەوتانەی بەدەستهاتوون.

سەرباری ئەمە، سزاکانی ئەمریکا چەند کەسایەتی و قەوارەیەکی لەناو عێراق گرتەوە، بە گومانی وابەستەبوونیان بە پاسدارانی ئێرانەوە، یاخود بە پاساوی ئەوەی چالاکییەکانیان هۆکاری ناسەقامگیرین، وەك: عەسائیبی ئەهلی حەق و کەتائیبی

حیزبوڵڵا. ئەم کۆمەڵە و گروپانە خرانە لیستی تیرۆری ئەمریکاوە، بۆیە مامەڵە ئابووری و بازرگانییەکان زەحمەت و ئاڵۆزتر بوون، دامەزراوە عێراقییەکان ڕووبەڕووی ئاستەنگ بوونەوە لە هاریکاری کردن لەگەڵ ئەو لایەنانەی لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتیان دەکرا، لە ترسی ئەوەی نەوەك بکەونە بەر سزاوە. هەروەك ئەم سیاسەتەی ئەمریکا کاریگەری کردە سەر گرێبەستە ئابوورییەکان، بەتایبەت لە بواری وزەدا، چونکە ئەمریکا گوشاری خستەسەر بەغداد بۆ کەم کردنەوەی پشتبەستنی بە گاز و کارەبای ئێران. تەنانەت سنووردارکردنی پشبەستنی عێراق بە ئێران (عەلی و حەسەن، ٢٠٢٢: ٥٩-٦٣؛ عەلائەددین، ٢٠٢٠؛ تاها، ٢٠١٨: ٧؛ نایتس، ٢٠١٩). بەم جۆرە سیاسەتی ئەوپەڕی گوشاری ئەمریکا دژی ئێران ئاڵنگاری و تەحەددایەکی دوو لایەنەی بۆ سیاسەتیی ئێران دروست کرد، لە ئاستی ناوخۆدا داهاتەکانی ئێران سنووردار کران، لە ئاستی دەرەوەشدا جوڵەی ئێرانی لە عێراق سنووردار کرد. لەبەرئەوەی جوڵە ئاسایشی و سەربازی و ئایدۆلۆژییەکانی ئێران، پێویستی بە پاڵپشتییەکی بەهێزی ئابووری و پارەدارکردنەوە هەبوو، لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە سیاسی و ستراتیژییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراق و پارێزگاری کردن لە دەستکەوتە بەدەستهاتووەکان.

### ٥. ٧. ١. ٥ پەنهانکوشتنی قاسم سولەیمانی لە ٢٠٢٠ لە بەغداد

قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودسی پاسدارانی ئێران، ڕۆڵێکی بنەڕەتی و ناوەندی هەبوو، لە سازکردنی زەمینە و دروستکردنی هەماهەنگی و بەرجەستەکردنی کاریگەری و نفوزی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە عێراق، چ لە سەر ئاستی سیاسی یاخود سەربازی و ئاسایشی... هتد. سولەیمانی؛ وەك ئەڵقەی بەیەکگەیاندن بوو لە نێوان تاران و لایەن، حیزب و میلیشا شیعە عێراقییەکان. هەروەك کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو لە پێکهێنانی کابینەکانی حکومەتی عێراق لە میانەی گوشار خستنە سەر لایەن و حیزبە لایەنگرەکانی ئێران و ئاراستەکردن و فشارکردن لە هاوپەیمانەکانی ئێران. لە ٣ـی جەنیوەری ٢٠٢٠ لە نزیك فڕۆکەخانەی بەغداد، قاسم سولەیمانی، لەگەڵ ئەبو مەهدی موهەندیس، جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی لە هێرشێکی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی ئەمریکادا کرایە ئامانج (ئەلسەبباغ، ٢٠٢٢: ٨٥؛ ئەحمەد، ٢٠٢٢: ١٨؛ سۆفی، ٢٠٢١: ٢٩؛ گۆردۆن، ٢٠١٢؛ عەلائەددین، ٢٠٢٠؛ ئایزنستاد، ٢٠١٥).

پەنهانکوشتنی سولەیمانی؛ خاڵی وەرچەرخان بوو لە هاوکێشەکانی کاریگەری و نفوزی ئێران لە عێراقدا، چونکە ڕۆڵی سەرکردایەتیی یەکگرتووی میلیشا چەکدارە شیعەکان کە وابەستەی ئێران بوون، لاواز کرد. ئێران بەرەنگاری ئاستەنگ، ئاڵنگاری و تەحەددایەکی مەزن بووەوە لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی بەهۆی نەمانی قاسم سولەیمانی دروست بوو، چونکە تۆڕێکی فراوانی پەیوەندیی کەسی هەبوو،

کاریگەری و نفوزێکی ڕاستەوخۆی لەسەر سەرکردەی میلیشا چەکدارەکان هەبوو. جێگرەوەکەی کە ئیسماعیل قائانی بوو، نەیتوانی هەمان ڕۆڵی سولەیمانی بگێڕێت، چونکە هەمان ئەزموون و زمانی خۆجێی و شارەزایی وردی سەبارەت بە گۆڕەپانی عێراق نەبوو کە سولەیمانی هەی بوو. ئەم لاوازیەی قائانی سەریکێشا بۆ سەرهەڵدانی ناکۆکی و جیاوازی لە نێوان هەندێك لە میلیشا شیعەکان، چ لەسەر ئاستی سەرکردایەتیی یاخود لەسەر ئاستی دابەشکردنی دەستکەوت و داهاتەکان. هەروەك ڕۆڵی ئێران پاشەکشەی کرد لە سەپاندنی ئاڕاستەیەکی یەکگرتوو بەسەر هاوپەیمانەکانی، بەتایبەت شیعەکانی عێراق. لە هەندێك دۆخدا کار گەیشتە ئەوەی میلیشا شیعەکان بە جۆرێك لە سەربەخۆیی مامەڵە بکەن و تەنانەت ململانێ لەگەڵ یەکتردا بکەن لەسەر کاریگەری و نفوزی خۆجێی و ناوچەی ژێر کاریگەری خۆیان (عەزیزی، ٢٠٢١: ٥؛ ئەلساڵحی، ٢٠٢٠؛ ئەلغەنیمی، ٢٠٢١: ٥١-٥٤؛ ئایزنستاد، ٢٠١٥؛ نایتس و هاوڕێکانی، ٢٠٢١؛ تاها، ٢٠١٨: ٧؛ منەتی و هادیان، ٢٠١٩: ٧). کەواتە پەنهانکوشتنی قاسم سولەیمانی ئاڵنگاری و تەحەددایەکی گەورە بوو، لەبەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە عێراق، چونکە ئەو ئەڵقە بەهێزە پچڕا کە ئیدارەی سیاسەتی ئێرانی دەدا و ئەو سەرکردە مەیدانییە نەما، کە هەژموونخوازی ئێرانی لە واقیعدا، بەرجەستە دەکرد.

بەم شێوەیە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ماوەی حەسەن ڕۆحانی بەرامبەر بە عێراق، ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری و ئاستەنگی ڕاستەقینە و گەورە بووەوە. هەر یەکێکیان بە جۆرة قەبارە و شێوازێك ببوونە مایەی هەڕەشە لەسەر بوون، ڕۆڵ و کاریگەریی ئێران لە عێراق. بەڵام کاریگەرترین و مەترسیدارترینی ئەو ئاڵنگاریانە

دەرکەوتنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بوو، چونکە داعش لە ڕووی مەزهەبیەوە سوننە بوو، لە ڕووی ئایدلۆژیشەوە ئایدلۆژیایەکی جیاوازی هەبوو لەگەڵ ڕێکخراوە تیرۆریستە سوننیەکانی دیکە و باوەڕی بە دامەزراندنی خەلافەتێکی جیهانی هەبوو، لەو ناوچانە گەشەی دەکرد کە جێگای کاریگەری، نفوز و باڵادەستی ئێران بوون، وەك: عێراق و سوریا. بەڵام تێکشکانی داعش و زاڵبوونی ئێران و هاوپەیمانەکانی بە تەواوی بەسەر عێراق و ناوچە سوننیەکان لێکەوتەوە. هاوسەنگی دروستکردن لە بەرامبەر بوون و کاریگەری ئەمریکا یەکێکی دیکە بوو لە ئاڵنگارییەکان کە سەریکێشا بۆ ململانێی ڕاستەوخۆ نێوان ئەمریکا و ئێران لە عێراق، بەوەی ئەمریکا قاسم سولەیمانی کوشت و ئێرانیش بۆ یەکەمجار بە مووشەکبارانکردن هێرشی کردە سەر هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق.

ئاڵنگارییەکی کە کوژرانی قاسم سولەیمانی بوو، چونکە ئاڵقەی هەماهەنگی نفوزی ئێران بوو لە عێراق و قسەی یەکلاکەرەوەی دەکرد. سەرهەڵدانی نارەزایەتی و خۆپیشاندان لە دژی ئەزموونی حوکمرانی شیعە لە عێراق و کاریگەری ئێران لە عێراق و جەختکردنەوە لە ناشناڵیزمی عێراقی و بەرەنگاربوونەوەی نفوز و کاریگەری ئێران لە عێراق، ئاڵنگاری هەرە مەترسیدار بوو لەبەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە عێراق لە ماوەی حەسەن ڕۆحانیدا، لەبەرئەوەی لە ناوجەرگەی شارە شیعە نشینەکاندا داوا نەهێشتنی ڕۆڵ و نفوزی ئێران لە عێراق کرا. بەڵام ئێران توانی ژیرانە مامەڵە لەگەڵ پێشهات و ئاڵنگارییەکان بکات، تا ئاستێکی باش زاڵبێت بەسەر زۆربەیاندا.

## ٥. ٧. ٢ دەرفەتە سەرەکییەکان

چەندین دەرفەت ڕەخسان لە بەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق، لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانی لە ٢٠١٤ـەوە بۆ ٢٠٢١، بەڵام لێرەدا ڕۆشنایی دەخەینە سەر گرنگترین و سەرەکیترین ئەو دەرفەتانە، کە بوونە هۆی ئەوەی ئێران لە بەدەستهێنانی بەشێکی زۆر لە ئامانجەکانی لە عێراق، سەرکەوتوو بێت. ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

### ٥. ٧. ٢. ١ هاریکاریی ئاسایشی دژی داعش

کۆماری ئیسلامیی ئێران خۆی وەك هاوبەشی سەرەکیی ئاسایشیی عێراق، ناساند. ئەویش لە چوارچێوەی جەنگی دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە نێوان ٢٠١٤-٢٠١٧. ئێران سوودی لەو بۆشاییە ئاسایشییە گەورەیە بینی کە بەهۆی داڕمانێکی بەشێکی بەرچاوی سوپای عێراقی دوای کەوتنی موسڵ دروست بوو. تاران دەستپێشخەری کرد بە ناردنی ڕاوێژکاری سەربازی، چەك و تەقەمەنی بۆ پاڵپشتی کردنی هێزە عێراقییەکان، بەتایبەت گروپە چەکدارە شیعەکان کە پێکهێنەری کاکڵی هێزەکانی حەشدی شەعبی بوون، کە بەشێوەیەکی فەرمیی دوای فەتوای سیستانی دامەزرا. حەشدی شەعبی کۆمەڵێك میلیشا و گروپی چەکداری لەخۆگرت، زۆربەیان پێش هاتنی داعش وابەستەی ئێران بوون، وەك "کەتائیبی حیزبوڵڵا"، "عەسائیبی

ئەهلی حەق" و "ڕێکخراوی بەدر". ئەم گروپانە پشتیوانییەکی ڕاستەوخۆیان لە سوپای قودسی ئێرانی بە سەرکردایەتیی قاسم سولەیمانی وەرگرت، بووە هۆی ئەوەی ئەم گروپ و میلیشایانە ڕۆڵێکی سەرەکی ببینن لە شەڕەکانی ڕزگارکردنی شارە عێراقییەکان، لە تکریت و فەلوجەوە تا دەگاتە موسڵ. تەنانەت جەنگی دژی داعش بووە هۆی وێرانبوونی ناوچە سوننیەکانی عێراق و زاڵبوونی حەشدی شەعبی بەسەر ئەو ناوچانەدا (منەتی و هادیان، ٢٠١٩: ١٣؛ عەلائەددین، ٢٠٢٠؛ موراد، ٢٠٢٠: ٩١؛ تاها، ٢٠١٨: ٧؛ نایتس، ٢٠١٩: ٢؛ نادر: ٢٠١٥). تاها (٢٠١٨: ٥) باوەڕی وایە: جەنگی دژی داعش دەرفەتێك بوو بۆ ئەوەی ئێران پێگەی خۆی لە عێراق بپارێزێت، لە ڕێگەی زیادکردنی ئامادەیی خۆی، کە بەشێوەیەکی خۆکار بووە هۆی بەهێزتربوونی پێگەی ئێران لە عێراقدا.

هاوکێشەیەکی سادە و سروشتییە، کاتێك ئامادەیی لە ڕووی هێزی زبر و نەرم زیاد دەبێ، ئەوا لە دەرئەنجامدا پێگە و کاریگەریی ئەکتەرەکەش زیاد دەبێ. بەهێزتربوونی پێگەی ئێرانیش لە عێراق بە سوود وەرگرتن و قۆستنەوەی جەنگی دژی داعش دەچێتە ناو ئەو خانە و چوارچێوەیەوە، چونکە ئێران بۆ پارێزگاریی لە پێگەی خۆی، هاوپەیمان و لایەنگرەکانی، بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەستێوەردان، و ئامادەیی خۆی لە عێراق زیاد کرد، بەمەبەستی پارێزگاری کردن لە هاوکێشەکان لە بەرژەوەندیی خۆی، کە بووە هۆی زاڵبوونی ئێران بەسەر ناوچە سوننییەکانیش و بەهێزتربوونی پێگەکەی لە عێراق.

لە ساڵی ٢٠١٦ گروپ و میلیشا لایەنگرەکانی ئێران بەشێوەیەکی فەرمی خرانە ناو پێکهاتەی ئاسایش و بەرگری عێراقەوە، سیفەتێکی یاساییان پێدرا. ئەمەش وایکرد ئێران کاریگەری و نفوزێکی گەورەتر لە ناو دامەزراوەی ئاسایشی عێراقیدا پەیدا بکات، زۆرێك لە یەکەکانی حەشدی شەعبی لەژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی تاراندا مانەوە، هەرچەندە بەشێوەیەکی ڕووکاری شوێنکەوتووی دەوڵەتی عێراق بوون. ئەم دۆخە مشتومڕی لە ناوخۆ و دەرەوەدا دروستکرد، چونکە چەند لایەنێکی عێراقی و نێودەوڵەتی هۆشداریان دا، سەبارەت بە بوونی "دەوڵەت لە ناو دەوڵەتدا"، کەچی ئێران پێی وابوو حەشدی شەعبی گوزارشت لە هێڵی بەرگریی ستراتیژی لە بەرژەوەندییەکانی لە عێراق و ناوچەکەدا دەکات (نەزمی و حاتەم، ٢٠٢٢: ٧٠-٨١؛ حەسەن، ٢٠٢٠: ٣٠-٣١؛ فەیاز و عەلی، ٢٠٢٣: ١٢٠؛ زوبیان، ٢٠٢٤؛ عەلائەددین، ٢٠٢٠؛ نایتس و هاوڕێکانی، ٢٠٢١). سەلوم (٢٠٢٤) باوەڕی وایە: جەنگی دژی داعش دەرفەتێکی زێڕین بوو کە چەندین ڕێگا و ئامرازی بۆ ئێران فەراهەم کرد بۆ بەهێزکردنی پێگە هەرێمیەکەی لە عێراق و ناوچەکەدا. هەروەها سەعدی (٢٠٢١: ١١) بۆچوونی وایە: داعش ئەو خەونەی ئێرانی کردە واقیع، کە دەیویست هێزێکی شیعی لە دەرەوەی دامەزراوە و هێزە فەرمییەکان دەوڵەتی عێراق دروست بکات لە پێناو ئامانجە ستراتیژییەکانی خۆی لە عێراق و ناوچەکە بەکاریان بهێنێت.

کەواتە یەکێك لە دەرفەتەکانی بەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانی لە ٢٠١٤ـەوە بۆ ٢٠٢١، بریتی بوو لە بەرزکردنەوەی ئاستی هاریکاریی ئاسایشی و سەربازی لەگەڵ عێراق بۆ بەرزترین

ئاست بەگشتی، بە دیاریکراوی لەگەڵ لایەن، حیزب و میلیشا چەکدارە شیعیەکان بەتایبەتی.

### ٥.٧.٢.٢ فراوانخوازیی ئابووری

فراوانخوازیی ئابووری یەکێك بوو لە دەرفەتەکانی بەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق، سەرباری سزا توندەکانی ئەمریکا لەسەر ئێران، ئەوا ئێران پارێزگاری کرد لە ڕۆڵی خۆی وەك سەرچاوەیەکی سەرەکیی دابینکاری وزە بۆ عێراق، لە ڕێگەی دابینکردنی گازی سروشتی و کارەبا، ئەمەش لاوازی ژێرخانی وزەی عێراق و پشت بەستنی بە لایەنی دەرەوە پێشان دەدات. لە پاڵ وزە، ئێران کاری کرد بۆ بەهێزکردنی کاریگەری و نفوزی ئابووری خۆی، لە ڕێگەی هەناردەکردنی کاڵا نانەوتییەکان، وەك: بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و پیشەسازییەکانی بۆ عێراق. بەم جۆرە بازاڕەکانی عێراق بوونە شوێنێکی لەبار بۆ ساغکردنەوەی کاڵا ئێرانیەکان. لاوازی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی عێراقی و نەبوونی سیاسەتیی پارێزگاری بەرهەمی خۆماڵییە عێراقییەکان، یارمەتیدەر بوون بۆ کردنەوەی بوارێکی فراوانتر لەبەردەم کەلوپەلە ئێرانیەکان لە بازاڕەکانی عێراقدا. ئەمەش بووە دەرفەتێك لەبەردەم ئێران کە ئابووری خۆی فراوانتر و پێگەی خۆی لە ناو بازاڕەکانی عێراق بەهێزتر بکات (عەباس، ٢٠٢٣؛ خولی، ٢٠١٦: ٥-٩؛ موراد، ٢٠٢٠: ٩٨؛ فەرد، ٢٠٢٠).

ئەم دەرفەتە دوای دەرچوونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی لە ڕێککەوتننامەی ناوەکی (ئەتۆمی) لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران و گەڕانەوەی سزا نێودەوڵەتییەکان بۆ

سەر ئێران کاریگەرتر بوو، چونکە ئێران پشتی بەست بە عێراق، یاخود عێراقی وەك وەك دەروازەییەکی ئابووری و بازرگانی و پیشەسازی بەکارهێنا، بەمەبەستی دەربازبوون لە لێکەوتەی سزا نێودەوڵەتییەکان و کەم کردنەوەی کاریگەریی ئەو سزایانە لەسەر کەرتە جیاوازەکانی دەوڵەتی ئێران. لەساڵی ٢٠٢١ نزیکەی ١ لەسەر ٤ کۆی هەناردەی نانەوتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ عێراق بوو، بەهای ئاڵۆگۆڕی نێوانیان زیاتر لە ١٠ ملیار دۆلار بوو (حاتەم، ٢٠١٩: ١٧٤؛ موراد، ٢٠٢٠: ٩٨؛ سەلوم، ٢٠٢٤؛ ئەلسەبباغ، ٢٠٢٢: ٨٥).

بەم شێوەیە یەکێك لە دەرفەتەکانی بەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر عێراق بریتی بوو لە فراوانخوازیی ئابووری، لە پاڵ فراوانخوزی سیاسی، ئاسایشی، سەربازی و ئایدۆلۆژی. لەبەرئەوەی ئێران سنووری هاوبەشیی وشکانی و ئاوی دوور و درێژی لەگەڵ عێراق هەیە. تەنانەت عێراق تاکە دەروازەی وشکانییە بۆ ئێران بۆ گەیشتن بە ناوچەکە. کەواتە دەرفەتیی فراوانخوازی ئابووری یەکێك بوو لە دەرفەتەکانی بەردەم سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠١٤ـەوە بۆ ٢٠٢١. ئێران تا ڕاددەیەکی باش توانی کەڵك و سوود لەم دەرفەتە وەربگرێت، ئابوورییەکەی لە داڕمان بپارێزێت، لێکەوتە و کاریگەریی سزا نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتیی ئەوپەڕی گوشار دژی ئێران کەم و سووك بکات. بە سوود وەرگرتن لەم دەرفەتە ئێران کاری کرد بۆ هێشتنەوەی عێراق لە ژێر کاریگەریی خۆیدا، چونکە لە زۆربەی کایەکاندا عێراق پشتی بە کاڵا و کەلوپەلە ئێرانییەکان دەبەست. بەمەش ئێران لە ڕێگەی فراوانخوازییە ئابووریەکەوە ڕێگری کرد لەوەی عێراق جارێکی تر

نەك هەر لە ئاستی سیاسی، سەربازی و ئایدۆلۆژی، بەڵكو لەسەر ئاستی ئابووریش ببێتەوە ڕكابەر و مەترسی لەسەر ئێران لە ئایندەدا.

### ٣.٢.٧.٥ پەیوەندییە دیپلۆماسییەكان

یەكێك لەو دەرفەتە سەرەكییەكانی هاتنە بەردەم سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆكایەتیی حەسەن ڕۆحانیدا لە ٢٠١٤ـەوە بۆ ٢٠٢١، بریتی بوو لە دەرفەتی بەهێزكردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەكان. ئێران هەوڵیدا ڕێبازی دیپلۆماسی چڕتر و پتەوتر بكات لە پەیوەندییەكانی لەگەڵ عێراقدا، ئەمەش لە چوارچێوەی ستراتیژێكدا كە ئامانجی دروستكردن هاوسەنگی بوو لە بەرامبەر كاریگەری و نفوز و ڕۆڵی تازەی ئەمریكا، دوای ئەوەی بەپاساوی جەنگی دژی داعش هێزەكانی ئەمریكا گەڕانەوە عێراق. ئێران بەدەرفەتی بینی هەوڵی بەهێزتركردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییە فەرمییەكان بدات لەگەڵ حكومەتی عێراق، بە پشت بەستن بە ئامرازە كلاسیكییەكانی دەوڵەت، لە پاڵ كاریگەری و نفوزی نافەرمیی پاسداران و گروپە چەكدارەكان (ئەلعوبەیدی، ٢٠١١: ١١٨؛ نەجات، ٢٠٢٢: ٢٣-٦؛ ئارانگۆ، ٢٠١٧).

لەم ماوەیەدا؛ چەندین سەردانی ئاستبەرز لە نێوان تاران و بەغداد ئەنجامدران، چەندین ڕێككەوتننامە لە بوارە جیاوازەكاندا واژووكران. هەروەك تاران بەشێوەیەكی چڕ و پڕ كاری لەسەر میوانداری كردنی بەرپرسە عێراقییەكان بۆ ئێران كرد، لە بەرپرسانی حكومی و حیزبی. لەم سەردانانە دۆسییە ئابووری، ئاسایشی و

هەرێمییەکان گەنگەشە کران، لە پێناو هەماهەنگی هەرێمی. ئێران ئەم کەناڵە فەرمیانەی بەکارهێنا بۆ بەهێزکردنی کاریگەری و نفوزی خۆی و دروستکردنی کاریگەری لەسەر بڕیارە سەروەرییەکان لە بەغداد، بەتایبەت لە بەرەنگاربوونەوەی گوشارەکانی ئەمریکا. ئەمەش بووە هۆی بەهێزبوونی پێگەی ئێران وەك هاوبەشێکی هەرێمیی گرنگ بۆ عێراق. بەڵام لەلایەکی دیکە بووە مایەی ڕەخنەی ناوخۆیی سەبارەت بە دەستێوەردانەکانی ئێران لە کاروبارەکانی عێراقدا (منەتی و هادیان، ٢٠١٩: ٩؛ نەجات، ٢٠٢٢: ٦-٢٣؛ مستەففا، ٢٠١٦؛ قەناتی ئەلعالەم، ٢٠١٩؛ ئەلجەزیرە، ٢٠١٩). لە ڕێگەی عێراقیشەوە، ئێران ویستی پەیوەندیی دیپلۆماسیی ناوچەیی هاوسەنگ دروست بکاتەوە، بەتایبەت لەگەڵ ڕکابەرە هەرێمییە نەریتی (تەقلیدی)ـیەکانی، وەك سعودییە (موراد، ٢٠٢٠: ٩٠-٩٥). کەواتە یەکێك لە دەرفەتە سەرەکییەکانی بەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لەم ماوەیەدا، بریتی بوو لە فراوانکردن و بەهێزکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان لەگەڵ عێراق. بەمەش کەناڵە دیپلۆماسییەکان کارایییان دانا لەسەر بەهێزتر کردنی کاریگەری و نفوزی ئێران لە پاڵ کەناڵ و ئامرازەکانی دیکەی تاران.

### ٤.٢.٧.٥ کاریگەریی (نفوذ)ـی ئێرانی لە دوای تێکشکانی داعش

دوای تێکشکانی داعش لە ساڵی ٢٠١٧، ئێران هەوڵەکانی کۆگیر و چڕ کرەوە لەسەر بەهێزترکردنی نفوزی سیاسی خۆی لەجیاتی لە پاڵپشتیی کردارە سەربازییەکان لە ناو دەوڵەتی عێراق. تاران تۆڕی پەیوەندییە فراوان و تۆکمەکانی خۆی لەگەڵ کۆمەڵە

(گروپ) میلیشا چەکدارە شیعەکان، کە لە ژێر چەتری هێزەکانی حەشدی کۆببوونەوە بەکارهێنا، بەمەبەستی بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە ناو پەرلەمانی عێراقدا. ئەم کۆمەڵە (گرپ) و میلیشیایانە بنکەی جەماوەریی فراوانیان دروستکرد، بەمەش بەهێزەوە چوونە ناو پرۆسەی سیاسی. لە دەرئەنجامدا بووە دەرفەتێك بۆ بەهێزتربوونی کاریگەری و نفوزی ئێران لە عێراق دوای تێکشکاندنی داعش. ئێران کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر پێکهێنانی هاوپەیمانییە پەرلەمانییەکان، ئەویش بە پشتیوان کردن لە گروپە چەکدارە شیعە لایەنگرەکانی بۆ بەشداری کردن لە کایەی سیاسیدا. بەتایبەت لە دوای هەڵبژاردنەکاندا ٢٠١٨ ئێران پشتیوانی لە "هاوپەیمانی فەتح"ـی هادی عامری کرد، کە دواتر هاوپەیمانییەکی گەورەتر بەناوی "هاوپەیمانی بنیاتنان" لێ بەرهەمهات، کە حکومەتی عێراقی پێکهێنا. هادی عامری کە سەرکردەی ڕێکخراوی بەدری لایەنگری ئێران بوو، بووە یەکێك لە دیارترین سیما و کاریگەرترین کەسایەتییە سیاسییەکان، تەنانەت بووە پرد و ئامرازێکی بەهێزترکردنی کاریگەری و نفوزی سیاسی و سەربازی ئێران لە عێراق. تەنانەت ئێران ڕۆڵی سەرەکی بینی لە یەکخستنی لایەنە شیعەکان لە ژێر یەك هاوپەیمانێتییەکدا و پێکهێنانی حکومەتی عێراق و دانانی عادل عەبدولمەهدی وەك سەرۆك وەزیران (عەلائەددین، ٢٠٢٠؛ نایتس، ٢٠١٧؛ ئەلجەزیرە، ٢٠٢٤؛ کاگان و هاوڕێکانی، ٢٠٢٢: ٢٢-٢٥؛ ڕیزایی، ٢٠٠٨: ٩٥-٩٩؛ تاها، ٢٠١٨: ٥؛ ئایزنستاد، ٢٠١٥). بەشداری سوپای قودسی پاسداران و میلیشا چەکدارە شیعەکان لە گرتنەوەی زۆربەی ناوچە سوننەکان و ناوچە جێناکۆکەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان و دانانی بنکە و بارەگای سەربازی لەو شوێن و شارانە، کاریگەری و نفوزی ئێران و هاوپەیمانەکانی نەك لە ناوچە

شیعەکان، بەڵکو لە تەواوی ناوچەکانی دیکەی عێراقی بەهێزتر کرد (بارزانی، ٢٠٢٠: ١١٠-١١٣؛ موراد، ٢٠٢٠: ٩١؛ موستەففا، ٢٠١٦). کەواتە یەکێك لە دەرفەتە سەرەکییەکانی بەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە سەردەمی حەسەن ڕۆحانیدا، فراوانتربوون و بەهێزتربوونی کاریگەری و نفوزی ئێران بوو، دوای تێکشکانی داعش. ئەمەش بەمانای کەمبوونەوە ڕووبەری ژێر کاریگەری و نفوزی نەیارەکانی ئێران لە عێراق، فراوانتر بوونی ڕووبەری ژێر کاریگەریی ئێران و تۆختربوونەوەی باڵادەستی ئێران لە عێراق، دێت.

## ٥. ٢. ٧. ٥ نێوەندگیریی هەرێمی

لە سەردەمی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانی (٢٠١٤-٢٠٢١) ئێران زیاتر سیاسەتێکی بەرژەوەندیخواز (نفعي: Pragmatic)ــی بەکارهێنا، بە ئامانجی کەمکردنەوەی گرژییە هەرێمییەکان، بەتایبەت لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی "یان بە گوزارشتی ئێران: کەنداوی فارسی" (ئەلنەجار، ٢٠٢٠: ١٧٦-١٨٠؛ موتەوع، ٢٠٢٠: ١٤٧-١٤٨). جا عێراق وەك دەروازە و کەناڵێکی دیپلۆماسیی گرنگ لە بەرجەستەکردنی ئەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەرکەوت. تاران؛ عێراقی بەکارهێنا بۆ پەیوەندی کردنی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕکابەرە هەرێمییەکانی، لە سەرووی هەموویانەوە شانشینی عەرەبی سعودی.

کۆماری ئیسلامیی ئێران؛ ئەو پەیوەندییە باشانەی قۆستەوە کە عێراق پەرەی پێدا بوو، لەگەڵ هەر یەکە لە تاران و ڕیاز، بەتایبەت لە سەردەمی هەردوو سەرۆك

وەزیرانی عێراقی حەیدەر عەببادی و موستەففا کازمی، لە پێناو کردنەوەی دەروازە کەناڵی نوێی دانوستاندن، کە چەندین ساڵ بوو داخرابوون یاخود تووشی ئاستەنگ و ناسەقامگیری دژوار ببوونەوە. بەغداد بەپێی پێگە جیۆسیاسی و پەیوەندییە نیمچە هاوسەنگەکانی، سەکۆیەکی نموونەیی بوو بۆ سازکردنی گفتوگۆ و دانوستاندن، بە ئامانجی کەمکردنەوەی گرژییەکانی نێوان تاران و دەوڵەتانی کەنداو و بەتایبەت سعودییە. لە ساڵانی ٢٠٢٠ و ٢٠٢١ چەندین گەڕی دانوستاندن لە نێوان ئێران و سعودییە بە نێوەندگیری عێراق لە بەغداد بەڕێوەچوو (نەجات، ٢٠٢٢: ٤-١١؛ ڕۆیتەرز، ٢٠٢٣). ئێران ویستی بە نێوەندگیری عێراق پەیوەندییە هەرێمییەکانی ڕێك بخاتەوە، بەتایبەت دوای کشانەوەی ئەمریکا لە ٢٠١٨ لە ڕێککەوتننامەی ناوەکی (ئەتۆمی). لە میانەی ئەم ستراتیژیەدا، ئێران هەوڵیدا ئەو گۆشەگیرییە هەرێمییە بشکێنێت کە تێیدا بوو، کەنارگرییەکەی کەم بکاتەوە، هاوبەشی نوێ یاخود بەلایەنی کەمەوە کەم کردنەوەی گرژییەکان بەدەستبهێنێت، عێراقی وەك نێوەندگیر بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێنا (عەبدولحەی، ٢٠٢٣: ١٥-١٧؛ ئەلسەمادی، ٢٠٢٤). لەم ئامانجەشیدا تا ئاستێکی باش ئێران سەرکەوتوو بوو، چونکە جڵەوی هەر سێ دەسەڵاتی دادوەری، یاسادانان (ئەنجومەنی نوێنەران) و جێبەجێکردن (حکومەت)، بەدەست زۆرینەی لایەنگری ئێرانەوە بوو. ئەمانە وەك بەشێك لە هێزی نەرمی ئێران. لە پاڵ بوونی هێزێکی میلیشایی بەهێز لە دەرەوەی ئەم دامەزراوانە بە ناوی حەشدی شەعبی، کە زۆرینەیان دڵسۆز و لایەنداری ئێرانن.

کەواتە یەکێك لە دەرفەتەکانی بەردەم سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق، بریتیی بوو لە ڕۆڵی نێوەندگیریی هەرێمیی عێراق، لە پێناو هاوسەنگ کردنەوە

پەیوەندییە هەرێمییەکانی ئێران، بەتایبەت لەگەڵ وڵاتانی کەنداو و سعودییە. بەڵام ئەو ڕۆڵەی عێراقیش لە ژێر کاریگەری سیاسەتیی دەرەوەی ئێراندا بوو، بەوپێیەی حکومەتی عێراق لەلایەن زۆرینەی شیعەی لایەنداری ئێران بەڕێوە دەبرا.

دەرفەتەکانی بەردەم سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق، لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانی دا لە ٢٠١٤ـەوە بۆ ٢٠٢١ زۆر بوون، بەڵام سەرەکیترینیان ئەم پێنج دەرفەتە بوون. لە ناو ئەو دەرفەتە سەرەکیانەشدا دوو دەرفەتیان گرنگترین و کاریگەرتر بوون، ئەوانیش بریتی بوون لە هاریکاریی ئاسایشی و سەربازی دژی داعش و کاریگەری ئێران دوای داعش. سەبارەت بە هاریکاریی ئاسایشی دژی داعش، ئەوا ئێران هەڕەشەی هاتنی داعشی گۆڕی بۆ دەرفەتێك بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هاریکاری ئاسایشی لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵی عێراق، بەتایبەت لەگەڵ لایەنە شیعەکانی عێراق بۆ بەرزترین ئاست. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی باڵادەستی ئێران هەموو کایەکانی حوکمڕانی عێراق بگرێتەوە و بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشداربێ لە پاراستنی ئاسایشی هاوپەیمانەکانی. تەنانەت ئەمە بووە هۆی ئەوەی باڵادەستی ئێران ناوچە سوننەکانی عێراق و ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان حکومەقی فیدڕاڵی و هەرێمی کوردستانی عێراقیش بگرێتەوە. لەبەرئەوەی ئێران پاراستنی ئاسایشی هاوپەیمانەکانی بە پاراستنی ئاسایشی خۆی دادەنا، بۆیە سوپای پاسداران و بەتایبەت سوپای قودس هاریکاریی سەربازی و ئاسایشی لە زەمینەی واقیعدا جێبەجێ کرد.

دەرفەتی دووەمیان کە زۆر گرنگ و کاریگەر بوو، ڕەنگدانەوەی کاریگەریی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بوو لە دوای تێکشکاندنی داعش، چونکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، ئێران سوودی لە فەتوای سیستانی بینی بۆ دروستکردنی حەشدی شەعبی و کۆکردنەوەی میلیشاکان، وەك: هێزێکی ئایدۆلۆژی، مەزهەبیی سیاسی لە دەرەوەی دامەزراوەکانی حکومەتی عێراق. ئەم کۆمەڵە (گروپ) و میلیشایانە بەشداری پڕۆسەی سیاسیان کرد و جڵەوی دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەریان بەدەستەوە گرت. بەمەش تێکشکانی داعش بووە دەرفەتێك بۆ ئەوەی کاریگەری ئێران بگات لوتکە لە عێراق. بەم جۆرە ئێران سەرکەوتوو بوو لە سوود وەرگرتن لەم دەرفەتانە.

## ٨.٥ پوختەی بەشەکە

لەم بەشەدا؛ تێڕوانینێکی گشتی دەربارەی سیاسەتی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانی لە ٢٠١٤ـەوە بۆ ٢٠٢١ خرایەڕوو. ئەویش لە میانەی ڕووناکی خستنەسەر ڕۆڵ و کارایی بنەما و پاڵنەرە سیاسی، ئاسایشی، ئایدۆلۆژی و ئابووری، هەرێمییەکان لە سەر سیاسەتی دەرەکیی ئێران بەرامبەر بە عێراق. دواتر سەرەکیترین ئاڵنگاری و دەرفەتەکانی بەردەم سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لەو ماوەیەدا، گەنگەشە کران.

سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانیدا، هەوڵی پارێزگاری کردنی دەدا لە پێگە، ڕۆڵ و کاریگەری ئێران لە عێراق

و ناوچەکە. بە مانایەکی دیکە ئێران هەوڵی دەدا باری لە ئارا (أمر الواقع)ـەکە لە عێراق بپارێزێت، هەوڵی گۆڕینی هاوکێشە و هاوسەنگییەکان لە دژی نەیارانی ئێران شکست پێ بهێنێت، ئەمەش بە مانای پارێزگاری کردن بوو لەو دەستکەوتانەی، کە سیاسەتی دەرەکیی ئێران لە ماوەی پێش حەسەن ڕۆحانی لە دوای ٢٠٠٥ـەوە بەدەستی هێنا بوو.

سیاسەتی دەرەکیی ئێران لە ٢٠١٤ـەوە بۆ ٢٠٢١، هەوڵی داوە پارێزگاری لە دیمەنی سیاسیی عێراق بکات، لە پێناو پارێزگاری کردن لە کاریگەریی خۆی لە عێراق، ئەویش لە ڕێگەی لایەن و حیزبە شیعە لایەنگرەکانی ئێران و بریکار (پرۆکسی)ـیەکانی. هەروەها لەم قۆناغەدا ئێران هەوڵی مسۆگەر کردنی ئاسایشی خۆی داوە، بە بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکان لەسەر خۆی و هاوپەیمانەکانی، وەك هەڕەشەی داعش، کۆتایی هێنان بە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی عێراق، کە لە ناوجەرگەی شارە شیعییەکانەوە سەریان هەڵدابوو.

ئێران بەردەوامی دا بە پرۆسەی هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیا و ئەزموونی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، بە ڕێگا و ئامرازێکی نوێ ئەویش لە ڕێگەی دروستکردنی حەشدی شەعبی. حەشدی شەعبی وەك چەترێك هەموو هێز و کۆمەڵە (گروپ)ـە چەکدارییە شیعەکانی لەخۆگرت، کە زۆربەی ڕەهایان لایەنداری ئێران بوون، کە بە وەلائییەکان ناسراون.

لە ڕووی ئابووریەوە؛ ئێران هەوڵی فراوانکردنی بەرژەوەندییەکانی دا لە عێراق، وەك قەرەبوویێك بۆ ئەو زیانانەی بەری کەوت، بەهۆی سزاکانەوە. هەروەها لە ئاستی

هەرێمی دا؛ ئێران هەوڵی پاراستن و پارێزگاری کردنی دا لە پێگەی هەرێمی خۆی، لە چوارچێوەی بەرەنگاربووونەوەی هەوڵەکانی گۆڕینی هاوکێشە و هاوسەنگییەکانی هێز. بەڵام کاردانەوەی ئێران بۆ پارێزگاری کردن لە پێگەی هەرێمیی ئێران، پاراستنی هاوپەیمانەکانی و پارستنی هاوسەنگیی هێز لە بەرژەوەندی خۆی، بەشێوەی خۆکارانە وایکرد پێگەی ئێران بەهێزتر بێت لە عێراق و ناوچەکە، بەهۆی زیادبوونی ئامادەیی سەربازی و میلیشایی...هتد، لە زۆربەی ناوچەکانی عێراق.

سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەردەمی حەسەن ڕۆحانی، کۆکە لەگەڵ ڕیالیزمی بەرگریخواز، کە پێی وایە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هەژموونی چ هەرێمی یان جیهانی کارێکی مەترسیدار و گەمژانەیە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی سیستەمی نێودەوڵەتی سزای دەوڵەتە هەژموونخوازەکە بدات. لەم سۆنگەیەوە ڕیالیزمی بەرگریخواز، باوەڕی وایە باشترین بژاردە ئەوەیە دەوڵەت هەوڵی بەدەستهێنانی ئەوەندە هێزە بدات کە مانەوەی خۆی مسۆگەر بکات. بەم شێوەیە ئێران لە سەردەمی ڕۆحانیدا هەوڵی پارێزگاری کردنی لەو ڕۆڵە و پێگەیەی هەیەتی لە عێراق. بە مانایەکی دیکە ئێران هەوڵی بەدەستهێنانی ئەوەندە هێزەی دا کە پێگە، ڕۆڵ، کاریگەریی و ئامادەیی خۆی و هاوپەیمانەکانی لە عێراق مسۆگەر بکات، نەوەك هەوڵی بەدەستهێنانی هەژموونی.

# بەشی شەشەم

# بەردەوامی یان گۆڕان لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق: ٢٠٠٥ - ٢٠٢١

## ١.٦ پێشەکی

بەردەوامی یان گۆڕان، یەکێکە لە گەنگەشە گەرم و بنەڕەتییەکان پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەشێوەیەکی گشتیی. ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەی نەك تەنها سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڵکو تەواوی سیستەم، ڕژێم و ژیانی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەڵقوڵاوی ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهە، کە دەسەڵاتی ڕەها و بێ سنوور دەداتە شەڕعزان (ولي فقيه) بەسەر کاروبارە دینی و دونیاییەکان، پرسە سیاسی و ئاینیەکان. لەم چوارچێوەیەدا پرسی ئەوە دێتە بەرباس ئایا سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران سیاسەتێکی نەگۆڕ، چەسپا و بەردەوامە، هەڵقوڵاوی ئایدۆلۆژیا و سیستەمی ویلایەتی فەقیهە، یاخود سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك هەر دەوڵەتێکی دیکە کاردانەوەی پاشاگەردانیی سیستەمیی نێودەوڵەتییە. هەروەك تیۆری ڕیالیزمی بونیادی (نوێ) جەختی لەسەر دەکاتەوە.

لەم بەشەدا؛ گەنگەشەی بەردەوامی یان گۆڕان دەکەین لە سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق، لە ماوەی ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی لە ٢٠٠٥ـەوە بۆ ٢٠٢١، دەکەین. بە مانایەکی دیکە ڕۆشنایی دەخەینەسەر ئەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی بەردەوام، نەگۆڕ و چەسپاو بووە و چوارچێوە و بنەمای دیاریکراوی هەبووە، یان سیاسەتەکە گۆڕاو بووە و هەر سەرۆکێك جۆرێك لە سیاسەتی هەبووە و جێبەجێی کردووە. لێرەدا

بە قوڵی دەچینە سەر ئەوەی ئەگەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠٠٥ـەوە بۆ ٢٠٢١ بەردەوام و نەگۆڕ بووە، ئەوا ئەو چوارچێوە و بنەما سەرەکیانە چی بوون، کە سیاسەتەکەیان داڕشتووە. ئایا نەگۆڕی و بەردەوامی ئەم سیاسەتە بەرهەم و کاردانەوەی پاشاگەرانی سیستەمی نێودەوڵەتیی یاخود نا. ئەگەر سیاسەتەکە گۆڕاویش بووە ئەوا سەرۆك چ ڕۆڵێکی لەم گۆڕانکاریانەدا هەبووە.

سەبارەت بە پێکهاتەی ئەم بەشە، ئەوا ڕووناکی دەخاتە سەر پێنج بنەمای سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠٠٥ـەوە بۆ ٢٠٢١. سەرەتا باسی بنەما دەستەبەرکردنی بوون و بەردەوامیی سیستەمی سیاسیی ئێران دەکات. دواتر مسۆگەرکردنی ئاسایشی نیشتمانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران تاوتوێ دەکات. پاشان هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیا و ئەزموونی شۆڕشی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ عێراق دەخاتە بەرباس. ئینجا دەستەبەرکردن و فراوانکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ٢٠٠٥ـەوە بۆ ٢٠٢١ گەنگەشە دەکات. دواتر باسی هەژموونخوازی ناوچەیی و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ڕۆڵ و پێگەی سەرکردایەتیی دەکات. لە کۆتایی دا پوختەی بەشەکە و ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی دەخرێتەڕوو.

## ٦. ٢ دەستەبەرکردنی بوون و بەردەوامیی سیستەمی سیاسیی ئێران

یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی، بنەمای پاراستن و دەستەبەرکردنی بوون و بەردەوامیی سیستەمی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو لە شانۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی نەرم و زبری خۆی، مامەڵەکردنێکی ژیرانە لەگەڵ پێشهاتەکان، هەوڵدان بۆ زیادکردنی هێزی ئێران و پاراستن و بەهێزکردنی هاوپەیمانەکانی، بەمەبەستی کەم کردنەوەی مەترسییەکانی پاشاگەردانیی سیستەمی نێودەوڵەتی لەسەر بوون و بەردەوامیی سیستەمی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

ئەم بنەمایە بە تەواوی ڕەنگدانەوەی هەبووە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە سەردەمی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاددا، چونکە ئێران لەو ماوەیەدا کاری کرد بۆ پاراستنی سیستەم، ڕژێم و ژیانی سیاسی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەویش بە هەوڵدان بۆ زاڵ بوون بەسەر کایەی سیاسی و ئاسایشی عێراق، لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هەژموونی لە کایەی سیاسی عێراقدا و مانەوەی جڵەوی حوکمڕانی لە دەستی لایەنگرەکانی ئێران. تا عێراق نەبێتە پردی گواستنەوەی گۆڕانکارییەکان بۆ ئێران. هەروەك ئایزنستاد (٢٠١٥) بۆچوونی وایە: ئێران لە سۆنگەی هەوڵدان بۆ پاراستنی سیستەمەکەی و بەهێزکردنی کاریگەری خۆی، ئەوا کاری کرد بۆ زاڵ بوون و باڵادەست بوونی هاوپەیمانەکانی لە عێراق.

کاردانەوەکانی ئێران بەرامبەر بە هەڕەشە و مەترسییەکان، ڕەنگدانەوەی بنەمای پاراستنی بوون و مسۆگەرکردنی بەردەوامیی سیستەمی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوون لە داڕشتنی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاددا، چونکە هەڕەشە و مەترسیی ڕاستەقینە لەسەر بوون و بەردەوامی ڕژێم و سیستەمی سیاسیی ئێران هەبوو، چونکە ئەمریکا لە یەك کاتدا لە ئەفغانستان و عێراق ئامادەییەکی بەهێزی سەربازی و سیاسی هەبوو، کە هەردووکیان هاوسنووری ئێرانن. تەنانەت بە جۆرێك لە دەورەدانی ئێران هەژمار دەکرا. هەروەها پێشتریش جۆرج دەبلیۆ بۆش لە ٢٠٠٢ وەسفی ئێرانی کرد وەك یەکێك لە سێ دەوڵەتە یاخیبووەکە (واشنتن پۆست، ٢٠٠٢؛ قادر، ٢٠٢٠ أ: ٢٤٦؛ ئایزنستاد، ٢٠١٥).

بەپێی ئەم بنەمایە، سیاسەتیی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران کاری کرد بۆ شکست پێ هێنانی ستراتیژیی نوێی کۆشکی سپی، سەبارەت داڕشتنەوەی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە خۆی دەبینیەوە لە لێدا لە بەشێك لە سیستەم و ڕژێمەکان، لەوانە سیستەمی سیاسی ئێران وەك قۆناغی دووەم لە دوای داگیرکردنی عێراق (سوڵتانی و یوسفی، ٢٠١٣: Soltani, and Yusoff, ٢٠١٣: ١٠٣؛ بەخشندە، ٢٠١٥: ١٣٠-١٤٥). لەبەرئەوەی سیستەمی سیاسیی ئێران بە یاخی و توندڕەو دەبینرا لە ڕووانگەی ئەمریکاوە. هەروەك فروم و پێرل (٢٠٠٤) ئاماژەیان بەوە کردووە کە: سیستەمی سیاسیی ئێران سیستەمێکی تیرۆریستیە پێویستە لا ببرێت.

بە مانایەکی دیکە ئێران هەستی بە هەڕەشەیەکی وجودی (مان و نەمان) دەکرد، چونکە پێی وابوو لە ڕیزی پێشەوەی ئەو دەوڵەتانەدایە، کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هەوڵی لێدان و گۆڕینی سیستەم و ڕژێمی حوکمڕانەکەیان دەکەن.

بۆ ئەوەی ئەزموونی گۆڕینی سیستەم و ڕژێم لە عێراق و نموونەی بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق، نەگوازرێتەوە ئێران، ئەوا کۆماری ئیسلامیی ئێران کاری کرد لەسەر لاوازکردنی پێگەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە ڕێگەی هێزی نەرم و زبر، کە دواجار بووە هۆی دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەی سۆفا لە ٢٠١١ لە عێراق. هەروەها کاری کرد بۆ بەکارنەهێنانی عێراق بەهەموو شێوەیەك بۆ هەڕەشەکردن لە وڵاتانی دراوسێ کە زیاتر مەبەست لێی ئێران بوو. هەروەها ئێران سیاسەتی پەرتکە و زاڵ بەی بەکارهێنا، تا فیدڕاڵیەتێکی لاواز لە عێراق هەبێ، کە هەمیشە شیعە حوکمڕانە هاوپەیمانەکانی ئێران پێویستیان بە ئێران بێ و عێراق نەبێتەوە هەڕەشە بۆ سەر ئێران. تەنانەت ئێران عێراقی وەك گۆڕەپانی بەرەنگاربوونەوەی ئەمریکا بەکارهێنا بۆ پاراستنی سیستەمی سیاسی خۆی، لە ڕێگەی بەکارهێنانی عێراق وەك هێڵی پێشەوەی بەرگری، یاخود گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ململانێ و حیساباتەکانی لەگەڵ ئەمریکا لەسەر خاکی عێراق نەوەك لەسەر خاکی ئێران. هەروەها ئێران بە مسۆگەرکردنی بەردەوامی جڵەوی حوکمڕانی عێراق لە دەستی لایەنگرەکانی، بە پاڵپشتی کردن لە لایەن و گروپە هاوپەیمانەکانی ئێران، پاڵپشتی کردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەو گروپانەی دژی ئەمریکا بوون وەك سوپای مەهدی شیعی و تەنانەت ئەلقاعیدەی سوننی، جارێکی دیکە هەوڵی

بەرجەستەکردنی ئەم بنەمایە نەگۆڕەی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی دا (ئەسڵ، ٢٠١٤: ٩٦؛ ڕیزایی، ٢٠٠٨: ٩٥-٩٩؛ حەواش، ٢٠٢١).

بەم شێوەیە دەردەکەوێت، یەکێك لە بنەما نەگۆڕ و بەردەوامەکانی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاد بریتی بوو لە بنەمای مسۆگەرکردنی بوون و بەردەوامیی سیستەمی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

بەهەمان شێوە؛ بنەمای بنەمای مسۆگەرکردنی بوون و بەردەوامیی سیستەمی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕەنگدانەوەی تەواوی هەبووە لەسەر سیاسەتیی دەرەوەی ئێران لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانی بەرامبەر بە عێراق. ئەویش دوای هاتنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە ٢٠١٤، کاتێك بەشێکی بەرچاو لە خاکی سوریا و عێراقی داگیرکرد، کە دوو دەوڵەتی جێی کاریگەری و نفوزی ئێرانن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران داعشی وەك مەترسییەکی ڕاستەقینە و تەنانەت وجودی بۆ سەر سیستەم و ڕژێمی سیاسیی خۆی بینی، بۆیە ئێران وەك یەکەم دەوڵەت هاتە سەر هێڵ لە دژی پەل هاوێشتنی ئەم ڕێکخراوە و یارمەتی عێراق، میلیشا شیعەکان و تەنانەت هێزەکانی هەرێمی کوردستانیشیدا، بەمەبەستی تێکشکاندنی داعش. ئێران ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هاتە ناو جەنگی دژی داعشەوە. تەنانەتە هەماهەنگی ناڕاستەوخۆ کرد لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ تێکشکاندنی ئەم هەڕەشەیە. ئێران پێی وابوو هاتنی داعش کارنامە و ئەجێندای نەیارەکانی ئێرانە و هەوڵی بەشێك لە وڵاتانی هەرێمییە بۆ ڕێکخستنەوە هاوکێشەکان و داڕشتنەوەی هاوسەنگیی هێز و

لێدان لە سیستەم و ڕژێمی ئیسلامیی ئێران (منەتی و هادیان، ٢٠١٩: ٧٤؛ بارزانی، ٢٠٢٣ ب: ٣٢٧؛ تاها، ٢٠١٨: ٦؛ ئایزنستاد، ٢٠١٥). ئێران بە گرتنەبەری ئامرازی جیاواز، هێزی نەرم و زبر، کاری کرد بۆ پاراستنی هاوپەیمانەکانی و ئەزموونی حوکمڕانیی شیعە لە عێراق وەك هێڵی یەکەمی بەرگری کردن لە ئەزموون و بوون و بەردەوامیی سیستەمی سیاسیی ئێران، چونکە پاراستنی سیستەمی سیاسیی ئێران لە سەرووی هەموو ئامانجەکانەوەیە. هەرچەندە ڕۆحانی سەر بە چاکسازخواز (ڕیفۆرمیست)ـەکان بوو، کە زیاتر بایەخ بە ئامرازە دیپلۆماسییەکان دەدەن، پەیوەست بە مامەڵەکردن لەگەڵ پرس و پێشهاتەکانەدا. بەڵام؛ کاتێك داعش هات ئەوا بنەمای پاراستنی سیستەمی سیاسی ئێران بە زەقی دەرکەوت و تەنانەت ئێران خۆی سەرکردایەتیی هێزە شیعی و عێراقییەکانی کرد بۆ تێکشکاندنی داعش، هەموو ئامرازێکی بەکارهێنا.

ئەم سیاسەتەی ئێرانیش لەلایەك کۆکە لەگەڵ بنەماکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، کە جەخت دەکاتەوە لەسەر پێویستی پاراستنی سیستەمی سیاسیی ئێران بە هەر جۆر و نرخێك بێ، هەروەك خومەینی جەخت لەوە دەکاتەوە: پاراستنی کۆماری ئیسلامی ئەرکی هەموو پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامییە (قادر، ٢٠٢٠ أ: ١٤٥). هەروەها خومەینی بۆچوونی وایە: پاراستنی سیستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنانەت لە پاراستنی خودی پێشەوای پەنهان "ئیمامی مەهدی"ـش گرنگترە، چونکە ئیمامی مەهدیش خۆی فیدا دەکات لە پێناو مانەوە و پاراستنی ئیسلام (قادر، ٢٠٢٠ أ: ١٤٥-١٤٦).

ئەم دەقەی کۆتایی کە گوزارشت لە بۆچوونی خومەینی دەکات، بەجۆرێك بنەمای بوون و بەردەوامیی سیستەمی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە گرنگ و پیرۆز دادەنێت، کە لە بوونی ئیمام مەهدیش لە پێشتر و بە بایەختر دەزانێ. تەنانەت بوون و بەردەوامی ئاینی پیرۆزی ئیسلام یەکسان دەکات بە بوون و بەردەوامیی سیستەمی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران. بە مانایەکی دیکە هزر و بەها ئایدۆلۆژییەکان و تەنانەت پیرۆزییە ئاینییەکانیش تەواو لە خزمەت بەردەوامیی سیستەمی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران[١].

لەلایەکی دیکە؛ ئەم بنەمایەی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕەنگدانەوەی بەشێك لە گریمانەکانی ڕیالیزمی بونیادییە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە: ئامانجی باڵای دەوڵەتان مانەوەیە لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتیدا. بۆیە

(١) ئەمەش جۆرێك لە زیادەڕەوی تێدایە، چونکە خودی سیستەمە سیاسیەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەرهەمی ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهە و لەسەر ئەم ئایدۆلۆژیایە دامەزراوە، بناغەی ئەم ئایدۆلۆژیایەش پێشەوا (إمام)ـی پەنهانە (ئیمام مەهدییە)، چۆن دەکرێت، سیستەمەکە کە بەرهەمی ئایدۆلۆژیایەکە، ئەوا لە گریمانە سەرەکییەکانی ئایدۆلۆژیاکە گرنگتر بێ، کە بوونی ئیمام مەهدییە. تەنانەت ئاینی ئیسلامیش پەیامێکی جیهانیە، ناکرێت ڕەوایەتیی ئیسلام و بەردەوامبوونی پەیامەکەی بە سیستەم و دەوڵەتێکەوە ببەسترێتەوە، یاخود ڕەوایەتیی هیچ سیستەم و ڕژێمێك یەکسان بکرێت بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام، چونکە ئیسلامی پەیامێکی خوایی جیهانییە، پەیوەست نییە بە ڕژێم، سیستەم و ڕۆژگارێکی دیاریکراوەوە. ئەم بۆچوونەی خومەینی ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو پیرۆزییەکان لە خزمەت مسۆگەرکردنی بوون و بەردەوامیی سیستەمی سیاسی کۆماری ئیسلامیی ئێران دان. ئاینی پیرۆزی ئیسلام و خودی ئیمام مەهدیش لەو پێناوەدا وەك ئامراز بەکارهێنراون.

دەوڵەتان بەدوای زیادیکردنی هێزی خۆیانەوەن، لە پێناو مسۆگەرکردنی مانەوەیان لە کایەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا (حوسێن، ٢٠١٨: ٢٨٠؛ والتز، ١٩٧٩: ١٢٦).

کەواتە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق، لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی دا، پاراستنی بوون و مسۆگەرکردنی بەردەوامیی سیستەم و ڕژێمی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو لە شانۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ئەم بنەمایە کۆڵەگەی یەکەم و پایەی هەرە باڵا و سەرەکیی چوارچێوەی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بووە بەرامبەر بە عێراق. لەکاتێکدا ئەحمەدی نەژاد سەر بە ڕەوتی ڕیشەگۆڕخواز "ڕادیکاڵ"ـەکان و حەسەن ڕۆحانیش سەر بە ڕەوتی چاکسازخواز "ڕیفۆرمیست"ـەکان بووە، بەڵام ئەم بنەمایە وەك خۆی کاری کردووە و نەگۆڕ و بەردەوام بووە، ئەوەی گۆڕاوە لەگەڵ گۆڕانی ئەو دوو سەرۆك کۆمارە تەنها ڕێباز، ستراتیژ، ئامراز و تاکتیکەکان بوونە، نەوەك بنەما و چوارچێوەی گشتیی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق.

## ٣.٦ مسۆگەرکردنی ئاسایشی نیشتمانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران

مسۆگەرکردنی ئاسایشی نیشتمانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، یەکێکی دیکە بوو لە بنەما سەرەکییەکانی داڕشتنی سیاسەتیی دەرەوەی ئەو وڵاتە بەرامبەر بە عێراق، لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی لە ٢٠٠٥ـــەوە بۆ ٢٠٢١. ئەم بنەمایە ڕۆڵێکی گەورە و یەکلاکەرەوەی هەبووە لە داڕشتنی سیاسەتیی دەرەوەی

ئێران، کە بە گۆڕانی سەرۆك کۆمار ئەم بنەمایە بە هیچ شێوەیەك گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە.

لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانیدا، بنەمای مسۆگەرکردنی ئاسایشی نیشتمانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە زەقی کاریگەری هەبووە لە دارشتنی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق. لەو ماوەیەدا؛ ئێران کاری کرد بۆ ئەوەی عێراق وابەستەی ئێران بێ لە ڕێگەی مسۆگەرکردنی حوکمڕانیی شیعە لە عێراق، هێشتنەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی لاواز، چونکە پێشتر هەردەم عێراق ڕکابەرێکی هەرێمی بووە بۆ ئێران، بەڵام لە ڕێگەی ستراتیژی بەدەستهێنانی زۆرترین ڕاددەی ئاسایش، کارکردن بۆ نەهێشتنی هەڕەشە و مەترسییەکان، کە ڕێککەوتننامەی سۆفای لێ بەرهەم هات، لە ساڵی ٢٠١١ بەکشانەوەی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا لە عێراق، تا ئاستێکی باش ئێران ئەم ئامانجەی بەدەستهێنا (غەربی، ٢٠١٩: ١١٥؛ هاشم، ٢٠٢٣: ١٣٣-١٣٨؛ قادر، ٢٠٢٠ أ: ١٤٥-١٤٦).

لە سەردەمی حەسەن ڕۆحانیدا؛ ئێران کاری کرد بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆی لە ڕێگەی پارێزگاری کردن لە دیمەنی سیاسیی عێراق و بەردەوامیدان بە حوکمڕانیی شیعە و دروست نەبوونی بۆشایی سیاسی و ئاسایشی لە عێراق، بەتایبەت دوای هاتنی داعش (بارزانی ب، ٢٠٢٣: ٣٢٧؛ تاها، ٢٠١٨: ٦؛ ئایزنستاد، ٢٠١٥). لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاددا ئێران بەشێکی زۆری چەکدارە میلشیا شیعە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کە لەلایەن ئەوەوە پاڵپشتی دەکران، بەشداری پێکرد لە دروستکردنەوەی دامەزراوە ئاسایشی و سوپاییەکانی عێراقدا. واتە لە قوڵایی

دامەزراوەکاندا جێگیر کران. ڕێژەی شیعەکان بۆ سەرووی ٩٠٪ لە ناو سوپای عێراقدا بەرز کرایەوە. بەمەش ئێران لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاد لە ڕێگەی بریکار (پڕۆکسی)، لایەن، حیزب و هێزە شیعەکانی ناو پەرلەمان، حکومەت و سوپای عێراقەوە ئاسایشی خۆی دابین دەکرد (ئایزنستاد، ٢٠١٥؛ نادر، ٢٠١٥: ٢). ئەمەش وەك ئامرازێك بۆ زیادکردنی ڕاددەی ئاسایشی خۆی هەیە، لە ڕێگەی ئامادەیی و حیزب و لایەنە لایەنگرەکانی ئێران و هێزی میلیشایی و بریکاریی هاوپەیمانەکانیەوە لە ناو قوڵایی دامەزراوە جیاوازەکانی عێراقدا. کە زیاتر لە شێوەی دەوڵەت لە ناو دەوڵەت خۆی دەنواند. بەم جۆرە ئێران لەم قۆناغەدا ئێران کاری کرد بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆی.

لە سەردەمی حەسەن ڕۆحانیدا لە پاڵ بوون و ئامادەیی بەهێزی شیعە لایەنگرەکانی ئێران لە ناو دامەزراوەکانی عێراقدا، ئەوا ئێران هەنگاوێکی دیکەی نا بەمەبەستی پارێزگاری کردن و دەستەبەرکردنی ئاسایشی نیشتمانی خۆی، ئەویش دروستکردنی هێزێکی میلیشایی بریکاری (پڕۆکیسی) بەهێز بوو لە دەرەوەی دامەزراوەکانی عێراق، بە سوود وەرگرتن لە فەتوای جیهادی کیفائی، بەناوی حەشدی شەعبی، کە لەلایەن سوپای قودسەوە سەرکردایەتیی دەکران و زۆربەیان ڕاستەوخۆ فەرمانیان لە ئێران وەردەگرت (تاها، ٢٠١٨: ٧؛ سەعدی، ٢٠٢١: ١١). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەرچەندە ڕۆحانی بە لایەنگری سیاسەتی نەرم و چارەسەری دیپلۆماسیانە ناسراو بوو، بەڵام پاشاگەردانیی سیستەمی هەرێمی و نێودەوڵەتی، پێشهاتە نوێیەکانی، وایانکرد ئێران هێزی نەرم و زبر، ئامرازی جیاواز بگرێتەبەر، تەنانەت ڕێگای سەربازی و میلیشایی بگرێتەبەر بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی نیشتمانی ئێران و

هاوپەیمانەکانی. دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بکات بۆ پارستنی ئاسایشی خۆی. هەوڵدانی ئێران بۆ دروستکردنی ئەو هێزە لە دەرەوە دامەزراوە فەرمییەکان بە مانای بەردەوامیی سیاسەتی دەستەبەرکردنی ئاسایشی نیشتمانی ئێران دەهات، بەڵام بە ئامراز و ڕێگای زۆرتر و جیاوازتر.

تەنانەت لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاددا ئێران لە ڕێگەی گوتار و بەشێوەی ڕاستەوخۆ و لە ڕێگەی هاوپەیمانەکانیشەوە لە ناو حکومەت و پەرلەمانی عێراقەوە دژی هێزەکانی ئەمریکا وەستایەوە. بەڵام لە سەردەمی ڕۆحانیدا ئەگەرچی لە جەنگی دژی داعش جۆرێك لە هەماهەنگی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا هەبوو بۆ لێدان لە داعش، وەك دوژمنێکی هاوبەشی ئێران و ئەمریکا و عێراق، وەك ستراتیژێکی ماوە کورت. بەڵام دوای جەنگی داعش، ئێران لە ڕێگەی لایەنگرەکانی لە ناو پەرلەمانی عێراق دژی ئەمریکا وەستایەوە، تەنانەت بەشێوەی ڕاستەوخۆ بە مووشەکبارانکردنی پێگەکانی ئەمریکا، بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی میلیشاکانی حەشدی شەعبیەوە دژی ئەمریکا وەستایەوە بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆی (ماسۆن، ٢٠١٢: ١٦؛ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ٢٠٠٨؛ ڕیزایی، ٢٠٠٨: ٩٥-٩٩؛ ڕەزایقە، ٢٠٢٢: ٥٢-٥٣؛ موجبیل، ٢٠٢٤: ٣٥٩؛ عەلائەددین، ٢٠٢٠). سەبارەت بە پرسی گشتپرسیی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، بنەمای ئاسایشی ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ئێران بە توندی دژایەتی ئەم هەوڵی هەرێمی کوردستانی کرد، هەروەك عەلی شەمخانی بەڕێوەچوونی گشتپرسیی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی عێراقی بەهەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی ئێرانی دانا (سینکایا، ٢٠١٧؛).

کەواتە سیاسەتیی دەرەوەی ئێران سەبارەت بە دابینکردن و دەستەبەرکردنی ئاسایشی نیشتمانی ئێران، سیاسەتێکی نەگۆڕ و بەردەوام بووە، بە گۆڕانی سەرۆك کۆمار و گوێزرانەوەی دەسەڵات لە ئەحمەدی نەژادەوە بۆ ڕۆحانی ئەم سیاسەتە نەگۆڕا، بەڵکو ئەوەی لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەو دوو سەرۆکە گۆڕا تەنها ستراتیژ، ئامراز، تاکیك، ڕێباز و شێوازەکان بوون. ئێران وەك دوژمنێکی نەگۆڕ سەیری ئەمریکا دەکات، کەچی لە جەنگی دژی داعش هەماهەنگی ناڕاستەوخۆی لەگەڵ کرد، وەك ستراتیژێکی کاتی، کەچی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی داعش ئێران کاری کرد بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، چونکە بوونی ئەو هێزانەی بە هەڕەشە دەبینی لەسەر ئاسایشی خۆی. بنەمای پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی ئێران بنەمایەکی سەرەکیی و نەگۆڕی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بووە بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاد و ڕۆحانیدا. ئەمەش کۆکە لەگەڵ دیدگای خومەینی، چونکە خومەینی باوەڕی وایە: پێویستە هەموو پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی ئەرکیان پاراستنی ئاسایشی کۆماری ئیسلامی بێت (قادر، ٢٠٢٠ أ: ١٤٥). بەپێی بۆچوونی قادر أ. (٢٠٢٠: ١٤٥-١٤٦): پاراستنی ئاسایشی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناوەڕۆك و گەوهەری پرسی ئاسایشییە. ئەمەش کۆکە لەگەڵ گریمانەکانی تیۆری ڕیالیزمی بونیادی کە پێی وایە: لە کارلێکە نێودەوڵەتییەکاندا نەبوونی ئاسایش زاڵە، بۆیە ئاسایش ئامانجی باڵا و کۆتاییە کە دەوڵەتان هەوڵی مسۆگەرکردنی دەدەن (حوسێن، ٢٠١٨: ٢٨٠؛ واڵتز، ١٩٧٩: ١٢٦-١٣٤). کەواتە دووەم بنەمای سەرەکیی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانیدا بریتی بوو لە بنەمای دەستەبەرکردنی ئاسایشی نیشتمانیی

کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە لە هەموو قۆناغەکانی ماوەی سەرۆکایەتیی هەردوو سەرۆکەکە ڕەنگدانەوەی لەسەر سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق هەبوو.

## ٦. ٤ هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیا و ئەزموونی شۆڕشی کۆماری ئیسلامیی ئێران

بنەمای هەناردەکردن و گواستنەوەی ئەزموونی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئیران، یەکێك بووە لە بنەما سەرەکییەکانی داڕشتنی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی لە ٢٠٠٥ـەوە بۆ ٢٠٢١. لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاددا؛ ئێران هەوڵی لاوازکردنی پێگەی حەوزەی نەجەفی بەرامبەر بە حەوزەی قوم، مەرجەعییەتی سیستانی بەرامبەر بە خامنەیی، کەمکردنەوەی کاریگەریی ویلایەتی ئیرشادی (ڕێنوێنی)، بەرامبەر بە ویلایەتی فەقیهی ئێران داوە. لەم چوارچێوەیەدا لە ماوەی ئەحمەدی نەژاددا ئێران هەوڵی دانانی شوێنگرەوەیەکی بۆ سیستانی دا بە ناوی مەحمود شاهرودی (نادر، ٢٠١٥: ٣-٤؛ ئەلعوبەیدی، ٢٠١١: ٨٦؛ موحەممەد و هاوڕێیانی، ٢٠١٧؛ موراد، ٢٠٢٠: ٩٣؛ موستەففا، ٢٠١٩؛ کەریمی و توتی، ٢٠١٥: ١٧٧). ئەمەش دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی ئێران دەگەیەنێت، کە ڕەنگدانەوەی سیاسەتیی گواستنەوەی ئەزموونی حوکمڕانی و شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیه بوو بۆ عێراق،

بە ستراتیژ، تاکتیك، شێواز، ئامرازی جیاواز ئێران لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاد، ئێران هەوڵی بەرجەستەکردنی ئەم بنەمایەی دا.

لە سەردەمی ڕۆحانیشدا ئەم بنەمایە ڕەنگدانەوەی تەواوی هەبووە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق. بەتایبەت لە جەنگی دژی داعش، ئێران بە سوود وەرگرتن لە فەتوای جیهادی کیفائیی عەلی سیستانی، هێزێکی لە دەرەوەی سوپای عێراق بە ناوی حەشدی شەعبی، دروستکرد، کە هێزێکی بیروباوەڕی مەزهەبییە، زۆربەی پێکهێنەرەکانی باوەڕیان بە سیستەمی ویلایەتی فەقیه هەیە. هەروەك سەعدی (٢٠٢١: ١١) پێی وایە: ئێران هێزێکی شیعی دروستکرد کە وەك چەتر زۆربەی هەرە زۆری میلیشاکانی عێراقی کۆ کردەوە و لە ژێر سەرکردایەتیی خۆیدا.

ئێران توانی بە سوود وەرگرتن لە میلیشا شیعەکان، کاریگەری بنەمای هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بکاتە واقیع، چونکە زۆربەی میلیشاکانی حەشدی شەعبی میلیشای وەلائین، واتە لایەنگیری ئێرانن. میلیشا وەلائییەکان کە سەر بەئێرانن زۆرتر و بەهێزترن لە میلیشا مەرجەعییەکان کە سەر بە حەوزەی نەجەفن. بەشێوەیەکی مەیدانی قاسم سولەیمانی فەرماندەی سوپای قودس سەرکردایەتیی میلیشاکانی کرد (عەلائەددین، ٢٠٢٠؛ تاها، ٢٠١٨: ٧). عەلی شەمخانی ڕایگەیاند ئێران ئاسایش و سەقامگیری لە عێراق و دەوڵەتانی ناوچەکە بەپێی بنەمای تیڕوانین و دیدگاکانی شۆڕشی ئیسلامی دەوێت (ئاژانسی هەواڵی نێودەوڵەتیی تەسنیم، ٢٠١٤). ئەم بنەمایە لە جەنگی دژی داعشدا بە ڕوونی خۆی نواند، چونکە داعش دوژمنێکی ئایدۆلۆژی، ئاسایشی، سیاسی، ناسنامەیی و مەزهەبی... هتد بوو بۆ

کۆمار ئیسلامیی ئێران. لەبەرئەمە ئێران وەك یەکەم وڵات هاتە ناو جەنگی دژی داعش، تەنانەت داعش تەنها لە عێراق و سوریا کە جێگای ژێر کاریگەری و نفوزی ئێران بوون، تەشەنەی کرد. عەلی یونسی ڕاوێژکاری حەسەن ڕۆحانی سەرۆکی ئێران، وتی: بەرەنگاری توندڕەوی ئیسلامی، تەکفیری و وەهابییەکان دەبینەوە (ئەلسەیاد، ٢٠١٧: ١٤٤؛ ئەلعەرەب، ٢٠١٥؛ موستەففا، ٢٠٢٠؛ ئەلعەڕەبییە، ٢٠٢٠).

ئەم سیاسەتەی ئێران لەلایەك ڕەنگدانەوەی دەستووری ئێران بوو، کە ئەرکێکی بێ سنووری بیروباوەڕی بە هێزە سەربازییەکانی ئێران داوە، هەروەك لە دیباجەی دەستوورەکەدا (٢٠١٨: ١٢) هاتووە: ئەرکی سوپای پاسداران و لەشکر (ئەتەش) تەنها پاراستنی سنوورەکان نییە، بەڵکو بەرپرسن لە پەیامی بیرباوەڕی، کە بریتییە لە تێکۆشان "جیهاد" لە پێناوی خوا و خەباتکردن لە پێناو فراوانکردن و پەرەسەندنی حوکم و دەسەڵاتی یاسا و شەریعەتی خوا لە جیهاندا (دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران، ٢٠١٨). لەلایەکی دیکە ڕەنگدانەوەی بنەماکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بوو، کە خومەینی (٢٠١٠: ٣٦) پێی وایە پشتیوانی ستەملێکراوان ئەرکی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە لە هەر شوێنێکی دونیا.

کەواتە بنەمای هەناردەکردنی شۆڕش و ئەزموونی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ عێراق، یەکێك بووە لە بنەما سەرەکییەکانی داڕشتن و ئاڕاستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانیدا. لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاد زیاتر ئامرازی لێدان لە مەرجییەتی سیستانی و حەوزەی نەجەف و هەوڵدان بۆ گۆڕینی پەیڕەو کراوە. بە مانایەکی دیکە بە دەستێوەردانی

ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەوڵی بەرجەستەکردنی ئەم بنەمایە درا، کەچی لە سەردەمی ڕۆحانیدا ئەم سیاسەتە بەردەوام بوو، بەڵام بە شێوە و ئامرازی جیاواز، دیارترینیان دامەزراندنی هێزی میلیشیایی مەزن لە ژێر چەتر و ناوی حەشدی شەعبی، لە ژێر سەرکردایەتیی ئێران، بەجۆرێك کە جێبەجێکاری فەرمانی ویلایەتی فەقیهی ئێران و پارێزەری سیستەمی ویلایەتی فەقیهی ئێران بن لە عێراق.

## ٦. ٥ دەستەبەرکردن و فراوانکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران

بنەمایەکی دیکەی داڕشتن و ئاڕاستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق، لە ماوەی ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانیدا بریتی بوو لە بنەمای دەستەبەرکردن و فراوانکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەتایبەت لە کایەی ئابووری. لە سەردەمی مەحمود ئەحمەدی نەژاد، ئەم بنەمایە بە تەواوی ڕەنگی دایەوە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق، ئەویش بە قۆستنەوەی بوونی سنوورێکی هاوبەشی فراوان، سوود وەرگرتن لە دەروازە فەرمی و نافەرمییەکان لەگەڵ عێراق. ڕێبەری باڵای ئێران لە ٢٠١٢ داوای بەهێزکردنی "ئابووریی بەرەنگاری (مقاومە)" ڕاگەیاند، لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی سزا ئابوورییەکان، دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی ئێران. بەهای هەناردەکردنی کەلوپەلی ئێرانی بۆ عێراق لە ٢٠١٣ گەیشتە زیاتر لە ٦ ملیار دۆلار. بەمەش ئێران بووە گەورەترین هاوبەشی بازرگانی عێراق (عەباس، ٢٠٢٣؛ ئەلیاسری، ٢٠١٤؛

ئایزنشتات، ٢٠١٥؛ موراد، ٢٠٢٠: ٩٨؛ ئەلعەرەبییە، ٢٠١١). بانگەوازی خامنەیی بۆ بەهێزکردنی "ئابووریی بەرەنگاری (مقاوەمە)" سەلمێنەری ئەوەیە سیاسەتی ئابووری وەك سەرجەم کایەکانی دیکەی سیستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ژێر کۆنترۆڵی ڕێبەری باڵای ئێراندان. بەڵام لە هەمان کاتدا کاردانەوەی پاشاگەردانیی سیستەمی نێودەوڵەتییە، چونکە بە مانای ئەوە دێت هیچ دەسەڵاتێك نییە لە سەرووی دەوڵەتانەوە ئێران و ئابووریی ئێران بپارێزێت. هەروەها کۆکە لەگەڵ سیستەمی خۆیارمەتی (پشتبەخۆبەستن)، کە تیۆری ڕیالیزمی بوونیادی وەك باشترین سیستەم و ئامراز بۆ دەوڵەت لە شانۆی پاشاگەردانیی سیستەمی نێودەوڵەتیدا، پێشنیاز دەکات.

ئەم بنەمایە لە سەردەمی حەسەن ڕۆحانیشدا کارایی هەبووە لە داڕشتنی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق، وەك بنەمایەکی نەگۆڕ و بەردەوام سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی ئاڕاستە کردووە، چونکە حەسەن ڕۆحانی زیاتر برەوی بە پەیوەندییە ئابووری و بازرگانی و دیپلۆماسییەکانی دەدا لەگەڵ عێراق. کابینەی حکومەتی ڕۆحانی ئێران لە سەرەتای ٢٠١٤ بیرۆکەی "ئابووریی بەرەنگاری" کردە سیاسەتی فەرمیی حکومەتی ئێران. ئەم هەنگاوەی ئێران لە چوارچێوەی بەرەنگاربوونەوەی لێکەوتەی سزاکانی خۆرئاوا و ئەمریکا بوو (عەباس، ٢٠٢٣؛ خولی، ٢٠١٦: ٥-٩). ئێران هەوڵیدا پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ عێراق بگەیەنێتە بەرزترین ئاست، لە پێناو قەرەبووکردنەوەی ئەو کورتهێنانەی تووشی ببوو لە کەرتی هەناردەکردندا، چونکە بەهۆی سزاکانەوە دەرفەت و دەروازەکانی بەردەمی کەم و بەرتەسك ببوونەوە. لە ساڵی ٢٠٢١ کۆی هەناردەی نانەوتی ئێران بۆ عێراق گەیشتە ٨ ملیاری

تێپەراند و قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ عێراق ١٢ ملیاری تێپەڕاند. چەندین ڕێککەوتننامەی هەمەلایەنی بازرگانی، ئابووری، پیشەسازی و وزە.. هتد، لەگەڵ عێراق ئەنجامدا (عەباس، ٢٠٢٣؛ موراد، ٢٠٢٠: ٩٨؛ حاتەم، ٢٠١٩: ١٧٤؛ سەلوم، ٢٠٢٤؛ فەرد، ٢٠٢٠). بەم جۆرە دەردەکەوێت کە هەناردەی ئێران بۆ عێراق بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، لەمەشدا سوود لە دەروازە سنوورییە فەرمی و نافەرمییەکان وەرگیراوە. ئەمەش دەچێتە ناو چوارچێوەی زیادکردنی هێزی نەرم و زبری ئێران. لەبەرئەوەی بەهێزبوونی ئابووری ئەگەرچی لەلایەك زیادبوونی هێزی نەرمی ئێران بووبێ، ئەوا لەلایەکی دیکە بناغەی بەهێزتربوونی هێزی زبری ئێران بوو لە عێراق و ناوچەکە، چونکە چالاکی ئاسایشی، سیاسی، سەربازی... هتد، پێویستی بە ئابوورییەکی بەهێز هەیە.

کارایی بنەمای پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئێران لەسەر داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق، ئەوە دەردەخات کە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق سەبارەت بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئێران نەگۆڕە، ڕێبەری باڵا ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی دەکات، چونکە هەرچەندە کابینەی ئەحمەدی نەژاد بە توندئاژۆ ناسراوبوو، کابینەی حەسەن ڕۆحانی بە کراوە و چاکسازخواز (ڕیفۆرمیست)، کەچی هەردووکیان هەمان سیاسەت و بیرۆکە و داواکاری ڕێبەریی باڵای ئێرانیان پەیڕەو کرد کە ئابووریی بەرەنگاری بوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئێران. ئەم سیاسەتەی ئێران کۆکە لەگەڵ دیدگای شۆڕشی ئیسلامی ئێرا. هەروەك خومەینی باوەڕی وایە: ئەرکی باڵا و بنەڕەتی هەموانە بەرژەوەندییەکانی ئەم کۆمارە ئیسلامییە بپارێزن (قادر، ٢٠٢٠ أ: ١٤٥-١٤٦).

هەروەها ئەمەش ڕەنگدانەوەی تیۆری ڕیالیزمی بونیادییشە کە پێی وایە دەوڵەتان ئەکتەری ژیرن، کار دەکەن بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانیان. هەوڵی مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانیەکانیان لە گۆڕەپانی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان دەدەن (میسباح، ٢٠١١: ٢٨-٢٩). بەم شێوەیە بنەمایەکی دیکەی سەرەکی و نەگۆڕی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی بنەمای دەستەبەرکردن، پاراستن و فراوانکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو، کە گوزارشتە لەسەر نەگۆڕیی سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەکات. ئەمەش کۆکە لەگەڵ گریمانەی ڕیالیزمی بوونیادی کە پێی وایە پاشاگەردانیی سیستەمی نێودەوڵەتی بە یەکسانی یەك پاڵنەر بۆ ڕەفتاری دەوڵەت دروست دەکات. بە مانایەکی دیکە سیستەمی نێودەوڵەتی بەبێ جیاوازی و وەك یەك ئاڕاستەی سیاسەتی دەرەوە و ڕەفتاری دەوڵەتان دەکات لە شانۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

## ٦. ٦ هەژموونخوازی ناوچەیی و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ڕۆڵی سەرکردایەتی

بنەمایەکی دیکەی سەرەکیی دارشتن و ئاڕاستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق، لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانیدا، بریتی بوو لە هەژموونخوازی ناوچەیی و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ڕۆڵی سەرکردایەتیی کردن. لە سەردەمی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاددا، ئەم بنەمایە

کاریگەریی بەرچاو و بەردەوامی هەبووە لەسەر سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق. ئێران هەوڵی بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەی دا لە میانەی بەکارهێنان و پارێزگاری کردن لە ڕۆڵ و کاریگەریی و نفوزی خۆی و هاوپەیمانەکانی لە عێراق و سوریا، وەك دوو دەوڵەت کە پێکهێنەری قوڵایی ستراتیژی ئێرانن (سوریای ئەمڕۆ، ٢٠٢٥؛ داود، ٢٠١٤: ٤٨١). بەپێی بۆچوونی ئەلسەبباغ (٢٠٢٢: ٥): ئێران کاری بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە کرد لەمیانەی دروستکردی "بەرەی بەرگری"، کە ڕووبەرێکی جیۆسیاسی فراوان لەخۆدەگرێت، کە لە تارانەوە دەستپێدەکات، بە بەغداد، دیمەشق، بەیروت و فەڵەستینەوە تێدەپەڕێت تا دەگاتە سەنعای پایتەختی یەمەن. ئەم بەرەیە بەرجەستەی تێڕوانینی ئێران بۆ ڕۆڵە هەرێمیەکەی دەکات. لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی هەژموونی ڕکابەرەکانی، ئامانج لەم بەرەیەش دروستکردنی "هیلالی شیعی" بوو، کە کۆڵەگەی بەرجەستەکردنی هەژموونخوازی ئێرانە لە ناوچەکەدا، ئامانج لێی ئەوەیە ئێران ببێتە زلهێزێکی هەرێمی و سەرکردایەتیی هەرێمەکە بکات، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ئێران کاری کرد بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی و هاوپەیمانەکانی لە عێراق، چونکە عێراق تاکە دەروازەی وشکانی ئێرانە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە (ئەحمەد، ٢٠٢٢: ٨٦-٩٠؛ عارف، ٢٠١٩: ١٥؛ ئەسباغ، ٢٠٢٢: ٥). ئێران بۆ گەیشتن بەم ئامانجە هاریکاری هەرێمی لەگەڵ عێراق گەیاندە لوتکە، بەتایبەت دوای دەرچوونی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا لە عێراق لە ٢٠١١ (عەسر ئێران، ٢٠٠٩). ئێران پێی وایە کۆمەڵێك فاکتەر وەك جیۆپۆلیتیك، زۆری ڕێژەی دانیشتوانەکەی، دەوڵەمەندبوونی لە ڕووی سەرچاوە سروشتییەکان، ئابووری،

پیشەسازیی..هتد، مافی ئەوەی پێدەدەن کە سەرکردایەتی جیهانی ئیسلامی بکات (حوسێن، ٢٠١٨: ٤٤٨-٤٤٩).

لە پێناو گەیشتن بەم ئامانجە، لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاددا سیاسەتیی دەرەوەی ئێران پشتیوانی لە حوکمڕانی زۆرینەی شیعە کرد لە عێراق (هاشم، ٢٠٢٣: ١٣٣-١٣٨؛ نادر، ٢٠١٥: ٣-٧). بەپێی بۆچوونی موراد (٢٠٢٠: ٩٣) ئێران پێی وابوو پشتیوانی کردن لە ڕژێمێکی شیعی دۆستی ئێران لە عێراق، بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە ئاسانتر دەکات. ئێران بە لاواز هێشتنەوەی عێراق و شکست پێهێنانی پڕۆژە ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکە، ئەنجامدانی ڕێککەوتننامەی سۆفا لە ٢٠٠٨ لە ڕێگەی هاوپەیمانەکانی، توانی لە لادانی ئاستەنگەکانی بەردەم هەوڵە هەژموونخوازییەکانی سەرکەوتوو بێت (یاسری، ٢٠١٤: ١٤؛ ئەلعوبەیدی، ٢٠١١: ١١٨؛ دەخیل و ئەلعیسا، ٢٠١٩: ١٢٩). سەلوم (٢٠٢٤) باوەڕی وایە: بە کشانەوەی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا لە عێراق لە ٢٠١١، ڕۆڵ و نفوذی ئێران لە عێراقدا گەیشتە لوتکە. لە دەرئەنجامدا ڕۆڵی ئێران لە ئاستی ناوچەکە زیاتر بوو. ئەمەش بە قازانجی پڕۆژە و ئامانجە هەژموونخوازییەکەی ئێران شکایەوە.

لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن ڕۆحانیشدا بنەمای هەژموونخوازی ناوچەیی و ڕۆڵی سەرکردایەتیی کردن ئامادەیی بەردەوامی هەبووە لە سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق. بەو مانایەی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەردەوام و نەگۆڕبووە بەرامبەر بە عێراق. بەوەی ئێران عێراقی بە دەروازە و پێگەیەکی ستراتیژیی گرنگ

بینیوە بۆ بەدەستهێنانی ڕۆڵی سەرکردایەتیی کردنی جیهانی ئیسلامی بە گشتی و جیهانی شیعە بەتایبەتی، هەروەها بەدەستهێنانی هەژموونیی ناوچەیی.

لە کاردانەوەی هاتنی داعش لە ٢٠١٤ و داگیرکردنی بەشێکی بەرچاو لە خاکی عێراق، گەڕانەوەی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا بۆ عێراق، ئێران بە هاریکاریی هەرێمی دووقۆڵی و فرە قۆڵی، پشتیوانی کردنی بریکار (پرۆکسی)ـیەکانی، تەنانەت بەشداری ڕاستەوخۆ لە جەنگی دژی داعش بەردەوامی بە سیاسەتیی هەرێمی خۆی دا (ئارانگۆ، ٢٠١٧؛ سەعدی، ٢٠٢١: ١١). هەرچەندە حەسەن ڕۆحانی سەر بە باڵی چاکسازخواز (ڕیفۆرمیست)ـەکان بوو، بەڵام بارودۆخی ناوچەکە و پێشهاتەکان وایان کرد، کە ئێران ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بێتە ناو جەنگی دژی داعش لە عێراق و لە سوریاش، چونکە ڕۆڵی سەرۆك کۆمار ئەوەندە بەهێز نییە کە چوارچێوە و بنەماکانی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بگۆڕێت و تێپەڕێنێت. هاتنی داعش هەوڵ و پرۆژەیەکی هەرێمی بوو بۆ ڕێکخستنەوەی هاوسەنگیی هێز لە دژی ئێران و هاوپەیمانەکانی، بەپێی دیدگای تاران، چونکە داعش تەنها لە جێی نفوزی ئێران تەشەنەی دەکرد. بۆ ئەم مەبەستە ئێران هاوپەیمانی دووقۆڵی لەگەڵ عێراق و هاوپەیمانی چوار قۆڵی لەگەڵ هەر یەکێك لە ڕووسیا، عێراق و سوریا لە ٢٦ـی ئەیلولی ٢٠١٥ ئەنجامدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم هەڕەشەیە (مەڕعی و وادی، ٢٠١٧: ١١٤-١١٥؛ منەتی و هادیان، ٢٠١٩: ٧). ئەمەش بۆ دروستکردنی هاوسەنگیی هێز بوو بەرامبەر بەو هەڕەشە و پێشهاتە نوێیانە کە مەترسی بوون بۆ سەر ڕۆڵی هەرێمیی ئێران لە ناوچەکە. تەنانەت هاتنە ناوەوەی ئێران بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بۆ ناو جەنگی دژی داعش، لەلایەك ڕەنگدانەوەی هەوڵ و سیاسەتی

هەژموونخوازیی هەرێمیی ئێران بوو. لەلایەکی دیکە ڕەنگدانەوەی پاشاگەردانی سیستەمی نێودەوڵەتی بوو، کە هیچ دەسەڵاتێك نییە لە سەرووی دەوڵەتانەوە ئێران بپارێزێت، هەژموونخوازیی هەرێمی باشترین بژاردە بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایش و مانەوەی دەوڵەتان.

ئێران لە چوارچێوەی هەژموونخوازی و فراوانخوازی خۆی بەرەنگاربوونەوەی گشتپرسیی سەربەخۆییی هەرێمی کوردستان بووە، تەنانەت بە گرتنەوەی ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق توانی ڕێگای بەردەم پرۆژە هەژموونخوازییە هەرێمییەکەی ئاسانتر بکات و سنووری ژێر کاریگەریی و نفوزی خۆیشی زیاد بکات (فرانس ٢٤، ٢٠١٧؛ کوش، ٢٠١٧؛ ٢٠٢٠: ١١٠-١١٣). هەروەك کوش (٢٠١٧) باوەڕی وایە: ئێران لە میانەی پارێزگاری کردن لە پرۆژە فراوانخوازەیەکەی و زاڵبوون و باڵادەستی بەسەر گەلانی ناوچەکە، دابەشکردنی عێراقی ڕەتکردەوە. ئێران دژایەتی گشتپرسیی هەرێمی کوردستان وەك پرۆژەیەکی ئیسرائیل لە ناوچەکە، کە پێی وابوو دژی ڕۆڵ و ستراتیژی ئێرانە لە ناوچەکە (منەتی و هادیان، ٢٠١٩: ١٣-١٤). بە مانایەکی دیکە، ئێران گشتپرسیی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی وەك هەوڵ و هەنگاوێك بۆ شکست پێ هێنان بە هەژموونخوازی هەرێمیی ئێران و بەدەستهێنانی ڕۆڵی سەرکردایەتیی لە ناوچەکە دەبینی.

ئێران دوای تێکشکانی داعش و بەرەنگاربوونەوەی گشتپرسیی سەربەخۆییی هەرێمی کوردستان و گرتنی ناوچە جێناکۆکەکان لەلایە هێزە هاوپەیمانەکانی ئێران، توانی زاڵ بێت بەسەر ناوچە جێناکۆکەکان و ناوچە سوننە نشینەکان لە ڕێگەی

میلیشاکانی حەشدی شەعبی و سوپای قودسەوە. بەمەش توانی هیلالی شیعی بکاتە باری لەئارا (ئەمری واقیع)، لە بەرئەنجامدا ڕۆڵی ئێران گەیشتە لوتکە. لە ڕێگەی عێراقەوە ئێران توانی پارێزگاری لە ڕژێمی سوریا بکات، کە ڕژێمێکی لایەنگریی ئێران بوو. هەر لە ڕێگەی عێراقیشەوە ئێران بە ڕێگەی ڕێڕەوێکی وشکانیەوە توانی دەستراگەیشتنی بە بریکار و هاوپەیمانەکانی خۆی وەك حیزبوڵڵای لوبنانی دەستەبەر بکات (سەلوم، ٢٠٢٤؛ موراد، ٢٠٢٠: ٩١؛ موستەففا، ٢٠١٦). تەنانەت ئەم بنەما و ئامانجەی ئێران کە هەژموونخوازیی هەرێمی و بەدەستهێنانی ڕۆڵ و پێگەی سەرکردایەتییە لەسەر زمانی عەلی یونسی ڕاوێژکاری حەسەن ڕۆحانی سەرۆکی ئێران بە ئاشکرا دیار کەوت، کاتێك ئێرانی بە ئیمپراتۆریەت وەسف کرد و بەغدادیشی وەك پایتەختەکەی ناساند (ئەلسەیاد، ٢٠١٧: ١٤٤؛ ئەلعەرەب، ٢٠١٥؛ موستەففا، ٢٠٢٠؛ ئەلعەرەبییە، ٢٠٢٠). لەگەڵ ئەمەشدا ئێران لە سەردەمی حەسەن ڕۆحانی سوودی لە عێراقی وەرگرت وەك ناوەندێك بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان بە ئامرازە دیپلۆماسییەکان بەتایبەت لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداو (نەجات، ٢٠٢٢: ٦-٢٣).

بەرامبەر بە ئەمریکا لە سەردەمی حەسەن ڕۆحانیدا؛ ئێران تا ئاستێك توانی بە ئەنجامدانی ڕێککەوتننامەی ناوەکیی کە بە ڕێککەوتننامەی ٥+١ ناسراوە، ڕێگا لە بەردەم هەوڵە هەژموونخوازییەکانی خۆش بکات، ڕۆڵێکی کاریگەر و گەورەتر بگێڕێ لە عێراق و ناوچەکەدا (مستەففا، ٢٠١٦؛ ئارانگۆ، ٢٠١٧). واتە ئێران لە پاڵ ڕێگای سەربازی و پشتیوانی لە میلیشاکان لە عێراق و سوریا، وەك هێزی زبر، ئەوا بەهێزی نەرم هەوڵیدا و ئامراز و ڕێگای دیپلۆماسیشی گرتەبەر بۆ بەردەوامیدان بەم

سیاسەتەی خۆی، کە هەوڵی هەژموونخوازی و سەرکردایەتی کردنی ناوچەکە بوو. بەڵام دوای دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێککەوتننامەکە لە ٢٠١٨ و پەنهانکوشتنی قاسم سولەیمانی لە ٢٠٢٠ لە شاری بەغداد، ئێران ناچار بوو بەرەنگاری هێزەکانی ئەمریکا ببێتەوە، لە ڕێگەی مووشەکباران کردنی پێگەکانی ئەمریکا، بەکارهێنانی میلیشا و بریکار (پڕۆکسی)ـیەکانی دژی ئەمریکا و دەرکردنی بڕیارێك بۆ دەرچوونی هێزە بیانییەکان لە عێراق، کە مەبەست لێی هێزەکانی ئەمریکا بوو (بی بی سی نیوز عەرەبی، ٢٠٢١؛ ئەلسەبباغ، ٢٠٢٢: ٨٥؛ ئەشەڕق ئەلئەوسەت، ٢٠٢٠؛ عەلائەددین، ٢٠٢٠؛ ئەلسەیاد، ٢٠١٧: ١٤٤).

بنەمای هەژموونخوازی و سەرکردایەتیی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەیە کە لە جیهانی ئیسلامیدا هەیە. هەروەك سامویڵ هانتیگتۆن (١٩٩٩: ٢٢١) لە کتێبەکەیدا "بەیەکدادانی شارستانیەتەکان: داڕشتنەوەی سیستەمی جیهانی" ئاماژە بەوە دەکات، کە جیهانی ئیسلامی بەدەست دەوڵەتی سەرکردە ( Core Stae)ـەوە دەناڵێنێت. لەبەرئەوەی هیچ دەوڵەتێك نییە سەرکردایەتیی جیهانی ئیسلامی بکات.

لاریجانی (٢٠١٣: ٨) لە کتێبەکەیدا بەناوی "وتەگەلێك لەسەر ستراتیژیي شیعە: تیۆری دایکی شارەکانی شیعە بە نموونە: مقولات في الإستراتيجية الشيعية: نظرية أم القرى الشيعية" تیۆرێك بەناوی (دایکی شارەکان: أم القرى) دەخاتەڕوو بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە، ئەویش ناساندنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە بە سەرکردەی وڵاتانی جیهانی ئیسلامی. بەمانایەکی دیکە ئەم بیرۆکەیە گوزارشت لە سیاسەتی

کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکات بۆ بوونە دەوڵەتی هەژموونداری ناوچەکە و سەرکردەی جیهانی ئیسلامی. سەرکردایەتی کردنی جیهانی ئیسلامی بەگشتی و جیهانی شیعە بەتایبەتی.

ئەم سیاسەتەی ئێران لە پاڵ ئەوەی ڕەنگدانەوەی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و ئەو بنەما ئایدۆلۆژیانەیە کە خومەینی کۆماری ئیسلامی لەسەر دامەزراندووە، کە بریتییە لە بەرەنگاریی داگیرکار و ئیستعمار و سیستەمەکەیان، هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی، پشتیوانی ستەملێکراوان (خومەینی، ٢٠١٠: ٣٦-٤٤؛ دەستووری ئیران، ٢٠١٨: ١٢). لە هەمان کاتتدا کۆکیشە لەگەڵ گریمانەکانی ڕیالیزمی بونیادی، کە ئاماژە بەوە دەکەن پاشاگەردانیی سیستەمی نێودەوڵەتی ئاڕاستەی سیاسەت و ڕەفتاری دەوڵەتان دەکات لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، چونکە هیچ دەسەڵاتێك نییە لە سەرووی دەوڵەتانەوە کە دەوڵەتان لە خراپە دەوڵەتان بپارێزێت. هێز باشترین ئامرازە بۆ مانەوە. هەروەها کۆکیشە لەگەڵ ئاڕاستەی ڕیالیزمی هێرشخواز کە پێی وایە لەبەرئەوەی بەدەستهێنانی هەژموونی جیهانی کارێکی ئەستەمە، ئەوا بەدەستهێنانی هەژموونی هەرێمی باشترین بژاردەیە بۆ مسۆگەرکردنی مانەوە و ئاسایشی دەوڵەت. لەم سۆنگەیەوە ئێران هەژموونداریی هەرێمیی بە باشترین بژاردە دەبینێ لەبەردەمی لە پێناو مسۆگەرکردنی ئاسایش و مانەوە و ئایندەی خۆی.

ئەوەتا خومەینی لە کتێبی "حکومەتی ئیسلامی، ٢٠١٠: ٢٩-٣٠" کە بە "ویلایەتی فەقیە" ناسراوە، دەڵێت: دروستکردنی حکومەتی ئیسلامی لە پێویستی پاراستنی

سیستەمی ئیسلامی و پارێزگاری کردن لە سەلامەتی و سەربەخۆی ئوممەتی ئیسلامیەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەوەی بەرامبەر بە گەلی موسڵمان دەکرێت بەهۆی لاوازی و نائامادەیی ئەوانەیە کە حوکمڕانی موسڵمانان دەکەن، بۆیە حکومەتێکی باش پێویستە بۆ بەرگری کردن لە موسڵمانان و سەروەرییەکەیان لە بەرامبەر جولەکە، ئەمریکا، ئینگلیز و بیانیەکان، تەنانەت ئامادەییی بەرگری، لەکاتی ئاشتیشدا هەر پێویستە.

ئەمەش لە بڕگە و ماددەکانی دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران دا ڕەنگی داوەتەوە، هەروەك ماددەی ١٥٤ــی دەستوور ئاماژە بەوە دەکات، کە ئامانجی پیرۆزی باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران خۆشگوزەرانی مرۆڤە لە هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکاندا، باوەڕی وایە سەربەخۆیی، ئازادی، حکومەتی ڕاست و دادپەروەر مافی هەموو گەلانی جیهانە، بۆیە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو هەوڵێك دەدات بۆ پاڵپشتی، هاوکاری و بەرگری کردن لە ماف و گەلانی چەوسێنراو، ستەملێکراو و ژێردەست. هەروەها لە دژی ستەمکاران و خۆبەزلزانەکان لە هەر شوێنێکی جیهان بن دەوەستێتەوە و بێ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ لە کاروباری گەلانی دیکە (دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران، ٢٠١٨: ١٢٩-١٣٠).

کەواتە سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بە گۆڕانی سەرۆك کۆمار گۆڕانی بەسەردا نایەت، چونکە سەرۆك تەنها دەتوانێت لەو چوارچێوەیە و لە ژێر ڕۆشنایی بنەما نەگۆڕەکانی سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران سیاسەت و ڕەفتار بکات، کە لە دەستووردا هاتوون، دەسەڵاتی دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی لە دەستی ڕێبەری باڵای ئێران دایە،

کە سیاسەتی دەرەوە وەك بەشێك لە سیستەمی سیاسیی ئێران لەلایەن ڕێبەرەوە دادەڕێژرێن، هەموو دامەزراوەکان دیکە بە سەرۆك کۆماریشەوە لە ژێر ڕێنمایی و فەرمانی ئەودا کار بۆ داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی دەکەن. ئەوەی سەرۆك کۆمار دەتوانێت بیگۆڕێت ئامراز، شێواز، تەکنیك، ستراتیژ و ڕێباز (میتۆد)ەکانی بەرجەستەکردنی سیاسەتی دەرەوەن، نەوەك چوارچێوە و بنەما سەرەکییەکانی.

لەم سۆنگەیەوە توێژینەوەکە پێی وایە، سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی نەگۆڕ، جێگیر و بەردەوام بووە. لەبەرئەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەو دوو ماوە جیاوازە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و چەند بنەمایەکی جێگیر و نەگۆڕی هەبووە، ئەوانیش بریتین لە پارێزگاری کردن لە بوون و مسۆگەرکردنی بەردەوامیی سیستەمی سیاسیی ئێران، دەستەبەرکردنی ئاسایشی نیشتمانیی ئێران، دابینکردن و فراوانکردنی بەرژەوەندییەکانی ئێران، هەناردەکردنی شۆڕش و ئەزموونی ئێران، هەژموونخوازیی هەرێمی و بەدەستهێنانی پێگە و ڕۆڵی سەرکردایەتیی کرد، بەمەبەستی بەدەستهێنانی پێگەیەکی بەهێزی هەرێمی و گەیشتن بە ناوەندی هێز لە سیاسەتیی نێودەوڵەتیدا. ئەمانە ئەو بنەمایانەن کە چوارچێوە و بنەما سەرەکی، جێگیر و نەگۆڕەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی پێکدەهێنن.

ئەوەی ئەو دوو سەرۆك كۆمارە توانیان كاریگەری خۆیانی لەسەر دابنێن و بیگۆڕن، بریتی بووە لە ڕێباز (میتۆد)، ئامراز، شێواز، ستراتیژ و تاكتیكی جێبەجێكردنی سیاسەتەكە، نەوەك بنەما و چوارچێوەكانی سیاسەتیی دەرەوەی، چونكە سەرۆك كۆماری ئێران پێگەیەكی لاوازی هەیە لە كایەی داڕشتنی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران، ئەوەی پێگەی بەهێز و یەكلاكەرەوەی هەیە، بریتییە لە ڕێبەری باڵای كۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەو دامەزراوانەی لەلایەن ڕێبەری باڵاوە پاڵپشتیان دەكرێن. لەبەرئەمە لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی تەنها تاكتیك، میتۆد، ئامراز و ستراتیژەكانی جێبەجێكردنی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق جیاواز بوونەوە نەوەك چوارچێوە و بنەما سەرەكییەكان. تەنانەت خودی پاڵنەرە ناوخۆییەكانیش كە ڕێبەری باڵا وەك بەهێزترین باڵنەر كە لە سەرووی هەموویانەوە دێت، ئەوا لە ئاست پاڵنەری پاشاگەردانیی سیستەمی نێودەوڵەتیی پاڵنەرێكی لاوازە، ئەوەی وایكردووە كە سیاسەتیی دەرەكیی ئێران نەگۆڕ، جێگیر و بەردەوام بێ، پاشاگەردانیی سیستەمی نێودەوڵەتیی بووە، كە بە یەكسانی پاڵ بە دەوڵەتانەوە دەنێت هەوڵ بۆ مسۆگەركردنی مانەوە، دەستەبەركردنی ئاسایش، دابینكردنی بەرژەوەندییەكان، زیادكردنی هێزی نەرم و زبری خۆیان بدەن، چونكە زیادكردنی هێز و بەدەستهێنانی هەژموونداری هەرێمی باشترین ئامرازی مانەوە و بەردەوامی ئێران و هەموو دەوڵەتانی دیكەشە، لەم چوارچێوەیەدا باشترین ئامراز سیستەمی خۆیارمەتی و پشتبەخۆبەستنە. كەواتە بەردەوامی و نەگۆڕیی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠٠٥ـەوە بۆ ٢٠٢١ ڕەنگدانەوەی پاشاگەردانی

سیستەمی نێودەوڵەتییە، کە بەهێزترین پاڵنەری سیاسەت، ڕەفتار و هەڵسوکەوتی دەرەوەی دەوڵەتانە لە شانۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

لەم دیدگایەوە؛ هەر پێنج بنەما نەگۆڕ، جێگیرە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ۲۰۰۵ـەوە بۆ ۲۰۲۱ ڕەنگدانەوەی گریمانەکانی ڕیالیزمی بونیادی (نوێ)ـن، چونکە دەستەبەرکردنی بوون و بەردەوامی سیستەمی سیاسی ئێران، مسۆگەرکردنی ئاسایشی نیشتمانی ئێران، هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیا و ئەزموونی شۆڕشی ئیسلامی، دابینکردن و فراوانکردنی بەرژەوەندییەکانی ئێران، هەژموونخوازیی هەرێمی و بەدەستهێنانی پێگە و ڕۆڵی سەرکردایەتیی جیهانی ئیسلامی بەگشتی و جیهانی شیعە بەتایبەتی، تەواو کۆکن لەگەڵ گریمانەکانی ڕیالیزمی بونیادی. تەنانەن هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیاش دەچێتە چوارچێوەی کاردانەوەی سیستەمی نێودەوڵەتی. بە مانایەکی دیکە پاشاگەردانی سیستەمی نێودەوڵەتی پاڵنەریی هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهە، چونکە هیچ دەسەڵاتێك نییە لە سەرووی دەوڵەتانەوە دەستەبەری پاراستنی ئەو ئایدۆلۆژیایە بکات، بۆیە هەناردەکردنی ئەو ئایدلۆژیایە دەچێتە چوارچێوەی زیادکردنی هێزی نەرم، چونکە کاتێك ئایدۆلۆژیا هەناردەکرا، ئەوا شوێنکەوتوو زیاد دەبێ، کە شوێنکەوتوو زیاد بوو ئەوا ژمارەی لایەنگر و پشتیوانان زۆر دەبێ، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی هێز. کەواتە ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی هەوڵدانی ئێران بۆ زیادکردنی هێز لە کاردانەوەی سیستەمی نێودەوڵەتی بۆ مسۆگەرکردنی مانەوە و دەستەبەرکردنی ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی لە شانۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

## ٧.٦ پوختەی بەشەکە

لەم بەشەدا تاوتوێی بەردەوامیی یان گۆڕان لە سیاسەتی دەرەوەی بەرامبەر بە عێراق، لە ماوەی سەرۆکایەتیی هەردوو سەرۆك کۆماری ئێران مەحمود ئەحمەدی نەژاد حەسەن ڕۆحانی لە ٢٠٠٥ـەوە بۆ ٢٠٢١، کرا. توێژەر گەیشتۆتە ئەوەی کە ئەوا سیاسەتەکە بەردەوام، جێگیر و نەگۆڕ بووە. سیاسەتەکە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی هەبووە کە لەسەر چەند بنەمایەکی سەرەکیی نەگۆڕ داڕێژراوە. ئەوانیش بریتی بوون لە بوون و بەردەوامیی سیستەمی سیاسی ئێران، دەستەبەرکردنی ئاسایشی نیشتمانی ئێران، دابینکردن و فراوانکردنی بەرژەوەندییەکانی ئێران، هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیا و ئەزموونی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، لەگەڵ هەژموونخوازی ناوچەیی و بەدەستهێنانی ڕۆڵ و پێگەی سەرکردایەتی جیهانی ئیسلامی بەگشتی و جیهانی شیعە بەتایبەتی.

ئەوەی لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەو دوو سەرۆکە لە کایەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق، گۆڕاوە بریتی بووە لە ستراتیژ، تاکتیك، ڕێباز (میتۆد)، ئامراز و شێوازەکانی گوزارشت کردن لە سیاسەتەکە، نەوەك چوارچێوە و بنەما سەرەکییەکان. ئەحمەدی نەژاد ستراتیژی هەژموونخوازی و فراوانخوازی لە عێراق پەیڕەو کرد، بەڵام حەسەن ڕۆحانی ستراتیژی بەرگریخوازی و پارێزگاری، گرتەبەر.

سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠٠٥ـەوە بۆ ٢٠٢١، کۆکە لەگەڵ گریمانە سەرەکییەکانی ڕیالیزمی بونیادی، کە دەوڵەتان ئەکتەری ژیرن، ئەکتەری

سەرەکین لە شانۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، کار بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانیان دەکەن، ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانیش ئەکتەری سەرەکی نین و ئامرازی دەستی دەوڵەتانن. ئەمەش بە تەواوی لە سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق ڕەنگی داوەتەوە، بەوەی لەسەردەمی ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی ستراتیژ، شێواز، ئامراز، و ڕێباز و تاکتیکەکانی بەدەستهێنانی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی ئێران گۆڕاون، ئەمەش ڕەنگدانەوەی مامەڵەی ژیرانەی دەوڵەتە، کە مەبەستمان کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. لایەن، حیزب، و میلیشا شیعەکان لە چوارچێوەی هێزی نەرم و زبری ئێران وەك ئەکتەری نادەوڵەتی لەلایەن ئێرانەوە بەکارهێنران بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان.

لەلایەك نەگۆڕی سیاسەتی دەرەوەی ئێران کۆکە لەگەڵ گریمانەی ڕیالیزمی بونیادی کە پێی وایە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان نەگۆڕە، چونکە پاڵنەری سیستەمی نێودەوڵەتی بە یەکسانی پاڵنەری سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتانە. بە مانایەکی دیکە سیاسەتی دەرەوەی ئێران کاردانەوەی پاشاگەردانیی سیستەمی نێودەوڵەتییە. لەلایەکی دیکە تەواوی گریمانەکانی ڕیالیزمی بونیادی لەسەر سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق جێبەجێ دەبن، بەوەی ئێران هەوڵی مسۆگەرکردنی مانەوەی خۆی لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتیدا داوە. ئامانجی باڵای ئێران مسۆگەرکردنی بوون و بەردەوامی و ئاسایشی سیستەمی سیاسیەکەی بووە. ئێران کاری کردووە بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ڕێژەی بەرژەوەندییەکانی. هەروەها ئێران پشتی بە هێزی خۆی بەست. هێز لای ئێران ئامراز بووە نەوەك ئامانج، بەڵام وەك باشترین ئامراز هەوڵی زیادکردنی هێزی خۆی دا لە ڕێگەی هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیاکەی و زیادکردنی

ئامادەیی خۆی لەسەرجەم ئاستەکان و بەهێزکردن و زۆرترکردنی بریکار (پڕۆکسی)ـیەکانی و بەهێزکردنی لایەنگرەکانی لە عێراق. تەنانەت هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیا و ئەزموونی شۆڕشی ئیسلامیش دەچێتە چوارچێوەی زیادکردنی هێز، چونکە زۆرتربوونی هەڵگرانی ئایدلۆژیای ولایەتی فەقیە، بەمانای زۆربوونی لایەنگر و شوێنکەوتووی ئێران دێت، کاتێك لایەنگر و شوێنکەوتووش زیاد دەبن، ئەوا هێزی ئێران زیاد دەبێ، بەمەش ئەگەری مانەوەی بەهێزتر، ئاسایشەکەی پارێزراوتر دەبێت.

هەروەها ئێران متمانەی نەبوو، بۆیە هەوڵی هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیای خۆی بۆ عێراق و لاوازکردنی حەوزەی نەجەفی دا. ئێران هەوڵی بەدەستهێنانی پێگەی سەرکردایەتیی جیهانی ئیسلامی و هەژموونخوازیی هەرێمی دا، ئەمەش کۆکە لەگەڵ ڕیالیزمی هێرشخواز، کە باشترین بژاردە هەژموونداریی هەرێمییە. کەواتە تەواوی گریمانەکانی ڕیالیزمی بونیادی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێرا جێبەجی دەبن.

کەواتە هەروەك دەبینرێ پاڵنەرە دەرەکییەکان، یاخود ڕوونتر بڵێین پاڵنەری پاشاگەردانیی سیستەمی نێودەوڵەتیی، پاڵنەری سەرەکی و هەرە بەهێزی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠٠٥ـەوە بۆ ٢٠٢١ بووە، چونکە هەر پێنج بنەما نەگۆڕ. جێگر و چەسپاوە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران کە ئاماژەیان پێکرا تەواو کۆکن لەگەڵ گریمانە سەرەکییەکانی تیۆری ڕیالیزمی بونیادی، بەمەش ئەوە دەردەکەوێ کە کاریگەریی پاڵنەرە ناوخۆییەکان لەسەر سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق، زۆر کەمترە بە بەراورد بە پاڵنەری پاشاگەردانی سیستەمی

نێودەوڵەتی، چونکە دەوڵەتان لە ناوخۆدا هەر چۆنێك بن، ئەوا لە ئاستی دەرەوەدا لە ژێر کاریگەریی پاشاگەردانی سیستەمی نێودەوڵەتیدا سیاسەت، ڕەفتار و هەڵسوکەوت دەکەن و ستراتیژە باڵاکانیان دادەڕێژن.

# بەشی حەوتەم

# سەرئەنجام و بەربەستەکانی توێژینەوەکە

## ٧. ١ پێشەکی

لەم بەشەدا ڕۆشنایی دەخرێتەسەر سەرئەنجام و بەربەستەکانی توێژینەوەکە، کە لە ئەنجامی گەنگەشەیەکی قوڵ، فراوان و هەمەلایەنی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی لە ٢٠٠٥ـەوە بۆ ٢٠٢١، گەڵاڵە بوون. سەرەتا باسی سەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەکرێت، دواتر گرنگترین ئەو بەربەستانە دەخرێنە بەرباس کە هاتنە بەردەم توێژینەوەکە. لە کۆتایی دا؛ پوختەی بەشەکە بەشێوەیەکی کورت و پوخت دەخرێتەڕوو.

## ٧. ٢ سەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

دوای بەراوردکردنی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی، ئەوا توێژینەوەکە گەیشتووەتە کۆمەڵێك خاڵ و سەرئەنجام، ئەمانەی خوارەوە گرنگترینیانن:

١. سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاددا (٢٠٠٥-٢٠١٣) زیاتر سیاسەتێکی هەژموونخواز، باڵادەستخواز و فراوانخواز بووە لە کایە جیاوازەکاندا. ئێران سەرکەوتووانە توانی سیاسەتێکی بەرهەمدار پەیڕە بکات لە بەدەستهێنانی جۆرێك لە باڵادەستی لە کایەی سیاسی،

ئاسایشی، ئایدۆلۆژی، ئابووری عێراق، عێراقیشی وەك دەروازەیەكی ستراتیژی بۆ بەدەستهێنانی ڕۆڵێكی كاریگەری هەرێمی بەكارهێنا. گۆڕانی هاوكێشە سیاسییەكان و هاوسەنگیی هێز لە عێراق لە ٢٠٠٥ بە دواوە، یارمەتیدەر بوون تا ئێران بە ئاسانتر ئەم ئامانج و سیاسەتانەی بەرجەستە بكات. ئەویش لە ڕێگەی بەهێزكردن لایەنگرەكانی و گرتنەدەست و كۆنترۆڵكردنی دەسەڵات لەلایەن حیزب، لایەن، گروپ، كۆمەڵە و میلیشا شیعە لایەنگرەكانی ئێران. ئێران لە ڕێگەی بەشداری پێكردنی ئەم گروپانە لە ناو قوڵایی دامەزراوە ئاسایشی، سەربازی، یاسایی، حكومی و دادوەرییەكان عێراق كاری بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە كرد.

٢. سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆكایەتیی حەسەن ڕۆحانی (٢٠١٣-٢٠٢١)، سیاسەتێكی بەرگریخواز بووە. بەوەی ئێران لەو ماوەیەدا كاری كردووە بۆ پارێزگاری كردن لە هاوسەنگییەكانی هێز، هاوكێشە سیاسی و ئاسایشییەكان لە عێراق لە بەرژەوەندی خۆی. كۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵیدا بۆ هێشتنەوە و پارێزگاری كردن لە دیمەنی سیاسی عێراق و ئەزموونی حوكمڕانیی شیعەی لایەنگری خۆی و بەرەنگاربوونەوەی هەوڵەكانی گۆڕینی دۆخی لە ئارا (أمر الواقع) و هاوكێشەكان لە عێراق. ئێران بەردەوامی دا بە سیاسەتی پارێزگاری كردن لە ئاسایشی خۆی و هاوپەیمانەكانی لە عێراق، بە بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە ئاسایشییەكانی وەك داعش. هەروەها ئێران پارێزگاری لە سیاسەتی هەناردەكردنی ئایدۆلۆژیا و ئەزموونی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بۆ عێراق كرد، لە ڕێگەی دروستكردنی هێزێكی میلیشایی بیروباوەڕی لایەنگری ئێران بە ناوی حەشدی شەعبی. هەروەها ئێران كاری كرد بۆ بەردەوامیدان بە دابین كردنی بەرژەوەندییە

ئابوورییەکان و پارێزگاری کردن لە ڕۆڵ و پێگەی هەرێمیی خۆی، لەمەشدا سوودی لە عێراق بینی وەك خاڵ و ڕێڕەوی بەیەکەوە بەستنەوە و بەیەکگەیاندنی وشکانی ئێران و هاوپەیمان و بریکار (پرۆکسی)ـیەکانی لە ناوچەکە. لە ئەنجامی ئەم سیاسەتە پێگە و ڕۆڵی ئێران لە عێراق بەهێزتر بوو، چونکە ئامادەییی ئێران و هێزە لایەنگرەکانی زۆرتر بوو.

٣. سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق بە گۆڕانی سەرۆك کۆماری ئێران لە ئەحمەدی نەژاد بۆ حەسەن ڕۆحانی، نەگۆڕا. لەبەرئەوەی سیاسەتەکە سیاسەتێکی جێگر، بەردەوام و نەگۆڕ بوو. سەرۆك کۆماری ئێران ئەو کاریگەریەی نییە کە چوارچێوە و بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بگۆڕێت. ئەوەی لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئەو دوو سەرۆکە گۆڕا، بریتی بوون لە: ستراتیژ، میتۆد، تاکتیك، شێواز و ئامرازەکانی بەرجەستەکردن و گوزارشت کردن لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران نەوەك چوارچێوە و بنەما سەرەکییەکان.

لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاد، ئێران کاری کرد بۆ سەپاندنی باڵادەستی و هەژموونی سیاسیی شیعە لایەنگرەکانی بەسەر سیستەم و کایەی جیاوازەکانی عێراقدا بەتایبەت کایەی سیاسیی عێراق. لە سەردەمی ڕۆحانی، ئێران کاری کرد بۆ پارێزگاری کردن لە دیمەنی سیاسی عێراق و ئەزموونی حوکمڕانیی شیعە لایەنگرەکانی ئێران لە عێراق. بە مانایەکی دیکە ئێران لە سەردەمی ڕۆحانی هەوڵی پارێزگاری کردنی دا لەو دەستکەوتەی کە لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاد بەدەستهاتووە.

لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاددا ئێران کاری کرد بۆ مسۆگەر کردن و گرەنتی کردنی ئاسایشی نیشتمانیی خۆی، لە ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، تەنانەت بە هەماهەنگی کردن لەگەڵ گروپە توندڕەوە سوننیەکانی وەك ئەلقاعیدەش. هەروەها کاری کرد بۆ لاواز هێشتنەوەی عێراق، تا لە داهاتوودا نەبێتە هەڕەشە لەسەر ئایندەی ئاسایشی خۆی. لەمەشدا سەرکەوتوو بوو. لە سەردەمی ڕۆحانی ئێران هەموو شێواز و ئامرازێکی گرتەبەر بۆ دەستەبەر کردن و گرەنتی کردنی ئاسایشی خۆی و هاوپەیمانە شیعەکانی، بەتایبەت لە هەماهەنگی کردنی ناڕاستەوخۆ لە جەنگی دژی داعش لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی. ئەمەش پێشاندەری ڕەهەندی بەرژەوەندیخوازی (پراگماتیبەت)ـە لە سیاسەتیی دەرەوەی ئێراندا، بەوەی هەماهەنگی لەگەڵ ئەمریکا کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی داعش. بەڵام دوای کۆتایی هاتنی جەنگی داعش، سیاسەتیی دژایەتیی ئەمریکا بەردەوام بوو، تەنانەت دوای پەنهانکوشتنی قاسم سولەیمانی، ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئێران و ئەمریکا بۆ یەکەمجار لە عێراق ڕوویدا، بەوەی ئێران بەشێك لە پێگەکانی ئەمریکای لە شارەکانی ئەنبار و هەولێر مووشەکباران کرد. کەواتە سیاسەتیی دەستەبەر کردن و گەرەنتی کردنی ئاسایشی ئێران، سیاسەتێکی بەردەوام، جێگیر و نەگۆڕ بووە، ئەوەی گۆڕا ئامراز، شێواز و تاکتیکەکان بوون. لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاددا؛ ئێران کاری کرد بۆ هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیا و ئەزموونی شۆڕشی ئیسلامی لە ڕێگەی بەشداری پێکردنی گروپ، حیزب و لایەنە شیعە لایەنگرەکانی لە ناو دامەزراوەکانی عێراق، بەوەی لە ناو قوڵایی

دامەزراوەکانی عێراق هەوڵی چاندن و گەشەپێدانی ئەزموون و ئایدۆلۆژیای ئێران درا. هەروەها ئێران هەوڵی بۆ لاوازکردنی حەوزەی نەجەف و گۆڕینی عەلی سیستانی بە مەحمود شاهرودی دا، لە پێناو مسۆگەرکردنی باڵادەستی حەوزەی قوم بەسەر حەوزەی نەجەف، چونکە زۆربەی شیعەکانی جیهان شوێنکەوتووی سیستانین. سیستانیش بڕوای بە سیستەمی ویلایەتی فەقیھ نییە، ئەمەش بە مەترسیی بۆ سەر سیستەمی سیاسی ئێران دەبینرا. لە سەردەمی حەسەن ڕۆحانی دا؛ ئێران پارێزگاری کرد لە سیاسەتی هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیا و ئەزموونی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ڕێگەی دروستکردنی هێزێکی بیروباوەڕیی بە ناوی حەشدی شەعبی، کە لە دەرەوەی دامەزراوە فەرمییەکانی عێراق فەرمان لە ڕێبەریی باڵای ئێران وەربگرێت. ئەمەش هاوشێوەی گواستنەوەی ئەزموونی سوپای پاسداران و بەسیجی ئێران بوو بۆ عێراق، تا لە دەرەوەی دامەزراوە سیاسی، سەربازی، ئاسایشی و یاساییەکانی عێراق پارێزگاری لە سیاسەت و کاریگەرییەکانی ئێران بکرێت. پێش بگیرێت لە ئەگەری دروست بوونی هەر مەترسییەك لە ناو دامەزراوە سەربازی و ئاسایشییەکانی عێراق، لەسەر ئێران و هاوپەیمانەکانی لە عێراق.

لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاددا ئێران کاری کرد بۆ دەستەبەرکردنی زۆرترین بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە عێراق، بەتایبەت بەهۆی بوونی سزای نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئێران. ئێران ویستی لە ڕێگەی عێراقەوە قەرەبووی ئەو زیانە ئابوورییانە بکاتەوە کە پێی کەوتوون. لە سەردەمی ڕۆحانیدا ئێران هەوڵی فراوانترکردنی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی دا لەگەڵ عێراق و

ئابووریی بەرەنگاری جێبەجێ کرد کە لەلایەن ڕێبەری باڵاوە بانگەوازی بۆ کرا. ئەنجامدانی ڕێککەوتننامەی ناوەکیی ٥+١ دەرفەتی فروانترکردنی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانیەکانی بە ئێران بەخشی لە عێراق.

لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاددا، ئێران ویستی عێراق وەك دەروازەیەکی وشکانی، ستراتیژی، جیۆسیاسی، جیۆدیمۆگرافی، جیۆئابووری و تەنانەت وەك قوڵایی ستراتیژی خۆی بەکاربهێنێت بۆ گێڕانەوە و بەهێزکردنەوەی پێگەی هەرێمی خۆی، بەدەستهێنانی پێگەی سەرکردایەتیی کردنی جیهانی ئیسلامی بەگشتی و جیهانی شیعە بەتایبەتی، چونکە عێراق بەرجەستەکاری پڕۆژەی هیلالی شیعە بوو، کە تاران بە شێوەی وشکانی بە بەرەی بەرەنگاری دەبەستێتەوە. ئێران بە هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی پێگەی هەرێمی، هەژموونخوازی هەرێمی و بەدەستهێنانی پێگەی سەرکردایەتی، هەوڵی جێبەجێکردنی تیۆری "أم القری الشیعیة"ـەی دا، بەمەش ویستی ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە ساموێڵ هانتینگتۆن ئاماژەی پێدەکات، بەوەی جیهانی ئیسلامی بەدەست دەوڵەتی سەرکردە "کۆڕ"ەوە، دەناڵێنێت. بەم سیاسەتەی ئێران دەیەوێت خۆی وەك سەرکردەی جیهانی ئیسلامی بسەپێنێت لە ڕێگەی سەرخستنی سیاسەتەکانی لە عێراق و ناوچەکەدا. لە سەردەمی ڕۆحانی ئێران ویستی پارێزگاری لە پێگەی هەرێمیی خۆی بکات، لە ڕێگەی بەرەنگاربووونەوەی ئەو هەوڵە هەرێمیانەی دران بۆ دووبارە دارشتنەوەی هاوکێشەکانی هێز لە عێراق و ناوچەکەدا. بەتایبەت بەرەنگاربوونەوەی داعش کە لەو وڵاتانە تەشەنەی کرد کە قوڵایی ستراتیژی ئێرانن، وەك عێراق و سوریا. ئێران تا ئاستێك توانی لەم سیاسەتەی سەرکەوتوو بێ و پارێزگاری لە پێگەی خۆی

بکات لە ناوچەکە لە ڕێگەی پارێزگاری کردن لە ڕۆڵ و کاریگەری خۆی و هاوپەیمانەکانی لە عێراق.

٤. سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕوحانی ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری و دەرفەت بووەوە. لە گرنگترین ئاڵنگارییەکانی بەردەم سیاسەتیی دەرەوەی ئێران لە ماوەی ئەحمەدی نەژاد، بوونی ژمارەیەکی بەرچاوی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا بوو لە عێراق، بەتایبەت کە سەرۆکی ئەمریکا جۆرج دەبلیۆ بۆش وەسفی ئێران کرد بوو وەك یەکێك لە سێ دەوڵەتە یاخییەکان و دەروازەی شەڕ و خراپە. هەروەها گرنگترین دەرفەتیش دەرکەوتنی سەرکردایەتیی شیعە بوو لە عێراق، کە عێراقی لە دەوڵەتێکی دژبەری ئێرانەوە گۆڕی بۆ دەوڵەتێکی لایەنگری ئێران. هەروەها کشانەوەی هێزەکانی شەڕکەرەکانی ئەمریکا لە عێراق لە ٢٠١١ دەرفەتێکی دیکە بوو، کە گۆڕەپانەکەی تا ئاستێکی زۆر باش بۆ ئێران بەجێهێشت و چۆڵ کرد.

لە سەردەمی ڕۆحانی مەترسیدارترین ئاڵنگاری لەبەردەم سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق هاتنی داعش بوو، کە نزیکەی ١ لەسەر سێی خاکی عێراقی داگیر کرد، کە بە مانای کەمبوونەوەی ناوچەی ژێر کاریگەری و نفوزی ئێران دەهات. هەروەها ئاڵنگارییەکی دیکەش بەهێزبوونی ناسیۆنالیزمی عێراقی و بەرەنگاربوونەوەی نفوز و کاریگەری ئێران بوو لە عێراق، بەتایبەت کە لە ناو جەرگەی شارە شیعییەکان، وەك: نەجەف و کەربەلا، داوای نەهێشتنی باڵادەستی و کاریگەری ئێران بەسەر عێراقەوە دەکرا.

لە دەرفەتە هەرە سەرەکییەکانی بەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق، لە سەردەمی حەسەن ڕۆحانی، بەهێزکردنی هاریکاریی ئاسایشی دژی داعش و بەرزبوونەوە و زیادبوونی کاریگەری و نفوزی ئێران بوو لە عێراق لە کاردانەوەی جەنگی دژی داعش، کە بووە هۆی زاڵبوونی تەواوەتی ئێران نەك تەنها بەسەر ناوچە شیعەکانی عێراق، بەڵکو بەسەر تەواوی ناوچە و شارە سوننیەکان و کۆنترۆڵکردنی ناوچە جێناکۆکەکان لە نێوان حکومەتی فیدراڵی بەغداد و هەرێم.

٥. چوارچێوە و بنەما سەرەکییە نەگۆڕەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی سەرۆکایەتیی هەر دوو سەرۆکدا، بریتی بوون لە پێنج بنەمای سەرەکی: بوون و بەردەوامیی سیستەمی سیاسی ئێران، دەستەبەر کردن و گرەنتی کردنی ئاسایشی نیشتمانیی ئێران، دابینکردن و فراوانکردنی بەرژەوەندییەکانی ئێران، هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیا و ئەزموون و شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پێگەی سەرکردایەتی و هەژموونخوازی هەرێمی (ناوچەیی). ئەم بنەمایانە چوارچێوەی نەگۆڕی سیاسەتی دەرەوەی ئێران پێکدەهێنن، لە پێناو بەدەستهێنان و گەیشتن بە ناوەندی هێز لە هاوکێشە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا.

٦. سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠٠٥ـەوە بۆ ٢٠٢١ ڕەنگدانەوەی پاشاگەردانیی سیستەمی نێودەوڵەتی بووە، چونکە هیچ دەسەڵاتێك نییە لە سەرووی دەوڵەتانەوە بوون، مانەوە و ئاسایشی ئێران بپارێزێت، بۆیە ئێران هەوڵی زیادکردنی هێزی خۆی دا لە عێراق لە پێناو گەرەنتی کردنی مانەوە و ئاسایشی خۆی لە شانۆی پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا. تەنانەت هەناردەکردنی

ئایدۆلۆژیا و شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، ئەگەرچی لەلایەك هەڵقوڵاوی بیر و ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهە، بەڵام لەلایەکی دیکە کاردانەوەی سیستەمی نێودەوڵەتییە، چونکە هەوڵدانە بۆ زیادکردنی هێزی ئێران لە ڕێگەی هێزی نەرمەوە، چونکە کە ئایدۆلۆژیا هەناردەکرا، ئەوا هەڵگرانی ئایدۆلۆژیاکە، هاوبیر و شوێنکەوتوو زیاد دەبن، کە هاوبیر و شوێنکەوتوو زیاد بوون، ئەوا هێز زیاد دەبێ، کە هێزیش زیاد بوو، ئەوا ئەگەری مانەوە بەهێزتر زۆرتر و ئاسایشیش مسۆگەرتر دەبێت، چونکە باشترین ئامراز بۆ مانەوە لە شانۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا زیادکردنی هێزە، لە ڕێگەی سیستەمی پشتبەخۆبەستنەوە.

٧. ئێران خاوەن کاریگەرییەکی بەرچاوە لە کایە جیاوازەکانی عێراقدا. نەبوونی نەزم (ئۆردەر: **Order**) و پەیکەربەندیی هێز لە عێراق. دابەشبوونی هێز بەسەر کۆمەڵە، گروپ، لایەنەکان و دابەشبوون و لێکترازانی ناوخۆیی، لاوازی دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەتی عێراق، لاوازی سەروەریەکەی، یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەی ئێران ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەر ببنێ لە ڕێگەی حیزب، لایەن و میلیشا شیعە لایەنگرەکانی، بەتایبەت لە گۆڕینی بایەخی دیمۆگرافی شیعی لە عێراق و گواستنەوەی بۆ ناو کایەی سیاسی و ئاسایشی، سوود وەرگرتن لە پێگەی جیۆسیاسی، جیۆستراتیژی، جیۆدیمۆگرافی عێراق، لە پێناسەکردنەوەی ڕۆڵی ئێران لە عێراق. سیاسەتی دەرەوەی ئێران سەرکەوتوو بوو لە بەکارهێنانی هێزی زبر و نەرم لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانجەکانی لە عێراق.

٨. ئەم توێژینەوەیە بە پێچەوانەی توێژینەوەکانی پێشوو، پێی وایە پاڵنەری سەرەکی کە سیاسەتیی دەرەوەی ئێرانی بەرامبەر بە عێراقی داڕشتووە لە ٢٠٠٥ــەوە بۆ

٢٠٢١ ئەوا پاشاگەردانیی سیستەمی نێودەوڵەتی بووە. نەوەك پاڵنەر و هۆكارە ناوخۆییەكان، چونكە پێنج بنەما نەگۆڕەكەی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی ٢٠٠٥ــەوە بۆ ٢٠٢١ كە خۆیان دەبینیەوە لە دەستەبەركردنی بوون و بەردەوامیی سیستەمی سیاسی ئێران، مسۆگەركردنی ئاسایش و بەرژەوەندییەكانی ئێران، هەروەها هەناردەكردنی شۆڕش و هەژموونخوازیی هەرێمی. هەموو ئەو بنەمایانە ڕەنگدانەوەی پاشاگەردانیی سیستەمی نێودەوڵەتین. لەبەرئەوەی لەسەردەمی ڕژێمی شاهانشایش ئێران هەوڵی پاراستنی سیستەمی سیاسی، دەستەبەركردنی ئاسایش، بەرژەوەندییەكانی ئێران و هەژموونخوازی ناوچەیی دەدا. ئەوەی گۆڕدرا لە دوای هاتنی كۆماری ئیسلامی بۆ سەر دەسەڵات لە ئێران، بەرگ و ڕووپۆشەكە بوو، كە لە بەرگی پاشایەتیەوە گۆڕدرا بۆ بەرگێكی ئاینی و ئایدۆلۆژی. تەنانەت هەناردەكردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، ئەگەرچی لەلایەك بەرهەمی دیدگایەكی ئایدۆلۆژییە، بەڵام لەلایەكی دیكە دەچێتە ناو چوارچێوەی شێواز و ئامرازە نەرمەكان بۆ زیادكردنی هێزی نەرم، كە لە خزمەتی بوون و بەردەوامی ئێران دایە. بە مانایەكی دیكە پاڵنەرە ناوخۆییەكان كاریگەریان لاوازتر بووە لە سەر داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠٠٥ـەوە بۆ ٢٠٢١، بە بەراورد بە پاڵنەری سیستەمی نێودەوڵەتی كە پاشاگەردانییە. پاشاگەردانیی سیستەمی نێودەوڵەتی پاڵنەری سەرەكیی و هەرە كاریگەربووە لەسەر سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لەم ماوەیەدا.

## ٧. ٣ بەربەستەکانی توێژینەوەکە

ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی بەبێ ئاستەنگ نابێ، ئەم توێژینەوەیەش ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ و بەربەست بووەتەوە، کە بوونە مایەی زەحمەتی لە بە ئەنجام گەیاندنی توێژینەوەکە. گرنگترین ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەش بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

- ئاڵۆزی بابەت و پرسی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، چونکە چەندین پاڵنەر لە داڕشتن و ئاڕاستەکردن و جێبەجێکردنی ڕۆڵ دەبین، لە ئاستی ناوخۆدا، وەك ڕێبەری باڵا، جگە لە پاڵنەر دەرەکییەکان، ئەمەش وردبوونەوە و تێگەیشتنی قوڵ پێویست دەکات، لە پێناو خستنەڕووی وێنایەکی ڕوون و دروست سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی ئێران.
- هەستیاری بابەتی سیاسەتی دەرەوەی ئێران، چونکە سیاسەتیی دەرەوەی ئێران پەیوەستە بە چەندین ڕەهەندەوە وەك ئایدۆلۆژی و ئاسایشیەوە، کە ئەمەش وا دەکات لێکۆڵینەوە لە پرسێکی وەها زیاتر هەستیاری بە توێژینەوەکە بدات، چونکە وەك پرسێکی ئایدۆلۆژی و ئاسایشی سەیر دەکرێت. ئەمەش بەربەست بوو لەبەردەم بەدەستهێنانی زانیاری ڕاستەوخۆ لە دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی ئێران، چونکە وەك پرسێکی نهێنی و هەستیار مامەڵە لەگەڵ پرسی سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەکەن.

- کەمی کات یەکێکی دیکە بوو لە ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوەکە. لەبەرئەوەی پرسی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە سەرۆکایەتیی ماوەی ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی ماوەیەکی زۆر لەخۆدەگرێت، کە پێویستی بە کاتێکی زیاترە، بەڵام کاتی بەردەست کەم بوو.
- سنووورداری وشەکان، ئاستەنگێکی دیکە بوو لەبەردەم توێژینەوەکە، کە بۆ ماستەرنامەکە ڕێپێدراو بوو.

- کەمی ئەدەبیات، سەرچاوەی متمانە پێکراو و بێ لایەن و زانستی دەربارەی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە سەرۆکایەتیی ماوەی ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی.

## ٧. ٤ پوختەی بەشەکە

لەم بەشەدا تاوتوێ سەرئەنجام و بەربەستەکانی توێژینەوەکە کرا. سەبارەت بە سەرئەنجامەکان؛ ئەوا توێژینەوەکە گەیشتە کۆمەڵێك خاڵ و سەرئەنجامی گرنگ و بایەخدار، کە وەڵامدەرەوەی پرسیار و ئامانجەکانی توێژینەوەکە بوون. گرنگترین سەرئەنجامەکانیش بریتی بوون لەوەی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران نەگۆڕ و بەردەوام بووە بەرامبەر بە عێراق، گۆڕانی سەرۆك کۆمار لە ئەحمەدی نەژادەوە بۆ ڕۆحانی کاریگەری لەسەر چوارچێوە و بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی ئەو دەوڵەتە نەبووە. بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠٠٥ــەوە بۆ ٢٠٢١ پێنج بنەما بوونە. سیاسەتی دەرەوەی ئێران ڕەنگدانەوەی پاشاگەردانی سیستەمی نێودەوڵەتی بووە، چونکە هەر پێنج بنەماکەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران کۆك بوون لەگەڵ گریمانەکانی ڕیالیزمی بونیادی، کە پێی وایە دەوڵەتان لە کاردانەوەی پاشاگەردانی سیستەمی نێودەوڵەتی دا ڕەفتار، کارلێك و سیاسەت دەکەن. دەربارەی بەربەستەکان، ئەوا بەهێزترین بەربەست کەمی سەرچاوە و ئەدەبیاتی متمانە پێکراو بوو.

# لیستی سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردییەکان (Kurdish References)

بارزانی، مەسعود (٢٠١٩). *چاوپێکەوتنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕۆژنامەی ئەلحەیات*. {ئۆنلاین}. ڕێکەوتی دوا سەردانی ئەم چاوپێکەوتنە لە ٢٦ـی ئایاری ٢٠٢٥ لە: https://tinyurl.com/٥ehuukcy

بارزانی، مەسعود (٢٠٢٠). *بۆ مێژوو*. چ ١. هەولێر: ڕۆکسانا.

بارزانی، مەسعود (٢٠٢٣ أ). *بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. بەشی شەشەم ٢٠٠٣-٢٠١٦، کوردستان و عێراقی نوێ*. بەرگی یەکەم. چ ١. هەولێر: ڕۆکسانا.

بارزانی، مەسعود (٢٠٢٣ ب). *بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. بەشی شەشەم ٢٠٠٣-٢٠١٦، کوردستان و عێراقی نوێ*. بەرگی دووەم. چ ١. هەولێر: ڕۆکسانا.

تاها، یاسین (٢٠١٨). *نفوزی ئێران لە عێراق و کارتەکانی تاران لە نەجەف و بەغداد*. {ئۆنلاین}. ناوەندی لێکۆڵینەوەی ململانێ و قەیرانەکانی کوردستان. ڕێکەوتی دوا سەردانی ئەم توێژینەوەیە لە ٢٦ـی ئایاری ٢٠٢٥ لە: https://tinyurl.com/٤vc٤d٤٨x

حوسێن، شەماڵ (٢٠١٨). *سیاسەتی دەرەوە*. چ ٢. هەولێر: تەفسیر.

قادر، پەروێز (٢٠٢٠ أ). *ئاسایشی نەتەوەیی و ناسنامە*. چ ١. تاران: ماد.

قادر، پەروێز (٢٠٢٠ ب). *سیاسەتی دەرەوە و ناسنامە*. چ ١. تاران: ماد.

## سەرچاوە عەرەبییەکان (المصادر العربية) (Arabic References)

* القرآن الكريم

أبو رومان، محمد (٢٠٢٠). *مستقبل داعش: عوامل القوة والضعف، ديناميكيات "الخلافة الافتراضية" وفجوة استراتيجيات مكافحة الارهاب*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٥٤fyr٦c٦

أبو رومان، محمد و أبو هنية، حسن (٢٠١٥). *تنظيم الدولة لإسلامية: الأزمة السنية والصراع على الهوية*. {أونلاين}. ط ١، مؤسسه فريدريش يبرت: عمان. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٤n٢r٧٥z٥

أحمد، كمال مظهر (١٩٨٥). دراسات في تاريخ إيران الحديث والمعاصر. ط ١. بغداد: دار أركان للنشر.

أحمد، إبراهيم أحمد (٢٠١٢). *التربية الإدارية بين النظرية والتطبيق*. {أونلاين}. ط ١، الأسكندرية: دار المعرفة الحديثة. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/rufvpc٦٢

المهدي، شنين محمد (٢٠١٤). *السياسة الخارجية الإيرانية تجاه بلاد الشام ٢٠٠١-٢٠١٣*. {أونلاين}. أطروحة الماجستير. جامعة محمد خيضر - بسكرة، كلية الحقوق والعلوم السياسية، قسم العلوم السياسية، ٢٠١٣-٢٠١٤. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٢fjrywjk

ار تي عربي (٢٠١٨). *الجعفري: حرق القنصلية الإيرانية لا يمثل حكومة العراق.* {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/mrf٦٤٧٥f

ار تي عربي (٢٠٢٠). *خامنئي: إخراج القوات الأمريكية من المنطقة سيكون الرد الأقوى على اغتيال سليماني.* {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/bdcpwhxf

ار تي عربي (٢٠١٧). *مستشار روحاني: إيران إمبراطورية عاصمتها بغداد.* {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٣٤v٣akjr

ارانغو، تيم (٢٠٢٥). *النفوذ الإيراني المتزايد في العراق.*{أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/bdze٩n٤٦

أصل، زينب مهيني (٢٠١٤). *الصراع السياسي بين المحافظين والإصلاحيين في إيران (١٩٧٩-٢٠١٢).* {أونلاين}. أطروحة الماجستير. جامعة الشرق الأوسط. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٥٣bj٥jd٨

إلياس، ملسوم (٢٠١٨). الحركات السياسية في إيران (المحافظون والإصلاحيون). *مجلة الرسالة للدراسات والبحوث الإنسانية*، المجلد: ٢، العدد: ٨، سبتمبر ٢٠١٨، ص ص ١٩٧-٢١٠. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/mr٣m٣z٢٥

أمين، الدين أمين (٢٠٢٤). *إيران*: المسار التاريخي. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٤tdp٣bcm

البدوي، محمد طه (١٩٧٢). *مقدمة في العلاقات الدولية*. {أونلاين}. ط ١. بيروت: دار النهضة العربية. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٣j٩ezpj٧

البرلمان العراقي (٢٠٠٨). *قانون تصديق اتفاق بين جمهورية العراق والولايات المتحدة الامريكية بشأن انسحاب القوات الامريكية من العراق وتنظيم انشطتها خلال وجودها المؤقت فيه رقم (٥١) لسنة ٢٠٠٨*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/bdhevcby

البرلمان العراقي (٢٠١٦). *قانون هيئة الحشد الشعبي*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/mtwevphd

بی بی سی عربی (٢٠١٣). *الرئيس الإيراني محمود أحمدي نجاد يزور العراق الخميس*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/krsfcsrn

بی بی سی عربی (٢٠٢١). *اغتيال قاسم سليماني وأبو مهدي المهندس: حشود غفيرة تشارك في إحياء الذكرى الأولى في بغداد*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٣ps٢٢٧r٢

بيدر، زيد أحمد (٢٠١٧ أ). *النفوذ الإيراني على السياسة الخارجية العراقية: الأزمة السورية نموذجا*. {أونلاين}. ط ١. بيروت: دار النهضة العربية. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/yhamxu٢c

بيدر، زيد أحمد (٢٠١٧ ب). *بعد إدانتها بدعم الإرهاب مرارا وتكرارا.. روحاني: لولا إيران لسقطت بغداد ودمشق وواجهنا اليوم "دولة داعش"*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/yhamxu٢c

الجزيرة (٢٠١١). *التسلسل الزمني للعلاقات الإيرانية البريطانية*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٤wuafdh٥

الجزيرة (٢٠١٦). *الثورة الإيرانية... الطريق إلى "جمهورية ولاية الفقيه"*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٢٢٥٨pkkz

الجزيرة (٢٠١٧). *العبادي يصل إلى إيران ضمن جولة تشمل السعودية والكويت*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/mrxt٤٤fu

الجزيرة (٢٠١٩). *الرئيس الإيراني روحاني في بغداد لتوسيع العلاقات مع العراق*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٣٧p٨٥tua

الجزيرة (٢٠٢١). *المصلحة الوطنية: هل تسير إيران وتركيا في مسار تصادمي في العراق؟* {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/yrp٦u٢z٨

الجزيرة (٢٠٠٨ أ). *أحمدي نجاد في العراق: متطلبات السياسة والسوق*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/yeyv٣٩sf

الجزيرة (٢٠٢٤). *الفصائل العراقية الموالية لإيران: دروع "الثورة الإسلامية" في بلاد الرافدين*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/yu٨٥y٢٢t

الجزيرة (٢٠٠٨ ب). *المالكي يلتقي خامنئي وإيران متهمة بتقويض الاتفاق الأمني*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٣sr٢٣٥ab

حاتم، جاسم محمد (٢٠١٩). الدور الإيراني في الشرق الأوسط، المتغيرات الإقليمية: العراق وسوريا نموذجًا. {أونلاين}. *مدارات إيرانية*، صادر عن المركز الديمقراطي العربي - برلين، ألمانيا، العدد (٤)، يونيو ٢٠١٩. ص ١٦٥-١٨١. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٣knkazb٢

الحرة (٢٠١٩). *ليس سليماني فقط... «شيخ» حزب الله ينضم إلى الانتفاضة العراقية*. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٥cz٦٩٥b٩

حسن، حارث (٢٠١١). *الأزمة الطائفية في العراق: إرث من الإقصاء*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/bdf٧z٩ee

حسن، حارث (٢٠٢٠). احتجاجات أكتوبر وهيكل السلطة في العراق: مقاربة سياسية. {أونلاين}. في: هارس، هـ. ونظمي، ف. ك. في: (المحرران) *احتجاجات أكتوبر في العراق: موت القديم واستحالة الجديد*. الطبعة الأولى. بغداد: المدى. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٢fahaff٥

الحلو، عقيل حميد (٢٠١٤). واقع البنى التحتية في العراق وإمكانيات تطويرها. {أونلاين}. *مجلة المثنى للعلوم الإدارية والاقتصادية*، المجلد (٤)، العدد (٨)، ٢٠١٤، ص ص ١٠٥-١٢١. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/mrdtp٦vc

الحنيطي، راشد أحمد (٢٠١٣). *تصدير الثورة الإيرانية وأثرها على استقرار دول مجلس التعاون الخليجي: "الحوثيون في اليمن دراسة حالة" (١٩٩٤-٢٠١٣)*. أطروحة الماجستير. جامعة الشرق الأوسط.

حواش، محمود علاء الدين (٢٠٢١). *أثر الطائفية على السياسة الخارجية الإيرانية تجاه الشرق الأوسط في الفترة (٢٠٠٣: ٢٠١٥) "العراق نموذجا"*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/yf٦cbf٦v

أبو داود، السيد (٢٠١٤). *تصاعد المد الإيراني في العالم العربي*. {أونلاين}. ط ١، الرياض: منشورات العبيكان. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٤jnt٧bs٢

دخيل، حسين أحمد و العيسى، ميثاق مناحي (٢٠١٩). موقف الولايات المتحدة من الدور الإيراني في سوريا والعراق في ظل داعش. {أونلاين}. *مدارات إيرانية*، صادر عن المركز الديمقراطي العربي - برلين، ألمانيا، العدد (٤)، يونيو/حزيران ٢٠١٩، ص ص ١٢٦-١٤٣. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٢mnyuj٦z

الدوشي، بندر (٢٠٢٠). *العراقيون يثورون بالأحذية ضد إيران.. وسليماني يزور النجف*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٥nr٦٣hp٢

رداد، عمر (٢٠١٧). *الصفقات مع داعش نهج إيراني بامتياز*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/yc٦wzeep

رزايقة، حنان (٢٠١٦). الانسحاب الأمريكي من العراق عام ٢٠١١: دراسة في الأسباب والنتائج. {أونلاين}. *المجلة الجزائرية للعلوم السياسية والعلاقات الدولية*،

المجلد ٩، العدد ٢، ص ٣٩-٦٥. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٣fcbae٥d

رؤوف، هدى (٢٠٢١). *شمال العراق... سنجار جبهة رئيسة للتنافس التركي الإيراني*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/yhamxu٢c

الزويرى، محجوب (٢٠١٧). *التعاون الدفاعي بين العراق وإيران.. هل من جديد؟* {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/yudrxw٩w

السباغ، سعيد (٢٠٢٢). *العمق الإستراتيجي الإيراني في المنطقة: دراسة حالة محور المقاومة*.{أونلاين}. ط ١، لندن - القاهرة: مركز الخليج للدراسات الإيرانية. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٤na٢ftrm

السبكى، أمال (١٩٩٩). *التاريخ السياسي لإيران بين الثورتين (١٩٠٦-١٩٧٩)*. ط ١. الكويت: عالم المعرفة. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٢syes٢e٤

سلامة، رجائي (٢٠١٢). استراتيجية إيران تجاه الأمن القومي العربي في الشرق الأوسط (١٩٧٩-٢٠١١). أطروحة الماجستير. جامعة الشرق الأوسط، كلية الآداب والعلوم، قسم العلوم السياسية ٢٠١٢.

سلوم، مهند (٢٠١٨). *هل يشكّل مقتدى الصدر تهديداً للنفوذ الإيراني في العراق؟* {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/yuywu٩s٩

سلوم، مهند (٢٠٢٤). *إيران ودورها المتغيّر في الجغرافيا السياسية العراقية: من التنافس إلى التحالف*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/yn٨dz٥n٥

الصادي، فاطمة (٢٠٢٠). *التيارات السياسية في إيران*. {أونلاين}. ط ١، بيروت: المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٥dsm٦dh٩

الصادي، فاطمة (٢٠٢٤). *مسار العلاقات الإيرانية السعودية: الفرص والتحديات*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٣aazbr٢٧

السهيل، أحمد (٢٠٢١). *سجال تركي - إيراني في شأن العراق وقضاء سنجار أصل الخلاف*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥:

سوري اليوم (٢٠٢٥). *احتجاجات في العراق بسبب الزلزال السياسي في سوريا: تراجع النفوذ الإيراني*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٥sc٥٨٨xd

السومرية نيوز (٢٠١٧). روحاني يتصل بالعبادي ويؤكد موقف بلاده الرافض لاستفتاء كردستان. {أونلاين}. مجلة الدراسات الإيرانية، دراسات وبحوث علمية متخصصة، السنة الأولى – العدد الثاني – مارس ٢٠١٧، مركز الخليج العربي للدراسات الإيرانية، ص ص ١٢٠-١٤٥. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/yzsph٧st

سی إن إن عربی (٢٠١٧). *النفوذ الإيراني على السياسة الخارجية العراقية: الأزمة السورية نموذجا*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٥dkkce٢j

سی إن عربی (٢٠١٨). *إيران والعراق تتفقان على إقامة منطقة تجارة حرة.* {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٣٩fnvspr

سيستانى (٢٠١٤). *ما جاء في خطبة الجمعة لممثل المرجعية الدينية العليا في كربلاء المقدسة الشيخ عبد المهدي الكربلائي بتاريخ (٢٠١٤/٦/١٣ م).* {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/mvax٧٣mt

الشرق الأوسط (٢٠١٧). *العراق وإيران يوقعان مذكرة تفاهم للتعاون العسكري.*{أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٣zr٤jm٤٣

الشرق بزنس (٢٠٢٣). *إنفوغراف: حجم التبادل التجاري بين العراق وتركيا بلغ ١٥,٢ مليار دولار في عام ٢٠٢٢.*{أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٥n٨kjh٥y

شيباني، إناس (٢٠١٩). *في تحليل السياسة الخارجية: نماذج نظرية بين ضرورات التعددية ومساعي التكامل.* أطروحة الماجستير. جامعة الحاج لخضر - باتنة.

الصالحي، سوداد (٢٠٢٠). *إيران كلفت نصر الله بتوحيد الوكلاء العراقيين بعد مقتل سليماني.* {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٢p٩ws٨ss

الصياد، محمد السيد (٢٠١٧). *التغيير الديموغرافي والهوية في سوريا والعراق.* {أونلاين}. مجلة الدراسات الإيرانية، دراسات وبحوث علمية متخصصة، السنة الأولى – العدد الثاني – مارس ٢٠١٧، مركز الخليج العربي للدراسات الإيرانية، ص ص ١٢٠-١٤٥. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٣uv٤bw٦c

العاديلة، محمد طاهر (٢٠١٥). *تطور حقل نظرية العلاقات الدولية: دراسة في الأصول والمبادئ*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/yzxew٨cr

العبادي، فواد عاطف (٢٠١٢). السياسة الخارجية الإيرانية و أثرها على أمن الخليج العربي. {أونلاين}. رسالة الماجستير. عمان: جامعة الشرق الأوسط.

عباس، عقيل (٢٠٢٣). *المنافذ الحدودية: التحالف غير المقدّس بين إيران والميليشيات العراقية*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٢vhvyddw

عبدالحي، وليد (٢٠٢٣). *آفاق المستقبلية للعلاقات الإيرانية السعودية*. ط ١، بيروت: مركز الزيتونة للدراسات والإستشارات. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/ym٨٦nyee

عبدالله، سروار (٢٠١٧). *لماذا تعارض إيران الاستفتاء في إقليم كردستان العراق؟* {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٣٥t٥xh٣n

العبيدي، عبدالرحمن عبدالكريم (٢٠١١). *العلاقات العراقية الإيرانية خلال الاحتلال الأمريكي للعراق ٢٠٠٣-٢٠١١*. {أونلاين}. أطروحة الماجستير. جامعة الشرق الأوسط. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٥٨wjdfew

العبيدي، مثنى (٢٠١٩). *تهديد النفوذ: لماذا تتبنى طهران سردية المؤامرة تجاه احتجاجات العراق؟*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٣k٢ukbn٢

عتريسي، طلال (٢٠٠٦). الجمهورية الصعبة: إيران في تحولاتها الداخلية وسياساتها الإقليمية. ط ١. بيروت: دار الساقي.

العرب (٢٠١٥). *إيران تعتبر بغداد عاصمة لإمبراطوريتها في المنطقة*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٣swpptud

العرب (٢٠١٧). *محمود شاهرودي خليفة السيستاني الذي يدق أبواب العراق*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/mumuj٥wx

العرب (٢٠١٨). *إيران استكملت مشروعها في العراق بترشيح عادل عبد المهدي رئيساً للوزراء*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/bdzddsad

العربي الجديد (٢٠١٩). *أبرز المكاسب الضخمة التي جنتها إيران من حكومة عبدالمهدي*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/yu٩٤mk٧u

العربية (٢٠٠٨). *إيران تعزز نفوذها في العراق بـ١١ اتفاقية جديدة خلال زيارة رحيمي لبغداد*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٣a٤٤u٢٥٧

العربية (٢٠١١). *إيران تعزز نفوذها في العراق بـ١١ اتفاقية جديدة خلال زيارة رحيمي لبغداد*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٣a٤٤u٢٥٧

العربية نيت (٢٠٢٠). *حرق القنصلية الإيرانية في النجف للمرة الثالثة*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/ppe٣٧٨dv

عصر ايران (٢٠٠٩). *المالكي فى لقاء مع احمدى نجاد: لن نسمح بالعدوان على أي بلد إنطلاقا من العراق.* {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٣dbyp٨fx

العگيلى، هبة محمد (٢٠٢١). *تأثير النظرية الواقعية على السياسة الخارجية للولايات المتحدة الأمريكية دراسة حالة: السياسة الخارجية الأمريكية تجاه الأزمة السورية (٢٠١١-٢٠٢١)*. أطروحة الماجستير. عمان: جامعة الشرق الأوسط.

علاء الدين، فرهاد (٢٠٢٠). *إيران وسياسات الهيمنة على العراق.* {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/rjuxcafs

علي، عمران عمر و حسن، إدريس حسن (٢٠٢٢). *سياسة الضغوط والعقوبات الأمريكية في تغيير سلوك إيران.* {أونلاين}. مجلة العلوم السياسية، العدد (٦٣)، يونيو (٢٠٢٢)، ص ص ٤٣-٧١. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٥٨٥up٦j٤

علي، شيماء (٢٠٢٢). *مقتدى الصدر وإيران: حليف متمرد.* {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/nx٨kscjc

علي، حنان أحمد (٢٠١٦). *معوقات اتخاذ القرار لدى مديري المدارس الابتدائية في جمهورية مصر العربية.* {أونلاين}. مجلة جامعة الفيوم للعلوم التربوية والنفسية، العدد ١١، لسنة ٢٠١٦، الجزء الخامس، ص ص ١٩٣-٢٣٣. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/yf٥hh٩٤c

عنبر، أياد (٢٠٢٥). *ثنائية السياسة والسلاح في الحكم الشيعي في العراق.*{أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٤tn٧p٣t٩

الغانمي، عبدالرؤوف مصطفى (٢٠٢١). صراع الميليشيات والنفوذ الإيراني في العراق. {أونلاين}. *مجلة الدراسات الإيرانية، السنة الخامسة*، العدد الرابع عشر – أكتوبر ٢٠٢١، ص ص ٤٩-٦٨. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/y٤xfdwse

غربي، هيبة (٢٠١٩ أ). تحليل سياسي: هل تحتاج أمريكا العراق لمراقبة إيران؟ {أونلاين}. *المدارات الإيرانية*، منشورات المركز الديمقراطي العربي - برلين، ألمانيا، العدد (٤)، ٢ يونيو/حزيران، ص ص ١١٣-١٢٦. {أونلاين}". آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٢mnyuj٦z

غربي، هيبة (٢٠١٩ ب). التنافس الأمريكي الإيراني في العراق منذ سنة ٢٠٠٣. {أونلاين}. *المدارات الإيرانية*، منشورات المركز الديمقراطي العربي - برلين، ألمانيا، العدد (٤)، ٢ يونيو/حزيران، ص ص ٣١-٣٧. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٢mnyuj٦z

فرج، أنولا محمد (٢٠٠٧). *نظرية الواقعية في العلاقات الدولية: دراسة نقدية مقارنة في ضوء النظريات المعاصرة*. ط ١. السليمانية: مركز كوردستان للدراسات الإستراتيجية.

فرج، أنور محمد و رشيد، باخان ئاكو (٢٠٢٠). *نظرية الواقعية الجديدة والجماعات الإرهابية: دراسة مقارنة للقدرة التوصيفية والتفسيرية للنظرية*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/mt٦٩bzse

فياض، عامر حسن و علي، مجيد نجف (٢٠٢٣). *المرجعية الدينية واحتجاجات أكتوبر السلمية ٢٠١٩*. {أونلاين}. *مجلة المعهد*، العدد ١٢ سنة ٢٠٢٣. ص ص ١١٥-١٣٦. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/yhamxu٢c

العبيدي، مصطفى (٢٠١٤). *زيارة العبادي لإيران تثير جدلاً بين العراقيين.* {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٤s٩uyu٨a

القرشي، أ. س. (٢٠٢٢). أخلاقيات البحث العلمي. {أونلاين}. *مجلة كلية الدراسات الإسلامية والعربية للبنات بالإسكندرية*، العدد ٣٨، العدد ٢، ص ص ١٠٦-١٥٥. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/ynxndn٨٣

قناة العالم (٢٠١٩). *اللقاء التاريخي بين الرئيس روحاني والسيد السيستاني.* {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٤vbuwcuj

قنديل، م. م. (٢٠١٧). بين خَذْف داعش وإرهاب القاعدة. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/yhamxu٢c

كوش، و. (٢٠١٧). *معارضو استفتاء كردستان العراق: حسابات المصالح والهيمنة.* {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٢x٥٣uwp٥

كونوبال، بن و لاندر، ناتاشا و جاكسون، كيمبرلي (٢٠١٧). *التغلب على تنظيم الدولة الإسلامية: اختيار استراتيجية جديدة للعراق وسوريا.* {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/msz٦henp

الكياسي، دانيال (٢٠١٠). *السعوديون يذهبون إلى بغداد.* {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/ytay٩tvm

لاريجاني، محمد جواد (٢٠١٣). *مقولات في الإستراتيجية الشيعية: نظرية أم القرى.* الترجمة من قبل: العتوم، ن. ب. ط ١. مركز العصر للدراسات الإستراتيجية والعصرية.

محمد، رباح فوزى (٢٠٢٢). *البيانات ودورها في البحث العلمي.* {أونلاين}. المجلة الدولية لعلوم المكتبات والمعلومات. المجلد ٩، العدد ١ (يناير - مارس ٢٠٢٢)، ص ص ١٣-٢٢. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٤bs٢z٦w٧

مخلف، منعم خميس (٢٠١٤). الواقعية الجديدة في العلاقات الدولية: الافتراضات والتصنيفات والأسس. {أونلاين}. *مجلة الدراسات الدولية*، جامعة بغداد، العدد ٥٩ (٢٠١٤)، ص ٢١٣-٢٣٦. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/bdex٣٣kt

مراد، دينا كمال (٢٠٢٠). النفوذ الإيرانى في العراق بعد الإحتلال الأمريكي لها. {أونلاين}. *المجلة العلمية، كلية التجارة، جامعة أسيوط*، العدد ٦٩، ٢٠٢٠، ص ص ٨١-١١٢. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/abtej٩ra

مرتجي، حجت (٢٠٠٢). التيارات السياسية في إيران. {أونلاين}. ترجمة: علاوي، م.، الطبعة الأولى، القاهرة: المجلس الأعلى للثقافة. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/yhamxu٢c

مرعي، مثنى فائق و وادي، عبدالعليم فاضل (٢٠١٧). العلاقات الروسية التركية والتحالفات الدولية الراهنة في الشرق الأوسط: دراسة في النفوذ والتأثير. {أونلاين}. *مجلة تكريت للعلوم السياسية*، ٣ (١١) (٢٠١٧)، ص ص ٩٨-١٢٦. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٢f٨٦٤h٤k

مصباح، عامر (٢٠١٧). *النظرية المعاصرة في تحليل العلاقات الدولية*. {أونلاين}. ط ٢، القاهرة: دار الكتب الحديثة. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/czue٩٥m٦

مصطفى، حسن (٢٠١٩). *السيستاني وإيران... يد المرجعية الدينية هي العليا.* {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٩٨ptn٢٧z

مطاوع، محمد (٢٠١٧). السياسات الأمريكية الأوروبية تجاه الاتفاق النووي الإيراني: التصورات والتفسيرات. {أونلاين}. *مجلة كلية الاقتصاد والعلوم السياسية*. المجلد ٢١، العدد ٤، أكتوبر/تشرين الأول ٢٠٢٠، الصفحات ١٤٧-١٧٨. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٢٤vbwj٨٧

موجبل، على مزاحم (٢٠٢٤). أثر الانسحاب الأمريكي على الأمن الوطني العراقي. {أونلاين}. *مجلة كلية الحقوق والعلوم السياسية*، السنة السادسة، ٢٠٢٤، العدد ٢٣، ص ص ٣٣٩-٣٦٠.. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/yhamxu٢c

نادر، عليرظا (٢٠١٥). *الدور الذي تضطلع به إيران في العراق.* {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/yhamxu٢c

ناصر، شحاته محمد (٢٠١٤). *السياسة الخارجية الإيرانية في عهد روحاني، حدود النفوذ والملامح الرئيسية*. ط ١، أبو ظبي: مركز الإمارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية.

نجات، على (٢٠٢١) *افاق العلاقات الإقتصادية بين إيران والعراق*. {أونلاين}. ط ١، بغداد: *مركز بيان للدراسات و التخطيط*. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٤٦df٩xs٦

نجات، على (٢٠٢٢). *الوساطة العراقية بين إيران والسعودية: الدوافع والنتائج.* {أونلاين}. ط ١، بغداد: *مركز بيان للدراسات و التخطيط.* آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٢٩ytvtax

النجار، علاء رزاك (٢٠٢٠). سياسة الاتحاد الأوروبي بشأن الاتفاق النووي الإيراني ٢٠١٥-٢٠١٩. {أونلاين}. مجله *"المدارات الإيرانية"،* الصادرة عن المركز الديمقراطي العربي – برلين، ألمانيا، العدد ١٠، المجلد ٣، ديسمبر ٢٠٢٠، ص ص ١٧٦-٢٢٢. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٣knkazb٢

نظمي، فارس كمال و حاتم، مازن (٢٠٢٢). *احتجاجات أكتوبر/تشرين الأول ٢٠١٩ في العراق من منظور المشاركين فيها.* {أونلاين}. ط ١. بغداد: مركز البيان للدراسات والتخطيط. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٢zxj٢f٧٨

النعيمي، أحمد نورى (أ) (٢٠١١). *السياسة الخارجية.* {أونلاين}. ط ١، عمان: دار زهران للنشر والتوزيع.

النعيمي، أحمد نورى (ب) (٢٠١١). عملية صنع القرار في السياسة الخارجية: الولايات المتحدة الأمريكية نموذجًا. {أونلاين}. ط ١، عمان: دار زهران للنشر والتوزيع. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٤٣yp٣csa

نور نيوز (٢٠٢٠). *إيران والعراق نحو مزيد من تطوير العلاقات الاقتصادية.* {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٥a٥٩pkwk

هارت، ليدل (١٩٧٨). *الإستراتيجية وتأرخها في العالم.* {أونلاين}. ط ٢. الترجمة من قبل: الأيوبي، هـ. بيروت: دار الطليعة. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/ypx٨p٩z٣

هاشم، فراس عباس (٢٠٢٣). *ركائز التحرك الإيراني نحو العراق: دراسة في ديناميكيات التوازن وقيود المصالح.* {أونلاين}. *لباب للدراسات الإستراتيجية*، العدد ١٧ - السنة الخامسة. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/mwm٥a٩ze

وحدة تحليل السياسات في المركز العربي (٢٠١٤). *حكومة المالكي: «وكيل آمن» لواشنطن أم طهران؟* {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/mufwcr٤٥

وكالة تسنيم الإيرانية للأنباء (٢٠٢٠). *شمخاني : تعزيز التعاون مع العراق لن يقتصر على المجال الدفاعي وسنشهدقريبا تحريرجميع مناطق العراق من الا رهاب.* {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٣s٣٢v٢tt

وكالة تسنيم الإيرانية للأنباء (٢٠١٤). *شمخانى يصل إلى بغداد.* {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٤٤rrtt٧h

وهبان، أحمد محمد (٢٠١٦). الواقعيون وتحليل العلاقات الدولية من مورجانثو إلى ميرشايمر: دراسة تحليلية للنظرية الواقعية عبر ستة عقود. {أونلاين}. *مجلة القانون للبحوث القانونية و الاقتصادية*، كلية الحقوق، جامعة الإسكندرية، العدد الأول، ٢٠١٦. ص ص ١١٩٦-١٢٣٦. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٢dktb٥y٨

ياسري، فاضل حسن (٢٠١٤). السياسة الخارجية الإيرانية تجاه العراق بعد الغزو الأمريكي للعراق. {أونلاين}. مجلة الدراسات الإيرانية، دراسات وبحوث علمية متخصصة، السنة الأولى – العدد الثاني – مارس ٢٠١٧، مركز الخليج العربي للدراسات الإيرانية، ص ص ١٢٠-١٤٥. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/mw٥٦fpnw

يوسف، علاء (٢٠١٣). *تصريحات الصدر بشأن إيران تثير الجدل بالعراق*. {أونلاين}. آخر زيارة للرابط كان في ٢٦ أيار (مايو) ٢٠٢٥: https://tinyurl.com/٤mu٦eyxf

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان (English References)

Abrahamian, E. (٢٠٠٨). *A History of Modern Iran*. ١st Ed. Cambridge: Cambridge University Press.

Ahmad, M. M. (٢٠٢٢). *Iran's Foreign Policy Towards Iraq (2003-٢٠١٨)*. Thesis (PhD). Soran University.

Akbarzadeh, S., and Conduit, D. (Eds) (٢٠١٦). *Iran in the World: President Rouhani's Foreign Policy*. ١st Ed. New York: Palgrave Macmillan.

Al Shra'ah, A. E. (٢٠١٥). The Impact of Decision-making Styles on Organizational Learning: An Empirical Study on the Public Manufacturing Companies in Jordan. {Online}. *International Journal of Business and Social Science*, *6*(٤). Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٥n٨ybtkt

Alayyam (٢٠٠٥). *Al-Jaafari Calls for Ending Differences Between Tehran and Baghdad During His Historic Visit to Iran*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/c٥he٥٢z٧

Al-Dosari, N. R. (٢٠١٥). Foreign Policy from Khatami to Ahmadinejad; There is One Foreign Policy in Iran, which is Khamenei's Foreign Policy. {Online}. *World Journal of Social Science Research*, Vol. ٢, No. ١, ٢٠١٥. at: https://tinyurl.com/٥yf٩ymuf

Al-Madani, S. J. (١٩٩٣). *Contemporary Political History of Iran*. Translated by: Shukor, S. ١st Ed. Tehran: Iranian Media Organization - International Relations.

Aras, B. (٢٠٠١). Transformation of the Iranian Political System: Towards a New Model? {Online}. *Middle East Review of International Affairs*, Volume ٥, No. ٣ - September ٢٠٠١, pp. ٣-١٣. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٣xexy٢y٧

Arif, B. H. (٢٠١٩). Iran's Struggle for Strategic Dominance in a Post-ISIS Iraq. {Online}. *Asian Affairs*, *50*(٣), pp.٣٤٤-٣٦٣. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/muk٤cupr

Ashley, R. P. (٢٠١٩). Iran Military Power: Ensuring Survival Regime and Securing Regional Dominance. {Online}. *Defense Intelligence Agency*, ١٦. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٣ewsu٥٤d

Azizi, Hamidreza (٢٠٢١). *Challenges to Iran's Role in Iraq in the Post-Soleimani Era*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٣w٤xy٢d٢

Bakhshandeh, E. (٢٠١٥). *Occidentalism in Iran: Representations of the West in the Iranian Media*. ١st Ed. London and New York: Bloomsbury Publishing. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/b٦hbubrf

BBC (British Broadcasting Corporation) News Arabic (٢٠٢٠). *Qassem Soleimani's Killing: Iran Targets US Forces in Iraq with Missile Strikes*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/mry٦z٣z٨

Beehner, L. (٢٠٠٦). Iran's Goals in Iraq. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٥n٦kv٨c٣

Belasco, A. (٢٠٠٩). *Troop Levels in the Afghan and Iraq Wars, FY2001-FY2012: Cost and other potential issues.* [online]. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٥٣٢٩utb٢

Bowman, S. (٢٠٠٧). Iraq: US Military Operations. {Online}. In: Cardosa, A. F. (Ed.) *Iraq at the Crossroads*. New York: Nova Science Publisher. Pp. ١٣٧-١٥٠. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/mvbyxyx٨

CNN (Cable News Network) (٢٠١٧). *Khamenei on the Kurdistan Referendum: Foreign Powers are Trying to Create a "New Israel"*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/yc٨jzy٤x

Duck, K. E. (٢٠٠٩). *Islamic Revolutionary Guard Corps (IRGC): An Iranian Instrument of Power*. {Online}. Air War College, Maxwell Air Force Base, Strategy and Technology Center. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٢s٤cpexx

Dumler, M. P., and Skinner, S. J. (٢٠٠٨). *Primer for Management*. {Online}. ٢nd Ed. South-Western College Publisher. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/dmk٧fmfy

Eisenstadt, M. (٢٠١٥). *Iran and Iraq*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٣bpm٨mh٢

Eisenstadt, M., Knights, M., and Ali, A. (٢٠١١). *Iran's Influence in Iraq: Countering Tehran's Whole-of-Government Approach*. {Online}. ١st Ed. Washington, DC.: Washington Institute for Near East Policy. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/nua٥aja٧

Elias, T. (٢٠٢٢). *The Consequences of the Iranian Role in Iraq According to the Current Political Scene*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/ykby٤٦tu

Emaratalyoum (٢٠١٥). *Al-Amiri: Iran Prevented Baghdad from Falling into the Hands of ISIS*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/n٩nwypxw

Fard, F. W. (٢٠٢٠). *Trade Relations Between Iraq and Iran...Requirements and Opportunities*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٣x٨٥b٩n٥

France٢٤ (٢٠١٧). *Iraqi Kurdistan Referendum...and the Alliance Between Iran, Turkey and Iraq?* {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٥hyswt٨n

Frum, D., and Perle, R. N. (٢٠٠٤). *An End to Evil: How to Win the War on Terror*. Random House Digital, Inc. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/ysvzf٢rh

Future for Advanced Research and Studies (٢٠٢٠). *How Did Iran Deal with Al-Kazemi's Nomination to Head the Iraqi Government?* {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/yemvzbxk

Georgy, M., Aboulenein, A., and Rasheed, A. (٢٠١٨). In Symbolic Victory, Iran Conquers Iraq's Dates market. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٢٢xy٨٦٥n

Gordon, M. R. (٢٠١٢). *Iran's Master of Iraq Chaos Still Vexes US*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/ycx٢xexa

Hamza, M. (٢٠٢٠). *Questions About the Objectives of Shamkhani's Visit to Iraq*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٣٥mcykzs

Human Rights Watch (٢٠١٩). *Iraq: Lethal Force Used Against Protesters*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٢t٢hs٧w٤

Huntington, S. P. (١٩٩٩). *The Clash of Civilizations and the Remaking of World Order*. ٢nd Ed. New York: Rockefeller Center.

International Crisis Group (٢٠٠٥) *Iran in Iraq: How Much Influence?* {Online}. Washington, D.C.: International Crisis Group, March ٢١, ٢٠٠٥. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/ycywpn٥e

International Crisis Group (٢٠٠٦). *The Next Iraq War? Sectarianism and Civil Conflict*. {Online}. Middle East Report No. ٥٢ – February ٢٧, ٢٠٢٠. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٣zvv٦ndv

International Institute for Strategic Studies (٢٠١٩). *Iran's Networks of Influence in the Middle East*. {Online}. The International Institute for Strategic Studies. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٤ke٣a٨٧r

Kadivar, M. A., and Abedini, V. (٢٠٢٠). Electoral Activism in Iran: A Mechanism for Political Change. {Online}. *Comparative Politics*, ٥٢(٣),

pp.٤٩٣-٥١٤. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/mrc٣٤h٦٤

Kagan, F. W., Kagan, K., and Pletka, D. (٢٠٢٢) *Iranian influence in the Levant, Iraq, and Afghanistan*. American Enterprise Institute. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٣pwyceph

Karimi, G., and Tuti, H. (٢٠١٥). Examining the Components of the Islamic Revolution's Regional Diplomacy and Presenting a Strategy. {Online}. *Journal of Islamic Revolution Research*, Year ٤, No. ١٢ (Spring ٢٠١٥). Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٤xbjchs٦

Katouzian, H. (٢٠١٠). *The Persians: Ancient, Medieval, and Modern Iran*. ١st Ed. New Haven and London: Yale University Press.

Katzman, K. (٢٠١٠). *Iran-Iraq Relations*. {Online}. Congressional Research Service, the Library of Congress. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٤hfuvyjf

Katzman, K. (٢٠٢٠). *Iran's Foreign and Defense Policies*. {Online}. Congressional Research Service. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٤wcszckv

Kegley, C. W., and Blanton, S. L. (٢٠١١). *World Politics: Trend and Transformation*. {Online}. ٢٠١٠-٢٠١١ Ed. Boston: Suzanne Jeans. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٥٩dmweb٩

Kellner, D. (٢٠٠٣). *From 9/11 to Terror War: The Dangers of the Bush Legacy*. ١st Ed. New York and Oxford: Rowman & Littlefield. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٥٤٢y٤٧sm

Khalaf, Y. N. (٢٠٢١). Muqtada al-Sadr from Opposition to Power: Democracy of the Cleric in Iraq After ٢٠٠٣. {Online}. *Studia Orientalne*. ٢٠٢١ (١) (١٩), pp.٧-٢٦. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٢nx٨rwxd

Khuli, M. (٢٠١٦). Iranian Penetration into Iraq...Motives, Forms and Tools of Influence. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٤n٦k٨٣٣h

Knights, M. (٢٠١٩). Iran's Expanding Militia Army in Iraq: The New Special Groups. {Online}. *CTC Sentinel*. ٢٠١٩ Aug;١٢ (٧), pp. ١-١٢. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/bdfcwrav

Knights, M., Malik, H., and Smith, K. (٢٠٢١). *A Shift in Power: New Iraqi Militias' Trends and Responses*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٤٨r٦snv٣

Kothari, C. R. (٢٠٠٤). *Research Methodology: Methods and Techniques*. {Online}. ٢nd Ed. New Delhi: New Age International (P) LTD. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٢٤du٢٤٩n

Kuwait News Agency (٢٠٠٧). *Iranian President Calls on US Forces to Leave Iraq*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٢٢bm٦v٧٨

Lim, K. (٢٠١٥). National Security Decision-Making in Iran. {Online}. *Comparative Strategy*, ٣٤(٢), pp.١٤٩-١٦٨. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/yk٣٩٥kzp

Lister, C. R. (٢٠١٥). The Syrian Jihad, Al-Qaeda, the Islamic State, and the Evolution of an Insurgency. {Online}. ٢nd Ed. Oxford, New York: Oxford University Press. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/y٥٨f٧rd٤

Mahdi, A. (٢٠١٩). *Sistani Rejects any Iranian or American Interference to Seize the Will of the Iraqi people*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٢٨dbny٨m

Mahmod, N. (٢٠٢١). *From Bashiqa to Matina: Türkiye Plans to Establish the Largest Base in Iraq "Without Approval"*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٥٣vt٢٦ad

Makarios, S. (٢٠٠٣). *History of Iran*. ١st Ed. Cairo: Dar Al-Ma'rifah.

Mason, R. C. (٢٠١٢). Status of Forces Agreement (SOFA): What is It, and How Has It Been Utilized? Library of Congress, *Congressional Research Service*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٥xja٨pk٤

Masroori, C. (٢٠٠٧). The Conceptual Obstacles to Political Reform in Iran. {Online}. *The Review of Politics*, ٦٩(٢), pp. ١٧١–١٩١. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٣٤٧xutx٦

Mearsheimer, J. (٢٠١٣). Structural Realism. Ed: Dunne, T., Kurki, M., and Smith, S. *International Relations Theories: Discipline and Diversity*. {Online}. ٣th Ed. Oxford: Oxford University Press, pp. ٧٧-٩٤. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/yxum٧٤v٣

Mearsheimer, J.J. (٢٠٠١). *The Tragedy of Great Power Politics*. {Online}. New York: W.W. Norton & Company. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٤٣٩ry٨xy

Mohammed, A. S., Islam, A. M., Rawia, A. S., Maryam, A. A., and Yasamin, S. A. (٢٠١٧). *The Impact of Sectarianism on Iranian Foreign Policy Towards the Middle East: A Case Study of "Iraq-Syria-Lebanon"*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٤aznhktt

Mohammed, A., and Yousfi, H. (٢٠١٨). Political Culture and Iran's Foreign Policy: A Comparative Study of Iran's Foreign Policy during Ahmadinejad and Rouhani. {Online}. *Journal of World Sociopolitical Studies*, Vol. ٢, No. ٢, April ٢٠١٨, pp. ٢٢٥-٢٤٥. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٣٤ssx٤s٨

Monshipouri, M., and Dorraj, M. (٢٠١٣). Iran's Foreign Policy: A Shifting Strategic Landscape. {Online}. *Middle East Policy*, ٢٠(٤), pp.١٣٣-١٤٧. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/wyacxt٨d

Monte Carlo International (٢٠١٩). *Iran: Iraq Protests are a US-Saudi-Israeli Conspiracy*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/kwm٦mdy٥

Morady, F. (٢٠١١). The Power Bloc in Iran: A Reply to 'The Changing Formations of the Power Bloc in Iran and the Neo-National Bourgeoisie by Hessam Daryani and Nima Nakhae. {Online}. *Global Discourse*, ٢ (٢), pp.١١٥-١٢٠. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/yu٣pz٦٤e

Mustaffa, H. (٢٠١٦). *Rouhani's Advisor's Remarks About an Iranian Empire with Baghdad as Its Capital Shocked No One in Iraq*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/ydp٤npb٨

Mzuri, M. (٢٠١٨). *The Secrets and Backstage of Choosing the Iraqi President!* {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/yckcbxwy

Naits, M. (٢٠١٧). *Tehran Seeks to Tighten Its Control in Iraq in 2018*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٤f٣nr٢٢٥

Nasr, V. (٢٠٠٦). *The Shia Revival: How Conflicts within Islam Will Shape the Future*. {Online}. ١st Ed. New York and London: W. W. Norton & Company. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٥er٥zbp٣

Osiewicz, P. (٢٠١٩). Ideologizing and fundamentalism in Iranian foreign policy under the Hassan Rouhani Presidency. {Online}. *European, Middle Eastern, & African Affairs*, Winter ٢٠١٩, Volume ٠١, Issue ٠٢, Winter ٢٠١٩, pp. ١٠١-١٢١. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٤z٧kukep

Peace Agreement Debates (٢٠٠٨). *Agreement Between the United States of America and the Republic of Iraq on the Withdrawal of United States Forces from Iraq and the Organization of Their Activities during Their Temporary Presence in Iraq*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٢fuj٤bnz

Polit, D. F., and Beck, C. T. (٢٠٠٤). *Nursing Research: Principles and Methods*. {Online}. ٧th Ed. Philadelphia: Lippincott Williams & Wilkins. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٤kxk٨٩pa

Pollack, K. M. (٢٠١١). *Prospects for Increased Iranian Influence in Iraq*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٢mc٣de٧d

Ramazani, R. K. (٢٠١٣). *Independence Without Freedom: Iran's Foreign Policy*. {Online}. Charlottesville and London: University of Virginia Press. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٩٣js٤psh

Record, J. (٢٠٠٣). The Bush Doctrine and the War with Iraq. *The US Army War College Quarterly*: Parameters, ٣٣(١), (٢٠٠٣), pp. ٤-٢١. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/mt٤٥yxah

Reuters (٢٠١٧). *Iran Competes for Shiite Leadership in Iraq*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/mppeysxn

Reuters (٢٠١٧). *Iraq and Iran Agree to Increase Military Cooperation and Fight "Terrorism"*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٤p٩xrj٥j

Reuters (٢٠٢٣). *Iran and Saudi Arabia: Key Developments Towards Resumption of Ties*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٣٨suyyvt

Rieffer-Flanagan, B. A. (٢٠٠٩). Islamic Realpolitik: Two-level Iranian Foreign Policy. {Online}. *International Journal on World Peace,* Vol. ٢٦, No. ٤ (December ٢٠٠٩), pp.٧-٣٥. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/v٩umtn٨٧

Saadi, F. W. (٢٠٢١). *The Hegemony of the Islamic Republic of Iran Over Iraq, Its Causes and Effects*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٤a٤٤k٢z٣

Saikal, A. (٢٠١٩). *Iran Rising: The Survival and Future of the Islamic Republic*. ١st Ed. New Jersey: Princeton University Press.

Shafaq News (٢٠٢٢). *Trade Exchange Between Iraq and Iran Exceeded $10 Billion During the Year*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٥mkcfne٢

Shafaq News (٢٠٢٤). *Iran's Eye on Najaf... Who Will Succeed "God's Man in Iraq" and What Will Be the Fate of His Approach?* {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٥n٧khn٢h

Shultz Jr, R. (١٩٩٤). Iranian Covert Aggression: Support for Radical Political Islamists Conducting Internal Subversion Against States in the Middle East/Southwest Asia Region. {Online}. *Terrorism and Political Violence*, ٦(٣), pp.٢٨١-٣٠٢. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/mr٤٥w٦b٢

Sinkaya, B. (٢٠١٧). *Iran's Reaction to the 'Kurdistan Independence Referendum*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/feuhzr٣y

Smail, R. A. (٢٠١٩). Non-Governmental Organizations Influencing Anti-Corruption *Policymaking Agencies: An Appraisal in Kurdistan Region.* {Online}. Thesis (PhD). University Utara Malaysia. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٣ktatxb٨

Sinkaya, B. (٢٠١١). *The Revolutionary Guards and Iranian Politics: Causes and Outcomes of the Shifting Relations between the Revolutionary Guards and the Political Leadership in Post-Revolutionary Iran*. Thesis (PhD). Middle East Technical University. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/yc٨jkkev

Sofi, D. H. (٢٠٢١). *The Iranian Foreign Policy Towards Kurdistan Region of Iraq (2003-2018)*. Thesis (MA). Soran University.

Soltani, F., and Yusoff, M. A. (٢٠١٣). Neo-Conservatism in the Foreign Policy of the United States. *Research Journal of International Studies*, - Issue – ٢٥, February ٢٠١٣, pp. ١٠٣-١٠٨. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٥b٦z٣٦n٦

Sutch, P. and Elias, J. (٢٠٠٧). *International Relations, the Basics*. {Online}. ١st ED. London and New York: Routledge. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/msv٤rke٧

The Washington Post (٢٠٠٢). *Text of President Bush's 2002 State of the Union Address*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٥٧c٩x٨px

Tisdall, S. (٢٠٢٤). *The US isn't the Biggest Power in the Middle East Any More Iran Is*. {Online}. The Guardian. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٣ueddhbf

Tofiq, K. S. (٢٠١٢). *Decision-making in Iran's Foreign Policy (Iran's Nuclear Energy Crisis as an Example)*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/ycxembwy

Waltz, K. N. (١٩٧٩). *Theory of International Politics*. ١st Ed, California: Addison-Wesley Publishing Company. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٤tzvmt٥p

Waltz, K. N. (١٩٩٨). The Origins of War in Neorealist Theory. {Online}. *Journal of Interdisciplinary History*, Vol. ١٨, No. ٤, The Origin and Prevention of Major Wars (Spring, ١٩٨٨), pp. ٦١٥-٦٢٨. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٣ns٤xajb

Waltz, K. N. (٢٠٠١). *Man, State, and War*. {Online}. New York: Columbia University Press. ٣rd Ed. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٢ke٩٩pe٨

Warnaar, M. (٢٠١٣). *Iranian Foreign Policy During Ahmadinejad: Ideology and Actions*. {Online}. ١st Ed. New York: Palgrave Macmillan. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٣٢٦jk٢ny

Yazdani, E. (٢٠١٩). Iranian Foreign Policy During Rouhani Presidency: Perspective on Change and Continuity {Online}. *International Relations and Diplomacy*, October ٢٠١٩, Vol. ٧, No. ١٠, ٤٧٢-٤٨٤. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٣٧٣ux٣bj

Young Reporters Club News Agency (٢٠١٧). *Zarif: Iraqi Kurdistan Referendum is a Dangerous Step that Destabilizes the Region*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/dad٦c٣mv

Zaccara, L. (Ed.) (٢٠٢٠). *Foreign Policy of Iran under President Hassan Rouhani's First Term (2013–2017).* {Online}. ١st Ed, Singapore: Palgrave Macmillan. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/yupnf٩kz

Zubian, O. (٢٠٢٤). *The Continuing Threat of ISIS in Iraq After the Withdrawal of the International Coalition*. {Online}. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/٢tcdtykz

Zweiri, M., and Ehteshami, A. (Eds) (٢٠٠٨). *Iran's Foreign Policy from Khatami to Ahmadinejad.* {Online}. ١st ED. Berkshire: Ithaca Press, pp. ٧٣ – ٨٩. Last Accessed ٢٦ May ٢٠٢٥ at: https://tinyurl.com/rephe٥mp

## سەرچاوە فارسییەکان (منابع فارسی) (Persian References)


اسلامی، روح اله و اکبری، زهرا (۱۳۹۹). آسیب‌شناسی سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران از منظر نهادگرایی. {آنلاین}. فصلنامه مطالعات راهبردی سیاست‌گذاری عمومی، ۱۰ (۳۵)، صفحات ۲- ۲۷. آخرین بازدید از این لینک در تاریخ ٢٦ می ٢٠٢٥ بوده است: https://tinyurl.com/yzj۲xaa۲

پیرسلامی، فریبرز ارغوانی (۲۰۱۳). جهان سوم‌گرایی و سیاست خارجی احمدی‌نژاد. {آنلاین}. *مجله ایرانی امور خارجه*، جلد ۴، شماره ۲، تابستان ۲۰۱۳، صفحات ۱۰۹-۸۱. آخرین بازدید از این لینک در تاریخ ٢٦ می ٢٠٢٥ بوده است: https://tinyurl.com/۳vusuhky

حاجی یوسفی، امیر محمد (۱۳۸۹). سیاست خارجی ایران در دوران احمدی‌نژاد: از رویارویی تا سازش. {آنلاین}. *کنفرانس سالانه علوم سیاسی کانادا*. ۲ و ۳ ژوئن ۲۰۱۰. مونترال، کانادا: دانشگاه کنکوردیا. آخرین بازدید از این لینک در تاریخ ٢٦ می ٢٠٢٥ بوده است: https://tinyurl.com/۳٥e۲xfzk

حاجی یوسفی، أمیر، و محمدیان، محمد (۱۳۹۰). جایگاه منطقه‌ای جمهوری اسلامی ایران در دهه اول قرن بیست و یکم. {آنلاین}. *فصلنامه پژوهش‌های روابط بین‌الملل*، دوره ۱، شماره ۲، زمستان ۱۳۹۰، صفحات ۷۲-۳۳. آخرین بازدید از این لینک در تاریخ ٢٦ می ٢٠٢٥ بوده است: https://tinyurl.com/czn۳zdc٦

حاجی یوسفی، أمیر محمد (۱۳۹۷). فرهنگ سیاسی و سیاست خارجی ایران: مطالعه تطبیقی سیاست خارجی ایران در دوران احمدی نژاد و روحانی. {آنلاین}.

*مطالعات اجتماعی-سیاسی جهان*، ٢(٢)، صفحات ٢٢٥-٢۴٥. آخرین بازدید از این لینک در تاریخ ٢٦ می ٢٠٢٥ بوده است: https://tinyurl.com/bspvkhz٨

خمینی، روح الله (٢٠١٠). *ولا یت فقیه: حکومت اسلامی*. {آنلاین}. چاپ نهم. تهران: موسسه تنظیم و نشر آثار امام خمینی. آخرین بازدید از این لینک در تاریخ ٢٦ می ٢٠٢٥ بوده است: https://tinyurl.com/٢٣uwzrzr

رضای، علیرظا (١٣٨٧). تبیین دوره‌های سیاست خارجی ایالات متحده از منظر نظریه‌های روابط بین‌الملل. {آنلاین}. فصلنامه راهبرد، سال شانزدهم، شماره ۴٨، مرکز تحقیقات استراتژیک تهران، تابستان ١٣٨٧، صفحات ١٠٠-٨٣. آخرین بازدید از این لینک در تاریخ ٢٦ می ٢٠٢٥ بوده است: https://tinyurl.com/p٣fnub٣p

صادقیان، رضا و موسوی، سید قائم (١٣٩٦). مقایسه سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران در دولت‌های خاتمی و احمدی نژاد. {آنلاین}. ماهنامه ملل، جلد ٢، شماره ١٦، فروردین ١٣٩٦، صفحات ١-١٨. آخرین بازدید از این لینک در تاریخ ٢٦ می ٢٠٢٥ بوده است: https://tinyurl.com/yj٧xzzbr

قانون أساسي جمهوری إسلامی إیران (١٣٩٥). *قانون أساسي جمهوری إسلامی إیران*. {آنلاین}. چاپ چهارم. تهران: انتشارات معانة تدوین. آخرین بازدید از این لینک در تاریخ ٢٦ می ٢٠٢٥ بوده است: https://tinyurl.com/yzj٢xaa٢

کازم زاده، مسعود (١٣٩١). تصمیم گیری سیاست خارجی در ایران و برنامه هسته ای.{آنلاین}. *ستراتژی تطبیقی*، ٣٦(٣)، صفحات ١٩٨-٢١٤. آخرین بازدید از این لینک در تاریخ ٢٦ می ٢٠٢٥ بوده است: https://tinyurl.com/ycx٩rnxm

کریمی فرد، حسین (١٣٩١). هویت و عقلانیت در سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران (با تأکید بر ریاست جمهوری حسن روحانی). {آنلاین}. *پژوهش‌های*

*ایرانی-اسلامی در سیاست*، جلد ١، شماره ٣، صفحات ١ -٣٢. آخرین بازدید از این لینک در تاریخ ٢٦ می ٢٠٢٥ بوده است: https://tinyurl.com/ycx٩rnxm

محمدیان، علي. و رضایی، علیرظا (١٣٩٩). تبیین سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران حسن روحانی از منظر نظریه پیوستار جیمز ن. روزناو. {آنلاین}. *فصلنامه علمی تخصصی مطالعات سیاست جهان اسلام*، جلد ٦، شماره ٤١، زمستان ١٣٩٧. آخرین بازدید از این لینک در تاریخ ٢٦ می ٢٠٢٥ بوده است: https://tinyurl.com/٣٤t٣٩c٦٤

ملکی، عباس (١٣٨٢). فرآیند تصمیم گیری در سیاست خارجی ایران. {آنلاین}. تهران: مرکز مطالعات استراتژیک. مجله راهبرد، سال دوازدهم، شماره ٢٧، صفحات ٨١- ١٠٩. آخرین بازدید از این لینک در تاریخ ٢٦ می ٢٠٢٥ بوده است: https://tinyurl.com/٥h٣r٩utr

منتی، أیوب و هادیان، ناصر (١٣٩٨). سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران در قبال عراق از منظر نظریه موازنه تهدید (٢٠٠٣- ٢٠١٨). {آنلاین}. ***مجله جامعه شناسی سیاسی جهان اسلام***، ٧ (١٥)، صفحات ١٣٩- ١٦٤. آخرین بازدید از این لینک در تاریخ ٢٦ می ٢٠٢٥ بوده است: https://tinyurl.com/٢rhnk٤ww

نسب، جعفر. فرهادی، اسلامی، سعید و پورلك، فاطمة سلیمانی (١٣٩٩). ایدئولوژی و عملگرایی در سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران : مطالعه موردی دوره حسن روحانی. {آنلاین}.*فصلنامه علمی سیاست جهانی*، جلد ١٢، شماره ١، بهار ٢٠٢٣، پیاپی ٤٣، صفحات ٢٣٥- ٢٦٥. آخرین بازدید از این لینک در تاریخ ٢٦ می ٢٠٢٥ بوده است: https://tinyurl.com/mryuuned

وزارت امور خارجه (٢٠٢٥). قانون اساسی ایران. {آنلاین}. آخرین بازدید از این لینک در تاریخ ٢٦ می ٢٠٢٥ بوده است: https://tinyurl.com/ydhn٨jbu

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە تاوتوێی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ٢٠٠٥ بۆ٢٠٢١، بەشێوەی بەراوردکاری دەکات. توێژینەوەکە ئامانجییەتی لە چوارچێوە و بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ماوەی سەرۆکایەتیی مەحمود ئەحمەدی نەژاد و حەسەن ڕۆحانی بەرامبەر بە عێراق، بکۆڵێتەوە. گرنگی ئەو بابەتە لەوەدایە کە لە بابەتێکی ئاڵۆز و دژوار دەکۆڵێتەوە کە سیاسەتی دەرەوەی ئێرانە، کە چەندین پاڵنەر لە داڕشتنیدا بەشدارن. هەروەها ڕاددەی کاریگەریی پێشهاتەکان، گۆڕان و داینامیکە ناوخۆیی، دەرەوەیەکان و لێکەوتەیان لەسەر دیدگا، هەڵوێست، مامەڵە و سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق ڕوون دەکاتەوە. هەروەها توێژینەوەکە ماوەی سەرۆکایەتیی دوو کارەکتەر و سەرۆکی وەرگرتووە، کە نوێنەرایەتیی دوو ڕەوتی جیاواز دەکەن کە کۆنەپارێز و ڕیشەگۆڕخوازەکان (ڕادیکاڵەکان) و چاکسازخوازەکان (ڕیفۆرمخوازەکان)ــن، ڕۆڵ دیاری دەکرێت لە پڕۆسەی داڕشتنی سیاسەتیی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق. سەرباری ئەمە گۆڕانکارییە ڕیشەییەکان کە لە عێراق ڕوویاندا، وەك دامەزراندنی سیستەم و ڕژێمی نوێی عێراق لە ٢٠٠٥، دەرچوونی هێزە شەڕکەرەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ٢٠١١ لە عێراق، هاتنی داعش لە ٢٠١٤. توێژینەوەکە ڕێبازی کواڵیتەیتف جێبەجێ کردووە، تیۆری ڕیالیزمی بونیادی بە هەر دوو ئاڕاستەی ڕیالیزمی بەرگیرخواز و ڕیالیزمی هێرشخوازی جێبەجێ کردووە. لە

کۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشتووەتە چەند سەرئەنجامێك، گرنگترینیان: سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ماوەی ئەحمەدی نەژادو حەسەن ڕۆحانی بەرامبەر بە عێراق سیاسەتێکی نەگۆڕ و بەردەوام بووە، ئەوەی گۆڕاوە ستراتیژ، میتۆد، تاکتیك و ئامرازەکان بوونە. سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی ئەحمەدی نەژاد هێرشخواز و لە ماوەی حەسەن ڕۆحانی بەرگریخواز بووە. چوارچێوە و بنەما سەرەکییە نەگۆڕەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە عێراق خۆیان بریتی بوون لە پاراستنی بوون و دەستەبەرکردنی بەردەوامیی سیستەمی سیاسی ئێران، دەستەبەرکردنی ئاسایشی نیشتمانی ئێران، دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی ئێران، هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیا و ئەزموونی شۆڕشی ئیسلامی، هەژموونخوازی ناوچەیی و بەدەستهێنانی ڕۆڵی سەرکردایەتی.

**کلیله وشەکان (وشەکلیلییەکان):** کۆماری ئیسلامیی ئێران، عێراق، سیاسەتی دەرەوەی ئێران، ئەحمەدی نەژاد، حەسەن ڕۆحانی، هێز.

# السياسة الخارجية الإيرانية تجاه العراق من ٢٠٠٥ إلى ٢٠٢١

# دراسة مقارنة

## الملخص

تتناول هذه الدراسة السياسة الخارجية الإيرانية تجاه العراق بطريقة مقارنة. تهدف الدراسة إلى دراسة إطار ومبادئ السياسة الخارجية الإيرانية تجاه العراق خلال رئاستي محمود أحمدي نجاد وحسن روحاني. تكمن أهمية هذه الدراسة في أنها تدرس قضية معقدة وشائكة تتعلق بالسياسة الخارجية الإيرانية، التي تتشكل بدوافع متعددة. كما توضح مدى تأثير التطورات والتغيرات والديناميكيات الداخلية والخارجية وعواقبها على وجهة نظر إيران ومواقفها ومعاملتها وسياستها الخارجية تجاه العراق. كما تدرس الدراسة رئاستي شخصيتين ورئيسين يمثلان حركتين مختلفتين، وهما المحافظون والإصلاحين، الذين تم تحديد أدوارهم في عملية صنع السياسة الخارجية الإيرانية تجاه العراق. إضافة إلى ذلك، التغييرات الجذرية التي حدثت في العراق، مثل إنشاء نظام عراقي جديد في عام ٢٠٠٥، وانسحاب القوات القتالية الأمريكية من العراق عام في ٢٠١١، وظهور داعش في عام ٢٠١٤. استخدمت الدراسة المنهج النوعي، واستعمل نظرية الواقعية البنيوية بكلتا اتجاهيها: الواقعية الدفاعية والواقعية الهجومية. وأخيراً، توصلت الدراسة إلى عدة نتائج، أهمها: أن السياسة الخارجية الإيرانية تجاه العراق خلال عهدي أحمدي نجاد وحسن روحاني

كانت سياسة ثابتة ومستمرة، ما تغير هو الاستراتيجيات والأساليب والتكتيكات والأدوات. كانت السياسة الخارجية الإيرانية تجاه العراق عدوانية في عهد أحمدي نجاد ودفاعية في عهد حسن روحاني. كانت الأطر والمبادئ الرئيسية الثابتة للسياسة الخارجية الإيرانية تجاه العراق هي: حماية الوجود و ضمان استمرارية النظام السياسي الإيراني، وضمان الأمن القومي الإيراني، وضمان المصالح الإيرانية، وتصدير أيديولوجية وتجربة الثورة الإسلامية، والحصول على الهيمنة الإقليمية و الدور القيادي.

**الكلمات المفتاحية:** الجمهورية الإسلامية الإيرانية، العراق، السياسة الخارجية الإيرانية، أحمدي نجاد، حسن روحاني، و القوة.

# Iranian Foreign Policy towards Iraq from ٢٠٠٥ to ٢٠٢١: A Comparative Study


## Abstract

This study examines Iranian foreign policy towards Iraq from ٢٠٠٥ to ٢٠٢١ in a comparative context. It aims to explore the framework and key principles of the Iranian foreign policy concerning Iraq under Ahmadinejad and Rouhani. The importance of this study lies in its examination of a complex and Complicated issue, namely Iranian foreign policy, which is shaped by multiple drivers. It also clarifies the extent of the impact of internal and external developments, changes, and dynamics, as well as their consequences on Iran's views, attitudes, treatment, and foreign policy towards Iraq. Additionally, the study analyzes two characters and presidents representing two different currents: the radicals and the reformists. Their roles are defined in the Iranian foreign policy-making process regarding Iraq. In addition, the radical changes that occurred in Iraq, such as the establishment of a new Iraqi system and regime in ٢٠٠٥, the withdrawal of United States combat forces from Iraq in ٢٠١١, and the emergence of the Islamic State in Iraq and Syria in ٢٠١٤. The study employed a qualitative method, and used comparative approach. applying the theory of Structural Realism in both its aspects: Defensive Realism and Offensive Realism. Ultimately, the study reached several results, the most significant being that the Iranian foreign policy towards Iraq during Ahmadinejad and Hassan Rouhani has been constant and

ongoing; what changed were the strategies, methods, tactics, and tools. The Iranian foreign policy towards Iraq has been an offensive policy under Ahmadinejad and a defensive policy under Hassan Rouhani. The main constant frameworks and principles of the Iranian foreign policy towards Iraq were protecting the existence and guaranteeing continuity of the Islamic Republic of Iran's political system, ensuring Iran's national security, guaranteeing Iran's interests, exporting the ideology and experience of the Islamic Revolution, gaining regional hegemony, and the role of leadership.

**Keywords:** Islamic Republic of Iran, Iraq, Iranian Foreign Policy, Ahmadinejad, Hassan Rouhani, and Power.

٢٠٢٦